# داهێنان و یاخیبوون و ژن

**نوسینی: د. نەوال سەعداوی**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: دڵنیا عەبدوڵڵا**



## یەکێتی ژنانی کوردستان

ناوی کتێب: داهێنان و یاخیبوون و ژن
وەرگێرانی: دڵنیا عەبدوڵڵا
دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ: تەحسین تۆفیق
هەڵەبڕی: ئارام ڕەشید
سەرپەرشتی چاپ: عەباس سەردار
تیراژ: ٥٠٠
زنجیرە: ٦١
چاپخانە: تەوار
چاپ: چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن: ١٥٠٥

## پێشکەشە بە:

* هەموو ئەو کچو ژنانەی لەجیهاندا بەگشتیو لەکوردستاندا بەتایبەتی رووبەڕووی توندوتیژیو هەڕەشەو کوشتن بوونەتەوە ....

* بەگیانی پاکی هەموو ئەو کچو ژنانەی بەهۆی توندوتیژی لەلایەن پیاوانەوە گیانیان لەدەستداوە.

* بەهەموو کەسێکی رۆشنبیر, بەو ژنو پیاوانەی داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەکەن.

* بەشەهیدانی رێگەی ئازادیو سەربەستی.

* بەهەموو کەسێکی خاوەن قەڵەمی ئازادو ئاشتیخوازو دادپەوەر.

## پێشەکی:

ژنە نووسەری میسری نەوال سەعداوی یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زۆر بەڕاشکاوانەو بوێرانە بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی لەگشت بوارە جیاوازەکانی ژیانیدا خستوەتەڕوو، تاقە ژنە کە بەر لە (٤٥-٥٠) ساڵی رابردوو دەربارەی سێکس‌و ژن‌و پیاوو زۆر دابونەریتی کۆن‌و سواوی ناو کۆمەڵگە دواوە، هەمیشە لایەنگری لەسەربەخۆی ژن‌و رزگارکردنی لەگشت کولتوورو کۆتە کۆمەڵایەتیەکان‌و سیاسییەکان کردوە , پێگەی ژن‌و رۆڵی کاریگەری لەبنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و ئاشتیخوازدا بەرز نرخاندووە، هەمیشە هەوڵیداوە مەسەلەکانی ژنان بکاتە مەسەلەیەکی بنەڕەتی‌و پێشەنگ لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا بەتایبەتی‌و لەجیهانیشدا بەگشتی، سەرپەرشتی چەندەها کۆڕو کۆبونەوەی ژنانی کردوە لەمیسرو وڵاتانی عەرەبی‌و چەندەها وڵاتی دیکە لەجیهاندا، هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی بەهێزی راستەقینەی ژنانی داوە تا بەدەم داواکارییەکانی ژنانەوە بێت‌و داکۆکی لەمافەکانی بکات‌و لەئێش‌و ئازارەکانی کەم بکاتەوە.

رەوتی ژیانی:

نەوال سەعداوی لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا لەعەباسیە لەقاهیرە لەدایک بووە، لەکانوونی دووەمی ١٩٥٤دا کۆلێژی پزیشکی لەزانکۆی قاهیرە تەواو کردوەو بەکالۆریۆسی لەپزیشکی‌و نەشتەرگەریدا بەدەستهێناوەو لەبواری نەخۆشییەکانی سنگدا پسپۆڕیی وەرگرتووە.

لەساڵی ١٩٥٥ دا وەک پزیشکێک بەپلەی باڵا لە (قەسر ئەلعەین)

دا کاری کردووە.
لەساڵی ١٩٦١دا کراوە بە بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ کاروباری گشتی لەوەزارەتی تەندروستی.
لەساڵی ١٩٦٤ وەک ئەندامێک لەلیژنەی ژنانی سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژێردراوە.
لەساڵی ١٩٦٥دا سەفەری کردوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خوێندنی (ڕۆشنبیری تەندروستی)، پاش ئەوەی مۆڵەتی یەکێتی زانکۆ ئەمریکیەکانی لەکالیفۆرنیا پێ بەخشرا، لەساڵی ١٩٦٦دا گەڕایەوە بۆ قاهیرە پاش ئەوەی ماجستێری لەڕۆشنبیری تەندروستیو ڕاگەیاندنی جەماوەریدا وەرگرت.
لەساڵی ١٩٦٥دا شووی کردوە بەدکتۆر شەریف شەحاتە کە پێشەوای ڕێکخراوی شیوعی مارکسی بوو لەمیسر.
خاوەنی کوڕو کچێکە، کچەکەی ناوی دکتۆر مونایە.
دکتۆر نەوال سەعداوی نووسەرێکی بەناوبانگی جیهانییە، ڕۆماننووسە، پزیشکێکی دەروونییە، لەهەردوو بواری ئەدەبیو زانستیدا زیاد لە٤٠ کتێبی نووسیوە، زۆربەی کتێبەکانی دووبارە چاپکراونەتەوەو بۆ زیاد لە٣٥ زمان وەرگێڕدراون، هەروەها ڕەخنەگرەو پارێزەرە لەمافەکانی مرۆڤ بەگشتیو ژنان بەتایبەتی، بیرۆکەی ڕزگارکردنی ژنو مرۆڤ لەلایەکەوەو ڕزگارکردنی نیشتیمان لەلایەکی ترەوە پێکەوە دەبەستێتەوە لەبواری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا.
لەساڵی ١٩٨١دا ڕووبەڕووی زیندانیکردن بۆتەوە لەماوەی (سەرۆک ساداتدا)، هەروەها ڕووبەڕووی دورخستنەوەی لەوڵات بۆتەوە بەهۆی بیروباوەڕو نووسینەکانییەوە، لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەکردن بەکوشتن بۆتەوە بەهۆی

هەڵوێستی لەبارەی ئایینەکانەوە بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، هەروەها لەلایەن پارێزەر (نەبیل وەحشەوە) هەوڵدراوە لەمێردەکەی جیابکرێتەوە بەتۆمەتی هەڵگەڕانەوەی لەئیسلام , بەو پێیەش هاوسەرگیریەکەی چیدی شەرعی نەماوە.

لەساڵی ١٩٨٢دا کۆمەڵەی هاوپشتیوانانی ژنی عەرەبی دامەزراند، ئەمەش کۆمەڵەیەکە بایەخ بەکاروباری ژنان دەدات لەنیشتیمانی عەرەبیدا.

لەساڵی ٢٠٠٨ لە دادگادا لەلایەن پارێزەرەکەیەوە داوای لێسەندنەوەی رەگەزنامەی میسری لەسەر تۆمار کرا بەهۆی بیروڕاکانییەوە کە داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەکات.

ئەم ژنە بیرمەندە لێهاتووە بەهۆی نووسینە ئەدەبیو زانستیەکانییەوە ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی زۆر بۆتەوە کە مەترسی بۆ سەر ژیانی هەبووە، ژیانی تایبەتیو خێزانیو پیشەییو ناوبانگیەکەی.

لەساڵی ١٩٧٢دا لەوەزارەتی تەندروستی لەسەر پیشەکەی لابرا بەهۆی کتێبەکەیەوە بەناوی (ژنو سێکس)، کە بەزمانی عەرەبی لەقاهیرە لەسەرەتای ساڵی شەستەکاندا بڵاوی کردەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارە سیاسیو ئایینییەکانەوە رەتکرایەوە، لەچەند بەشێکی کتێبەکەیدا باس لەشتە قەدەغەکراو حەرام کراوەکان دەکات , لەوانەش خەتەنەکردنی کچان، هەروەها کێشەکانی سێکسی بەستۆتەوە بەسەرکوتکردنە سیاسیو ئابوورییەکانەوە.

ئەو گۆڤارە تەندروستیەی کە خۆی دایمەزراندو بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرنوسەری بوو , لەلایەن حکومەتەوە لەساڵی ١٩٧٣دا داخراو کەلوپەلەکانی بران.

کتێبی (یاداشتەکانم لەبەندیخانەی ژناندا) نووسی پاش ئەوەی

سەرۆک سادات لەساڵی ١٩٨١دا دەیخاتە زیندانەوە , پاش دوومانگ لەکوشتنی سەرۆک لەکۆتایی تشرینی ١٩٨١دا ئازاد دەکرێت، ئەو کتێبەی لەزینداندا لەسەر کلێنسی تەوالێت بەقەڵەمی چاو نوسیویەتی پاشان لەڕێگەی ژنێکەوە کە لەبەشی لەشفرۆشی گیرابوو ڕەوانەی دەرەوەی بەندیخانەکەی کردوە، لەساڵی ١٩٨٨-١٩٩٣ دا ناوی لەلیستی کوشتندا بوو لەلایەن ڕێکخراوە سیاسیو ئایینییە توندڕەوەکانەوە.

لەڕۆژی ١٥حوزەیرانی ١٩٩١دا حکومەت بڕیاریدا بەداخستنی کۆمەڵەی هاوپشتیوانی ژنی عەرەبی کە ئەو سەرۆکایەتی دەکرد , پارەکەشی رادەستی کۆمەڵەیەک کرا بەناوی (ژن لەئیسلامدا)، بەر لەشەش مانگ لەم بڕیارە حکومەت بڕیاری بەداخستنی گۆڤاری (نون)دابوو کە کۆمەڵەی هاوپشتیوانی ژنی عەرەب دەریدەکردو نەوال سەعداوی سەرنووسەری بوو.

لەهاوینی ٢٠٠١دا سێ کتێبی لەپێشەنگای قاهیرەی نێودەوڵەتیدا ڕەتکرایەوە، لەساڵی ٢٠٠٢دا لەلایەن هەندێک پارێزەری ئایینڕاوە بەهەڵگەڕانەوە لەئایینی ئیسلام تۆمەتبارکرا، کە داوایان لەسەر تۆمارکردبوو بەجیاکردنەوەی لەمێردەکەی، بەڵام لەکۆتاییدا توانی کەیسەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەدەست بێنێتو سەرکەوتنی تێدا دەستەبەر بکات بەهۆی لایەنگرانی میسریو عەرەبیو نێودەوڵەتییەوە.

لە٢٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧دا نەوال سەعداویو مونا حلمی کچی کە نووسەرو شاعیرە، بەهەڵگەڕانەوە لەئایین تۆمەتبارکرانو لەلایەن دادگای گشتیەوە لەقاهیرە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ئەنجامدرا بەهۆی نووسینەکانیانەوە دەربارەی ڕێزلێنان لەناوی دایک، لەساڵی

٢٠٠٨دا کەیسەکەی بردەوەو هەوڵی دایکو کچەکە بووە هۆی دانانی یاسایەکی نوێ بۆ منداڵ لەمیسر , لەساڵی ٢٠٠٨دا ناوی دایک درا بەو منداڵەی کە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا لەدایک دەبێت، هەروەها خەتەنەی مێینەی قەدەغەکرد، لەرێگەی ئەم یاسایەوە رووبەڕووی ئەو دیاردەیە بووەوە کە پتر لە ٥٠ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد , ئەوەی شایەنی باسە خودی نەوال لەمنداڵیدا دوچاری خەتەنەکردن بوەتەوە، شانۆگەریەکەی بەناوی (خودا دەست لەکار دەکێشێتەوە) لەمانگی تشرینی ٢٠٠٦دا قەدەغەکرا، بەمەش رووبەڕووی کەیسێکی تر بووەوە بۆیە لەشوباتی ٢٠٠٧دا لەدادگای قاهیرە لەلایەن شێخی ئەزهەرەوە داوای لەسەر تۆمارکرا، کە بەکەسێکی بێباوەڕو هەڵگەڕاوە لەئایین تۆمەتبار کرا بەهۆی شانۆگەریە نوێیەکەیەوە , بەڵام لەرۆژی ١٣مارسی ٢٠٠٨دا جارێکی تر کەیسەکەی بردەوە، نەوال سەعداوی زۆر لەخەڵاتە ئەدەبیو نیشتیمانیو نێودەوڵەتیەکانی وەرگرتووە، لەزۆربەی زانکۆکانی جیهاندا وانەی وتوەتەوە، لەزۆر لەکۆنگرە نێودەوڵەتیو نیشتیمانییەکاندا بەشداری کردوە.

لە٣ی مارسی ٢٠٠٩دا لەنیویۆرک بەشەوانەی (ئارسەر میلەر)ی لەفێستیڤاڵی یانەی قەڵەمی نێودەوڵەتیدا وتەوە، زۆربەی کارەکانی کە وەرگێڕدراون بۆ زمانە جیاوازەکانی جیهان لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەوترێنەوە , لەساڵی ٢٠١٠ دا بەیەکجاری لەمێردەکەی جیابوەوە.

نووسینەکانی نەوال سەعداوی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر لاوان بەکچانو کوڕانەوە هەبووە، کە هەمیشە جەختی لەسەر رۆڵی گەنجان کردۆتەوە لەبنیاتنانو پێشخستنی وڵاتدا:

کارەکانی:

١. یادەوەریەکانی ژنە پزیشکێک ١٩٦٠

٢. ژن‌و سێکس ١٩٦٩

٣. لاپەڕەکانی ژیانم ٢٠٠٠

٤. یادەوەریەکانم لەگرتووخانەی ژناندا

٥. ڕەنگی شین (شانۆگەری)

٦. کێشە سیاسی‌و سێکسییەکانی ژنی میسر

٧. جەنگێکی نوێ لەکەیسی ژندا

٨. مرۆڤ و ژن

٩. ڕۆمانی مردنی تاقە پیاوێک لەسەر زەوی

١٠. فێری خۆشەویستی بووم

١١. دوانەیی دەسەڵات‌و سێکس

١٢. سۆزێکی کەم

١٣. ڕۆمانی هەموومان براین

١٤. گەشتەکانم لەجیهاندا

١٥. ڕۆمانی (ژنەکە لاوازترین بوو)

١٦. ساتێکی ڕاستگۆ (کورتە چیرۆک)

١٧. ڕۆمانی بەهەشت‌و شەیتان

١٨. ڕۆمانی وێنە دڕاوەکە

١٩. ڕۆمانی ژنێک لەخاڵی سفردا

٢٠. ڕۆمانی پیاوە ئامادەنەبووەکە

٢١. ژن‌و ئایین‌و ڕەوشت، نووسینی نەوال سەعداویەو د. هیبە ڕەئوف بەشداری تێدا کردوە , کە مامۆستایە دەربارەی مەسەلەکانی

ژن، ساڵی ۲۰۰۰.

۲۲. ڕۆمانی گۆرانییەکی بازنەیی

۲۳. چەند توێژینەوەیەک دەربارەی ژن‌و پیاو

۲٤. شکاندنی سنوور

۲٥. دەسەڵاتدار بەفەرمانی خودا (شانۆگەرییە لەدوو بەش پێکهاتووە)

۲٦. ڕۆمانی کەوتنی پێشەوا، لەساڵی ۱۹۸۷، بۆ ۱٤زمان وەرگێردراوە وەک ئینگلیزی‌و ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و سویدی‌و ئیندەنوسی.

۲۷. لەسەر کەناری نیل

۲۸. ڕۆمانی ڕۆمان

۲۹. ڕۆمانی دوو ژن لەژنێکدا

۳۰. مێ بنەڕەتە ۱۹۷۱

۳۱. پیاوو سێکس ۱۹۷۳

۳۲. دەموچاوی رووتی ژنی عەرەب ۱۹۷٤

۳۳. دەزوو و چاوی ژیان

۳٤. شوقەی ژمارە ۱۱۲

۳٥. میکرۆب (شانۆگەری) لەیەک بەش پێکهاتووە

۳٦. ژن‌و ناکۆکی دەروونی ۱۹۷٥

۳۷. ڕۆمانی خۆشەویستی لەزەمەنی نەوتدا

۳۸. مێ دژی مێ

۳۹. خودا دەست لەکار دەکێشێتەوە، لەگۆنگرەی ۲۰۰٦دا نەهێڵرا ئەم کتێبە لەمیسر بڵاوبکرێتەوە

٤٠. ڕۆمانی زینە

٤١. ژن‌و غەریبی

٤٢. کێشەکانی ژن‌و بیرۆکەو سیاسەت

٤٣. کێشەکانی ژن

٤٤. دەربارەی ژن

٤٥. بیروهۆشە بێکۆتەکان

لەوتەکانی:

١. بۆچی تاوانبار بەڕەڵادەکەن‌و قوربانی سەردەبڕن؟ کەوتنی پێشەوا

٢. وێنەی خاچێکی لەسەرسنگی کێشا... دایکو کچو ڕۆحی پیرۆز (کەوتنی پێشەوا)

٣. لەشەریعەتدا پیاو دەتوانێت لەیەککاتدا چوار ژنی هەبێت، بەڵام لەخۆشەویستیدا تەنها یەک ژنی هەبێت.

٤. زانین گەر سەختیش بێت باشترە لەنەزانی.... بینین بەسەختی باشترە لەنەبینین.

٥. گەر دڵت بۆ هەمووان کردەوە , کەسی تێدا نابێت.

٦. پیاو خۆی جگەرە دەکێشێت، بەڵام حەزی لەدوکەڵی کەسانی دیکە نییە.

٧. سەرۆک وەزیران... ئەو بەرپرسە لەهەڵەکانی حکومەت‌و خراپەکانی، بەڵام سەرۆکی وڵات بەرپرس نییە لەخراپە، ئەو وەک خودای مەزن تەنها بەرپرسە لەهەواڵ، بەڵام خراپە بەرپرسیارێتی کەسێکی دیکەیە کە شەیتانە، یان سەرۆکی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن یان سەرۆکی حکومەت یان پیاوێکی ترە، یان ژنێک بیروڕاکانی بەسەربەستی دەنووسێت، ئەوەیە قوربانی، ئەوەی لەپۆستەکەی

دەردەکرێت یان دەکوژرێت یان هەڕەشەی سەربڕینی لێدەکرێت وەک ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی پێغەمبەر، خاتوو حەوا کە خۆی بەتەنها ئەرکی گوناهی گەورەی کەوتوەتە سەرشان.

٨. پیاو تەنها ئەو ژنەی خۆشدەوێت کە ئازاری دەدات.

٩. پیاوەکە لەسەر سەرینێکی پەڕپەڕەدار لەپەڕی تاوس راکشاوە، ئانیشکی راستی لەسەر بەرماڵێکی عەجەم داناوە کە وێنەی کەعبەی تێدایە، لەدەستی چەپیشیدا جامێک شەرابی تێدایە!

١٠. ژن لەگەڵ پیاودا یان هاوسەرێکی رێزداری خوازراونییە، یان یارێکی خوازراوی بێ رێزە، میانڕەوی نییە.

١١. من نەخۆشی دەستی نووسینم , نووسین وەک خۆشەویستی دەتکوژێت.

١٢. پاش نوێژکردن سوجدە دەباتو سەری بەلای راستدا بادەدات , فەرزەکانی گوێڕایەڵی پێشکەش بەخودا دەکات، پاشان سەری بەلای چەپدا دەجوڵێت سڵاو لەئەندامەکانی حیزبی شەیتان دەکات.

١٣. پێشەوا کە بەدوودڵیەوە سەیری چوار کۆڵەکەکەی کرد , کە خاوەن دەسەڵاتە بەسەریانداو ناتوانێت کەسیان زویر بکات، ژیانی لەدەستی سەرۆکی ئاسایشدایە، خەزێنەکەی لەدەستی پاسەواندایە، دیموکراسیەت لەدەستی نەیارە شەرعیەکەیدایە , کولتووریش لەدەستی نووسەرێکی گەورەدایە.

هەندێک لەبیروڕاکانی:

● نەوال سەعداوی باڵاپۆشی بەنەریتێکی جاهلی دادەنێت کە لەجولەکەوە بۆ ناو ئیسلام دزەی کردوە، باڵاپۆشی تەنها بۆ کەنیزەکانە، جلوبەرگیش رەوشتی ژنان دەرناخات.

• پاکیزەیی لەلای کچ لەئەقڵیدایە نەک هیچ شوێنێکی تری جەستەی.
• پەچەو باڵاپۆشیو نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری ئەو دەمامکانەن کە ژنان لەپشتیانەوە خۆیانو خەڵکی پێهەڵدەخەڵەتێنن یان هەقیقەتی پێ دەشارنەوە یان هەقیقەتی پێ دەشێوێنن.
• خەتەنەکردنی کچان نەریتێکی جولەکەیە.
• لەدیدارێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند ئەو لەئاگری دۆزەخ ناترسێت، ئازاردانی ویژدان ئەو دۆزەخەیە کە مرۆڤ دەکەوێتە ناوی پاش ئەوەی کارێکی نەشیاو ئەنجام دەدات.

هەروەها بڕوای بەپەیوەندی سێکسی هەیە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان ژنو پیاوێکدا، کە یەکتریان خۆشبوێتو خۆیان بڕیاری لەسەربدەن، چونکە ئەوە سەربەستی کەسێتییە، بڕوای بەهاوسەرگیری عورفیو مسیار هەیە، چونکە ئەوە واقیعێکە بوونی هەیە لەناو کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا بۆیە باشتروایە پێی رازی بین نەک وەک وشتر مل سەرمان لەناو لمدا بشارینەوە.

دژی فرەژنییە لەلایەن پیاوەوە کە ئەمەش پشێویەکی سێکسی پەیدا دەکاتو دەبێتە هۆی لێک ترازانی خێزان، بۆیە ئیسلام لەم لایەنەوە ستەمی لەژن کردوە.

نەوال سەعداوی دەڵێت: هەر لەمنداڵیەوە هەستم بەنەهامەتیو ئازارەکانی ژن کردوە، هەستم کردوە کە چۆن جیاوازی لەنێو کوڕو کچدا دەکرێت لەمامەڵەکردندا، وێڕای ئەوەی باوکم کەسێکی رۆشنبیرو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو , بەڵام جیاوازی دەکرد لەنێوان منو براکەمدا، بایەخ زیاتر بەو دەدرا، هەرچەندە من لەقوتابخانەدا لەو سەرکەوتووتر بوومو گوێڕایەڵتریش بووم، هەروەها باوکم هەندێجار

ڕەفتاری توندوتیژی لەگەڵ دایکمدا ئەنجام دەدا، ئەو ڕووداوەش کە لەمنداڵیدا بەسەرم هات کاتێک کە دەرگاوانەکە هەوڵیدا گێچەڵی سێکسیم پێبکات، بۆیە ئەو ڕەفتارە ناشرینو نەشیاوانەی هەندێک لەپیاوانی ڕەوشت گەندەڵ وایان لێکردم هەر لەزووەوە بایەخ بەکەیسەکانی ژنان بدەمو لەهەموو ڕوویەکەوە لەسەریان بنووسمو داکۆکی لەمافەکانیان بکەم.

نەوال ئێستا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی پاش ئەوەی لەلایەن حکومەتی پێشووی میسرەوە ڕێگەی لێگیرا، کە لەزانکۆکانی میسردا وانە بڵێتەوە، ئەو ژنەی کە هەمیشە دژی چەوسانەوەو ستەمو نادادپەروەری جەنگاوە , دژی دەسەڵاتداری حکومەتی میسریو زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان وەستاوەتەوە بۆیە لەکاتی قەیرانەکەی میسردا گەڕایەوە بۆ قاهیرەو شەوێک لەگەڵ خۆپیشاندەراندا لە (سەرای ئازادی) ئەو شارە مایەوە، تا پەیامێک ئاڕاستەی دەسەڵات بکات کە چیتر گەلی میسر بەژنو پیاوو منداڵو پیرو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە ڕازی نابن بەگەندەڵی داراییو کارگێڕیو سیاسیو ئەخلاقی لەوڵاتەکەیاندا.

بەو شێوەیە نەوال گڕوتینێکی زۆریدا بەو کوڕو کچە گەنجانەی هاتبوونە سەرشەقام داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکرد، بەمەش زیاتر جێی خۆی لەدڵی گەلی میسردا کردەوە بەتایبەتی ئەو کە ژنێکی بەتەمەنەو باری تەندروستی باش نییە.

لێرەوە داوای لەشساغیو تەمەندرێژی بۆ ئەو ژنە نووسەرە خەباتگێڕە ئازایە دەکەم، هیوادارم وتاری جوانترو بەپێزتر بنووسێت دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەو دەستەبەرکردنی ئازادی , جێی سەرنجە ئەمە

دووەم کتێبە هی ئەم خانمە کە وەریدەگێڕم پێشتر کتێبی (امراتان فی امراه)م وەرگێڕاوە بەو هیوایەی جێی ڕەزامەندیو خۆشحاڵی هەموو لایەک بێت.

لەگەڵ ڕێزدا

**وەرگێڕ: دڵنیا عەبدوڵڵا**
**٢٠١٣/٣/٤**

## خانمی یەکەمی راستەقینە

گەر پیاو یان ژن نرخی خۆی لەپلەو پایەی مێردەکەی یان باوکی یان باپیریدا دۆزیەوە، ئایا هەست دەکات بەڕاستی نرخی هەیە..؟ چۆن ژن یان پیاو نرخی دەبێت لەژیاندا..؟ ئایا نرخی مرۆڤ پیاو یان ژن پەیوەندی بەو کارەوە نییە کە ئەنجامی دەدات، نەک بەپەیوەندی بنەماڵە یان هاوسەرێتی یان خێزانی بایۆلۆژی؟ بۆچی خەڵکی لەوڵاتەکەمان و گشت وڵاتانی جیهاندا بیرۆکەی میراتگیری بۆ کوڕ یان کچ رەت دەکەنەوە؟ بۆچی رژێمی کۆماری کە لەسەر هەڵبژاردن بنیاتنراوە بەپێشکەوتووتر دادەنێن لەڕژێمی پاشایەتی کە لەسەر میراتگریو پەیوەندییە خێزانییەکان بنیاتنراوە؟
ئەگەر لەڕابردووی نزیک یان دوور بکۆڵینەوە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هۆی سەرەکی رووخاندنی هەر رژێمێک کەمبوونەوەی نرخی چوسترین یان داهێنەرترین یان ژیرترین کەسانە لەبەردەم نرخی پەیوەندییە کەسێتی یان خێزانی یان هاوسەرگیریەکاندا.
لەکۆتاییدا , لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا ئەو ژن یان پیاوانە دەمێننەوە کە خاوەن شارەزاییو داهێنانن لەهەر بوارێکدا.
ئایا کەس ناوی ئەو سەرۆکی وڵاتەی سەردەمی دستۆیفسکی یان ڤێرجینیا وۆڵف یان مەی زیادەی لەیادە؟
ئایا کەس ناوی ئەو سەرۆکی وڵاتەی سوقرات یان گالیلۆ یان ئەنیشتاینی

لەیادە؟ ئەمە هەڵبژاردنی مێژوویی سروشتییە کە لەگەڵ لۆژیکو دادپەروەریدا کۆکە , نرخی ژن یان پیاو لەو کارەیدایە کە ئەنجامی دەدات، هەروەها لەبەشداریکردنی لەپێشخستنی مرۆڤایەتیو گۆڕینی کۆمەڵگەی مرۆییدا , تا دادپەروەرترو سەربەسترو خۆشەویسترو هونەردۆست تر بێت.
لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ژنی سەرۆک یان دەسەڵاتدار لەهەر وڵاتێکدا دەبێت هەر خانمی یەکەم بێت بۆ ئەو وڵاتە، گەورەترین رۆڵی لەژیانی کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری یان رامیاری.... هتدا هەبێت , تەنیا لەبەرئەوەی ژنی کەسێکی دەسەڵاتدارە.
بیرۆکەی خانمی یەکەم لەڕژێمی ئەمریکی سەرمایەداری نوێدا سەریهەڵدا، کە دەبێت ژن پاشکۆی مێردەکەی بێتو بەپێی ئەو بەها چینایەتییە باوکسالارییەی کە بەمیراتی بۆی ماوەتەوە.
لەناوەوە کۆمەڵگەی ئەمریکیم ناسی، لەگەڵ بزوتنەوەی ژنانی ئەمریکادا ژیام , چاوم بەسەرۆکانی ئەم بزوتنەوەیە کەوت لەنووسەر یان چالاکخوازە رامیاریو کۆمەڵایەتییەکان , ماوەی چل ساڵە , لەساڵی شەستەکانەوە لەگەڵ بوژانەوەی بیرۆکەی رەخنەگرانە لەڕژێمی سەرمایەداری نێرینە، لەگەڵ بزوتنەوە رامیارییە رزگاریخوازەکان لەئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتینی، لەگەڵ سەرهەڵدانی هێزە سۆشیالیستیو دیموکراسیەکاندا لەئەوروپای خۆرهەڵاتو یەکێتی سۆڤیەتو چین... هتد، لەگەڵ رووخانی رژێمە پادشایەتیەکان لەمیسرو وڵاتە عەرەبیەکانو چەند وڵاتێکی تر کە عەرەب نین.
لەساڵی ١٩٦٥دا لەنیویۆرک چاوم بەهەندێک لەژنانی ئەمریکی کەوت ئەوانەی بەشێک بوون لەبزوتنەوەی رامیاری دژ بەحکومەتی ئەمریکیو جەنگەکەی لەڤێتنام، کە بەشێک بوون لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دژ بەچەوسانەوەی قولەڕەشەکانو ژنان، کە هەریەکێکیان

خاوەنی ئەقڵو جەستەیەکی جوان بوون، بەڵام لەبزوتنەوەی ژنان درا، لەبزوتنەوەی سۆشیالیستی درا، رژێمی سەرمایەداری نێرینە لەهەموو بەیانییەکدا باری دەروونی دەبوژایەوەو رۆحی دەگەشایەوە تاهێز بە بەرخۆیدا بێنێتەوە , لەرێگەی گەڕانەوە بۆ دواوە , بۆ ئەو بەها ئەخلاقیانەی کە لەکتێبی پیرۆزدا هاتوون، بۆ یاسا بایۆلۆژیە کۆنەکان لەزەمانی کۆیلایەتیەوە، کە دەڵێت: هێلکەی مێ بێ جوولەیە، بێکەڵکە بێجگە لەچاوڕێکردنی نێر هیچ کارێکی دی نییە، ژن تەنها کەموڵەیەکە بۆ منداڵبوونو رابواردنی پیاوو خزمەتکردنی، بۆیە پزیشکی دەروونی کۆن بەزەبرو دەسەڵاتەکەیەوە گەڕایەوە، لەوانەش لەکارەبادانی دەماخی ژن یان ئەو پیاوەی بەرەنگاری ئەم بەهایانە دەبێتەوە، گوایە ئەو ژنە نەخۆشە یان کەسێکی شازە یان شێتە یان لانیکەم بەکرێ گیراوی شەیتان یان دوژمنانە.

٢- کاردانەوەی جیهانی:

ساڵی ٢٠٠٥ چاوم بەژنێکی سەرکردەی ئەمریکی لەچالاکیخوازە دێرینەکان کەوت , کە گەڕایەوە بۆ نوێژکردن لەکلێسەدا لەتەنیشت زەوی سفر (شوێنی رووخانی دوو تاوەرە بازرگانییە جیهانییەکە لەنیویۆرک)، چەند ئایەتێکی لەکتێبی پیرۆز دەوتەوە، قوتابخانەیەکی بۆ کچان لەژێر ناوی (گەڕانەوە بۆ کاروبارە رۆحانیو بەها پیرۆزەکانی خێزان)دا دامەزراند، کە لۆرا بۆش بانگهێشتی دەکات بۆ ئاهەنگەکان، لەگەڵیدا بەشداری ئەو چالاکیانە دەکات کە پێی دەڵێن (لیژنەی باڵای ژنان) یان شتێک لەم بابەتە.

٣- نازناوی خوازراو: ئەم نازناوە (خانمی یەکەم) لەگەڵ کەلوپەلە هاوردە ئەمریکیو ئەوروپیەکاندا هات بۆ میسر، ئەمەش بەهای چینایەتی. نێرینەکان بەرز دەکاتەوە , بەمەش خاتوونی هاوسەر (ژنی کەسێکی دەسەڵاتدار یان دادوەر) پلەوپایەیەکی بەرزتری

پێدەدرێت وەک لەو ژنەی لەکۆمەڵدا کار دەکات، ئەو ژنەی کە داهێنەرترو بەرهەمهێنەرترە لەبواری سیاسی یان رۆشنبیری.... هتد. ئەمەش نازناوێکە دەگەڕێتەوە بۆ بەها کۆیلایەتییەکان، کە پیاوە گەورەو خانمەکان خاوەن فەرمانن، واتە دەسەڵاتیان بەسەر ژنو پیاوانی دیکەدا هەیە.

لەڕژێمی پاشایەتیدا تەختی پاشایەتی بەمیراتی دەدرێتە کوڕ یان کچ، ژنی پاشا (شاژن) رۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت لەبوارە خێرخوازییەکاندا، ئەو کارانەش یارمەتی چەسپاندنی رژێمی چینایەتی نێرینەی دەسەڵاتدار دەدەن نەک گۆڕینی، وەک هاوکاریی ئەمریکی کە یارمەتی چەسپاندنی ئەو رژێمە دەدات کە باڵادەستەو دەیکات بەگژی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە بۆ گۆڕان یان هەر دیموکراسیەتێکی راستەقینەدا.

لەڕژێمە پادشایەتییە سەرمایەدارەکاندا (بۆ نموونە بەریتانیا) , یان رژێمی کۆماری سەرمایەدار بۆ نموونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا , دەسەڵاتی پادشایەتی لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن جیابوەتەوە کە حکومڕانی دەکات، شاژن لەبەریتانیا خاوەن موڵکە، بەڵام حکومڕانی ناکات، سەرۆکی حکومەت تاشتەر یان تۆنی بلێر حکومڕانی دەکەنو خاوەن موڵک نین , لانیکەم بەشێوەیەکی تیۆری.

لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا حکومەتی بۆش خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو هەندێ پارەو هەندێک کۆمپانیای هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی گەورە لەدەستی خاوەن پارەو کۆمپانیا گەورەکانی نێو کیشوەرەکاندا بوو.

لەوڵاتی ئێمەدا سەرۆکی وڵاتو دەسەڵاتدارەکان دەبنە خاوەنی پارەو دەسەڵات لەیەککاتدا، چینی پیاوە بازرگانەکان لەمیسردا بەشێکن کە لەپارەو دەسەڵات و راگەیاندن جیانابنەوە، هەروەها ژنە

بازرگانەکانیش لەولآتەکەماندا بەشێکن لەپارەو لەدەسەلآت، وەک لەولآتە سەرمایەدارە نوێو پاش نوێکاندایە.
لەکوێتو سعودیەشدا ژن رێپێدراوە لەبواری کاردا کە پێی دەلێن (بیزنس) چالاک بێت، ئەمە لەکاتێکدا لەزۆر مافی گشتیو تایبەتی بێبەش کراوە، لەولآتانی کەنداودا چاوم بەچەند ژنە بەرپرسێک کەوت کە شانازیان بەئازادییە نوێیەکەوە دەکرد لەبواری بیزنیسدا، هەروەها لەمیسریش لەیادمە کە سەرۆکی دەولەت ئەنوەر سادات لەوەلآمی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا دەربارەی چالاکی ژنەکەی (خانمی یەکەم لەوکاتەدا) , وتی: ژنەکەی چالاکە لەبواری کارکردن (بیزنس)دا ئەمەش مافی خۆیەتی وەک ئافرەتێکی سەربەست، وەک ژنانی دی لەبازاڕی ئازادو سەردەمی کرانەوەی ئابووریدا.
لەگۆڤاری عەرەبی ژمارە (٩٦٩)ی ٢٤ی تەموزی سالی ٢٠٠٥دا ئەوەم خوێندەوە کە لەزمانی خانمی ژنەکەی ساداتەوە بلآوکراوەتەوە، ئەو تەنها سنگێکی بەسۆز بووە، کە سەرۆک سادات لەئەرکو ماندوێتی کاری سەرۆکایەتی تێیدا حەساوەتەوە، ئەو هاوسەر بوو... تەنها ژنی سەرۆکێکی جوتیار بوو کە شورەیی دەزانی...و نرخی رەوشتی لادێی بەرز رادەگرت.
پاشان گۆڤارەکە دەلێت (پێکهاتەی ژنی میسری وا لەمێردەکەی دەکات وەک پیاوی مال دەربکەوێت , وشەی یەکەمو کۆتایی بۆ ئەو بێت , هەرئەویش فەرمان دەربکاتو رەتیشی بکاتەوە , ئەمە دروستە بۆ ژنانی چینی مامناوەندو بەرز لەشارو لادێدا، بەلآم ئەو ژنەی کە کار دەکاتو بەرهەمهێنەرە، بەبیرۆکەو لەلایەنی ئابوورییەوە سەربەخۆیە لەباوکو مێردەکەی، کەسێتییەکی بەهێزی دەبێتو قبولی ناکات ببێتە سێبەری پیاو، ژنی نووسەرو پزیشکو کرێکاری سەربەخۆو بەرهەمهێنەرمان هەیە لەگشت بوارەکاندا , کە ژیانێکی

سەربەخۆ دەژینو پاشکۆی پیاو نین، هەندێکیان ناوبانگیەکی گەورەیان لەبواری زانست یان هونەر یان هەربوارێکی تردا هەیە، بۆ نموونە ئوم کەلسوم لەسایەی مێردەکەیدا نەژیا، بەڵکو مێردەکەی لەسایەی ئەودا ژیا، ئەمە تەنها نموونەیەکی وڵاتەکەمانە.

خانمی یەکەم لەسەردەمی ساداتدا بەوە رازی نەبوو کە لەسێبەردا بژی وەک ژنەکەی جەمال عەبدول ناسر، بەڵام ئەو رۆڵانەی کە هەوڵی بۆدا وەک ژنە سەرۆکێک تەنها نرخێکی کاتیان پێداو بەنەمانی مێردەکەی بەتەواوی لەناوچوو، چونکە نرخێک بوو لەپلەو پایەوە هەڵقولابوو، بەنەمانی پلەوپایەش لەناوچوو، لەکاری خودی مرۆڤەکەوە نەبوو، یان لەداهێنانی خودی ژنەکەوە کە هیچ گۆڕانکاریەکی لەکۆمەڵدا نەکرد، بەڵکو لەچەسپاندنی سیستمی دەسەلاتداریدا رۆڵی بینی، نەوەک پێشخستنی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵێکی دادپەروەرتر یان سەربەست تر یان یەکسان تر یان ئازادکردنی لەچنگی هێزە داگیرکەرەکان.

٤- لاسایی کردنەوە نەک داهێنان:

بۆچی مێژووی مرۆیی ناوی هەندێک ژن دێنێتو ناوی هەندێکی دی لەیاد دەکات؟

مێژوو ناوی ئەو کەسانە دەپارێزێت کە رۆڵیان بینیوە، هەر رۆڵێک بێت لەپێناوی ئەم پێشکەوتنەدا، لەپێناوی دادپەروەریو سەربەستیو یەکسانی لەنێو مرۆڤدا بەچاوپۆشین لەچین یان رەچەڵەک یان رەگەزنامە یان ئایین یان بیروباوەڕ... هتد

ئایا خانمی یەکەم لەوڵاتەکەماندا رۆڵی لەم پێشکەوتنەدا بینی؟ یان بەهیچ کارێک بەشداری کرد لەپێناوی رزگاری رامیاری یان ئابووری یان رۆشنبیری لەدەسەلاتی چینی نێرینە؟ لەوانەیە پێچەوانەکەی راست بێت، لەوانەیە رۆڵی لەدەستەبەرکردنی دەسەلاتی چینی

سەرمایەداری‌و پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی مێرد بەسەر ژنەکەیدا بینیبێت. ئەوەندە بەسە خانمی یەکەم ناوی مێردەکەی هەڵبگرێت وەک لاسایی کردنەوەیەک بۆ ژنانی ئەوروپی یان ئەمریکی، ئەمەش لاساییەکی دواکەوتووە سەبارەت بەدابونەریتی میسریمان، کە ژن دوای شوکردن ناوی هەر دەمێنێتەوە، راستە کە تەنها ناوی باوکەکەیە، بەڵام هەر لەوە باشترە کە ژن ناوەکەی بگۆرێت‌و ناوی مێردەکەی هەڵبگرێت، چونکە جیابوونەوە بەهەر هۆیەک بێت هەر روودەدات، ناوی مێرد دەگۆڕێت، بەڵام ناوی باوک هەمیشەییە ناگۆڕێت لەحاڵەتی کوڕ یان کچ وەک یەک. لەزۆر لەکۆمەڵگە مرۆییە هاوچەرخەکاندا ناوی دایک هەمان نرخی ناوی باوکی هەیە، پاش ئەوەی نرخی ژن بەرزبووەوەو بووە مرۆڤێکی خاوەن ماف‌و ئەرکێکی تەواو لەناو خێزان‌و لەکۆمەڵگەی گەورەو دەوڵەتدا.

خانمی ژنی سادات دان بەوەدا دەنێت کە ئەو موسوڵمان بووەو ئایینەکەی خۆشویستووە، ساداتی مێردی هیچ لادانێکی لەئایینی ئیسلام قبوڵ نەدەکرد، چونکە پیاوێکی ئاییندار بووە، ئەو سەرۆکێکی ئیماندار‌بوو لەبەر ئەوە داوای گۆرینی ناوەرۆکی یاسای باری کەسێتی نەدەکرد، داوای کرد کاتێک مێرد ژنی دووەم دێنێت پێویستە ژنی یەکەمی ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر رازی بوو ئەوا رازی دەبێت، ئەگەر رەتیشی کردەوە ئەوا مافی خۆیەتی، ئەمەش لەئیسلامدا هاتووەو لێی دەرناچێت.

واتە خانمی یەکەم داوای گۆڕینی توێکڵەکەی دەکرد نەک ناوەرۆک، بزوتنەوەی ژنانی میسر لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەنی بیرۆکەو سیاسەت‌و کۆمەڵایەتیەوە زۆر ئازاترو پێشکەوتووتر بوو لەخانمی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩.

٥- کارەکەرەکان

ژنو پیاوی کارەکەر

لەکۆتاییدا دەڵێم هەر ژنێک لەولاتەکەماندا مافی خۆیەتی کە کارو رۆڵێکی لەدەرەوەی ماڵدا هەبێت، تەنانەت گەر ژنی سەرۆکی ولات یان کارمەندێکی بچووک یان کرێکارێک یان جووتیارێک یان هەر شتێکی دی بێت، بەمەرجێک ئەو کارە بەرهەمی کۆششی خۆی بێت، پێش شوکردنو پاش شوکردن، نەک وەک تەواوکاریەک بۆ رۆڵی وەک ژنێک ,  نەک لەدەسەلاتی مێردەکەیەوە وەریگرتبێت.

بەهاکانی درۆو ساختەچێتی لەمیسردا باوە بۆ هەرکەسێک کە خاوەن پارەو دەسەلات بێت، ئەی دەسەلاتی سەرۆکی ولات دەبێت چۆن بێت؟ ئایا کەس بڕوا دەکات کە هەوڵو کۆششی خانمی یەکەمی مەزن لەگشت بوارە ناوخۆییو جیهانییەکاندا لەداهێنانی مەزنو لێهاتوویتی تایبەتی خۆیەتی؟! کەواتە بۆچی ئەم هەوڵو کۆششەمان نەبینی پێش ئەوەی مێردەکەی دەسەلات بگرێتە دەست؟ ئەی بۆچی ئەم هەوڵو کۆششانە بەنەمانی دەسەلاتی مێردەکەی نامێنن؟ بۆچی خانمی یەکەم ستەم لەژنە داهێنەرە دیارەکانی بواری زانست یان هونەر دەکات وەک ئوم کەلسوم یان هەر ژنێکی دی. تەنها ئەو ژنانە لەدەوری خانم دەمێننەوە کە کارەکەرە گوێڕایەڵەکانو لەسێبەرداNو وەک کەنیزەکان لەدواییەوە دەڕۆن، هەروەها ئەو پیاوانەش کە لەکارەکەر دەچن لەدوایەوە دەڕۆن.

**گۆڤاری ئەلعەرەبی**
**٣١ی ئابی ٢٠٠٥**

## ناوی دایکانمان ڕێزە بۆ ئێمە

بۆچی ئارەزووی نووسەرو شاعیر (د. مونا حیلمی) کە ناوی دایکی لەگەڵ باوکیدا هەڵبگرێت ئەو هەموو توڕەییەی لێکەوتەوە؟

ئەوەی سەیرە کە توڕەیی ژنان لەپیاوان زیاتر بوو، لەوانەشە سەیر نەبێت. ئێمە دەزانین کەسێکی بەندکراو بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ دەترسێت لەدەرگای بەندیخانەوە بێتە دەرەوە کاتێک دەکرێتەوە.

لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی ژنان لەسەربەستی دەترسن، چونکە ڕاهاتوون لەسەر ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی پیاو لەترسی جیابوونەوە یان تۆران یان لەدەستدانی دڵنیایی لەسایەی پیاودا (سایەی دیوار نەک سایەی پیاو) , زۆر لەدایکان بەشێوەیەکی توندوتیژتر لەباوکان مامەڵە لەگەڵ کچەکانیاندا دەکەن , ئەم کارەش دەرئەنجامی ستەمێکی دورودرێژو ئەو کۆیلایەتیەیە کە هەزاران ساڵە ڕەگی داکوتاوە.

گوێم لەهەندێک مامۆستاو زانایانی شارەزای ئایینی بووە , لەوانەش مامۆستا جەمال بەنا کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە جەختی لەڕێزی ناوی دایک کردەوە لەئیسلامدا، پێویستە منداڵان ناوی دایکو باوکیان پێکەوە هەڵبگرن، چونکە هەردووکیان پێکەوە بەشداری دەکەن لەبەرهەمهێنانی منداڵدا، ڕۆڵی دایک گەورەترە، چەند فەقێیەکی ئیسلامیش هەن ناوی دایکیان هەڵگرتووە، بۆ نموونە (کوڕی تەمیمە).

لەڕۆژانی ئەمڕۆدا هەندێک لەسەرۆکی حکومەتەکان ناوی دایکیان

هەڵدەگرن وەک: زابا تیرو سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا، هەنییە سەرۆک وەزیرانی فەلەستین، سەنیورە سەرۆک وەزیرانی لوبنان.

لەمێژوودا چەند پیاوێکی گەورە هەن کە ناوی دایکیان وەرگرتووە وەک شکسپیرو نیوتنو ئەنشتاینو بیکاسۆو باخ، لەمێژووی کۆندا عیسای (گاور) ناوی مریەمی دایکی وەرگرت، کە شانازی پێوەدەکرد، تەنیا ژنیشە کە قورئان بەناوی خۆی (مریەم)وە ناوی هێناوە وەک رێزێک بۆ کەسێتیەکەی، ناو بەشێکە لەکەسایەتی مرۆڤ , بەبێ ناو هیچ کەس نابێت. لێسەندنەوەی ناو لەمرۆڤ ریسواکردنێکی گەورەیە , بۆیە کاتێک دەچیتە زیندانەوە ناوەکەت لەدەست دەدەیتو دەبیتە ژمارەیەک، هەندێک لەسەرکردەکانی ژن کە (تیۆرە سۆشیالیستەکانیان هەڵگرتووە) , دەمیان نوقاندو لوتیان بەرز کردەوەو وتیان: ناوی دایک چ بایەخێکی هەیە؟ چەند مەسەلەیەکی گرنگتر هەیە وەک هەژاریو نەخوێندەواری، هەندێک لەو ژنانە لەئەنجومەنی نەتەوەیی ژناندانو هەمیشە لەگەڵ خانمی یەکەمدا ئامادە دەبن لەکۆنگرەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا.

ژنە سەرکردە موسوڵمانەکان ئەم ئایەتەیان وتەوە (ودعوهم للابائهم) , واتە (بیاندەنە دەست باوکانیان) بێئەوەی ماناو هۆکانی هاتنە خوارەوەی بزانن و بێئەوەی پاشماوەی ئایەتەکە تەواو بکەن، هاوشێوەی (ولا تقربوا الصلاه) واتە لەنوێژکردن نزیک نەبنەوە.

بەڵام ئەو ژنە سەرکردەیەی کە شیوعی بوو پاشان بووە سەرمایەدارێکی نیو لیبراڵی , وتی: (ئەمە بیرۆکەیەکی هاوردەیە لەخۆرئاواوە دەبێتە هۆی بێ ئابڕوێتی).

پیاوێک کە پیشەیەکی ئایینی هەیە وتی: ئەوەی ناوی دایکی هەڵبگرێت زۆڵە، چونکە ناوی باوک رێز دەدات بەمنداڵ، سەرمان سوڕما چۆن منداڵی بێتاوان سزا دەدرێتو ناوی زۆڵی لێدەنرێت

بێئەوەی زینای کردبێت، بەڵکو باوکی زینای کردوە , بەلام پیاو سزا نادرێت بەڵکو منداڵ سزا دەدرێت، پرسیارمان کرد ئەی شێخ ویژدان لەکوێیە؟ وتمان ئەو کۆمەڵگەیەی منداڵ سزا بدات بێویژدانە، لەولاتەکەماندا بەهەزاران منداڵ لەڕێزو مافەکانی مرۆڤ بێبەش کراون بەهۆی یاسای رەچەڵەکەوە، کە تەنیا پەیوەستە بەناوی باوکەوە , بەهۆی ئارەزووی باوکەکە لەمیراتیدان بەو مندالانەی کە لەژنەکەیەتیو بێبەشکردنی منداڵەکانی تری، سەرەڕای ئەوەی هەر منداڵی ئەونو لەویش بوون.

یاسای (رەچەڵەکی باوکایەتی) بنەماکەی ستەمێکی ئابووریو کۆمەلایەتیو ئەخلاقییە لەمنداڵە بێتاوانەکان، وتمان ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەشەو رۆژ گۆرانی بۆ دایک دەڵێت پێویستە ناوی دایک تیایدا رێزدار بێت نەک شورەیی بێت. بۆچی کوڕ هەست بەشورەیی دەکات کاتێک پێیدەڵێن تۆ کوڕی دایکتیت، پرسیار ئەوەیە: کەی ناوی دایک لەڕێزەوە دەبێت بەشورەیی لەمێژوودا؟

لەمیسری کۆندا ناوی دایک رێزدارو بنچینە بووە، چونکە دایکایەتی هەقیقەت بووەو باوکایەتی لەشارستانێتیە کۆنەکاندا نەناسراو بووە، ژن نیشانەی خواوەندی دایک بووەو منداڵ بەناوی دایکەوە بووە.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستو رۆڵی باوک لەکرداری پیتاندندا باوکایەتی ناسرا.

لەگەڵ پابەندبوونی سیستمی کۆیلایەتیو دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ سەرگەورەو کۆیلە، هێز دەسەلاتی گرتە دەست نەک دادپەروەری، پیاوان بەهێز دەستیان بەسەر ژناندا گرتو خواوەندی دایک لەمێژوودا دیار نەما، خواوەندی باوک دەرکەوت، بنچینەی باوکایەتی بەتەنیا بووە یاساو رەچەڵەکی دایکایەتی نرخەکەی لەدەستدا، ناوی دایک لەڕێزەوە بوو بەشورەیی , لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی ژندا

تاوانی یەکەم گوناه خرایە پاڵ حەوای گوناهبار , ژن لەنیشانەی خواوەندەوە بوو بەنیشانەی شەیتان , جەستە لەڕۆح یان ئەقڵ جیابوەوە بەمەش پیاو بوو بەنیشانەی ئەقڵو رۆحی پیرۆز , ژنیش نیشانەی جەستەی پیس، بەمەش دووفاقی لەڕەوشتو یاساکاندا دەرکەوت , لەوانەش یاسای هاوسەرگیری کەوا لەپیاو دەکات ببێتە خاوەنی ژنو ژن نابێتە خاوەنی پیاو , پیاوەکە مافی تەڵاقدانو فرەژنیو پەیوەندی بەستنی هەیە لەدەرەوەی هاوسەرێتیدا، هەروەها مافی ناموسو رەچەڵەک و.. هتد.

دەسەڵاتی رەها لەدەوڵەتو خێزاندا و دووفاقی لەبەهاو و پێوەرەکاندا بوونە هۆی خراپبوونی خورەوشت، کە پیاو لەپشێوی سێکسیدا دەژی ئەمەش بووە هۆی بڵاوبونەوەی دیاردەی منداڵە ناشەرعییەکان، کە کۆمەڵگە سزایان دەدا , وێڕای ئەوەی منداڵێکی بێتاوانن. سزای باوکانیان نادات، بەڵکو پیاوان شانازی بەجەنگە سێکسیەکانیانەوە دەکەن زیاتر لەجەنگە عەسکەریەکانیان.

ئەمەیە کۆمەڵگەی چینایەتی باوکسالاری کە حکومڕانی جیهانەکەمان دەکەن بەخۆرهەڵاتو خۆرئاواوە , کە تیایدا پیاوان هەوڵی دەسەڵاتگرتنە دەستو پارەو ژن دەدەن، کاتی ئەوە هاتووە گەندەڵی ئەم رژێمە دەربخەین کە دەبێتە هۆی ناوەوەی جەنگو کوشتار لەپێناوی تاڵانیو دزیدا، هەروەها دەبێتە هۆی دیکتاتۆریەت لەژێر ناوی سەربەستیداو ناموسی ساختە لەژێر ناوی ئەخلاقدا.

پێویستە ناوی دایکمان لەگەڵ ناوی باوکدا هەڵبگرین، چونکە رێزە بۆ ئێمە کە دان بەچاکەی دایکدا بنێین بەسەرمانەوە , کە قوربانی بەژیانی خۆی دەدات لەپێناوی ئێمەدا. لەمنداڵدانی دایکمانەوە هاتوینەتە ژیانەوە، دایک رۆڵێکی گەورەتر دەبینێت وەک لەباوک لەهاتنماندا بۆ دونیا، ئەی چۆن ناوی دەبێتە شورەیی؟! ئەو وەک

باوک شایەنی رێزە بەڵکو زیاتریش , ئەمە کەیسێکی لاوەکی نییە، بەڵکو کەیسێکی بنەڕەتیە پەیوەستە بەدادپەروەریو رەوشتو رامیاریو ئابووریو فەلسەفەو یاساو ئایینو زانستو هونەرەوە، پەیوەندی بەژیانی گشتیو تایبەتیمانەوە هەیە، ئەم کەیسە تەنها پەیوەست نییە بەژنەوە، بەڵکو کەیسی کۆمەڵگەیە کە هەوڵدەدات ویژدانە ونبووەکەی زیندوو بکاتەوە لەوکاتەی کە کۆیلایەتی دروست بووە , لەوکاتەی کە هێز حکومڕانی دەکات نەک دادپەروەری، بەڵکو کەیسی سەرجەم جیهانی باوکسالاریە کە هێزی چەکو پارە تێیدا بەرقەرارە، خوێنی بێتاوانانی تێدا دەرێژرێت لەپێناوی دزینو تالآنکردنی بەروبوومەکانیان.

٢٠٠٦/٤/٨

## وشترمل كە سەری لەلمدا دەشارێتەوە، ئەوەی دەرکەوت مەزن تربوو!

رۆژی ٧ی ئەیلولی ٢٠٠٥ بەشەقامەکانی قاهیرەدا رۆیشتم بۆئەوەی ببینم رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی چی روودەدات، پرسیار لەوکەسانە بکەم کە پێیان دەگەم بۆچی بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا ناکەن یان بۆچی بەشداری دەکەن، لەوەڵامی خەڵکیەوە گوێبیستی زۆر لەگاڵتەو گەپ بووم، ئەوەش شێوازی گەلی میسرە بۆ خەم بەبادان بەنوکتەو پێکەنین.

سەرم نەسوڕما کاتێک خوێندمەوە کە تەنها ٢٠٪ ی خەڵکی بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکاندا کردوە، کە زۆربەیان ژنو پیاوی کرێکارن لەفەرمانگە حکومیەکاندا، هەندێکیش لەپیاوو ژنانی چینە باڵاکان , ئەوانەی کە داوای گۆڕانکاری زیاتر دەکەن لەکەرتی تایبەتدا، تایبەت بوونو ئابووری بازاڕ لەسەر شێوازی ئەمریکی، بەمەش پیاوو ژنە بازرگانەکان قازانجی زیاتر دەکەن لەوڵاتەکەماندا.

پیاوێکی کامڵ وەستاندمی کە کرێکاربوو لەکارگەیەکی رستنو چنین لە (سمنود) کە چەند رۆژێک بوو داخرابوو , نزیکەی هەزار کرێکار سەرگەردان بووبوون، یەکێک لەوانەش ئەو پیاوە بوو کە چاوم پێکەوتو پرسیارم لێکرد:

- تۆ دەچیت کێ هەڵدەبژێریت؟
- من دەچم ئەو پیاوە هەڵدەبژێرم کە کارگەکەمانی داخست.

- چۆن دەبێت؟
- پەیمانی ئەوەی داوینەتێ کە لەجیاتی ئەو کارگەیە هەزار کارگەی تر دەکاتەوە!!
پیاوەکە پێکەنیو قاقای لێدا، بەم نوکتە گاڵتەجاریە دژ یەکبوونی لەمۆتیڤی حیزبی دەسەڵاتداردا دەرخست.
لەشەقامی (قەسر ئەلنیل)دا کچێکی میسریم بینی زۆر بەلەنجەولار دەڕۆیشت، سەرپۆشێکی کردبوو, کاتێک لێی نزیک بومەوە سەیرم کرد پانتۆڵێکی تەسکی لەپێدایەو بەشی سەرەوەی سکی دەرخستووە (ناوکی دیار بوو) , لەسەر شێوازی ئەو مۆدێلەی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باوە، لەگەڵ جلە هاوردەکانو کەرەستەکانی جوانکاریو ماکیاژو پاقلەی لەقوتونراو لەکالیفۆرنیاوە گوێزراونەتەوە بۆ وڵاتی ئێمە، پرسیارم لەکچەکە کردو وتم:
- تۆ دەچیت کێ هەڵدەبژێریت؟
- دەچم ئەیمەن نور هەڵدەبژێرم.
- بۆچی ئەو؟
- چونکە لاوەو قۆزەو ئەمریکا لێی رازییە.
- تۆ ئەمریکات بەدڵە؟
- بێگومان! لەڕوسیاو شوعیەتو بێباوەڕەکان باشتر نییە!
- بێگومان تۆش موسوڵمانیتو ئیمانداریتو باڵاپۆشیت لەبەردایە.
- بێگومان باڵاپۆشی فەرمانی خوایە.
- ئەی سکت کە دیارە؟
- چییەتی؟ ئەوە مۆدێلەو هەموو کچێکیش بەوشێوەیەیە.
- واتە هیچ دژایەتیەک لەنێو باڵاپۆشیو مۆدێلدا نییە.
- هیچ دژایەتیەک! هیچ شتێک لەقورئاندا دژی مۆدێل نییە! ئەم لۆژیکە لەسەر بەستنی مامەڵە رامیارییە بازرگانییەکانو بەدەستهێنانی

دەنگە بازرگانییەکان دامەزراوە، هەروەها بەدەستهێنانی دەنگ لەهەڵبژاردنەکاندا لەسەر حسابی ئەو ڕێبازو پرۆگرامەی کە هەژاریو بێکاریو گەندەڵی ناهێڵن.
لەبەر ئەم هۆیە هیچ کام لەپاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی نەیتوانی پرۆگرامێکی خۆشنود پێشکەش بکات، کە هەژاریو بێکاریو گەندەڵی لەناوبەرێت، بەڵکو پەیمانە درۆزنە پڕوپوچەکانیان پێشکەش کرد، وەک دامەزراندنی هەزار کارگەی نوێ، لەکاتێکدا کە کارگە قازانجکارو باشەکان یەک لەدوای یەک دادەخرێن، پارمەتییە داراییەکان لەسەر شێوازی ئەمریکی پێشکەش دەکرێن , ئەمەش دەبێتە هۆی گەندەڵیو هەژاری زیاتر نەک لەناوبردنیان، بەتیۆرە ئەمریکیەکان پاساویان بۆ گەندەڵی هێنایەوە , گوایە سروشتی مرۆیی گەندەڵە، یان گەندەڵی لەهەموو وڵاتێکدا هەیە، نەک تەنیا لەمیسردا، هەژارەکان تەمەڵو گێلن‌و رقیان لەکارکردنە، شایستەی هەژارین، بەڵام کەسی ژیری چالاک کە لەبازاڕی سیاسەتدا گورجو گۆڵە پاش ماوەیەکی کورت دەبێتە ملیۆنێر , هەروەها دەبێتە سەرۆکی پارتێکو پاڵێوراوێکی سەرۆکایەتیو بەدڵی هەمووان دەبێت , وەک کۆندالیزا رایس.
چەند بەو رووداوانە پێکەنین کە لەبزوتنەوە دیموکراسیە نوێیەکەی وڵاتەکەمانەوە کەوتنەوە، بەچاککردنی مادەی ٧٦ و پێکهێنانی لیژنەی حیزبەکان کە کارەکەی لەڕاستیدا ڕێگری بوو لەپێکهێنانی پارتەکان، یان تەنها ڕێگەدان بەپێکهێنانی پارتە لاوازە پڕوپوچەکان.
چەند بەسەرۆکی پارتی (لاوان) پێکەنین، کە خۆی دژی حوسنی موبارەک کاندید کرد، کاتێک پرسیاریان لێکرد بۆچی خۆت پاڵاوتووە؟ وتی چونکە من حوسنی موبارەک هەڵدەبژێرم!! نوکتەیەکە جێگەی پێکەنینە بەهۆی دژ یەکبوونە ئاشکراکەی.
چەند بەسەرۆکی پارتی (ساوا) پێکەنین، کە لیژنەی دەوڵەت



د.

مۆڵەتێکی کاتی دابوێ لەدادگایی کردن لەکەیسی تاواندا، لەپێناوی کێبڕکێکردن لەگەڵ حوسنی موبارەک لەهەڵبژاردنەکاندا!
ئەمە لەوکاتەدا کە یاسای نوێ (ماددەی ٧٦ی چاککراو) رێگری لەچەند پارتو کەسایەتیەکی سەربەخۆ ،کرد کە پەیوەستتر بوون بەبنەماکانی دادپەروەری و سەربەستی لەو پارتە لاوازو کەسایەتیانەی مایەی پێکەنینن , کە رێیان پێدرابوو خۆیان بپاڵێون.

**گۆڤاری عەرەبی**
**٢٠٠٥/٩/١٨**

# بەهێزترین ژنانی جیهان کێن؟

گۆڤارێک هەیە ناوی فۆربسە کە بەهێزی پارەو دەسەڵات بیروڕا چینایەتیيە باوکسالارییە داگیرکەرەکان بەسەر نەتەوەکانی جیهاندا دەسەپێنێت، لاسایی جۆرج بۆشو کۆندالیزا رایس و تۆنی بلێرو ئەوانی دی دەکەنەوە , جەنگو کوشتار و تاڵاکردنی ئابووریمان لەژێر ناوی دیموکراسیو بازاڕی ئازاددا بەسەرا دەسەپێنن.

سەیر نییە کە هەڵبژاردنی بەهێزترین ژنانی جیهان لەلایەن ئەم گۆڤارەوە دروستکراوەو ساختەیە , وەک درۆکانی جۆرج بۆش دەربارەی بوونی چەکی کۆکوژی لەعێراقدا وەک پاساوێک بۆ داگیرکردنی بەجەنگی چەکداری و دەستگرتن بەسەر نەوتەکەیدا.

سەیر نییە کە کۆندالیزا رایس بەپلەی یەکەم لەپێشەوەی ئەو سەد ژنەدا بێت، کە گۆڤاری فۆربس وەک بەهێزترین ژنانی جیهان هەڵیبژاردن، هێز لەدیدی ئەو گۆڤارەدا مانای هێزە لەئەنجامدانی تاوانەکانی سیاسەتو جەنگو ئابووریدا , هێز لەوەدایە کە ژن بکوژو تاوانکاری جەنگ و درۆزنو پاڵپشتی ئیستغلالکردنو چەوساندنەوەی ناوخۆییو نێودەوڵەتی بێت. لەبەرئەوە ئەم گۆڤارە لایەنگری ئەو ژنانە دەکات کە نەتەوەکانی خۆیانو نەتەوەکانی دی دەچەوسێننەوە، هەروەها لایەنگری ژنە ئەمریکیەکان دەکات، کە سێیەکی لیستی سەد ژنەکە (٦٦ ژنیان) ئەمریکین , وەک ئەمریکا منداڵدانی گەورە

بێتو ژنە مەزنەکانی لێوە لەدایک ببن!

ئەم گۆڤارە تەنها دوو ژنی لەخۆگرت لەوڵاتە عەرەبیەکاندا، یەکێکیان ژنە بازرگانێکی سعودیە کە شارازایە لەچالاکییە سەرمایەدارە قازانج بەخشەکاندا، دووەمیان شاژن یان ژنی شایەکی عەرەبە کە هاوکاری حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئیستغلالکردنی گەلەکەی، ئەو ژنە شایە وەک سێبەر بەدوای مێردەکەیەوەیە.

گومانی تێدا نییە کە ئەم هەڵبژاردنە هەڵەیە ئامانجەکانی ئەم گۆڤارە دەردەخات، کە هاریکاری چەوساندنەوەو ستەمکردنو جەنگە عەسکەریو ئابووریەکان دەکات، گۆڤارێکە کە دەسەڵاتو ناوبانگیو دابەشکردنێکی بەرفراوانی لەجیهاندا هەیە، وەک دابەشکردنی دانەوێڵەی ڤیاگاراو چەکی ئەمریکیو دەرمانە بێهۆشبەرەکانو حەبی چارەسەرکردنی هەژاریو خەمۆکی بۆ ئەو لاوانەی کە لەکارکردنو بەرهەمهێنانو خۆشەویستیو دادپەروەری بێبەشن.

ئێمەی ژنان لەگەڵە عەرەبیەکان (لەگەلانی ئەفەریقاو ئاسیاو ئەوروپاو هەردوو ئەمریکا) پێویستە لەسەرمان ئەوجۆرە گۆڤارانە پەراوێزبخەین کە سەر بەداگیرکەری ئەمریکیو ئەورووپی نوێن، ئەو گۆڤارانەمان دەربکەین کە گوزارشت لەخودی خۆمان و گرفتەکانمان دەکەن , هەروەها بەهێزترین ژنیشمان کە توانای خەباتکردنیان هەیە دژی سیستمە چەوسێنەرە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان، ئەو ژنانەی کە بەشداری راستەقینەی سیاسیو رۆشنبیریو ئابورییان هەیە لەپێناوی خوڵقاندنی جیهانێکی سەربەسترو دادپەروەرترو خۆشەویسترو داهێنەرتردا. ئەو ژنانە لەلای گەلانیان ناسراون، بۆیە پێویستە تیشک بخەینە سەریانو هەروەها تیشک بخەینە سەر کارە (بیرۆکەیی یان رامیاری یان هونەریی...هتد) یەکانیان.

ئەمە رۆڵی گۆڤارێکە وەک گۆڤاری یەکێتی ژنانی میسری تازە پێگەیشتوو و رۆڵی گۆڤارە هۆشیارەکانی دی دەربارەی ئەو هەڵخەڵەتاندنەی لەژێر ناوی دیموکراسی یان مافی مرۆڤ یان مافی ژناندا روو دەدەن.

**٢٥ مارسی ٢٠٠٦**

# ئایا سیمۆن دوبۆڤوار سەربەست بوو؟!

سارتەرو سیمۆن دوبۆڤوار بڕوایان بەگرێبەستی هاوسەرگیری نووسراو نەبوو , هەروەها بەدڵسۆزی هاوسەری یان سێکسی بۆ یەک کەس بەدرێژایی ژیان.

دڵسۆزی راستەقینە لەبیروباوەڕی ئەواندا پەیوەندی سۆزداریو جەستەییو بیرۆکەیی ئاسۆ کراوە بوو، کە قابیلی هەموو ئەگەرەو سۆرپرایس و چێژو ئازارەکانە.

لێرەوە سارتەرو سیمۆن دوبۆڤوار کەوتنە خۆشەویستی کەسانی دیکەوە. ئەوان بڕوایان بەیەکسانی بوو لەهەموو شتێکدا , بەڵام بەشی سارتەر لەسەربەستیو رابواردندا لەبەشی سیمۆن دوبۆڤوار زیاتر بوو , بۆچی؟

چونکە سیمۆن دوبۆڤوار ئازاری دەچەشت کاتێک سارتەر عەشقی ژنێکی دی دەبوو، زیاتر لەسارتەر کاتێک ئەم عاشقی پیاوێک دەبوو , هەروەها سیمۆن دوبۆڤوار ئازاری چەشت کاتێک رۆماننووسی ئەمریکی (نیلسۆن ئالگرین) جێی هێشت، چونکە شکستی هێنا لەداگیرکردنی دڵی ئەودا کە سارتەر داگیری کردبوو!

سیمۆن دوبۆڤوار بەدەست پەرۆشی بۆ دایکایەتیو منداڵ خستنەوە لەسارتەرەوە دەینالاند، بەڵام سارتەر حەزی لەمنداڵ خستنەوە نەبوو نە لەسیمۆن دوبۆڤوارو نە لەهیچ ژنێکی دی.

هەندێک لەبیروڕاکان ئەمە دەگێڕنەوە بۆ جیاوازی لەسروشتی نێرینەو مێینەدا، بەڵام سروشتی مرۆیی جێگیر نییە بەگۆڕانی بارودۆخ دەگۆڕێت، هەروەها پەروەردەو بەها نێرینە باوەکان کە سەربەستی سێکسیو رامیاریو کۆمەڵایەتی زیاتر دەدەن بەپیاوان وەک لەژنان، لەفەرەنساو لەهەر وڵاتێکی دیکەی جیهان تا رۆژانی ئەمرۆمان.

نزیکەی چل ساڵ یان زیاتر دەبێت چاوم بەسیمۆن دوبۆڤوار و جان پۆل سارتەر کەوت لەقاهیرە، لەرێگەی چاوپێکەوتنو گفتۆگۆم لەگەڵ سیمۆن دوبۆڤوار بۆم دەرکەوت کە ژنێکە بەدەست سەربەستی خۆشەویستی کراوەی بێ کۆتو بەها باوەکانی کۆمەڵگەوە دەناڵێنێت، لەبەرئەوە ئازاری دەچەشتو ئازارەکەی دەشاردەوە تاوەک ژنێکی سەربەست دەرکەوێت لەبەردەم خەڵکیدا وەک سارتەری هاوڕێی.

**هاوینی ٢٠٠٦**

## ئایا بەتەنها ژن لەوڵاتەکەماندا بەرپرسیاریێتی ڕەوشت لەئەستۆ دەگرێت؟

ئەگەر موفتی میسر دکتۆر ئەحمەد تەیب فەتوا بدات کە تەنها ژن سزا بدرێت لەتاوانی زیناکردنو خیانەتکردنی هاوسەرێتیدا، مێرد سزا نەدرێت ئەگەر هەمان تاوانیش ئەنجام بدات، ئایا ئەم حوکمە ئەخلاقیە یان ئیسلامییە؟

ئەم پرسیارەم بەئەقڵدا هات کاتێک ڕۆژنامە میسرییەکانم دەخوێندەوە لە٨ی تەموزی ٢٠٠٣دا، سەبارەت بەوەی لەئەنجومەنی گەل (پارلەمان) لەڕۆژی پێشوودا ڕوویدا بوو، لەکاتی خستنەڕووی پرۆژەیەکی نوێ بۆ چاککردنی یاسای سزاکان لەپێناوی سزادانی مێرددا لەسەر تاوانی زیناکردن , ئەویش بەبەند کردنی بۆ ماوەی دووساڵ، ئەم پرۆژەیە نێردرا بۆ موفتی کە لەگەڵ (کۆمەڵەی توێژینەوە ئیسلامیەکان)ی سەر بەدامەزراوەی ئەزهەردا مشتومڕی لەسەر کرا، پاشان بڕیاری بەڕەتکردنەوەی پرۆژەکەدا، بۆچی؟

چونکە بنچینەی کەیسەکە بەتاوانکردنی زینایە، ئەم پرۆژەیە پەیوەستە بەبابەتێکەوە کە بەبنەڕەت لەیاسادا بەتاوان دانەنراوە، ئەویش تاوانی زیناکردنە، تێڕوانین لەم کەیسە پەیوەستە بەتاوانکردنی بنچینەکەی کە زیناکردنە، وەک لەدەقە شەرعیەکاندا هاتووە، لەبەرئەم هۆیە خانەی فتوادانی میسری ڕەزامەندی بۆ پرۆژەکە

دەرنابڕێت، (گوێنەدان بەو پێشنیارەی کە هاتووە) چونکە بیروڕای شەرعی لەپڕۆژەکەدا پەیوەندی بەتاوانبارکردنی بنەڕەتەوەیە , ئەویش تاوانی زیناکردنە، ئەمە دەقی ئەو قسانەیە کە موفتی کردی وەک وەڵامێک بۆ پڕۆژەکە.

لەکاتی گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنی گەلدا وەزارەتی داد پرۆژەکەی رەت کردەوە بەبیانوی (مێرد مافی فرە ژنی هەیە)، لەبەرئەوە دەتوانێت ئەو ژنە بێنێت کە ژنەکەی پێکەوە گرتوونی، لەڕووی یاساوە ئەم بیانووە پوچەڵە، چونکە یاسا مێرد ناچار دەکات کە ژنی یەکەمی ئاگادار بکاتەوە کاتێک ژنێکی تر دێنێت.

باوکم لەئەزهەرو خانەی زانستەکانو قەزای شەرعی خوێندنی تەواو کردووە، بۆ ماوەیەک وەک دادوەرێکی شەرعی کاریکردوە , دژی مێردە ناپاکەکان حوکمی داوە , دەیووت ناپاکی لەڕەوشتی بەرز یان لەڕەوشتی ئیسلامی دروست نییە، چونکە بەرپرسیارێتی دژی ناپاکیە، چونکە سەربەستی مانای بەرپرسیارێتییە نەک بەرەڵایەتی.

ئەمڕۆ لەمیسردا هەڵمەتێکی گەورە هەیە لەپێناوی هەڵسانەوەی پەروەردەو فێرکردن، هەموو رۆژێک دیاردەکانی خراپبوونی رەوشت یان گەندەڵی دەبینین لەناو خێزان یان لەدەرەوەیدا , لەکۆمەڵگەی میسری یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

گەندەڵیەکی گەورەتر لەو گەندەڵیە نێودەوڵەتیە هەیە کە دووفاقی رەوشت لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە عێراق بەجەنگ یان سزا ئابوورییەکان سزا دەدرێت , لەکاتێکدا ئیسرائیل بێتاوان لەقەڵەم دەدرێت کە هەموو رۆژێک لەپێش چاوماندا گەلی فەلەستین دەکوژێت؟

بنەمای رەوشتی دروست دادپەروەریو بەرپرسیارێتیو سەربەستییە، چونکە سەربەستیو بەرپرسیارێتی لەیەک جیانابنەوە. ئەو پرسیارێتیە

لەکوێیە کاتێک مێرد ناپاکی لەژنەکەی دەکات، پاشان بەبێ تاوان بۆی دەردەچێت؟ ئاخۆ ئەوە بەفیرۆدانی رەوشت نییە , بەڵکو لەدەستدانی خێزانو هاندانی پیاوان نییە کە پارێزگاری لەخێزان نەکەن؟ ئایا بەتەنها ژن بەرپرسیارە لەرەوشتو پاراستنی خێزان , وێرای ئەوەی کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەڵکو پیاو هەیەتی؟!

لەرۆژنامەی ئەهرامی ٨ی تەموزی ٢٠٠٢دا دەربارەی ئەو ژنە میسریە خوێندمەوە، کە هەموو پارەکەی خۆی دابوو بەمێردەکەی تاوەکو لەکێشە داراییەکەی رزگاری بکات، کە بۆ ماوەی سی ساڵ دڵسۆز بوو بۆی , بەڵام مێردەکەی پێینەزانیو کچێکی گەنجی هێناو ژنەکەی دەرکردە سەرشەقام بەبێ لانە , لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەی لەدیدی یاساوە بێ تاوان دەرچوو , چونکە ژنەکە پسوڵەیەکی نووسراوی پارەکەی لەمێردەکەیەوە وەرنەگرتبوو , چونکە یاسا کەسە گەمژەکان ناپارێزێت , ئەوانەی کە هیچ لەبارەی یاساوە نازانن، هەروەها مێردەکەی لەدیدی پیاوانی ئایینیشدا بێتاوان دەرچوو کە ئەو مافی شەرعی لەفرەژنیدا پیادە دەکات.

لەوکاتەدا کە ئاسانکاری زۆر بۆ رەوشت لەگەڵ پیاواندا دەکرێت تا دەگاتە ئاستی بەرەڵایەتیو نابەرپرسیارێتی، کەچی توندوتیژی لێپرسینەوەو سەنگینی تەنها بەشی ژنانە، لەکاتێکدا پیاوانی ئایینی پابەندن بەشارەزایی شەرع لەوەدا کە تایبەتە بەژنان، کەچی ئاسانکاری

بۆ پیاوان دەکەن لەژێر ناوی خەباتکردنو بەکاربردنی ئەقڵدا.

لەرۆژنامەی ئەهرام (٢٨حوزەیرانی ٢٠٠٢ی لاپەرە ٣٦)دا موفتی رایدەگەیەنێت باڵاپۆشی ئافرەتی موسوڵمان لەچەسپاوە شەرعیەکانە، کە خەباتکردنو بەکاربردنی ئەقڵی تێدا نییە , بۆچی؟ چونکە

بالاپۆشی ژنان دەچێتە چوارچێوەی رێنمایی ئیسلامی گشتییەوە کە لەسەر چاودێریکردنی سروشتی دروست و رەوشت دامەزراوە. ئایا سەرپۆش بەڵگەی رەوشتە یان رێکو دروستی رەفتارو بیرۆکەکان؟ ئاخۆ بۆچی موفتی سەبارەت بەتاوانی زیناکردنی پیاوان بەهەمانشێوە حوکم نادات؟! ئایا تاوانی زیناو ناپاکی مێرد لەژنەکەی دەچێتە چوارچێوەی رەوشت یان رێنمایی ئیسلامی گشتییەوە؟ کە ژنو پیاو هاوتا دەکات لەتاوانی زیناکردن، ئایا تاوانی زیناکردن لادەچێت هەر ئەوەندە پیاوەکە رایبگەیەنێت ئەو ژنە دێنێت کە لەگەڵی گیراوە؟! ئایا ئەوە لەبێتاوانکردنی پیاوێک ناچێت کە لاقەی کچێک بکات و بیهێنێت؟!

لەرۆژنامەی (هەواڵی ئەمڕۆ)، (٦تەموزی ٢٠٠٢ لاپەڕە ١٥) لەژێر ناونیشانی (تۆوی تاوان) دا چیرۆکی ئەو کیژە (سەلوا) دەخوێنینەوە کە پیاوێک لاقەی کردوە و سکی پڕ کردووە بۆیە خێزانەکەی ناچار دەبن لێی مارە بکەن تا شورەیی نەهێنێتە سەر دایک و خوشکو براکانی، بەڵام پاش دوو مانگ مێردەکەی هەڵدێت و کاغەزی تەلاقی بۆ جێدێڵێت، سەلوا هەرسێ تاوانەکەی دەکەوێتە سەرشان، لاقەکردن پاشان شوکردن پاشان جیابوونەوە، بۆیە سروشتی بوو رقی لەپیاوەکەو کۆرپەکەی بێت کە لەوە، بۆیە ساواکەی دەکوژێت، سەلوا رەوانەی نوێنەرایەتی دادگا کرا، ئەویش بڕیاری بەزیندانی کردنو پێشکەشکردنی بەدادگای خێرادا بەتاوانی کوشتن، هەروەها سەلوا بەوەش تاوانبار کرا کە دایکێتی لەدەستداوە: چۆن دایک کۆرپە کورەکەی یان کچەکەی دەکوژێت؟ زۆر کەس بەشانو باڵی دایکایەتیدا هەڵیانداوە، بەڵام کەس ناوی باوکایەتی نەهێناوە یان بەرپرسیارێتی ئەو پیاوەی کە لاقەی ئەو ژنەی کردوە، وتیان ئەو

بەپێی یاساو شەرع هێناویەتی، کەواتە ئەو بێتاوانە، بەلام ژنەکە شایەنی لەسێدارەدانە!

رۆژانە چەند نموونەی لەمجۆرە دەبینین، کە ئاستی گەندەڵی رەوشت یان دووفاقی رەوشتمان بۆ دەردەخات کە لەژێر ناوی یاسادا بالادەستە لەکۆمەڵگەکەماندا , چەند هەوڵ هەیە بۆ چاککردنی ئەمجۆرە یاسایە , بەلام زۆربەی سەرکردە ئایینییەکان دژی هەر چاککردنێکی یاسا دەوەستنەوە لەژێر ناوی شەریعەت یان چەسپاوە ئایینییەکان یان بەپێی چەمکی (کۆشش نییە لەدەقی ئایەت)دا.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئەو دەقە لەکوێیە کە ئەم دووفاقیە رەوشتییە بەربەرەلا دەکات؟!

لێکۆڵینەوەیەک هەیە لەگەڵ قورئاندا جەخت دەکەنەوە کە ئەم دەقە بوونی نییە، پێویستە لەسەر پیاوانی ئایینی لەولاتەکەماندا پێمان بڵێن ئەو دەقە لەکوێیەو چی دەڵێت؟ ئێستا ئەمە بەرەنگاربوونەوەیە لەبەردەمیاندا , (تکا دەکەین ئەی بەڕێزان ئەم دەقە بێننە دەرەوە، ئەگەر دەتوانن).

پرسیارێکی دی: ئەگەر فرەژنی لەو چەسپاوانە بێت کە شایەنی گۆڕانکاری نەبێت: ئەی بۆچی ئەم یاسایە لەژمارەیەک لەولاتە ئیسلامیەکاندا چاککراوەو بەتەواوەتی فرەژنی نەهێشتووە , هەروەها مافی تەلاق دان کە تەنها دەبێت لەبەردەم دادوەردا بێتو بەهۆیەکی ماقول بێت , نەک بەهۆی ئارەزویەکی سێکسی یان خیانەتی هاوسەری یان زینا کردن.

لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە کۆمەلایەتییە زۆرانەدا کە نەهامەتی ژنە تەلاقدراوەکانی لەدادگاکاندا دەرخست , هەروەها پەرتەوازەبوونی مندالانو هەڵوەشاندنەوەی خێزان بەهۆی فرەژنییەوە یان لێدان ,

یان بەجێهێشتنیان یان تەنیا لەبەر وازهێنان لەبەرپرسیارێتی باوکایەتی، لەگەڵ هەموو ئەوەشدا یاسای خێزان یان یاسای سزاکان بەپێی پێویست چاک نەکراون , کە سزای پیاو بدەن کاتێک واز لەبەرپرسیارێتی باوکایەتی دێنێت.

تائێستاش لەولاتەکەماندا بەها کۆمەڵایەتیو فێرکاریو راگەیاندنەکان بەرپرسیارێتی بەتەنها دەخەنە ئەستۆی ژن , لەژێر ناوی (دایکایەتی) پیرۆزو مەزندا. بەڵام باوکایەتی هێشتا دەستکورتە یان سنووردارە بەرێککەوتن , یان بەتەواوەتی ئامادە نییە لەو کارانەدا کە تایبەتە بە بەرپرسیارێتیو رەوشت.

لەمرۆدا ئێمە هەڵمەتێکی گەورە بەخۆمانەوە دەبینین بۆ پێشخستنی فێرکردن لەمیسردا , ئایا فێرکردن لەپەروەردە جیا دەبێتەوە؟ ئایا پەروەردەی دروست لەسەر شتێکی دی بەرێوەدەچێت بێجگە لەبەرپرسیارێتی رەوشت؟

**رۆژنامەی ژیان ٢٠٠٢/٧/١٣**

# شکستهێنانی دروشمی بەتواناکردنی ژن

گفتوگۆ لەنێوان منو کۆمەڵێک کچو کوڕی گەنجدا روویدا سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥.

ژنێک لەئامادەبووان رایگەیاند کە دروشمی بەتواناکردنی ژن شکستی هێناوە، هەروەها ژنان لەجەنگی هەڵبژاردنەکاندا شکستیان خواردوە.

پرسیارێک پێشنیار کرا: وشەی (بەتواناکردنی ژن) مانای چییە؟ یان لەگەڵ وشەی رزگارکردنی ژندا جیاوازی هەیە؟! ئایا گشت ژنە پاڵێوراوەکان شکستیان هێناوە؟ بێجگە لەژنە پاڵێوراوی حیزبی دەسەڵات؟

بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا , ئەگەر سەرکەوتووش بێت لەبەر ئەوە نییە کە (ژنە) بەڵکو لەبەرئەوەی ئامێرێکە بۆ سیستمی دەسەڵات بەهێزە رامیاریو ئابووریو مرۆییو راگەیاندنیو ئاسایشیەکەیەوە، بێجگە لەهێزی کۆندالیزا رایس کە دروشمی بەتواناکردنی ژنی هەڵگرتووە.

- ئامادەبووان بەژنو پیاوەوە پێکەنین.

ژنە پاڵێوراوێکی بالاپۆشی لێبوو کە دروشمی بەتواناکردنی ژنی هەڵگرتبوو (لەبەرکردنی بالاپۆشیو گەڕانەوەی ژن بۆ ماڵەوە لەژێر دەسەڵاتی مێرددا).

جیاوازی چییە لەنێوان بەتواناکردنی ژن لەبیرۆکەی ئەو ژنە

بالآپۆشەو لەبیرۆکەی سیستمی دەسەڵاتدارو ئەنجومەنی نەتەوەیی لەژێر چاودێری خانمی یەکەمدا؟

ژنێک لەئامادەبووان وتی: وەک جیاوازی لەنێوان بیرۆکەی جۆرج بۆش‌و کۆندالیزا رایس، لەنێوان بیرۆکەی بن لادن‌و تاڵیبان ، جۆرج بۆش‌و کۆندالیزا رایس دەیکەنە کەلوپەلێک لەبازاڕی ئازاددا ، یان ئامێرێکی سەرکوتکەری مۆدێرنی نوێ، بن لادن‌و تاڵیبان دەیکەنە ئامێرێکی سەرکوتکەری تەقلیدی کۆن، هەردووکیان دوو رووی یەک دراون.

- ئایا شکستهێنانی ژن لەهەڵبژاردنەکاندا پێوەرە یان بەڵگەیە بۆ دواکەوتوویی ژنی میسری؟

- بێگومان نەخێر.

ژمارەی ژنان لەپارلەمانی میسریدا هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر ئەو پارلەمانە بەپیاو و ژنەوە ملکەچی سیستمی دەسەڵاتدار بن.

ئایا پارلەمان هیچ شتێکی لەخراپ بوونی بارودۆخی وڵاتەکەمان گۆڕیوە؟

ئایا هەندێک لەئەندام پارلەمانەکان بەشدار نین لەگەندەڵیدا؟

ئایا پارلەمان حکومەتی رووخاند؟ ئەم هەراوهۆریا توندە چییە دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟ ئەم لەرزوتایە چییە بەجیهاندا بڵاوبۆتەوە لەژێر ناوی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان یان هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا؟ بۆچی ژن‌و پیاوە پاڵێوراوەکان تاڕادەی خوێن رشتن‌و پارە دەجەنگێن؟

لەمیسر ، ئەو وڵاتەی کە سێ بەشی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژی، چۆن نرخی یەک کورسی پارلەمان لەموچەی ساڵێکی تەواوی کارمەندێک یان کرێکارێک زیاترە؟

لەولاتە دەولەمەندەکاندا دەبێت نرخی کورسەیەک بەدۆلاری ئەمریکی یان جونەیهی ئوسترلینی یان یۆرۆ چەند بێت؟

دەڵێن ئەوان لەپێناوی خزمەتکردنی گەلدا , نەهێشتنی هەژاریو لەپێناوی سەربەستیو دادپەروەریو دیموکراسیدا شەڕدەکەن؟

ئامادەبووان بەژنو پیاوەوە پێکەنین.

جۆری ئەو ژنانە چین کە لەپێناوی چوونە ناو پارلەماندا شەڕ دەکەن؟ لەئەزموونە میسریەکەماندا ئەو ژنانە کێن کە چوونەتە ناو پارلەمانەوە؟ ئایا یەکێکیان کەیسەکانی ژنی لەئەستۆ گرتووە؟ ئایا جیاوازیەکی گەورە لەنێو ئەندام پارلەمانە ژنو پیاوەکاندا هەیە سەبارەت بەبیرو چەمکەکان؟ ئایا ئەو ژنە حکومیو ناحکومیانە نەچوونەتە ناو پارلەمانەوە کە پەیوەندییان بەمەسەلەی رزگارکردنی ژنەوە نییە؟ بەڵکو یارمەتی چەسپاندنی ئەو بەهایانە دەدەن کە پارێزگاری لەبارودۆخی ئێستا دەکەن؟ پێوەری بنەڕەتی بۆ ئاستی پێشکەوتنی ژنی میسری، ئاستی بەشداری بوونیانە لەبزوتنەوەی سیاسی میللی لەپێناوی رزگارکردنی خۆیانو رزگارکردنی گشت کۆمەڵ , ئاستی تواناییان لەڕێکخستندا، یان پێکهێنانی هێزێکی سیاسی کە بتوانێت سیستمو یاسا نادادپەروەرەکان بگۆڕێت. بەواتایەکی دی پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی ژنانی بەهێزو یەکگرتوو کە توانای فشارهێنانو گۆڕینی هەبێت.

ئایا بزوتنەوەیەکی (ژنان) لەمیسردا هەیە؟

لەساڵی ١٩٩٩دا بزوتنەوەیەکی ژنانە پەیدا بوو کە لەژنان خۆیانەوە هەڵقوڵابوو، نەک لەحکومەت یان حیزبی دەسەڵاتدارەوە، ژنان لەپارێزگا جیاوازەکانی میسرەوە کۆبونەوە، لەکۆمەڵە جیاوازەکانەوە، لیژنەیەکی ئامادەباشیان بۆ زیندووکردنەوەی ژنان پێکهێنا، بۆ

کۆکردنەوەی ریزەکانیان لەناو یەکێتی ژنانی میسریدا، رۆژی ٢٢ی ئابی ١٩٩٩ دیاریکرا بۆ راگەیاندنی پێکهێنانی یەکێتی ژنانی میسر , بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکان خۆیان تێهەڵقورتاندو ئەم چالاکیەیان بەرێگەی پۆلیسیو رێگە ئاشکراو نائاشکراکانی دی قەدەغە کرد.

بۆچی ساڵی ١٩٩٩ لەیەکێتی ژنان درا؟

- لەپێناوی دروست بوونی لیژنەی نەتەوەیی ژن لەژێر چاودێری خانمی یەکەمدا.

ئەو لیژنەیە تا ئەمڕۆ چی بۆ بزوتنەوەی ژنانی میسری کردووە؟

ئایا لەهەر وڵاتێکدا بزوتنەوەیەکی ژنان سەر بەحکومەت یان حیزبی دەسەڵاتدار دەبێت؟

ئایا دەکرێت کۆندالیزا رایس ببێتە پێشەنگی بزوتنەوەی ژنان لەمیسردا، دروشمی بەتواناکردنی ژن هەڵبگرێت، ئەم دروشمە بەسەر زمانی ئەندامانی لیژنەی نەتەوەیی ژنانو سەرۆکی کۆمەڵە نوێکانی ژنانەوەیە کە لەم ساڵانەی دوایدا وەک ئەنفلۆنزای باڵندە بڵاوبوەتەوە.

لەرۆژنامەی ئەهرامی (٢٠٠٥/١١/١٢لاپەڕە١٤) دا، هەواڵی سەفەرکردنی ژنە ئەمینداری گشتی لیژنەی نەتەوەیی ژنم بۆ شاری بۆستن خوێندەوە، بۆئەوەی لەئامادەکردنی کۆنگرەی ژناندا بەشداری بکات کە لەمیسر لەتەموزی ٢٠٠٦ دا لەژێر چاودێری خانمی یەکەمدا دەبەسترێت.

ئامادەبووان بەژنو پیاوەوە پێکەنین.

کەس سەری نەسوڕما لەشکستهێنانی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا، بێجگە لەژنێک، وتیان ئەو لەدواساتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، نەک لەبەرئەوەی ژنە، بەڵکو لەبەرئەوەی بەشێکە لەپێکهاتەی دەسەڵات،

یەکێکە لەو بنچینانەی دەستیان هەیە لەدانانی ئەو یاسایانەدا کە سەربەستی کۆت دەکەن، لەوانەش یاسای کۆمەڵەکان کە تەنها ڕێگە بەدامەزراندنی ئەو کۆمەڵانە دەدات کە دڵسۆزیو گوێڕایەڵی رادەگەیەنن بۆ دەسەڵات.

ئەو تاقە ژنەی کە لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا (یان سەرنەکەوت) مێژوویەکی دێرینی هەیە لەلێدانی هەر بزوتنەوەیەکی ژناندا کە سەر بەژنان خۆیانن و سەر بەحکومەت نین.

ئایا لەڕۆژنامەی رۆژی (٢٠٠٥/١١/١٢ )دا راگەیاندنەکانی هەندێک لەسەرکردە ژنەکانت خوێندۆتەوە، هەروەها داواکارییەکەیان بۆ داخستنی لیژنەی نەتەوەیی ژنانو بەکارهێنانی پارەکەی لەدروستکردنی گۆڕدا بۆ ژنان؟

چەند قاقایەک لێدرا

بەڵام هەندێک لەو سەرکردە ژنانە لەپێکهێنانی لیژنەی نەتەوەیی ژندا بەشدارییان کرد , کە هەندێکیان ئەندام بوون تێیدا و لەژێر چاودێری خانمی یەکەمدا کاریان دەکرد، چی ڕوویدا؟

- بازدان لەو کەشتیەوە کە نقوم بووە؟

یان بازدان بۆ ناو کەشتیەکی تر کە هێزی سیاسیو ئابووری زیاترە، کەشتی ژنو پیاوانی کارە نوێکان، ئەوانەی چاونەترسو بوێرن لەڕەخنەگرتن لەسیستمی دەسەڵاتدار، مەلەکردن لەبازاڕی ئازادو بۆرسەدا بەبێ کۆتە حکومیەکانو گومرگو باجەکان، هەروەها سەرپەرشتیارانی ئاسایشو کارمەندانی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان.

ئایا دەتوانرێت سەرزەنشتی لیژنەی نەتەوایەتی ژن بکرێت بێجگە لەدامەزراوە حکومیو ناحکومییەکان، کە پرۆژەکانی لەلادێو گوندەکاندا بڵاوبۆتەوە بۆ ریشەکێشکردنی هەژاریی لەناوچە

پەراوێزخراوەکاندا، پاراستنی دایکانو منداڵانی سەرشەقام، لەچالاکیە بازرگانییەکانو کاری کۆمەڵەی ژنە بازرگانەکان، بانقەکانی خۆراکدان بەکەسە برسییەکان، لەخوانی رەحمان لەڕەمەزاندا بۆ خوانی یاریەکانی بۆرسە، لەقاهیرەوە بۆ نیویۆرک و واشنتنو هتد...
لەگەڵ گشت ئەو هەراو هۆریایانە بۆ (بەتواناکردنی ژن) , ئەم دامەزراوانە سەرجەم نەیانتوانیوە یەک ژنی لێهاتوو هەڵبژێرن کە شایستەی متمانەی گەلی میسری بێت. بێگومان گەلی میسر وەک هەموو گەلانی دی پیرۆز نییە، کە بەدەست سێ کوچکەی (هەژاریو نەزانیو نەخۆشی)یەوە دەناڵێنێت , بۆیە پەنا دەباتە بەر فرۆشتنی دەنگەکانی لەبازاڕی ئازادی هەڵبژاردنی ئەمریکی و ئیسرائیلیدا، (سیاسەتو میدیاو ئابووریو ئایینو رەوشت) بەرەڵابوون، هەموو شتێک لەزیادکردنی ئاشکراو نائاشکرادا دەفرۆشرێت، دەچێتە چوارچێوەی یاریەکانی بۆرسەوە، لەوانەش دەنگی پیاو و ژنانی دەنگدەر , ژنە سەر رووتو باڵاپۆشو حکومیو ناحکومییەکان.
شکستهێنانی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا تەنها بەشێکە لەشکستهێنانی بزوتنەوەی سیاسی میسر , بەپیاو ژنو حیزبو کۆمەڵەکانییەوە، هەروەها شکستهێنانی کۆمەڵە حکومیو ناحکومییەکانە.
نەخۆشیەکی درێژخایەن هەیە کە بازوی کۆمەڵەی میسر دەکرۆژێت بەژنو پیاوەوە , هەریەک لەو پیاوو ژنانە دەتوانن هاوکات لەگەڵ حکومەتو ئۆپۆزسیۆندا بن , دەشێت پیاو یان ژن هاوکات پاڵێوراوی حیزبی دەسەڵاتدار یان حیزبی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەم کارە تەواو سروشتییە، چونکە درۆ لەوڵاتەکەماندا گەورەی رەوشتە. لەوانەیە حیزبێک ئەوانە بگرێتە باوەشی بەسۆزی کە لێی جیابوونەتەوە، لەوانەشە بەبێ میهرەبانی ئەوانە دەربکات کە لێی جیابوونەتەوە،

لەوانەیە لەسەر پشتێن یان لەژێر پشتێنەوە لێی بدرێت، لەسیاسەتو هەڵبژاردنەکاندا هەموو شتێک ڕێپێدراوە، مادامەکی هێزو بەرژەوەندی بنچینەن نەک ڕێباز یان ڕەوشت  یان هەق یان دادپەروەری.

چۆن پاڵ بەژنانەوە بنێین لەمیسردا زیاتر نوێنەرایەتی بکەن، ئایا پێویستە دەستوور چاک بکرێت, هەروەها چاکسازی بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت تا کورسی زیاتر بۆ ژنان زامن بکرێت لەنێو ئەندام پارلەمانەکاندا؟ (پەیمانێکی خەیاڵیی نێو هەڵبژاردنەکانە).

کێ چاکسازی لەدەستوردا دەکات؟! سیستمی دەسەڵاتدار؟ ئایا دەکرێت (هەر ڕژێمێکی دەسەڵاتدار) یاسایەک یان دەستوورێک دەربکات کە لەهێزو مەزنی کەم بکاتەوە و دەسەڵاتی لاواز بکات؟ گەر ویستمان دەستووری میسر بۆ بەرژەوەندی گەلی میسر بەژنو پیاوەوە چاک بکەین ئەوا پێویستە ئەو چاکسازیە پیاوانو ژنانی گەل ئەنجامی بدەن نەک حکومەت.

ئەمە ڕوونادات تەنها لەڕێگەی (هۆشیاریو ڕێکخستنەوە) نەبێت, گەلی میسر هۆشیارو ڕێکوپێک نین، ئەمە هەقیقەتە، ژنانی میسر هۆشیارو ڕێکوپێک نین، ئەمەش هەقیقەتە، بەئەنقەست بزوتنەوەی ژنانی میسر هەڵوەشێنرایەوە، کرا بەکۆمەڵە جیاجیا بەگژ یەکداچووەکان لەژێر سایەی لیژنەی نەتەوەیی  ژناندا, ئەمە هەقیقەتە.

تەنها چارەسەر لەبەردەم ژنو پیاوی میسردا.

چەند کەیسێکی تایبەت بەژنان هەیە, چەند یاساو بڕگەیەک لەدەستوردا هەیە جیاوازی لەنێو هاوڵاتیاندا دەکات لەسەر بنەمای جۆر یان ڕەگەز, ئایا پیاوان یان زۆربەی پیاوان یان سیستمی

دەسەڵاتدار بەپەرۆش دەبن بۆ گۆڕینیان؟
وەک زانراوە کە کەس جێی کەس ناگرێتەوە لەبواری رزگارکردندا، حکومەت نابێت بەنوێنەری گەل بۆ رزگارکردنی؟ پیاوان نابن بەنوێنەری ژنان بۆ رزگارکردنیان، لێرەوە پێویستە بزوتنەوەی ژنانی میسر ببوژێتەوە، بەخوێنی نوێو بیرۆکە پێشکەوتووەکان نۆژەن بکرێتەوە، خەبات بکرێت بۆ دامەزراندنی یەکێتی ژنانی میسر یان دووبارە دامەزراندنەوەی لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرترو سەربەست تر.

**نیسانی ٢٠٠٦**

# ئەو نێرانەی لە لەناوچوونی پشێوی سێکسی پیاوان تۆقیوون

چی هەندێک لەپیاوان و (ژنانی پاشکۆیان) بێزار دەکات، کاتێک من شانازی دەکەم کە ناوی دایکم لەتەک ناوی باوکمەوە هەڵدەگرم؟ یان ئەوەی کە د. مونا نەوال حلمی یان هەر ژنو پیاوێکی دی دەیکەن؟ دەڵێن ئەمە یاخیبوونە لەیاساکانی سروشتو یاساکانی خودا....

من پرسیاریان لێدەکەم ئەو یاسایانە چین خراونەتە پاڵ سروشت یان ئەو خودایەی کە لەبارەیەوە دەدوێن؟ ئایا ئەو یاسایانەن کە مافی پشێوی سێکسی دەدەن بەپیاو، کە وای لێدەکات بەناوی خۆشەویستیەوە کچی منداڵ هەڵخەڵەتێنێت , پاشان لەبەرپرسیارێتی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی بیبەخشێت بەرامبەر ئەو منداڵەی لەو خۆشەویستیەوە پەیدابووە.

خەڵکی میسر لەخورپەوشتی پیاوێکی هونەرمەندی ناسراو تورەبوون کاتێک لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بەئاشکرا رایگەیاند کە سێکسی لەگەڵ کچێکدا کردوە لەگەڵ ئەوەشدا رەتی کردەوە کە منداڵە کچەکەی بخاتە سەر ناوی خۆی بەبیانوی ئەوەی باوکی نییە، ئەو رێگا زانستیانەشی رەت کردەوە کە دەتوانن باوکایەتی بۆ

منداڵەکە بسەلمێنن... ئەو کچە پێی دەڵێن کچی زینا (زۆڵ) , وێڕای ئەو زینای نەکردوە , باوکێتی بەئاشکرا دانی بەوەدا نا کە زینای کردوە.

هەندێک لەپیاوانی ئایینیو یاسا وتیان: ئەم پیاوە یاسا یان رەوشت یان ئایینی پێشێل نەکردوە، بەڵگەش ئەوەیە کە حوکم یان سزا نەدراوە بەڵکو سەربەستو ئازادە، خاوەن رەوشتو ناوبانگیەو هەواڵو وێنەکانی لەرۆژنامەکاندا بڵاودەکاتەوە وەک هونەرمەندێکی ناسراو کە بەشداری لەچەند فیلمێکی نوێدا دەکات، لەوێنەکانیشدا زەردەخەنە دەگرێت بەبێ هیچ شەرم یان پەشیمانییەک لەوەی کە کردویەتی. بەڵام یاسا سزای کچە بێتاوانەکەی دەداتو لەشەرەف بێبەشی دەکات، دەبێتە منداڵێکی زۆڵو ناوی دایکی هەڵدەگرێت، ناوی دایکیشی ناتوانێت شورەیی زینای لەسەر لابەرێت , چونکە ناوی دایک بێڕەوشت و بێنرخ و بێڕێزە لەو یاسایەدا کە لە لەلایەنی مەدەنی یان ئایینییەوە باڵادەستە.

قوتابییەکی کوڕ لەقوتابخانە هاورێکەی خۆی کوشت، چونکە پێیوتبوو (تۆ کوڕی دایکتیت).

ئەمە باری ئاست نزمی دایکانە لەوڵاتەکەماندا کە تەنها بەقسە بەشانوباڵی پیرۆزی دایکاندا دێنو دەڵێن بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، لەڕاستیدا زۆربەی دایکان لەدۆزەخدا دەژین لەسایەی ئەو یاسا چینایەتیە باوکسالاریەی کە ماف دەدات بەمێردو باوک، دایک یان ژن بەبێ هیچ هۆیەک تەڵاق بدات، واتە تەنها ئارەزوویەکی سەرپێی سێکسییە بۆ پیاو، پیاوێکی تەمەن حەفتا ساڵ دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات کە بۆ ماوەی سی ساڵ لەگەڵیدا ژیاوەو ژمارەیەک کوڕو کچی لێخستۆتەوە، دەتوانێت تەنها بەخواستی

خۆی تەڵاقی بدات، چونکە ئارەزووی سێکسی چۆتە سەر کچێک کە لەتەمەنی کچەکانی یان کچەزا یان کوڕەزاکانیدایە، ژنەکەی دەردەکاتو خێزانەکەی دەربەدەر دەکات لەپێناوی ئەو ئارەزووە سەرپێیە سێکسییەدا، کاتێکیش کەسێکی ڕەوشت بەرز سەرزەنشتی دەکات، وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: ئەو سەرپێچی لەیاسا یان شەرع ناکات.

بۆیە دەڵێم ئەو یاسایەی لەوڵاتی ئێمەدا باڵادەستە یاسایەکی بێڕەوشتو ناسروشتیە لەگەڵ هیچ ئایینێکی دروستدا بەڕێوەناچێت، چونکە سروشت لەگەڵ لۆژیکدا بەڕێوەدەچێت، خوداش لۆژیکو دادپەروەریو ڕەوشتی دروستە، دادپەروەریو لۆژیکو ئەقڵو ڕەوشتی راستەقینەش یەک پێودانگی هەیە بۆ گشت خەڵکی بەچاوپۆشین لەڕەگەز یان چین یان بیروباوەڕ یان ڕەنگ یان پلەو پایە یان پارە... هتد.

لەوڵاتی ئێمەدا یاسای ڕەوشت ملکەچی گشت ئەم جیاوازیانەیە لەنێو خەڵکیدا، ڕێگە بەپشێویی سێکسی پیاوان دەداتو منداڵ یان کیژە هەژارەکان سزا دەدات، ئەوانەی قوربانی ئارەزووە سێکسیەکانی پیاون، ئەو کچە ساویلکانەی بڕوا بەو پەیمانی خۆشەویستییە دێنن کە پیاوانو رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆمانو هۆنراوەکانی شیعر بەشانو باڵیدا هەڵدەدەن.

راگەیاندنو هونەرو ئەدەبو شیعرو پیاو کۆمەڵگە گشتیان بەناوی خۆشەویستیەوە درۆ لەگەڵ کچی بچووکی بێتاوانی راستگۆدا دەکەن، کە نە درۆ دەزانێت , نە ئەو مێینە ساختەیەی کە باوەو هەندێک لەژنی لێزان پیاوانی پێ فریو دەدەن، لەجیاتی ئەوەی پیاوەکە بیخاتە داوی خۆیەوە ژنەکە دەیخاتە داوی خۆیەوە،

بەمشێوەیە پەیوەندییەکانی نێو پیاوو ژن پەیوەندیەکی نەخۆش دەبێت , لەوانەش ئەو پەیوەندیە هاوسەرییەی کە بنچینەکەی فریودانە، بەمەش پیاو شارەزایی زیاتر پەیدا دەکات لەفریودانی ئەو کچەی کە پارێزگاری لەپەردەی کچێنییەکەی دەکات یان لەلای پزیشک چاکی دەکاتەوە.

بەڵام کچێکی منداڵی سانا یان کارەکەرێکی هەژار کە رێگەی پزیشک نازانێت یان پارەکەی پێ نییە، سزاکەی دەکەوێتە سەر , هەروەها ئەو منداڵە بێتاوانانەش کە نازناوی (زۆڵ) یان منداڵی (حەرام) یان (هەڵگیراوە) ناشەرعییەکان هەڵدەگرن , تەنها لەبەرئەوەی باوکە گوناهبارەکە دیار نەماوە، یان دیارەو بەئاشکرا رایدەگەیەنێت کە گوناهی کردوە , لەگەڵ ئەوەشدا مافی خۆیەتی کە شەرەف نەداتە منداڵەکەی.

ئێستا چۆن دەتوانرێت چاکسازی لەڕەوشتی ئەو پیاوانەدا بکرێت، ئەوانەی دەست بەسەر ناموسدا دەگرن بێئەوەی خۆیان هیچ ناموسێکیان هەبێت؟

چۆن ناموس ببێتە بەشی ناوی دایک وەک ناوی باوک هەیەتی؟

سروشت دەڵێت: منداڵ بەرهەمی دایکو باوکە پێکەوە لەلایەنی بایۆلۆژیو دەروونییەوە، بەڵکو رۆڵی دایک گەورەترو گرنگترە نەک تەنها لەدروستکردنی کۆرپەلەدا، بەڵکو لەبەخێوکردنو پاراستنی قەوارەی خێزانو منداڵ لەسەرگەردانیو ئارەزووە سەرپێیەکانی پیاوان.

سەیری ئەو دایکە بکەن کە بەرگری لە لینای کچی کرد لەناموسو ژیاندا، لەکاتێکدا باوکی نکۆڵی لێکرد کە باوەڕی بەو وشە ناموسە نییە کە دەیڵێت , بەڵکو بەو کاغەزەی وازۆی لەسەر دەکاتو مۆری

دەكات، وێڕای مرۆڤ ئەو وشە ناموسەیە كە دەیڵێتو پەیمان ناشكێنێت.

مرۆڤی راستەقینە ئەو پەیمانەیە كە دەیڵێت بێئەوەی شایەتحاڵ یان ئەو كاغەزە مۆركراوە هەبێت، رەوشتی راستەقینە ئەوەیە كە مرۆڤ قسەو پەیمانەكەی بباتەسەر.

كاتێك د. مونا حلمی دەڵێت: پێویستە ناوی دایك وەك ناوی باوك جێی رێز بێت، ئەوا هەوڵدەدات چاكسازی لەڕەوشتی ئەو پیاوانەدا بكات كە كیژۆڵە راستگۆكان هەڵدەخەڵەتێنن، ئەوانەی بڕوا بەو گۆرانی خۆشەویستیانە دێنن، كە بەشەو و بەڕۆژ دەوترێنەوە، یان ئەو كارەكەرە هەژارانەی لەلادێوە هاتوون، ئەوانەی ناتوانن بەرەنگاری هەرزەكاری سێكسی زۆر لەمێردە پیرو گەنجەكان ببنەوە.

ئەو دەیەوێت چەمكی ناموس لەوڵاتەكەماندا راست بكاتەوە كە تەنها نێرینەو هەڵسوكەوتی كچان یان سەلامەتی پەردەی كچێنی نەگرێتەوە، پاكیزەیی بۆ پیاوو ژن وەك یەك بێت، داوای پاكوبێگەردی لەنیوەی كۆمەڵ لەژنان نەكەین و دەست لەنیوەكەی تری پیاوان هەڵبگرین, تا لەپشێویی سێكسی نائەخلاقیدا بەبێ بەرپرسیارێتی بژین, سەربەستی سێكسی بەبێ بەرپرسیارێتی رەوشتی پیاوان خراپ دەكات، ئەم پەیوەندییە شێواوانە لەنێو هەردوو رەگەزەكەدا دروست دەبێت لەنێو پەیوەندی هاوسەرێتی یان لەدەرەوەیدا، ئەو پیاوانەی لەبانگەشەی رێزگرتن لەناوی دایك تۆقیوون, هەروەها لەپێدانی هەمان ئەو رێزە كە ناوی باوك هەیەتی، هەوڵدەدەن ئەو ژنو پیاوانەی داوای ئەم مافە دەكەن بەبانگەشەكردن بۆ بەرەڵایەتیو پشێویی سێكسی تۆمەتبار بكەن،

لەگەڵ ئەوەشدا کە پێچەوانەی ئەمە راستە.
بەمەش پیاوان هەڵسوکەوتیان باش دەبێت لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا. پیاو درک بەوە دەکات کە تەنها خۆی خاوەن شەرەف نییە ، ژنیش وەک ئەو بەتەواوەتی خاوەن شەرەفە. دابەشکردنی شەرەف لەنێو دوو رەگەزەکەدا بەشێکە جیانابێتەوە لەدابەشکردنی دەسەڵات لەنێوانیاندا.

- دەسەڵاتی رەهای مێرد خێزان تێک دەدات وەک دەسەڵاتی رەهای دەسەڵاتدار کە دەوڵەت تێک دەدات.
- ناتوانرێت دیموکراسیەتی راستەقینە لەوڵاتدا پراکتیزە بکرێت تا دیموراکسیەت لەخێزاندا پراکتیزە نەکرێت.
- مێردی دیکتاتۆر لەماڵەکەیدا ناتوانێت ببێتە کەسێکی دیموکراسی لەژێر گومەزی پارلەماندا.
- ئەو باوکەی میراتی بۆ منداڵەکانی جێدەهێڵێت لەژنێکو منداڵەکانی تری لەژنەکەی تر بێبەش دەکات تەنها لەبەرئەوەی پەیمانی لەگەڵ یەکێکیاندا شکاندو کاغەزی هاوسەرێتی واژۆ نەکرد، ئەوا باوکێکی بێ ویژدانەو بێرەوشتە، چونکە جیاوازی دەکات لەنێو منداڵە بێتاوانەکانیدا ، لەبەرئەوە ئەو پیاوە وشەی شەرەفی نییەو پەیمان ناپارێزێتو بەکەڵکی ئەوە نایەت ببێتە باوک، زۆر لەو دایکانە هەن پەیمان دەپارێزنو ناوەکانیان شایەنی رێزی زیاترە لەو باوکانە.

ئەو پیاوانەی لەپشێویی سێکسیدا بەبێ بەرپرسیارێتی دەژین ، دەڵێن: رەچەڵەکی باوک کە تەنها خۆی خاوەن شەرەفێتی ، یەکێکە لەو جێگیرانەی کە نابێت بەرەنگاری بکرێتەوە، ئەو کەسەی داوا دەکات ناوی دایک بخرێتە پاڵ ناوی باوک کەسێکی شێتە.

ئەمەش بەڵگەی نەفامیە، چونکە زۆر وڵات لەجیهاندا ناوی دایکی خستە پاڵ ناوی باوک بێئەوەی کەس بەشێت تاوانباری بکات، بەڵکو ئەو وڵاتانە بەتەواوەتی رێزدارن، بۆ نموونە فەرەنسا کە گەلەکەی بەژنو پیاوەوە دێنە خۆپیشاندانەوە دژی یاسا نادادپەروەرەکان کە دواتریینیان یاسای کارە.... لەکاتێکدا ئێمە وەک گەلێک ناتوانین هیچ یاسایەک بگۆڕین، تەنیا کاتێک نەبێت کە دەسەڵات دەیەوێت , بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە دادپەروەری لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا فەراهەم دەکەن , چونکە رەگەزی نێرینە باڵادەستە لەوەتەی کۆیلایەتی یان رژێمی چینایەتی باوکسالاری پەیدا بووە، ناتوانرێت دەسەڵاتی رەها لەهیچ کۆمەڵێک یان رەگەزێک یان چینێک بسەندرێت، بەبێ هێزێکی سیاسی رێکخراو بۆ ئەو چینە ستەملێکراوە، هەروەها لەبەرەنگاربوونەوەی دڕندانە بۆ هەر هەوڵێک بۆ رێکخستنی ژنان لەلایەنی سیاسیەوە , یان بەرزکردنەوەی هۆشیارییان سەبارەت بەمافە مرۆییە سروشتیەکانیان، سروشتیە کە مافی دایکان یەکسان بێت بەمافی باوکان لەهەموو شتێکدا , لەوانەش مافی شەرەف.

قسەیەکی بێ مانایە کە هەندێک پیاوان دەڵێن بێبەشکردنی ناوی دایک لەو رێزەی کە ناوی باوک هەیەتی رێزلێنانە لەدایک بۆ پاراستنی شەرەف، بۆچی ئەی بەرێزان، چونکە دایکایەتی شتێکی جەخت لێکراوە، بەڵام باوکایەتی شتێکی جەخت لێکراو نییە!!!

ئەمە لۆژیکی کەسێکی بێ لۆژیکە، چونکە بێبەشکردنی ناوی دایک لەشەرەف هیچ شەرەفێکی ناداتێ , بەڵکو شەرەفی لێدەستێنێت کاتێک پیاو نکۆڵی لەژن دەکاتو پەیمان دەشکێنێت لەگەڵیدا، کێ وتویەتی کە جیاوازی بایۆلۆژی لەنێو پیاوو ژندا دووفاقی ئەخلاق

دەسەپێنێت , یان دەسەڵاتی ڕەهاو شەرەف تەنها دەدات بەپیاو؟
بۆ نموونە کۆندالیزا رایس لەلایەنی بایۆلۆژیەوە جیاوازە لەپیاوان لەمیسرو ئەمریکا , ئەو ژنە و مێیە لەگەڵ ئەوەشدا حوکم دەکاتو لەلایەنی سیاسیو ئابووریو راگەیاندنەوە حکومڕانی ملیۆنەها لەپیاو و ژنی گەلانی جیهان دەکات، ئەو پیاوانەی دابەشکردنی دەسەڵاتو شەرەفو میراتو کەرامەتو پێشکەوتن لەگەڵ ژنەکانیاندا رەت دەکەنەوە، تۆقیوون لەوەی هەلی نقومبوونیان لەسێکسدا لەکیس بچێت , کە ڕێگەیان پێدەدات بەخواستی تاکانە ژن تەڵاق بدەنو ژنێکی تر بێنن , بێئەوەی لەدادگادا بوەستن، بەئارەزووی خۆیان نکۆڵی لەمنداڵەکانیان بکەنو بەخواستی خۆیان لەشەرەفو رەچەڵەک بێبەشیان بکەن , بێئەوەی یاسا یان شەرع ڕێگرییان لێبکات.
ئەی بەڕێزان سروشت گوێڕایەڵی بەسەر ژندا ناسەپێنێت , تەنها لەبەرئەوەی ژنە , ملکەچی بەسەر هەژارو کۆیلەدا ناسەپێنێت لەبەرئەوەی کۆیلە و بێ پارە و بێدەسەڵاتن.
سروشتی مرۆڤایەتی بەچاوپۆشین لەڕەگەز و چین , بەسەر مرۆڤدا ناسەپێنێت کە دژی ستەم بجەنگێتو تامردن بەرگری لەژیان و کەرامەتی بکات , ژنانی میسرمان بینی چۆن لەخۆپیشاندانە نیشتیمانییەکاندا بەدار لەپیاوانی پۆلیس دەدەن , کەچی کەس نەیوت ئەوان شەڕانگێزن یان مێیینەتیان نییە , یان بەدەست گرێی (نەبوون)یەوە دەناڵێنن یان رقیان لەپیاوان دەبێتەوە.
چونکە ئەو ژنە خۆپیشاندەرانە لەدەسەڵاتی ڕەهای باوکایەتی نێو خێزان یاخی نەبوون..... ئەوان بەشداری پیاوان دەکەن تەنیا لەیاخی بوون لەدەسەڵاتی ڕەهای وڵاتدا , لەگەڵ پیاواندا داکۆکی

لەدەسەڵاتی رەهای ناو خێزان دەکەن.
وێڕای ئەوەیکە ناتوانرێت دەسەڵاتی رەهای وڵات و خێزان لەیەکتری جیابکرێتەوە، کە هەریەکەیان هێز لەوی تریانەوە وەردەگرێت، ئەم کارەش زۆر لەو پیاوو ژنانە نایزانن کە لەبزوتنەوە سیاسییەکاندا چالاکن. گەر راستڕەو یان چەپڕەو بن، ئەو جیاکارییە ناهۆشیارە لەنێو یاسای گشتی لەوڵاتدا و یاسای تایبەتی لەخێزاندا هەیە.
لەم بێدەنگیەوە یان ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە هەمان ئەو رێزە دەدات بەناوی دایک کە ناوی باوک هەیەتی و دانانی بەکەیسێکی لابەلایی , یان کەیسێک کە پەیوەندی بەکەیسە گشتییە گەورەکانی وەک دیموکراسیەت یان بێکاری یان گۆڕینی دەستوور یان سەربەخۆیی دادگاوە نەبێت، وێڕای ئەم کەیسە گشتیانە لەکەیسەکانی نیوەی کۆمەڵ لەژنانو منداڵان جیانابنەوە، دەستوور بۆ باشتر ناگۆڕدرێت ئەگەر بێتو لەدەقەکەیدا یەکسانی تەواو لەمافی هاوڵاتیبوون لەنێو گشت تاکەکانی گەلدا نەبێت , بەچاوپۆشین لەرەگەز یان ئایین یان چین یان هەر شتێکی دیکە.
بۆچی مافی قوبتیەکان لەمیسر یان مافی دادپەروەران ئەو هەموو بایەخەی پێدەدرێت، لەکاتێکدا مافەکانی دایکو منداڵ بێدەنگییان لێدەکرێت یان پەراوێزدەخرێن؟ چونکە هێز حوکمڕانی دەکات نەک دادپەروەری , قوبتیەکانو دادپەروەرەکان لەمیسردا خاوەن هێزێکی سیاسیو رێکخراوی ئابووری گەورەترن وەک لەژنو منداڵ.
ئایا ژنان رێکخراوێکی بەهێز یان یانەیەکی دەنگ بیستراویان هەیە وەک یانەی دادپەروەران؟ ئەگەر یانەی دادپەروەران و رێکخراوە بەهێزەکانی قوبتیەکان نەبوایە لەناوەوەو دەرەوەدا , ئەوا مافەکانیان ئەوەندە بایەخی پێنەدەدرا، بۆیە پێویستە ئێمەی

ئافرەتان خۆمان ڕێکبخەین تا ببینە هێزێکی سیاسی کە حیسابی بۆ بکرێت، لەپێناوی ئەوەشدا کە ژنە سەرکردەکانمان لەزمانی نێرەکان بپارێزین و ڕێیان پێنەدەین خوێنیان بڕژن , ناوبانگی نووسەرە ئازاکانی وەک د. مونا حلمی بپارێزین کە بەقەڵەمەکەی ماسکی دووفاقی ڕەوشتو گەندەڵی سێکسی زۆر لەمێردەکانی لەژێر ناوی یاساو شەرعدا دڕی، ئێمە زۆر پێویستمان بەو ئازایەتیە ئەدەبیەیە کە ئەو نێرانە بەجۆرێک لەپیاوەتی دادەنێن نەک ئەو مێیەتیەی کە ناسراوە , مێیەتی لەلای ئەوان ئەو ماکیاژەیە کە ژنە بێژەرەکان تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیانی پێدەشارنەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، مێیەتی لەلای ئەوان ئەو دەنگە نزمە هێمنەیە کە ختوکەی خەیاڵی نێرەکان دەدات , ئەو ئاماژە ناسکە وروژێنەرانەیە کە شەهوەتیان هەڵدەستێنێت بۆ لاقەکردن , مێیەتی لەلای ئەوان ئەوەیە کە ژن لەسەر پێڵاوی نوک بەرز بوەستێت.

بەڵام ژنی بیرمەند نایەوێت نێر ڕازی بکات بەڕۆیشتنی خێرای ڕاستو ڕەوانی یان بەنیگا بەهێزە تیژە ڕاستەوخۆکەی , یان بیرۆکە داهێنەرەکەی , کە شتە باوو کۆنەکان تێدەپەڕێنێت، ئەو ژنە زۆر لەو پیاوانە پیاوترە بەواتا تەقلیدیەکەی پیاوەتی، واتا زۆر لەوان مەردترە , چونکە مەردایەتی ڕاستی وشە و ڕێزگرتنی پەیمانە.

وشەی ئافرەت بۆتە شەرەف، چونکە ئەو ئافرەتەی کە پەیمان دەباتەسەر زۆر لەو پیاوانە بەناموسترە کە ڕێز لەقسەکانیان ناگرن، ناوی دایک دەبێتە جێی ڕێز بۆ هەر کەسێک کە هەڵیدەگرێت، چونکە دایک زیاتر بەتەنگ بەرژەوەندی منداڵەکانییەوەیەتی وەک لەباوک، ئایا هەرگیز بیستومانە کە دایکێک لەبەر ئارەزوویەکی سەرپێیی سێکسی منداڵەکانی سەرگەردان کردبێت؟ بیستومانە

که دایکێک خێزانو منداڵەکانی لەناوبردبێت، چونکە کەوتوەتە خۆشەویستی پیاوێکەوە کە سی ساڵ لەخۆی منداڵ ترە؟ ئایا ژنانو دایکان ملکەچی ئارەزووە سەرپێیە سێکسیەکان دەبن وەک پیاوان ملکەچی دەبن؟ کام رەگەزیان بەهێزترە لەبەرەنگار بوونەوەی ئارەزووە جەستەییەکاندا؟

وابزانم وەلامەکەی روونو ئاشکرایە لەژیانی واقیعیمانەوە، سەرەکان هەتا سەر، لەناو لمدا ناشاردرێنەوە!!

**نیسانی ٢٠٠٦**

## ڕەوشتە ساختەکان

ئەگەر منداڵ ناوی دایکو باوک پێکەوە هەڵبگرێت , ئایا یارمەتی باشکردنی ڕەوشت دەدات یان بەپێچەوانەوە دەبێت؟
پیاوێک کە ناوی فیشاویە بەئاشکرا لەکەناڵی تەلەفزیۆنەکانەوە دانی بەوەدا نا کە سێکسی لەگەڵ ژنێکدا کردوە ناوی (هند)ە , منداڵێکی خستۆتەوە ناوی لینایە، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە کە ناوی خۆی بداتێ بەمەش ئەو منداڵە دەبێتە منداڵێکی ناشەرعی، ئەو پیاوە لەگۆڕەپانەکەوە بەبێ سزا بۆی دەرچوو، کچە منداڵە بێتاوانەکە لەجیاتی باوکی سزا درا، ئایا ئەمە ڕەوشتە؟
دەڵێن ئەگەر منداڵ ناوی دایکی هەڵبگرێت ئەوا منداڵێکی زۆڵە، بەڵام ئەگەر ناوی باوکی هەڵبگرێت ئەوا منداڵێکی شەرعیو بەڕەوشتە , ئەو پشێوی سێکسیەی پیاوی تێدا دەژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووفاقیەی ڕەوشت، پێویستە ڕەوشت یەک پێوەری هەبێت تا ببێتە ڕەوشت، کەواتە شەرەف مافی دایکە وەک باوک، بەمشێوەیە تەرازووی ڕەوشت هاوسەنگ دەبێتو پیاو مافی نابێت کە زینا بکات بێئەوەی بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆ وەک ژن.
ئەو ژنەی زینا دەکات توندترین سزا دەدرێت، ئێمە یەکسانی پیاوو ژنمان دەوێت لەسزادا، هەروەها دەمانەوێت منداڵ لەو سزایە ڕزگار بکەین کە کەوتۆتە سەری، ئەوە چۆن دەکرێت؟
ئەوەش تەنها بەدانانی یەک پێوەر دەکرێت بۆ ڕەوشتی پیاوانو ژنان

بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا.
لەبەرئەوە پێویستە یەک پێوەری شەرەف بۆ پیاو ژن هەبێت، یەک پێوەری شورەییش بۆ هەردووکیان هەبێت، پێویستە ناوی دایک هەمان ئەو ڕێزەی هەبێت کە ناوی باوک هەیەتی، رەوشتی خراپی پیاوان کاتێک چارەسەر دەبێت کە پیاو درک بەوە بکات لەسزا رزگاری نابێت ئەگەر کچێک بەناوی خۆشەویستیەوە هەڵبخەڵەتێنێت.
گەندەڵی هاوسەرێتی چارەسەر دەبێت کاتێک دادپەروەریو سەربەستیو خۆشەویستی بنچینەی یاسای هاوسەرێتی بێت نەک مارەییو پارە، حاڵی پیاوان باش دەبێت کاتێک درک بەوە بکەن کە ژنانیش هەمان ئەو مافانەیان هەیە کە ئەوان هەیانە، شەرەف تەنها هی ئەوان نییە، بەمەش دەسەڵاتی رەها بۆ باوک کۆتایی دێتو دایکو باوک لەگشت مافو ئەرکەکاندا یەکسان دەبن , لەوانەش ئەرکی خەرجی کێشی , ئەوەی خەرجی دەکێشێت ئەوە خاوەن دەسەڵاتە، لەسێیەکی خێزانەکانی میسردا دایکان خەرجی خێزانەکانیان دەکێشن , لەبەرئەوە پێویستە بەها باوکسالارییە چینایەتییەکان بگۆڕێن، ئەوانەی کە ژنیان کردوە بەکۆیلەی پیاوان، وای لەچینە چەوساوەکان کردوە ببنە کۆیلە بۆ خاوەن پارەو زەویو دەسەڵات لەوڵاتدا.
حاڵەتەکانی زیناکردن لەوڵاتدا کەم دەبێتەوەو رەوشت باش دەبێتو ویژدان زیندوو دەبێتەوە کاتێک منداڵان سزا نادرێن و پیاوان ملکەچی لێپرسینەوە رەوشتیەکان دەبن، کاتێکیش کە ناموس تەنها هی ئەوان نابێت، پێویستە وشەی منداڵی ناشەرعی لەفەرهەنگماندا بسڕینەوە، هەموو منداڵێک شەرعیەو بەرەوشتە بەچاوپۆشین لەو ڕێگەیەی کە پێی هاتۆتە ژیانەوە , ئەمەش نایەتەدی تاوەکو دایک نەبێتە خاوەنی شەرەف وەک باوک، هەموو ئەوانەی کە لەدایکو باوکێکن لەشەرەفدا

یەکسان بن , جیاوازی لەنێوان ئەمو ئەودا نەبێت.
شورەییە ئەگەر بەمندالّی دایک بلّیین زۆلّە لەگەلّ ئەوەشدا کە باوکەکە زینای کردوە نەک مندالّەکە , هەندێک لەژنو پیاوی ئایینی هەولّدەدەن رەوڕەوەی زەمەنو پێشکەوتنی زانستی بوەستێنن، بێسوودە چونکە زانست بەسەر کلّێسەدا لەئەوروپا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەبەرئەوە زانست بازدانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە خستینییە ناو سەدەی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت فرۆکەو ژێر دەریاییەوە، هەروەها سەدەی ئەلکترۆنو مانگی دەستکردو سەتەلایتو داهێنان لەگشت بوارەکاندا بەبێ وەستان.
گرنگترین داهێنانە پزیشکیەکان توانای چارەسەرکردنی نەزۆکی پیاوانو ژنانە، لەوانەش پیتاندنی هێلکۆکەی بەستووی ژنە لەبانقی هێلکۆکەکاندا بەتۆوی بەستووی نێرینەی ناو بانق , بۆیە هەر ژنو مێردێک دەتوانن مندالّ بخەنەوە، وێڕای ئەوەی کە نەزۆکنو بێ هیوان لەمندالّ خستنەوە , بۆچی هەندێک لەژنو پیاوی ئایینی لەولّاتەکەماندا دژی ئەم کارە دەوەستنەوە؟
لەترسی تێکەلّبوونی رەچەلّەکو پاراستنی رەوشت!! چ رەچەلّەک و چ رەوشتێک کە هەموو کارەکە پەیوەندی بەمومارەسەی سێکسیەوە نییە؟ بەلّام هەندێک کەس لەولّاتەکەماندا خەیالّیان تەنها لای سێکسەو بێزاردەبن کە پەیوەندییەک لەنێو هێلکەو تۆوێکدا هەبێت لەناو بۆری تاقیکردنەوەدا.
ئەوان وا وێنا دەکەن کە ئەرکیان وەستاندنی خۆشەویستییە لەنێو شانە بەستووەکانی بانقەکاندا , ئەگینا سیستمی باوکسالاری چینایەتی دەسەلّاتدار دەڕوخێت.

**نیسانی ۲۰۰٦**

## سزادانی قوربانیو بەرەڵاکردنی تاوانبار

لەگۆڤاری میسری رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٧دا خوێندمەوە کە دادگای خێزان لەفەرمانگەی خەلیفە داوای رەچەڵەک (نسب)ی کیژۆڵە (لینا)ی رەت کردەوە بۆ ئەو پیاوەی دانی بەوەدا نا کە سێکسی لەگەڵ دایکی کردوە، بەڵام نکۆڵی لەهاوسەرێتی کرد لەگەڵیدا، هەروەها واژۆی پشکنینی پزیشکیو شیکاریی (DNA) رەت کردەوە , دادگا رایگەیاند ئەو پیاوە بەهۆی ئەنجام نەدانی ئەو شیکارییانەوە فەرمانی دادگا نایگرێتەوە.

پرسیاری یەکەم ئەمەیە: بۆچی دادگا شیکاریی DNA نەسەپاند بەسەر ئەو پیاوەدا لەپێناوی دەرخستنی راستیدا؟

ئەم شیکارییە تەنها رێگەی زانستیە کە دەتوانێت باوکایەتی ئەو منداڵە بسەلمێنێت، بۆچی دادگا پێوەی پەیوەست نەبوو لەپێناوی پاراستنی دادوەریدا و پاراستنی مافی ئەو منداڵە بێتاوانە لە لەناوچوون؟

وەک زانراوە هیچ دادگایەکی دادپەروەر فەرمانەکەی دەرناکات لەهیچ مەسەلەیەکدا پێش ئەوەی هەموو رێگەکان بەکار نەهێنێت بۆ سەلماندنی راستی، ئەی بۆچی دادگا ئەم کارەی تەواو نەکرد؟! بەتایبەتی ئەو کارە کە زۆر مەترسیدارە، چونکە پەیوەستە بەمافی منداڵێکەوە کە ببێتە منداڵێکی شەرعیو بەرەوشت، نەک وەک دەڵێن منداڵێکی ناشەرعیو زۆڵ، چۆن دادگا ئەم رێگە زانستیە گرنگەی

پشتگوێ خست بۆ پاراستنی منداڵێکی بێتاوان لەخستنە ئەستۆی سزایەک لەجیاتی ئەو پیاوەی کە هەڵەی کردوە؟
چۆن وەسفی ئەم بڕیارە بکەین کە سزای قوربانی دەداتو تاوانبار بەرەڵا دەکات؟
چۆن ئەم یاسایە یان ئەو سیستمە ئەخلاقیە وەسف بکەین کە باڵادەستە , کە تۆڵەی کردەوەی گەورەکان لەمنداڵەکان دەکاتەوە؟ کەمترین وەسف , کە دادپەروەر نییەو نامرۆییەو بێناموسە پێویستە خێرا بیگۆڕین تا کۆمەڵگەی جەنگەڵ دروست نەبێت، کە گەورە بەبێ ویژدان بچووک دەخوات.
دووەم: ئایا ئەو فەرمانەی لەدادگاوە دەرچووە پیاوان هانی گەندەڵی رەوشت نادات؟ ئایا هانیان نادات پەیوەندییە سێکسیەکان ئەنجام بدەن بێئەوەی هیچ بەرپرسیارێتیەکی ئەوکارە لەئەستۆ بگرن، تەنها ئەگەر کاغەزێکی نووسراو هەبێت، بەمەش واتای راستەقینەی رەوشت بەفیرۆدەچێت، ئەوەش راستگۆیی قسەو کردەوەیە، پەیمان ناموسە , وشە ناموسە، پیاوی بەرەوشت راستگۆیە لەقسەو کردەوەکانیدا، ئەو بەرپرسە لەوەی کە دەیڵێتو کە دەیکات، ئەگەر پیاوێک بەژنێکی وت خۆشمدەوێیتو پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا ئەنجامدا , ئەوا بەرپرسە لەوەی کە وتویەتیو کردویەتی.
ئەمە مانای ناموسو رەوشتو چاکەیە، ئەو پیاوەی واز لەو بەرپرسیارێتیە دێنێت پیاوێکی بێ ویژدانو بێ رەوشت و بێناموسە، ئەو شایستەی سزایە نەک کوڕ یان کچێکی منداڵی بێتاوان.
سێیەم: ئایا مافی ئەوەمان هەیە ناموس لەو منداڵە کچە بستێنینەوە تەنها لەبەرئەوەی باوکی نییە؟ باوکەکە واز لەبەرپرسیارێتی دێنێت , بەهەزارەها حاڵەتی وەک ئەم منداڵە بێتاوانانە هەن کە پێیاندەڵێن منداڵە ناشەرعیەکان، (زۆڵ) ئەم ناوە ئاییندەی ئەو منداڵە کوڕە

یان کچە لەناو دەبات، چونکە وشەی زۆڵ بەو منداڵەوە دەلکێت، وێڕای ئەوەی باوکەکە زیناکارە نەک منداڵەکە.

چوارەم: ئێمە زۆر دەربارەی گەندەڵی سیاسی دەدوێین، گەندەڵی لەهەڵبژاردنەکاندا , گەندەڵی لەحیزبەکاندا، گەندەڵی لەئابووریدا، بەڵام زۆر بێدەنگ دەبین سەبارەت بەگەندەڵی سۆزداریو گەندەڵی پەیوەندییە سێکسیەکان، یان پەیوەندییە تایبەتیەکان؟

ئایا ژیانی تایبەتیمان بەشێک نییە لەژیانی گشتیمان، ئایا دەکرێت تایبەت لەگشتی جیابکرێتەوە، ئایا دەکرێت پیاو لەژیانی سیاسیدا راستگۆ بێت و لەژیانی سۆزیاریو سێکسیدا درۆزن بێت؟

ئێمە زۆر هاوار دەکەین کاتێک وەزیرێکی گەندەڵ بەبێ سزا لەوەزارەت دەردەچێت، بەڵام زۆر بێدەنگ دەبین کاتێک پیاوێکی رەوشت خراپ لەدادگاوە بێتاوانو داوێن پاک دەردەچێت، لەکاتێکدا منداڵێکی بێتاوان سزا دەدرێت.

ئێمە هەمووان بەشداری لەم گەندەڵیەدا دەکەین بەبێدەنگ بوون، بێدەنگی تاوانە کاتێک پێویست بەقسە دەکات، وشە هەڵوێستو ناموسە، ئەو کەسەی دەربارەی هەق بێدەنگ دەبێت لەستەمدا بەشداری دەکات.

پێنجەم: چۆن هەقو شەرەف بۆ ئەو منداڵە (لینا)و هاوتاکانی لەمنداڵان بگێڕینەوە؟

پرسیار ئەوەیە بۆچی تەنها ناوی باوک شەرەف دەدات بەمنداڵی کوڕ یان کچ؟

بۆچی ناوی دایک هەمان رێزی ناوی باوکی نییە؟

بۆچی دەڵێین بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، لەئێستگەکانەوە بەشانوباڵی دایکدا هەڵدەدەین، لەکاتێکدا هەموو رۆژێک لەبەر چاوماندا مافی دایکان بەفیڕۆ دەدرێتو ئێمەش بێدەنگین؟

لەپێشەوەیان ناوی دایکە کە تەنها بەشی شورەییە؟ ئەگینا بۆچی منداڵ دەبێت بەزۆڵ کاتێک ناوی دایک هەڵدەگرێت؟

دایکایەتی بنچینەیە لەڕابردوو و داهاتوو و ئێستادا، هەقیقەتێکی گەردوونی جەخت لێکراوە، هەمووان لەڕۆژی قیامەتدا بەناوی دایکەوە بانگ دەکرێین نەک ناوی باوک , ئەی بۆچی لەم دونیا لەناوچووەدا یاسای رەچەڵەک نەگرینەبەر کە لەڕۆژی دواییدا نەمرە؟!

کامیان راستگۆترو دادپەروەرترە، دونیا یان رۆژی دوایی؟!

**٢٨ کانونی یەکەمی ٢٠٠٦**

# یەکێتی ژنانو داگیرکردنی عەسکەریو ئابووری

لێرەدا وشەی داگیرکردن بەتەنها مانای داگیرکردنی دەرەکی نییە، بەڵکو مانای داگیرکردنی دەرەکیو ناوخۆییە پێکەوە، پەیوەندییە پتەوەکەی نێو حکومەتە ناوخۆییە ستەمکارەکانە لەوڵاتەکەمانداو حکومەتە بێگانە داگیرکەرەکانە , گەربێتو ئەمریکی یان بەریتانی یان ئەڵمانی یان ئیتاڵی یان هەریەکێکی دیکە بێت.

میدیای ناوخۆیی عەرەبیو میسریو نێودەوڵەتی هەوڵدەدات هێزە دەرەکیو ناوخۆییەکان لێک جیابکاتەوە، کۆمەڵە عەرەبیو میسریەکان رۆڵ دەبینن لەو لێکجیاکردنەوە زۆردارەی نێو دەرەوەو ناوەوەدا، بیرمەندانی سەرمایەداری عەرەبیو میسری رۆڵ دەبینن لەو جیاکردنەوەیەدا، تێیاندایە کە رژێمی ناوخۆیی (میسری یان عەرەبی) بەتەنیا بە بەرپرس دەزانێت لەگەندەڵیو هەژاریو نەخۆشیو نەزانیو تێکچوونی بارەکانی بژێوی لەنێو گەلدا، داگیرکەری ئەمریکی ئیسرائیلی پەیوەندی بەگیروگرفتەکانمانەوە نییە لەوڵاتەکەماندا، بەڵکو هەندێکیان پەنا دەبەنەبەر حکومەتی ئەمریکی (جۆرج بۆش یان کۆندالیزا رایس) لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانمانو رزگارکردنمان لەدیکتاتۆریەتو هەژاریو نەزانیو نەخۆشی، وەک داگیرکەری دەرەکی لەتوانایدابێت لەو کێشانە رزگارمان بکات (وێرای کە داگیرکەری دەرەکی خۆی یەکێکە لەو هۆیە سەرەکیانە بۆ ئەو کێشانەی کە بەدەستیانەوە دەناڵێنین، هەندێک لەبیرمەندانی

سەرمایەداری میسری وا وێنا دەکەن کە هەژاریی لەوڵاتەکەماندا لەڕێگەی یارمەتی ئەمریکیەوە چارەسەر دەکرێت، لەکاتێکدا ئەو یارمەتیە خزمەتی ئەمریکا زیاتر دەکات وەک لەمیسر , ئەو یارمەتیە تەنها روپۆشێکە بۆ ئیستغلالکردنی دەرەکیو ناوخۆیی، ئەم هەقیقەتە بەژمارە لەلای هەمووان ئاشکرایە).

هەندێک لەکۆمەڵە میسریەکان وادەزانن کە (دیموکراسیو سەربەستیو چاکسازیو رزگارکردنی ئافرەت... هتد) لەمیسردا بەبێ خۆهەڵقورتاندنی هێزە ئەمریکیە دەرەکیەکانو یارمەتیەکانی جۆرج بۆشو کۆندالیزا رایس نایەتە دی.

ئەم هەڵخەڵەتاندنو چەواشەکردنە تا ئەمڕۆ بەردەوامە , وێڕای ئەوەی بەڵگەنامەکان دڵنیامان دەکەنەوە کە داگیرکەری دەرەکی یان داگیرکەری بێگانە هیچ لەهیواو ئاواتی پیاوو ژنی ناو وڵاتێکی داگیرکراو یان ژێردەستە نایەنێتە دی.

سەیر بکەن.... ئەمڕۆ لەعێراقدا چی روودەدات؟!

ئەو پیاو و ژنانەی گەلی عێراق کە ویستیان لەڕێگەی داگیرکەری ئەمریکیەوە سەدام حوسێن بڕوخێنن، لەمڕۆدا هاوار دەکەنو داوای کۆتایی پێهێنانی داگیرکەری بێگانە دەکەن، هەندێکیان دان بەوەدا دەنێن کە بیروبۆچوونیان هەڵە بووە، هیچ گەلێک لەسایەی داگیرکەری بێگانەدا رزگاری نابێت، هەروەها بۆیاندەرکەوت کە داگیرکەری دەرەکی لەستەمکاری ناوخۆیی جیانابێتەوە، دیموکراسیەت لەسایەی داگیرکەری ئەمریکیدا فێڵو گاڵتەجاڕیو درۆیەکی گەورەیە.

ژنانی عێراقی ئەمڕۆ دانیان بەوەدا نا ئەو مافانەی لەسایەی حکومەتە ستەمکارە عێراقیەکاندا (وەک حکومەتی سەدام حسێن) بەدەستیان هێنابوو , لەسایەی حکومەتی ئەمریکیدا لێیان سەندراوەتەوە.

لەلێدوانێکدا کە نێردراوە بۆ رێکخراوی (سەربەستی ژنان)

دەكات

لەعێراق , گوزارشت لەخراپبوونی ژیانی ژنانو پیاوان دەكات لەساتەوەختی داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە , خراپی باری بژێوی , بڵاوبونەوەی هەژاریو بێكاریو نەزانی، تەقاندنەوەی رقو كینە ئاینیو خێڵەكیەكان، كوشتارگە بەكۆمەڵەكانی رۆژانە لەسەر بنەمای ناسنامە ئاینییەكان، شەقامی شارو لادێكانی عێراق بوونەتە مایەی ترسو فراندنی ژنانو فرۆشتنیان لەبازاڕی كۆیلایەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و عەرەبیدا، چەند جەردەیەك هەن بەناوی بیروباوەڕە ئاینییەكانەوە شەقامەكان تەی دەكەن، بەهێزی چەكداری باڵاپۆشی بەسەر ژناندا دەچەسپێنن، داگیركەری ئەمریكی و (حكومەتی عێراقی كە پاشكۆی ئەون). ئەم شەڕە ناوخۆییانەیان سەپاندوە لەسەر بنەمای ئایین، هەروەها خراپترین دەستوریان بەسەر ژنانی عێراقدا سەپاندوە كە رێگە بەهاڕینی ژنان دەدات لەژێر ناوی ئامۆژگاری ئاینیو بیروباوەڕەكانیاندا. كە ژن دەكەنە هاوڵاتی پلە دوو.

ئەمڕۆ لەعێراق ژنان لەماڵەكانیاندا خۆیان دەشارنەوە لەترسی شەڕە ئاینییە وێرانكاریەكان كە گشت دەستكەوتو ئاسەوارەكانی ژیانی مەدەنییان لەعێراقدا لەناوبردووە، داگیركەری بێگانە لەگەڵ حكومەتی ناوخۆی پاشكۆی ئەودا، شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێنن. وێڕای ئەو ساڵە تاریكانەی كە ژنانی عێراق (پێشوتر) بەدەستیەوە ناڵاندبوویان، رۆژێكی وەك ئەمڕۆ بەسەر عێراقدا نەهاتووە، كە خەڵكی بەزۆر بەهێزی چەكداری دەبرێنە دەرەوەی ماڵەكانیان تا بەكۆمەڵ لەسەر بنەمای ناسنامەی ئاینیو خێڵەكی تیرباران بكرێن، سەردەمێكی وەها بەسەر عێراقدا تێنەپەڕیوە كە تێیدا ژنان بەكۆمەڵ برفێنرێنو لەبازاڕی كۆیلەی ناوخۆییو نێودەوڵەتیو عەرەبیدا وەك كاڵایەكی سێكسی بفرۆشرێن.

لەماوەی سێ ساڵ لە (دیموکراسیەتی ئەمریکیدا) دوو هەزار ژنی عێراقی لەنێو براون , لەڕێگەی فڕاندنیانەوەو کردنیان بەئامێرێکی سێکسی لەماڵەکانی لەشفرۆشیدا.

داگیرکەری ئەمریکی چەمکەکانی جیاوازی ئایینیو خێڵایەتیو نەتەوایەتیو رەگەزایەتی بۆ کەمایەتیەکان تەرخان کرد لەژێر ناوی نوێنەرایەتی دیموکراسیدا، سەربەستیە ئایینییەکانو مافی مرۆڤ و مافی ژن , ئەمانە گشتیان دروشمە ساختە هەڵخەڵەتێنەرەکانن بۆ دابەشکردنی گەلی عێراق بۆ ئەو تیمانەی کە یەکتری سەردەبڕن، بۆ بەرژەوەندی هێزە دەسەڵاتدارە ناوخۆییو دەرەکیەکان، ئەو تیمانەی ڕێبازی داگیرکەری بنەڕەتی دەگرنەبەر , ڕێکخراوی سەربەستی ژنان لەعێراقدا رایدەگەیەنێت کە گەلی عێراق ژیانێکی ئاشایش بەخۆیەوە نابینێتو لەدەستی داگیرکەری دەرەکیو ناوخۆیی رزگاری نابێت تەنها لەڕێگەی یەکگرتنەوە نەبێت.

یەکگرتنی جەماوەریی ژنان , یەکگرتنی خوێندکارانی کوڕانو کچان، یەکگرتنی چینی کرێکاران لەگشت بوارەکانو پیشەکاندا، یەکگرتن ئەو هێزەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین لەشەڕی خێڵایەتیو چەوساندنەوەی دەرەکیو ناوخۆیی رزگارمان ببێت.

ئەمە وانەیەکە کە پێویستە کۆمەڵەی میسری ژنانو پیاوان لێوەی فێرببن، بزانن کە جیاکردنەوەی داگیرکەری دەرەکی لەناوخۆیی جۆرێکە لەهەڵخەڵەتاندن، داگیرکەری ئەمریکی ناتوانێت میسر یان هیچ وڵاتێکی تر داگیر بکات بەبێ هاریکاری حکومەتە ناوخۆییە ستەمکارەکان.

بۆیە پێویستە گەلی میسر بەژنو پیاو و لاو و خوێندکار و جووتیارو کرێکار و گشت کۆمەڵانی گەلەوە ڕێکبخرێن، ئەگینا ئەوەمان بەسەردا دێت کە بەسەر گەلانی عێراقو فەلەستینو ئەفغان و گەلانی تردا

هاتووە ، کە کەوتونەتە ژێر داگیرکەری ئابووریو عەسکەریەوە ·
دەشێت لەبەر ئەم هۆیە دامەزراندنی یەکێتی ژنانی میسر پێویستیەکی ژیانیو رامیاریو ئابووری بێت، تەنها بانگێشتی کۆمەڵێک لەو ژنانە نەبێت کە لەمەسەلەی گەلە چەوسێنراوەکان جیاکراونەتەوەو بەقازانجی یارمەتیەکان فریو دراون·

وەک زانراوە کە هەژاریو بێکاریو نەخۆشی هەندێکن لەبەرهەمەکانی داگیرکەری بێگانە بەیارمەتی لەگەڵ حکومەتە ناوخۆییەکاندا، لەبەرئەوە هەژاری ریشەکێش ناکرێت (کە توشی ژنانو پیاوانی میسر بوەتەوە) تەنها بەنەهێشتنی هۆکارە راستەقینەکانی هەژاری نەبێت، لەرێگەی پەرەپێدانی کشتوکاڵیو پیشەسازیو رۆشنبیری سەربەخۆوە، لەرێگەی رزگاربوون لەکۆیلایەتی بانقی نێودەوڵەتیو دەستبەسەراگرتنەکانی ئەمریکیو ئەوروپییەوە·

لەرێگەی یارمەتیە دەرەکیو ناوخۆییەکانەوە (کێشەی ژنە میسریە بێلانەکان) چارەسەر ناکرێت، کێشەی ژنە هەژارەکان چارەسەر ناکرێت کە هەموو مانگێک ماسیەک یان چەند جونەیهێکیان بدەینێ، بەڵکو لەرێگەی راهێنانیان لەسەرکاری بەرهەمهێنەر، (فێرم بکە چۆن ماسی بگرم، ماسیم مەدەرێ) , فێرم بکە چۆن بەکەرامەتو کۆششم کار بکەم , یارمەتیو خێرم مەدەرێ، چونکە من سواڵکەر نیم , من مرۆڤێکم خاوەنی کەرامەتمو توانای کارکردنم هەیە لەکشتوکاڵ یان پیشەسازی یان هەر پیشەیەکی تر کە مەشقی لەسەر بکەمو کرێیەکی دادوەرانەی لێوەربگرم·

بێکاری ژن و پیاو بەیارمەتیەکان یان دەرزی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بەرەخساندنی هەلی کاری بەرهەمهێنەر , ئەمەش لەسایەی داگیرکەری ئابوری دەرەکی یان ناوخۆییدا روونادات، (کە پارە چەکو میدیا) دەخەنە دەستی کەمایەتییە دەسەڵاتدارە دەرەک

ناوخۆییەکەوە.

لەسایەی داگیرکەری ئەمریکیدا لەسەر یارمەتیەکانو هاوردەکردنی خواردەمەنییەکانمان لەدەرەوە دەژین، لەڕێگەی سەربەستی پەیوەندییە بازرگانییەکان یان بازاڕی ئازادەوە, سەربەستی بەهێزترینە کە مەرجەکانی بەسەر لاوازتریندا دەسەپێنێت، سەربەستیەکی فریودەرە وەک دیموکراسیەت.

ئەو کەسەی خاوەنی خۆراکی خۆی نەبێت (ژن یان پیاو یان دەوڵەت) خاوەنی ئیرادەو سەربەستی خۆی نییە.

**قاهیره ٢٠ مارسی ٢٠٠٦**

# گفتوگۆیەکی براو دەربارەی ژنو ئایینو سیاسەت

داوەتنامەیەکم پێگەیشت تا لەیەکێک لەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا گفتوگۆیەک ئەنجام بدەم، بەرپرسی بەرنامەکە پێی وتم: ئەو کەسەی گفتوگۆکەت لەگەڵدا دەکات ژنێکی زۆر زیرەکە هەموو کتێبەکانی تۆی خوێندۆتەوە، خۆی بۆ گفتوگۆیەکی زۆر ئازایانەو راشکاوانە ئامادە کردوە , هەموو گفتوگۆکەش بەتەواوەتی بەبێ پچڕاندن یان هیچ جۆرە چاودێرییەک بڵاو دەکرێتەوە.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەلای من بێتاوانە تا ئیدانەکردنی دەسەلمێنرێت، لەبەرئەوەی لەسانایی منداڵی رزگارم نەبووە وێڕای کە تەمەنم لەحەفتا ساڵ تێپەڕیوە , بڕوام بەقسەی پیاوەکە کرد، لەکاتی دیاریکراودا رۆیشتم کەسم نەبینی، پاشان کارگوزارەکانی پاککردنەوە دەرکەوتن، پاشان ئەو کرێکارانەی پلەیان لەوان نزمتر بوو، پاشان ئەو کرێکارانەی پلەیان کەمێک بەرزتربوو، تاوەکو بەرپرسی بەرنامەکەو دەرهێنەر دەرکەوتن.

زۆر لەدواییدا ئەو خاتوونە بێژەرە دەرکەوت کە گفتوگۆکەم لەگەڵدا ئەنجام دەدات، داوای لێبوردنی نەکرد بەهۆ دواکەوتنییەوە، (ئەمەش نەریتی دەسەڵاتدارو هونەرمەندەکانە) , وەک شازادە یان خانمی یەکەم هەڵدەسوڕا، زەردەخەنەی دەگرت بۆ ئەو بینەرانەی لەوێدا کاریان دەکرد بەپیاو و ژنەوە، بەقژە زەردە بۆیاخکراوەکەی سەری بێرەو بەوێدا دەجوڵاند , وەک بوکەشووشە برژانگە دەستکردە

پرەکانی دەتروکاند، روخسارە راستەقینەکەی خۆی لەژێر روپۆشێکی چروپڕ لەهاڕاوەو رەنگو پشت چاوو قەڵەمی برۆو چاودا شاردبوەوە , سوراوی لێوەکەی لەسنووری لێوەکان تێپەڕیبوو تا قەبارەکەی بکاتە دوو ئەوەندە، جووتێک گوارەی گەورە لەگوێکانییەوە شۆڕ ببوونەوە , کراسێکی بریقەداری لەبەردا بوو کە سنگی جەڕاندبوو و درزی نێو مەمکەکانی دیاربوو.

لەدڵی خۆمدا وتم: هەندێجار زیرەکی ژن یان پیاو لەگەڵ ئەو روخسارە دەرەکیەدا کۆک دەبێت کە گێلی پێوە دیارە، لەجێگەکەی خۆمدا بەهێمنیو ئارامیەکی زۆرەوە مامەوە.

ستودیۆکە بەشێوەیەک ئامادەکرابوو کە کورسی بێژەرەکە وەک چەقی گەردوون وابوو، بەڵام لاکانی تری شوێنی میوانەکەی تێدابوو کە تەوەرەی گفتوگۆ کردنەکە بوو، بێژەرەکە بەناوی مامۆستاو دکتۆرەی بیرمەندی مەزن...هتد ناودەهێنرا , رۆشنایی خرایە سەر روخساری بێژەرەکە بەجۆرێک لەگشت سوچێکەوە رووناکو گەشاوە بێت، لەگەڵ دەرخستنی بەشە جوانەکانی جەستەیو شاردنەوەی نەنگیەکانی لوتو هەردوو شەویلگەی.

بێژەرەکە بەجوامێریەکی بێ شێوەو هەناسە هەڵکێشانێکی مێینەی نیانەوە پرسیاری لێکردم:

ئایا تۆ ئامادەیت بۆ گفتوگۆیەکی ئازایانەو زۆر راشکاوانە؟

بەڵام ئەو جوامێریە دروستکراوە خێرا نەما لەکاتی گفتوگۆکردنەکەدا، لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ئارەق بەدەموچاویدا زانیم کە شڵەژاوە، لەوانەیە لەبەر نەتوانایی لەبەردەوامبوونی لەگفتوگۆ کردنەکەدا، یان لەبەرئەوەی ئارەق بەدەموچاویدا هاتبووە خوارەوە، کە ماکیاژو رەنگە سوورو سپیو پشت چاوە شینەکەی توانەوە، هەروەها قەڵەمی چاوەکەیشی کە رەنگێکی رەشی ماتی هەبوو بەسەر رەنگەکانی تردا

توایەوە.
دەرهێنەرەکە ئاماژەی بەوەستاندنی وێنەگرتنەکە دا، بۆ ماوەی چەند خولەکێک پشوماندا تا بێژەرەکە ماکیاژەکەی چاککردەوە کە گفتوگۆکە تێکیدابوو.
پاش هەفتەیەک یان زیاتر بەرنامەکە لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە پێشکەش کرا، پاش ئەوەی مقەستی چاودێری گەیشتیو گشت ئەو بەشانەی بڕی کە تێیدا باسی بەرپەرچدانەوەکانی ژیانم کردبوو، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەژنو ئایینو سیاسەتەوە هەیە، گرنگترین بەشی گفتوگۆ براوەکە پەیوەندی بەبێژەرەکە خۆیەوە بوو، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە بالاپۆشی فەرزێکە لەقورئاندایە، یەکێکە لەکۆڵەکەکانی ئایین وەک نوێژو رۆژوو حەج کردن، سەرم سوڕما لەپەرۆشی بۆ بالاپۆشی ژنان لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بالا پۆش نییە، پرسیارم لێکرد ئەی بۆ خۆت نابیتە بالاپۆش؟
زمانی تەتەڵەی کردو بۆ ساتێک شڵەژا، دڵۆپە ئارەقەکانی بەدەسرێکی کلینس سڕیو لەکۆتاییدا وەڵامی دەستکەوت، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، وەک یەکێک لەئاودا نقوم بووبێت سەری دەرهێناو وتی: خودای گەورە هێشتا نایەوێت ببمە بالاپۆش، هەرکاتێک خودا ویستی ببمە بالاپۆش یەکسەر دەبمە بالاپۆش، مرۆڤ بەڕێوەبراوەو ملکەچی ئیرادەی خودایە!
پێموت: خانمەکەم بەم لۆژیکە دەتوانیت خۆت لەبەرپرسیارێتی ببەخشیت لەهەموو کارەکانت، بەڵکو دەتوانرێت هەموو مرۆڤێک لەبەرپرسیارێتیەکەی ببەخشرێت، بۆ نموونە جۆرج بۆشو ئاریال شارۆن لەتاوانەکانی کوشتن لەعێراقو فەلەستین دەبەخشرێن، بەبیانوی کە خودا ویستویەتی ئەوان هەردوو گەلی عێراقو فەلەستین بکوژن، کاتێکیش خودا بیەوێت لەکوشتن بوەستن ئەوا دەوەستن،

هەروەها دەتوانرێت هەر دەسەڵاتدارێکی عەرەبی لەبەرپرسیارێتیەکەی ببەخشرێت بەبیانوی کە خودا حکومڕانی هەموو شتێک دەکات، خودا دەیەوێت ئێمە ببەزین , ئێمە دواکەوتوو هەژارو نەزان بین، هەموو ئەو گرفتانەش کە تێیدا دەژین، لەوانەش بێکاریو کۆچ کردن بۆ وڵاتانی تر، گشت ئەمانە لەبەرئەوەی مرۆڤ بەرێوەبراوەو ئیرادەی نییە! وێڕای کە ئیسلام لەناوەڕۆکدا جەخت لەبەرپرسیارێتی مرۆڤ دەکاتەوە، هەموو مرۆڤێک بەرپرسە لەکارەکانی , ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ سەربەستی هەڵبژاردنی ئەو کارەی هەیە کە ئەنجامی دەدات، بەمەش بەرپرسە لەوەی کە دەیکات، بەرپرسیارێتی بەزیادبوونی دەسەڵات زیاد دەکات، دەسەڵاتدار بەرپرسیارێتی زیاترە لەو کەسەی کە حکومڕانی دەکرێت , کەسی بەهێز بەرپرسیارێتی زیاترە لەلاواز , پیاوی گەورەش بەرپرسیارێتی زیاترە لەکۆیلە، بەڵام ئەم باوەڕە ئەخلاقیو سیاسیە گرنگە لەسەدەکانی چەوساندنەوەی رامیاریو ئایینیدا لەناوچوو، دەسەڵات لەبەرپرسیارێتی جیابوەوە، شتێک دەرکەوت کە ناوی (حەسانە)یە بۆ خاوەن دەسەڵاتو هێز لەدەسەڵاتدارو ئەندامانی لیژنەی باڵا (پارلەمان، لیژنەی شورا... هتد) , بەم حەسانەیە خاوەن دەسەڵاتەکان لەبەرپرسیارێتی دەبەخشرێنو لەسەر هەڵەکانیان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت، تەنها لێپێچینەوە لەگەڵ لاوازەکاندا دەکرێتو سزا دەدرێن ئەگەر بێتاوانیش بن، ئەمە ناوەڕۆکی ئەو بیرۆکە کۆیلایەتیە باوەیە کە سزای قوربانی دەداتو تاوانبار بەرەڵا دەکات چونکە بەهێزە، جۆرج بۆشو ئاریال شارۆن وەک تاوانباری جەنگ پێشکەش بەدادگا نەکران، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەستیان خەڵتانی خوێنە، هیچ دەسەڵاتدارێکی عەرەبی وەک بەشداربوویەکی داگیرکەری کۆنو نوێ پێشکەش بەدادگا نەکرا، هەروەها وەک بەشداربوویەک لەجەنگی عەسکەری یان ئابوریدا کە

لەوڵاتەکەماندا.

دەبنە هۆی مردنو برسێتی ملیۆنەها کەس بێژەرەکە چاودێرەکە هەموو ئەم بەشانەی قسەکانمی بڕیبوو، بێژەرەکە بەجوانترین شێوە دەرکەوت پاش ئەوەی ماکیاژەکەی چاک کرد، ئەو قسانەی جوییەوە کە پێشتر وتبووی دەربارەی بالاپۆشی کە فەرزو ئەرکە لەئیسلامدا، پاشان پشتی بەپیاوێک یان ژنێکی ئایینی بەست بۆ ئەوەی جەخت لەسەر قسەکانی بکەنەوە، گفتوگۆکە بەچەند ئایەتێکی قورئان کۆتایی پێهات، دەنگی بێژەرەکە بە بەرزی دەدرایەوە دەتوت ئوم کەلسومە، روخساری منیش لەپشت کامێرەکەوە لەسێبەردا بوو، بەڕەنگێکی ڕەش کە دەتوت دەموچاوی شەیتانە.

ئەوانەی کە لەگەڵمدا بەشداریکردن لەوجۆرە بەرنامە کرد، پرسیارم لەهاوڕێ ژنو پیاوەکانم کرد، ئەوانەی کە لەگەڵمدا بەرنامەکەیان بینیبوو پاش پێشکەشکردنی، ئاخۆ باشتر نییە کە بەشداریکردن لەوجۆرە بەرنامە ساختانەدا رەت بکەینەوە؟ هەموویان وتیان: نەخێر پێویستە بەشداری بکەین، چونکە وێڕای هەقیقەت ساختەی تێدا دەکرێت، راستی هەر دەردەکەوێت، یەک زاراوەی راستگۆ بەسە بۆ ئەوەی سەدەها بەڵکو هەزارەها زاراوەی ساختە دەربخات، هەرچەندە چاودێرەکە چەند بەشێکی گفتوگۆکەی بڕیبێت، ئەو بەشەی کە دەرکەوت بەسە، یەک خاڵی رۆشن بەسە لەئاسمانێکی تاریکی رەشدا.

من لەنیویۆرک بووم کاتێک لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە ئەو گفتوگۆیەم بینی کە لەنێوان جۆرج بۆشو جۆن کیری لەتشرینی یەکەمی رابردوودا روویدا، بینیم کە هەردووکیان پێشبڕکێ دەکەن لەوەی کامیان باوەڕی بەخوداو ئایینی گاورو ئینجیل زیاترە، کامیان توانای زیاترە لەداگیرکردنو کوشتنمان لەپێناوی ئەمریکادا (خودا ئەمریکا پیرۆز بکات)، خودا لەگەڵ ئەمریکادایە لەهەموو هەنگاوێکدا، خودا دەیەوێت ئەمریکا سەربکەوێت بۆیە سەردەکەوێت.

پاش ئەوەی جۆرج بۆش لەهەڵبژاردنەکاندا بەسەر نەیارەکەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، رایگەیاند کە خودا لەگەڵیدایە لەجەنگەکەیدا بەسەر تیرۆریزمی ئیسلامدا، خودا لەگەڵیدا دژی نەیارەکانی دەجەنگێت، سەرکەوتن لەلای خودایە، نەک بەهۆی ئەو جبەخانە عەسکەریە ئەتۆمیەی کە ئەمریکاو ئیسرائیل هەیانە , ئەمەیە فەلسەفە رامیاریە نوێکە، چەوساندنەوەی نێودەوڵەتیو ناوخۆیی کە لەدەزگاکانی راگەیاندندا باڵادەستە لەژێر ناوی ئایینو باوەڕدا، میکرۆبی ئەم فەلسەفەیە بەخێرایی ئەلەکترۆن لەباکورەوە بۆ باشورو لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات دەگوێزرێتەوە، لەژێر ناوی گەڕانەوە بۆ ئایینی گاور یان جولەکە یان ئیسلامدا، گەلان بەم راگەیاندنە ئاراستە کراوە هەڵدەخەڵەتێنن، لەوانەش گەلی ئەمریکا , جۆرج بۆش لەهەڵبژاردنەکاندا لەڕێگەی میدیای ئاراستەکراوی فریودەرەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا , تەنها بەڕێژەی (٥١٪) نەک بەڕێژەی (٩٨٪ یان زیاتر) وەک لەوڵاتەکانماندا روودەدات.

فریودانی رۆژنامەوانی لەوڵاتەکەماندا بەهێزترەو کاریگەرترە، چونکە شێوازەکانی چەوساندنەوەو زیندانی کردنو سەرکوتکردن لەوڵاتەکەماندا زۆر توندوتیژترن، لەبەرئەوەی زۆربەی گەلە عەرەبیەکان بەپیاوو ژنەوە، خوێندەوارو نەخوێندەوارەوە تائێستاش بەدەست سێکوچکە درێژخایەنەکەی (هەژاری، نەزانی، نەخۆشی)یەوە دەناڵێنن، تائێستاش بیروهۆش بەسەر ئەقڵی عەرەبیدا سەپێنراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەسێکوچکەی حەرام کراوەوە هەیە، ژنو ئایینو سیاسەت.

**قاهیرە**

**٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤**

# ئەو منداڵەی لەمنداڵدانندا نوستووە

لەدوانزەیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیەوە بۆ سینەمای ژن ، بانگهێشتێکم پێگەیشت کە لەشاری تۆرینۆ لەئیتالیا لە (٧-١٣)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دا بەسترا، تا لەلیژنەی بڕیارداندا بەشداری بکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو فیلمانەی کە خەڵاتیان بەدەست هێناوە، بەشداریشم کرد وێڕای من بڕوام بەخەڵات نییە، کاری داهێنەرانەی هونەری یان زانستی یان کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا خەڵاتە بۆ ژن یان پیاوی داهێنەر، زۆرکات زۆربەی خەڵاتە جیهانیو ناوخۆییەکان دادپەروەرانە نین، کە چەند هۆکارێکی دیکە خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن ، لەوانەش رامیاری، کەسێتی، ئایدۆلۆژی یان رەگەزپەرستی، چەندین لەوکارە باوو زانراوانەی لەم جیهاندانو پشت بەهێز دەبەستن نەک بەهەق، هەروەها پەیوەندییە کەسایەتییەکان.

لیژنەی بڕیاردان لەتۆرینۆ لەپێنج پیاو و ژن پێکهاتبوون (منیشی تێدابووم) , ئەندامی ئەو لیژنەیە لەبواری هونەرو سینەماو ئەدەبدا کار دەکەن لەوڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا، چەندەها جار کۆبووینەوە پاش ئەوەی ئەو فیلمانەمان دی کە بەشداری کێبڕکێکەی فیستڤاڵەکەیان کردبوو، کە بریتی بوو لە دە فیلمی درێژ لەدەرهێنانی ژنان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاواو باکورو باشور.

چەند فیلمێکی دیکە لەناو کێبڕکێکەدا بوو , وەک فیلمە کورتەکانو فیلمە بەڵگەنامەییەکان کە لیژنەی تایبەت بەخۆیان هەبوو بۆ

هەڵسەنگاندن، بەڵام دەبووایە ئێمە سێ فیلمی درێژمان هەڵبژاردایە (یەکەم، دووەم، سێیەم) جاری وابوو تا بەرەبەیان دادەنیشتین ئەو دە فیلمە درێژەمان تاوتوێ دەکرد کە بینیوومانە.
لەڕاستیدا کارێکی گران بوو کە بگەینە یەک بیروڕا دەربارەی فیلمی سەرکەوتووی یەکەم یان دووەم یان سێیەم، ئەو دە فیلمە تاڕادەیەک باش بوون , هیچ فیلمێکی تێدا نەبوو کە بڵێین یەکەمین یان مەزنترین یان جوانترینە، فیلمەکان جیاواز بوون بەجیاوازی ژنە دەرهێنەرەکان یان جیاوازی وڵاتو ڕۆشنبیریو پێشەنگیە هونەریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان، هەروەها بەجیاوازی بابەتەکان واتە ناوەڕۆک، جیاوازی شێوە، یان تەکنیکی هونەریو سینەمایی، لەوانەش فیلمی مەغریبی، فیلمی روسی، فیلمی کەنەدی، ئەڵمانیو تورکیو هۆڵەندی، هندیو چینیو بەرازیلیو بەلجیکی...هتد.
ئێمە ئەندامانی دامەزراوی بڕیارەکە بەژنو پیاوەوە لەوڵاتانی جیا جیاو ڕۆشنبیریو ئارەزوی هونەری جیاوازەوە هاتبووین، فیلمی مەغریبی (منداڵی نوستووی ناو منداڵدان) چەند کاتژمێرێکی دوورودرێژی لەگفتوگۆی نێوانماندا بەخۆوە بینی، من تەنیا کەس بووم کە لەلیژنەی بڕیارداندا لەمیسر یان لەوڵاتێکی عەرەبیەوە یان ژینگەیەکی ڕۆشنبیری ئیسلامیەوە هاتبووم، کە مانای منداڵی نوستووی ناو منداڵدانی دەزانی، پێویست بوو پەیدابوونی ئەم بیرۆکەیەیان لەمێژوودا بۆ روونبکەمەوە، ئەمەش کارێکی گران بوو نەک لەبەرئەوەی کە شتێکی سەیرە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە بەزمانی جیا جیا قسەمان دەکرد، لەوانەش ئینگلیزیو فەرەنسی، ئیتاڵیو ئیسپانی، وەرگێڕێکی ئیتاڵیمان لەگەڵدابوو , ئەم فیلمە پاش تاوتوێکردنێکی دوورودرێژ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەرهێنەرەکەی ناوی یاسەمین قەسارایە کە بەڕەگەز مەغریبیە، لەبرۆکسلو بەلجیکا سینەمای خوێندبوو، چیرۆکی

ئەو منداڵە نوستووەی ناو منداڵدان چییە؟ وەک زانراوە کە لەلایەنی زانستیەوە منداڵ یان کۆرپەلە نۆ مانگ لەمنداڵدانی دایکدا دەژی پاشان لەدایک دەبێت، بەڵام چی روودەدات ئەگەر ئەو منداڵەی ناو منداڵدان پاش ساڵێک یان دوو ساڵ یان سێ ساڵ یان پێج ساڵ لەدایک بێت؟!

فیلمەکە باس لەکۆمەڵگەی ژنان دەکات کە لەلادێیەکی بچووک لەباکوری خۆرهەڵاتی مەغریبدا , کە پیاوو ژن بڕوایان وایە (سیحر یان دوعا) گەشەی کۆرپەلە لەمنداڵدانی دایکدا دەوەستێنێت، منداڵەکە بەنوستوویی دەمێنێتەوە تا دوعایەکی تر هەڵیدەستێنێت لەخەو کە لەوانەیە پێنج ساڵ لەسکی دایکیدا بمێنێتەوە , منداڵەکە وەک هەر منداڵێکی دی لەدایک دەبێت، کە تەنها نۆ مانگ لەسکی دایکیدا ژیابێت , منداڵەکە دەبێتە منداڵی باوکی یان ئەو مێردەی کە پێنج ساڵ لەلای ژنەکەی نەبووە پاشان لەدوورە وڵاتەوە گەڕاوەتەوە.

لەمێژووی کۆندا ئەم بیرۆکە مەحاڵە دروست بووە کە دووگیانی چەند ساڵێک دەخایەنێت (نەک تەنها نۆ مانگ), بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان بەجێیان دێڵن بۆ ساڵانێکی دووردرێژ لەدەرەوەی وڵاتدا , کە بەدوای رزق یان پارویەک نانە دەگەڕێن، پاش ئەم ونبوونە دووروودرێژە مێردەکەی دەگەڕێتەوە تا منداڵەکانی لەوجۆرە ببینێت کە لەمنداڵداندا نوستوون، بەهۆی ئەم دوعایە یان بیرۆکە ئەفسوناویەوە هیچ پیاوێک بۆی نەبوو کە نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی خۆی بکات، بیرۆکەی (منداڵ هی پێخەفە) پەیدابوو , بەواتای منداڵ هی مێردە یان هی پێخەفە ئەگەر مێردەکە لەوێدا ئامادە نەبوو، ئەمەش بیرۆکەیەکی کۆمەلایەتیو مرۆییە دەیەوێت ئەو ژنانە بپارێزێت کە مێردەکانیان ناچاردەبن بۆ ساڵانێکی دووردرێژ بەجێیانبێڵن بۆ گەڕان بەدوای کاردا , لەلادێ دوورەکانی باکوری

ئەفەریقاو چەند شوێنێکی دیکەی جیهاندا.
لەم فیلمەدا کە ناوی (منداڵی نوستووە) ژیانی ژنان لەو لادێ مەغریبیەدا دەبینین, کە لادێیەکی هەژاریی چۆڵەوانییە، پیاوەکە پاش شەوی بوکێنی ژنەکە بەجێدەهێڵێتو دەچێت بۆ ئیسپانیا تا بەدوای ناندا بگەڕێت, دەبینین ژنەکە یان (حەلیمەی بوکێ) هەروەها زەینەبیش بیر لەمێردەکانیان دەکەنەوە کە ڕۆژی دوای شەوی بوکێنی سەفەریان کردوە بۆ ئیسپانیا, کاتێک زەینەب دەزانێ دووگیانە, خەسوی دەیباتە لای پیاوچاکێک کاغەزێکی بۆ دەنووسێت لەشێوەی دوعایەکی ئەفسوناویدا کە وا لەمنداڵەکە دەکات لەمنداڵدانی دایکیدا بخەوێت تا باوکی دەگەڕێتەوە, کە باوکەکە دەسەڵات یان توانای ئەوەی هەیە وا لەکۆرپەلەکە بکات لەسکی دایکیدا بجوڵێت پاشان لەدایک بێت.
زەینەب ملکەچی ئیرادەی خەسوی دەبێتو دوعاکەی لەشێوەی کاغەزێکی پێچراودا دەستدەکەوێت، لەشوێنێکی باشدا دایدەنێت، گرتەکانی فیلمەکە زۆر بەهێواشی دەڕوات، چونکە زەمەن لەو لادێ چۆڵانەدا نیمچە بەستووە, ژنە گەنجە جێهێڵراوەکان بەتەواوەتی لەبێبەشبووندا دەژین، تەنها بێبەش بوونێکی سێکسی نا، بەڵکو بێبەشبوونی کۆمەڵایەتیش.
فیلمەکە چاوەڕوانییەکی دووروودرێژ دەخاتەڕوو کە بوکە گەنجەکەی تێدا دەژی, لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی لەئیسپانیاوە یان هەر وڵاتێکی تری ئەورووپاوە, دەتوانم بڵێم پاڵەوانی فیلمەکە چاوەڕوانییە، چۆن مانگو ساڵ تێدەپەڕێتو ژن لەچاوەڕوانیدا دەژی، وەک شانۆگەری عەبشیە لەچاوەڕوانی جودۆلیوجیدن یۆنسکۆدا کە لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ناوبانگی هەبوو, ئەوە گاڵتەجاڕیی چاوەڕوانی دوورودرێژە! بەڵام لێرەدا چاوەڕوانی جیاوازە،

زۆر بێنرخترە، زۆر سەختترە، بەڕادەیەک کە زەینەب بڕیاردەدات کۆتایی بەو چاوەڕوانییە بێنێتو لەدابونەریتی کۆمەڵگە یاخی بێت , هەڵبچێت , هەڵچوونەکەی بگاتە ئەو رادەیەی کە دوعاکە فڕێ بداتە ناو رووبارێکەوە بۆئەوەی هەتا سەر لەناوبچێت , چۆن ئەوە روویدا؟

چۆن ئەو ژنە مەغریبیە لەو لادێ دوورە هەژارەدا توانی لەدابونەریتی کۆمەڵگەکەی یاخی بێت کە سەدەها ساڵە یان هەزارەها ساڵە چەسپاوە؟ بەڵام وەک دەڵێن پێداویستی رێ بەقەدەغەکراو دەدات , چەوساندنەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بێبەش بوونی ماددیو مەعنەوی لەکۆتاییدا دەبنە هۆی تەقینەوە.

فیلمەکە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی ئەو ژنە گەنجە (زەینەب) یان هەر ژنێکی تر (حەلیمە) دەرناخات، کە هەمان بێبەش بوون دەژیو هەمان ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژەش کە پاش سەفەرکردنی مێردەکەی بۆ ئەوروپا بۆ گەڕان بەدوای کارو ناندا هاتە کایەوە.

هیچ نامەیەک لەمێردەکەیەوە نەگەیشتە دەستی کە دڵنیای بکاتەوە پاش ساڵێک یان پێنج ساڵی تر دەگەڕێتەوە، دەشێت لەبەرئەوەی کە نانوسێتو ناخوێنێتەوە وەک ژنەکەی کە وەک زۆربەی کچانی لادێکە نەچووەتە قوتابخانە , ئەو لەنەزانی دەربارەی رابردوو و نەزانی دەرباری ئێستاو نەزانی دەربارەی داهاتوودا دەژی , چارەنوسیشی لەدەست ژنو پیاوەکانی تری لادێکەدایە.

لەوانەیە حەلیمە یان هەر ژنێکی گەنج یان ئەو ژنانەی جێهێڵراونو بێبەشن، توانیبێتیان بەدزیەوە بەپیاوێک بگەن، کە هەندێک خۆشەویستی یان هەندێک چێژی ونبوویان وەرگرتبێت، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی نهێنییە قوڵەکانی ژنانەوە، هیچ ژنێک ناتوانێت لەبێئاگایی لەخەوندا ئەو نهێنییە بۆ خۆیشی بدرکێنێ، مێردەکەی کە سەفەری کردوە بۆ ئەوروپا دەتوانێت بەدڵی خۆی چاوی بەژنان یان

سۆزانییەکان بکەوێت لەماڵە بەدرەوشتەکانی بەرشەلۆنە یان پاریس یان رۆمادا، ئەو پیاوە نە دووگیان دەبێتو نە منداڵیشی دەبێت، بەڵام ئەگەر ژن پەیوەندی بەنێرەوە کرد تەنها بۆ چەند خولەکێکیش بێت لەوانەیە ببێتە هۆی دووگیانیو بەرزبونەوەی سکی بەکۆرپەکەیەوە، هەرچەندە دوعاکە دەتوانێت گەشەی کۆرپەکە بوەستێنێت، بەڵام سکی ژنەکە بەرز دەبێتەوە لەو پیاوە ناپاکەی لەدەرەوەی هاوسەرگیریدا دووگیانی کردوە , ئەی کار چییە؟

فیلمەکە بەرزبوونەوەی سکی زەینەب پیشان نادات بەهۆی دووگیانییەکەیەوە، ئایا بەڕاستی کۆرپەلەکە لەسکیدا لەگەشە وەستاوە تا مێردەکەی دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر فیلمەکە ئەم کێشەیەی بخستایەتە روو لەوانەیە داهێنەرتربوایەو زیاتر بچوایەتە قوڵایی ناوجەرگەی کێشەکەوە.

بەڵام رووداوەکانی فیلمەکە رووکەشی بوون، نەیوێرابوو قوڵتر ببێتەوە، لەوانەیە لەترسی چاودێری سەر فیلمەکان، یان دەرهێنەر یان (نوسەری سیناریۆکە) خۆی لەبابەتەکە قوڵ نەبووبێتەوە , بەدوای مێژووی نهێنی منداڵی نوستووی ناو منداڵداندا نەگەڕابێت، من چاوەڕوانم دەکرد زەینەب بەدووگیانی ببینم , منداڵەکەی بەبێ ئامادەبوونی مێردەکەی لەدایک بێت , یان باوکی راستەقینەی منداڵەکە لەفیلمەکەدا دەربکەوێت، داوا بکات منداڵەکە بکرێت بەناوی خۆیەوە، بەگەڕانەوەی مێردەکەشی کێشە بکەوێتەوە، لێرەدا ئەو نهێنییە ژنانەیە دەردەکەوێت کە ژنان هاوپشتیوانی لێدەکەن، کە هەزاران ساڵە کپ کراوە، لەسەرەتای سیستمی باوکسالاری، کە باوک مافی رەچەڵەکی لەدایک سەندۆتەوە، چۆن ژنان بەم بیرۆکە دۆزەخیە بەسەر پیاواندا زاڵ بوون، ئەو بیرۆکەیەی کە کۆرپەلە لەمنداڵدانی دایکیدا بۆ چەند ساڵیک دەنوێت نەک نۆ مانگ.

بەڵام فیلمەکە نەیدەوێرا بچێتە ناو قوڵاییەوە وەک زۆربەی ئەو فیلمانەی کە ژنان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوادا بەرهەمی دێنن، تەنها ئەوەمان بینی کە زەینەب دوعاکەی فرێدایە رووبارەکەوە کە بەڕاستی جوڵەیەکی یاخیبوونە، لەوانەیە لەدوایدا ببێتە شۆڕشێک لەفیلمێکی تردا.

گفتوگۆکە لەنێو ئەندامەکانی لیژنەی ناو بژیوانەکەدا بەژنو پیاوەوە تا بەرەبەیان درێژەی خایاند بۆ هەڵبژاردنی فیلمەکان بۆ خەڵاتەکانی فیستڤاڵی جیهانی دوانزەیەم بۆ سینەمای ژن لەخۆرهەڵاتو خۆرئاودا، کە لەتۆرینۆ لە (٧-١٣) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا بەسترا، گفتوگۆ دەربارەی فیلمێکی لیبی درێژەی کێشا، بەڵام ئەو فیلمەی کە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت ناوی (منداڵی نوستوو) بوو.

لەلیژنەی ناوبژیواناندا هونەرمەندێکی ئیتاڵیم لەگەڵدابوو ناوی (ریتانا) بوو , هیچ بیرۆکەیەکی دەربارەی ئەو کۆرپەلەیە نەبوو کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەمنداڵداندا دەنوێت، نەک تەنها نۆ مانگ , ریتانا زۆر پێکەنیو بەئیتاڵی وتی: لەئەفەریقادا زیرەکی ژنان مەزنە، هیچ ئەقڵێک ناتوانێت ئەم بیرۆکەیە دابهێنێت، ئەگەر بەڕاستی ئەقڵێکی لێهاتوو نەبێت، بەئەقڵی کەسیشدا نایەت کە دوعایەکی لەکاغەز دروستکراو گەشەی کۆرپەلە لەناو منداڵداندا بۆ ماوەی چەند ساڵێک بوەستێنێت، تا مێردەکە لەدوورە وڵات دەگەڕێتەوەو فەرمان بەکۆرپەلەکەی دەکات لەدایک بێتو ناوی هەڵبگرێت، مەگەر ئەو منداڵە زۆر گێل بێت، ئەندامێکی تری لیژنەی ناوبژیوانەکە کە ناوی (بریتا) بوو، کە خەڵکی چینەو لەنیویۆرک دەژی، وتی: دەسەڵاتی رەهای باوکایەتی پیاوانی بێئەقڵ (گێل) کردوە , پیاو وادەزانێت ژنەکەی بۆ ماوەی پێنچ ساڵ هەر بەدووگیانی دەمێنێتەوە تا خۆی لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە.

پێم وتن مەسەلەکە ژیریو گێلی نییە، بەڵکو پێداویستی ڕێگە بەشتە قەدەغەکراوەکان دەدات، پیاو سەفەر دەکاتو ژنەکەی بۆ ساڵانێکی دورودرێژ جێدەهێڵێت، لەپێناو ئەوەی بەپارەو دیارییەوە بگەڕێتەوە بۆلای، ئەو بەهۆی بێکاریو هەژارییەوە لەوڵاتەکەیدا ناچار بووە سەفەر بکات , هەروەها ژنەکەیشی پێویستیو ناچاری وادەکات کە لەنەهامەتیو بێبەشبووندا بژیو نەمرێت تا مێردەکەی دەگەڕێتەوە بۆلای، ئەو فێڵ دەکات بۆ ئەوەی بژی، ریتانا وتی: بەڵی مەسەلەکە ئەخلاقی ژنو مێردایەتی نییە، پەیوەندی بەستنی تر نییە لەدەرەوەی هاوسەرگیریدا، پیاو ناچار دەبێت سێکس لەگەڵ ژنانی تردا ئەنجام بدات کاتێک ئەو هەموو ساڵە لەژنەکەیەوە دوور دەبێت، هەروەها ژنیش ناچارە هەمان شت لەگەڵ پیاوانی تردا بکات کاتێک دوورە لەمێردە سەفەرکردو یان کۆچکردوەکەیەوە بۆ ماوەی ئەو هەموو ساڵە.

بیرتا وتی: ئایا پێداویستی مرۆڤ بەژنو پیاوەوە بۆ سێکس وەک پێداویستی بۆ خۆراکو ئاوو هەوا وایە؟!

لیژنەی ناوبژیوان بەژنو پیاوەوە وەڵامیان دایەوە.

بەڵێ: پێویستیەکە بۆ تەواوکردنی مرۆڤایەتیو خۆشەویستی , هەروەها پێداویستی بۆ دایکایەتیو منداڵبوون.

گفتوگۆکە تا بەرەبەیان درێژەی خایاند، ریتانا وتی لەئیتاڵیا زۆربەی خەڵکی دەڵێن کۆرپەلە بەشێکە لەجەستەی دایک تا تەمەنی دەبێتە سێ مانگ، واتە پێش ئەوەی لەسکی دایکیدا بجولێت، بەڵام پاش ئەوەی لەناو منداڵداندا دەجولێت دەبێتە موڵکی باوک , دەبێت ناوی باوک هەڵبگرێت نەک ناوی دایک پاش ئەوەی لەدایک دەبێت، ئەمەیە گۆڕان لەسیستمی دایکایەتی بۆ سیستمی باوکایەتی لەناو منداڵداندا، ئەمەش لەگەڵ ئەو بیرۆکە فەلسەفیەدا دەگونجێت

که فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ لەسەردەمی کۆیلایەتی‌و سەرەتای سیستمی چینی باوکسالاریدا بەڕێوەی دەبرد، پاش ئەوەی کە منداڵ لەشارستانێتی میسرو یۆنانی کۆندا ناوی دایکیان هەڵدەگرت، منداڵ لەسەردەمی خواوەندەکاندا (ئەزیس لەمیسرو ئەسینا لەیۆنان) ناوی باوکیان هەڵدەگرت، ئەرستۆ تیۆرەکەی دەرکرد کە دەڵێت: منداڵدانی دایک تەنیا دەفرێکە بۆ کۆرپەلە، هێلکەکەی بەهیچ شێوەیەک ژیانی تێدا نییە، ئەوەی ژیان دەدات بەکۆرپەلەکە تۆوی نێرینەیە، پیاو یان باوکە کە جوڵەو ژیان دەبەخشێت بەمنداڵەکە نەک دایک!

ریتانا پێکەنی: ئەی ئێستا تیۆرەکەی ئەرستۆ لەکوێیە؟ لەگۆڕستانی مێژوودا نێژراوە، بوونی نەماوە، وەک دوعا کاغەزەکەی کە زەینەبی پاڵەوانی فیلمی (منداڵی نوستوو) فڕێی دایە رێرەوی رووبارێکی قوڵەوە لەلادێ دوورەکەدا.

چەند شتی خورافەمان لەمێژووی کۆن‌و نوێ‌و دوای نوێوە بۆ ماوەتەوە.

**تۆرینۆ ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥**

## مافی ئەو منداڵانەی لەناو راستیو درۆدا تیاماون

لەوڵاتەکەماندا کێ بەرگری لەمافی ونبووی منداڵان دەکات؟ ئەو منداڵانەی بەبێ خواستو ئیرادەی خۆیان دێنە جیهانەکەمانەوە، تەنها لەبەرئەوەی پیاوو ژنێک لەیەک جێگەدا ماونەتەوە؟!
مانەوەی ژنو پیاو لەیەک جێگەدا (بۆ ماوەی یەک خولەک یان کاتژمێر یان چەند رۆژێک یان چەند مانگێک یان چەند ساڵێک) دەبێتە هۆی لەدایکبوونی مرۆڤێکی نوێ کوڕ بێت یان کچ.
لەوڵاتەکەماندا هەزاران منداڵ، ملیۆنەها منداڵ بەهۆی یەک جێگەوە دێنە جیهانەکەمانەوە، ئەو جێگەیەی کە ژنو پیاوێک کۆدەکاتەوە بەهۆی خۆشەویستیەکی قوڵی راستگۆ یان ئارەزوویەکی سێکسی سەرپێیی یان هاوسەرگیریەکی تۆمارکراو لەسەر گرێبەستێکی فەرمی یان نافەرمی، عورفی یان ناعورفی.
بەپێی دابونەریتەکان لەساتەوەختی دروستبوونی (سیستمی چینی باوکسالاری)یەوە، پیاو حەز لەئافرەت دەکاتو دەچێت بۆلای، لەپێناوی تێرکردنی ئارەزوو یان سۆزەکەی بەهاوسەرگیری یان بەبێ هاوسەرگیری، پێویستە بەپێی چەمکە ئەخلاقیە بنەڕەتیەکان پیاو بەرپرس بێت لەکارەکانی، چونکە ئەو دەستپێشخەرە، بەپێی یاساکانی شەرعو ئەخلاق ئەوەی دەستپێشخەری دەکات ستەمکارترە، هەر بەپێی یاساکانی ئەخلاقو شەرع بەهێزترین کەس ستەمکارترینە، تاوەکو هێزی مرۆڤ زیاد بکات بەرپرسیارێتیەکەی زیاد دەکات، بۆیە

پێویسته پیاوه گەورەکان پێش کۆیلەکان دادگایی بکرێن , هەروەها سەرۆکەکان پێش جەماوەر، پیاوان پێش ژنان دادگایی بکرێن.
بەڵام پێچەوانەکەی لەوڵاتی ئێمەدا له (زۆر وڵاتانی دیکەی جیهان)دا روودەدات , لەوەتەی کۆیلایەتی دروست بووه.
هێز حوکمڕانی جیهانەکەمان دەکات نەک هەق، لەبەر ئەوه جۆرج بۆشو ئاریال شارۆن دادگایی ناکرێن لەسەر ئەوەی که هەزارانو ملیۆنەها لەگەلانی جیهانیان بەکوشت داوه، لەپێشەوەیان گەلی فەلەستینو گەلی عێراق، لەبەرئەوه ئەو پیاوه دادگایی ناکرێت که بەناوی خۆشەویستیەوه ژن هەڵدەخەڵەتێنێتو دەیبات بۆسەر جێگه.
ئەی کێ سزای دەکەوێته ئەستۆ؟ ئەوان قوربانییه بێتاوانەکانن، ئەو منداڵانەی که دێنه جیهانەکەمانەوەو ناوی منداڵه ناشەرعیەکان هەڵدەگرن.
ئەمه پەڵەیەکی شورەییه بەناوچەوانی ئەم کۆمەڵگەیەوه که سزای منداڵی ساوا دەداتو تاوانکار بەرەڵا دەکات , لەبەرئەوەی نێره یان بەهێزتره.
زیاد لەنیو سەدەیه ئەم گرفته ئەخلاقیو مرۆییه گەورەیەم لەزۆربەی نووسینەکانمدا باسکردوه، گفتوگۆم لەسەر کەیسی رەچەڵەک کردوه که لەنێو راستیو درۆدا تیاماوه، لەنێو لایەنی پزیشکیو شەرعدا ونبووه.
پرسیاری گرنگ ئەوەیه: ئەگەر باوک رەچەڵەکی کوڕ یان کچەکەی بۆ خۆی رەتکردەوه , چاره چییه؟
ئایا منداڵ زۆڵ یان ناشەرعی دەبێت , ناموسو کەرامەتو مافه کۆمەڵایەتیو مرۆیەکانی نابێت وەک منداڵانی تر؟
ئەو رێساو یاساو شەرعانه چین که رەچەڵەکیان لەسەر بەنده؟
لەکتێبێکی رابردوومدا توێژینەوەیەکم لەمبارەیەوه پیشکەش کرد،

کورتەکەی ئەمەیە:
منداڵ بەڕەچەڵەک دەخرێتە پاڵ باوکی، کە بەهۆی بەیەکگەیشتنی پیاو بەژن بەهۆی گرێبەستێکی شەرعی دروست یان بەهۆی رێککەوتنێکی گومانلێکراو، یان لەئەنجامی دان پیادانان، یان لەئەنجامی شایەتی دوو شایەتحاڵەوە دەبێت , ئەم چوار خاڵە روون دەکەمەوە:
رێسای یەکەم: گرێبەستی شەرعی دروست: ئەگەر پیاو لەگەڵ ژنەکەدا بەتەنیا پێکەوە بوون ئەوا ئەو گرێبەستە دروستە لەلای سوننە، (واتە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنەکەدا کرد) و کەمترین ماوەی دووگیانی بوونەکە تێپەڕی کە شەش مانگە لەپەیوەندی کردنەکەوە (بەشداری کردن لەجێگەدا) , ژنەکە لەزۆرترین ماوەی دوگیانبوونەکە تێپەڕی نەکرد کە ساڵێکە لەپەیوەندی کردنەکەوە (دووساڵە لەلای حەنەفیەکان، چوار ساڵە لەلای مالکیو شافعیەکان) , ئەوا ئەو منداڵە رەچەڵەکی دەخرێتە سەر باوکەکە.
ئەم خاڵە لەگەڵ زانیاریە پزیشکیو زانستیە ناسراوەکاندا ناکۆکە، کە ماوەی دووگیانی بوون نۆ مانگە و لەوانەیە مانگێک زیاتر یان کەمتر بێت، بەڵام هەرگیز ساڵێکی تەواو یان دووساڵ یان چوار ساڵ نابێت!
بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆن زانیویەتی کە رەچەڵەکی باوکایەتی گرفتەکانی خۆی هەیە، زیادبوونی ژمارەی منداڵە ناشەرعیەکان کێشەیەکە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، ئەویش لەڕێگەی ئەو بیرۆکەیەوە کە بە (منداڵی نوستوو) ناسراوە، واتە کۆرپەلەکە لەمنداڵدانی دایکیدا زیاتر لەنۆ مانگ دەنوێت، دەشێت چوار ساڵ بێت , لەبەرئەوە رێبازی ئیسلامی هاتە پێشەوە کە (منداڵ کوڕی جێگەیە) , بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) (منداڵ هی جێگەیە)، هەندێک کەس ئەم چەمکەی وا لێکدایەوە کە منداڵ بەرەچەڵەک تەنها هی باوکە، پاش ئەوەی کە دەخرایە سەر دایک، هەندێکی تر وا

لێکیاندایەوە ژن هەر منداڵێکی ببێت هی مێردەکەیەتی، بەچاوپۆشین لەماوەی گرێبەستەکە، لەبەرئەوە هەر منداڵێک کە تەنها پاش سێ مانگ لەهاوسەرگیری ژنەکەوە لەدایک دەبوو بەشەرعی دادەنرا، یان پاش چوار ساڵ لەغیابی مێردەکەی، ئەمەش ناونرا منداڵی نوستوو، زانیاریە پزیشکییە نوێکان دژیەک بوون دەربارەی ماوەی سکپڕی، یان ژمارەی ئەو مانگانەی کە کۆرپەلە لەمنداڵدانی دایکیدا دەژی، ئەمەش وای لەکۆمەڵگەی ئیسلامی کۆن کرد رەخنە لەمنداڵی نوستوو بگرێت، رەچەڵەکی منداڵەکە دەخرێتە سەر ناوی باوک یان مێرد ئەگەر کۆرپەلەکە چوارساڵیش لەمنداڵدانی دایکیدا بنوێت. رەچەڵەکی منداڵ دەخاتە پاڵ باوک کە پێی دەڵێن

رێسای دووەم رەچەڵەکی منداڵ دەخاتە پاڵ باوک کە پێی دەڵێن (رێککەوتنی گومانلێکراو):

مانای وایە ئەگەر پیاو پەیوەندی لەگەڵ ژنێکدا کرد واتە (سێکسی لەگەڵدا کرد) بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری دروست یان لێی حەرام کراو بوو، کە نەیزانیبوو، وایزانیبوو ژنێتی (بگەڕێنەوە بۆ شێخ محەمەد مەهدی شەمسی ١٩٧٤، بەشی ٢ لا ٧٧) یان گرێبەستی لەگەڵ ژنێکدا کرد کە پێی ناشێتو وایزانیوە کە بەڕاستی مارەی کردوە , ژنەکە سکی لێی پڕبوو، لەم حاڵەتەدا گوناهی زینای ناکەوێتە سەر بەهۆی نەزانییەوە، منداڵەکە بەشەرعی دەخرێتە سەرباوکەکەو باوکایەتی بۆ منداڵەکە جێگیر دەکرێت، ئەگەر پیاوەکە دانی نا بەمنداڵەکەو بەپەیوەندی بەدایکیەوە.

ئەمە کارێکی سەیرە، پیاوێک نکۆڵی لەو ژنە بکات کە سێکسی لەگەڵدا دەکات؟ ژنەکەی بێت؟ یان هەر ژنێکی تر؟!

ئەم رێسایە کێشەی هەندێک لەمنداڵە ناشەرعیەکان چارەسەر دەکات، ئەوەندە بەسە کە پیاو دان بەمنداڵەکەدا بنێت، کە لەژنێکی ترەو لەدایک دەبێت غەیری ژنەکەی خۆی یان ژنێک کە بەپێ شە

پێی نەشێت، تەنها لەبەرئەوەی بێئاگابووە لەوە!! بەئاشکرا دەبینین
پیاو لەسەر ئەو بێ ئاگابوونەی سزا نادرێت، بەڵکو مافی باوکایەتی
دەبێت، وە بەڕەچەڵەککردنی منداڵەکە بۆی خەڵات دەکرێت، ئەگەر
روویداو ژنێک کەوتە ئەم هەڵەیە یان بێئاگاییەوە ئەوا تا مردن
بەردەباران دەکرێت لەلایەنی جەستەیی‌و کۆمەڵایەتیەوە، منداڵەکە
دەبێتە منداڵێکی ناشەرعی‌و لەگەڵیدا بەردەباران دەکرێت‌و نازناوی
نۆڵ هەڵدەگرێت!

رێسای سێیەم لەڕەچەڵەکدا دان پیانانە: واتە ڕەچەڵەک بەدان پیانان
دەسەلمێنرێت، ئەگەر پیاو دانی بەوەدانا کە منداڵەکە هی ئەوە (هەر
منداڵێک) , کتوپڕ بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت بەمەرجێک هیچ پیاوێک
لەئارادا نەبێت رکابەرایەتی ئەو باوکایەتیە بکات، ئەگەر منداڵەکە
بچووک بێت بڕوای پێناکرێت، بەڵام ئەگەر گەورە بوو ئەوا بڕوای
پێدەکرێت , بەمەش پیاو مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی منداڵە
ڕێزدارە شەرعیەکان ئەگەر ژنیشی نەهێنابێت، خاوەنی باوکایەتیش،
بەڵام ژنێک کە شوی نەکردبێت منداڵەکانی ناشەرعین‌و شەرەف‌و
کەرامەتیان نییە، مادامەکی پیاو یان باوکەکە لەبەرپرسیارێتی هەڵدێت،
بەبیانوی سەربەستی سێکسی مافی پیاوە لەدەرەوەی هاوسەرێتیدا.

رێسای چوارەم: شایەتی دوو کەس: مانای وایە ڕەچەڵەک
دەسەلمێنرێت , لەوەشەوە منداڵەکە هی باوکەکەیە، بەشایەتی دوو
کەس , ئەگەر دووبرا کە (شایەتحاڵ بوون) شایەتیان بۆ مردوویەک دا
کە ئەو منداڵە کوڕێتی بەمنداڵ کردنەکە دەسەلمێنرێت، شایەتحاڵەکان
دوو پیاون لەخێزانی پیاوەکە، بەڵام ئەو ژنەی منداڵەکەی خستۆتەوە ,
کە خۆی باشتر دەزانێت کێ باوکی منداڵەکەیەتی، شایەتیەکەی
ڕەچەڵەکی منداڵەکەی ناسەلمێنێت.

چۆن مافی دانپیانانی منداڵ دەدرێتە پیاو بەمەش دەبێتە منداڵێکی

شەرعی، ئاواش مافی نکۆڵی کردنی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی هەیە ئەگەر گومانی لەوە بوو کە منداڵەکە لەو نییە، مێرد دەتوانێت لەدوو حاڵەتدا نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی بکاتەوە.

١- منداڵەکە لەشەش مانگ کەمتر لەکاتی پەیوەندی کردنەکەوە لەدایک بێت، یان زیاتر لەوپەڕی ماوەی سکپڕبوونەکە (کە بەساڵێکی تەواو دادەنرێت).

٢- نەفرەت کار: واتە ئەگەر مێردەکە نکۆڵی لەساواکە کرد (کە سکپڕبوونەکە لەکەمترین ماوەی دووگیانییەکە کەمتر نەبوو، لەزۆرترینیشیان زیاتر نەبوو) , ئەگەر گرێبەستەکە بەردەوام بوو، لەم حاڵەتەدا تەنها بەنەفرەتکردن منداڵەکەی لێ بێبەری دەکرێت.

چۆنییەتی نەفرەتکردن: لەدادگادا داوا بەرز دەکرێتەوە کە نکۆڵی لەمنداڵەکە دەکرێت، دادوەر فەرمان بەپیاوەکە دەکات کە شایەتی بدات، ئەویش چوار جار شایەتی دەداتو دەڵێت: خودا شایەتە من راستگۆم کە ئەو منداڵە لەمن نییە، پاشان دوای دووبارەکردنەوەی ئەم شایەتیە چوار جار دەڵێت: نەفرەتی خودام لێبێت ئەگەر درۆ لەگەڵ ژنەکەمدا بکەم لەنکۆڵی کردن لەو منداڵە، دوای تەواوبوونی مێردەکە ژنەکە شایەتی دەدات پاش ئەوەی دادوەر فەرمانی پێدەکات , بۆیە چوار جار دەڵێت: خودا شایەتە مێردەکەم درۆ دەکات کە من زینام کردوە.

پاش دووبارەکردنەوەی ئەم شایەتیە چوار جار دەڵێت: خودا غەزەبم لێبگرێت ئەگەر ئەو راستگۆ بێت.

نەفرەت لێکردن چەند حوکمێک لەخۆ دەگرێت , لەوانەش دوورخستنەوەی منداڵ لەپیاو، حەرام کردنی هەتا هەتایی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو.

بۆمان روون دەبێتەوە کە مێردیش (نەک تەنها ئەو پیاوەی ژنی

نەهێناوە)، مافی ئەوەی هەیە دان بەشەرعیەتی منداڵەکەیدا نەنێت , ئەویش بەتەنها وتنەوەی چەند زاراوەیەک لەبەردەم دادوەردا، وێڕای کە گرێبەستی هاوسەرگیریەکە دروست بێت، هەروەها ماوەی دووگیانییەکەش دروست بێت، وێڕای کە ژنەکە سوێند دەخوات ئەو باوکی منداڵەکەیە.

بۆیە دەتوانین ژمارەی ئەو منداڵە بێتاوانانە بەخەیاڵی خۆماندا بێنین کە بوونەتە قوربانی بەهۆی ئەو پیاوانەوە کە گومانیان لەباوکایەتیان هەبووە.

لەدیدی یاساو نەریتەوە , پیاو لەژن ئاقڵترو راستگۆترە، بەڵام لەدیدی زۆر کەساندا ژن کەم ئەقڵو درۆزنترە.

پیاو دەتوانێت نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی بکات ئەگەر گومانی لەڕەفتاری ژنەکەی هەبوو، پیاوانی دادوەر زیاتر بڕوا بەپیاوانی وەک خۆیان دێنن زیاتر لەژنان.

چەند منداڵان دەبنە قوربانی یاساکانی رەچەڵەکی باوکایەتی، ئەو یاسایانە وردو دادپەروەرانە نین بەهۆی ئەو دوو فاقیە ئەخلاقیەی کە باڵادەستە، کە بەبێ بەرپرسیارێتی سەربەستی فرە پەیوەندی سێکسی دەدات بەپیاوان لەناو پرۆسەی هاوسەرگیریو لەدەرەوەیدا.

پاشان لەسەدەی نوێماندا بواری پزیشکی هاتە ناو گۆڕەپانی (رەچەڵەکی) ئاڵۆزەوە، بەو دۆزینەوەیەی لەمڕۆدا بەشیکاریی (DNA) ناودەبرێت، کە لەلایەنی پزیشکیەوە دەیسەلمێنێت منداڵ لەو پیاوەیە یان لەپیاوێکی ترە، پیاو مافی هەیە کە نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی خۆی بکات بەهۆی نەبوونی گرێبەستێکی هاوسەرگیری فەرمیەوە، وێڕای کە ژنەکە جەخت دەکاتەوە ئەو باوکی منداڵەکەیە.

ئەمە گرێبەستێکی گەورەیە لەیاساکانی رەچەڵەک، بۆیە پێویستە

ئەو یاسایانە چاک بکرێن لەبەر رۆشنایی دۆزینەوە پزیشکیە نوێکانو شیکاریی (DNA) دا، یان راستر لەبەرئەوەی ئەو منداڵانە نەبنە قوربانی درۆی باوکانو بەرەڵایەتیانو دەست بەرداربوونیان لەبەرپرسیارێتی کارەکانیان، یان هەوڵەکانیان بۆ تۆڵەسەندنەوە لەژنەکانیان لەڕێگەی نکۆڵیکردن لەڕەچەڵەکی منداڵەکەوە.

بەهۆی چەند گرفتێک لەیاسادا , کەیسەکانی نکۆڵیکردن لەڕەچەڵەک لەدادگاکاندا کەڵەکە بوون، کە دەبنە هۆی گرفت لەئەخلاقی پیاواندا، هەندێک لەپیاوان مافی یاسایيو شەرعی رەها لەهاوسەرگیریو جیابوونەوەو رەچەڵەکی مناڵاندا بەکاردێنن بۆ تۆڵەکردنەوە لەژنەکانیان، ئەگەر ژنەکە سەرپێچی لەکارێک بکات یان ئارەزووی جیابوونەوەی کردو پیاوەکە ئارەزووی لێنەبوو، ئەوە چەکێکی بەدەستەوەیە هەڕەشەی پێدەکات لەژنەکەی , ئەویش (چەکی رەچەڵەکە) کە بەژنەکەی دەڵێت: برۆ دادگاو داوای تەڵاق بکە ئەوا منیش نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەم دەکەم!

ژنەکەو خێزانەکەی دەکەونە گێژاوەوە یان دەریایەکی بێبنەوە، کە ناوی کەیسی رەچەڵەکە، لەڕەچەڵەک ناشرینترو ترسناکتر ئەوەیە کە پیاوەکە لەخەرجی کێشی هەڵدێت.

لەدادگاکاندا هەمیشە پارە ناوەرۆکی ناکۆکیە لەنێو ژنو مێردا , پیاو پەنا دەباتە بەر نکۆڵیکردن لەڕەچەڵەک بۆ فشارخستنە سەر ژنەکەو خێزانەکەی لەپێناوی ئەوەدا واز لەمافە داراییەکانیان بێنن، پیاو دەزانێت کە نکۆڵیکردن لەڕەچەڵەک ئابڕووی ژنەکەو کەسوکارەکەی دەبات، کە چەمکی شەرەف لەوڵاتەکەماندا پەیوەستە تەنها بەڕەوشتی ژنەوە نەک رەوشتی پیاو.

پیاو دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەک ژندا سێکس ئەنجام بدات بێئەوەی شەرەفی لەدەست بدات، دەتوانێت نکۆڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی

بکات بێئەوەی شەرەفی لەدەست بدات، تائێستاش کەیسەکەی فیشاوی لەبیرو هۆشی خەڵکیدا ماوەتەوە، کە چۆن هەندێک لەپیاوانی ئایینیو یاسا لەهەڵەکەیو لەنکۆڵیکردنی لەپەچەڵەکی منداڵەکەی بوران، لەلایەنی یاساو شەرعو نەریتەوە ئەو هەڵەیە مافی خۆیەتی تەنها لەبەرئەوەی پیاوە یان نێرە!

ئەمە گرفتێکی گەورەیە کە کۆمەڵگە لەسیستمی کۆیلایەتی کۆنەوە بۆی ماوەتەوە، کاتێک پیاو گەورەی ژن بوو ئەویش کۆیلەی بوو، کۆمەڵگەی نوێ لەزۆر تەنگوچەڵەمەکانی یاساو ئەخلاق رزگاری بوو، تەنها ئەو گرفتە نەبێت.

ئەو گرفتەی منداڵە بێتاوانەکان دەکاتە قوربانی درۆی پیاوانو ئارەزووە سەرپێییەکانیان، هەروەها هەڵاتنیان لەبەرپرسیارێتی.

کاتی ئەوە هاتووە ئەم شورەییە مەترسیدارە لەیاساو ئەخلاقدا چارەسەر بکەین، نەک تەنها بۆئەوەی مافی دایکانو ژنان بپارێزین، بەڵکو بۆ ئەوەی مافی منداڵانیش بپارێزین.

زۆر لەوڵاتانی جیهان توانیان ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، هەر لەباشوری ئەفەریقاوە تاوەکو باکوری ئەمریکا، لەخۆرهەڵاتی ئاسیاوە بۆ خۆرئاوای ئەوروپا، ئەم وڵاتانە توانیان مافەکان بۆ منداڵان بگێڕنەوە، کەرامەتو مرۆڤایەتیش بۆ دایک بگێڕنەوە، رەوشتی پیاوانیش پەروەردە بکەن، بەجۆرێک کە هیچ پیاوێک نکۆڵی لەپەچەڵەکی منداڵەکەی خۆی نەکات، یان لەشەرەف بێبەشی نەکات، چونکە شەرەف تەنها هی ناوی پیاو نییە، بەڵکو ناوی دایکیش ئەو شەرەفەی بۆ گەڕایەوە کە لەساتەوەختی کۆیلایەتیەوە لێی ون بووبوو.

**١٨ حوزەیرانی ٢٠٠٥**

# چۆن یاسای سروشتی گۆڕا بۆ یاسای کۆمەڵایەتی؟

ماوەی هەزاران ساڵە سیستمی کۆمەڵایەتی پەیدا بووەو یاسای سروشتی گۆڕیوە بۆ یاسای کۆمەڵایەتی کە ستەم لەکۆیلەو ژن دەکات.

مرۆڤ بەسروشتی لەدایک دەبێت , هیچ جیاوازیەک لەنێوان مرۆڤێکو یەکێکی دیکەدا نییە، مرۆڤ بەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی کە باڵادەستە دەگۆڕێت بۆ پیاوی گەورە یان کۆیلە یان ژن یان پیاو.

کۆیلە بەکۆیلەیی لەدایک نابێت بەڵکو لەڕێگەی پەروەردەوە دەبێت بەکۆیلە لەماڵو شەقامو قوتابخانەو راگەیاندنو حیزبو دەوڵەتدا، ژن بەژنی یان مێینە لەدایک نابێت بەڵکو دەگۆڕێت بۆ ژن یان مێ لەڕێگەی پەروەردەو ئەو بەهاو یاسایانەی لەکۆمەڵگەی بچووک یان گەورەدا باڵادەستن.

ئەم گۆڕانە لەساتەوەختی لەدایکبوونەوە تاوەکو مردن روودەدات، بەشێوەیەک کە ئەقڵ درکی پێناکات، یان ئەو گۆڕانە دەبێتە بەشێک لەئەقڵی هۆشیارو ناهۆشیار پێکەوە، کۆیلەو ژن لەهزریاندا بەهاو یاسا کۆمەڵایەتیە ستەمکارەکان هەڵدەگرن بێئەوەی بزانن کە ئەوانە بەهاو یاسا کۆمەڵایەتیەکانن، بۆیە یاسای کۆمەڵایەتی وەک یاسایەکی سروشتی لێدێت، یان وەک یاسایەکی خودایی جێگیر کە هەر لەئەزەلەوە هەبووەو هەتا سەر دەبێت.

ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیانەی کە هاوەڵی شۆڕشە زانستیەکانن , ڕۆڵیان بینی لەڕزگارکردنی ئەقڵی رووکەشی کۆیلەو ژناندا، بەڵام تائێستا ئەقڵی ناوەخن یان (ناهۆشیار) رزگاری نەبووە.
بۆچی!؟.......

چونکە رەگەکانی فەلسەفەی کۆیلایەتی رۆچۆتە ناو مێژووی مرۆییەوە، لەسەدەی فیرعەونەکان لەمیسری کۆنداو سەدەی فەیلەسوفەکانی کۆیلایەتی لەیۆنانی کۆندا.

فەیلەسوفە ژیرەکان لەیۆنانی کۆندا بڕوایان بەوە بووە کە کۆیلایەتی یاسایەکی سروشتی دادپەروەرانەیە، ئەوە ئەرستۆیە (٣٢٢- ٣٨٤ پ.ن) کە بڕوای بەئەقڵ هەبوو , دەڵێت: رژێمی کۆیلایەتی کارێکی دادپەروەرانەیە شایستەی سروشتی کۆیلەو سروشتی ژنە.

ئەو شتانەی کە لەکۆمەڵگەی یۆنانیدا هەن لەلایەن ئەرستۆوە دابەش کراوە بۆ دوو بەش:

١- کەسەکان: پیاوە گەورەکان، پیاوانی خاوەن موڵک.
٢- شتەکان: کۆیلەو ژنو ئاژەڵەکانن.

ئەرستۆ وتویەتی: پیاو بۆ چالاکیە جوانەکانو زانستە بیرۆکەییەکان خولقاوە، بەڵام ژن لەپێناوی منداڵبووندا خولقاوە بۆ پاراستنی جۆر.
هەقیقەتی سروشتی سەرەو ژێر بووەوە، ژن بوو کە لەمنداڵدانییەوە منداڵی بووە، کەچی ئێستا پیاوە کە منداڵی دەبێت، بەمشێوەیە خواوەندی یۆنان (زیۆس) بەوە ناوبانگی دەرکرد کە خواوەندی (ئەتینا)ی لەسەریەوە خستەوە (کە جەستەی منداڵدانی تێدا نەبوو) , گشت خەڵکی بڕوایان پێکرد بەتایبەت کۆیلەو ژنان، لەوانەیە هەندێک لەو فەیلەسوفانەی کە پەیوەست نەبوون بەهێزی دەسەڵاتدارەوە لەپیاوە گەورە خاوەن موڵکەکان، ئەوانەش کە

پەیوەست بوون بەڕاستگۆییو بەڵگە نەویستەکانەوە لەوکارە بەگومان بوویێتن، راستی وەک خۆر روونە ئەویش کە خاتوو ئەتینا لەژنێکەوە لەدایک بووە نەک پیاو، بەڵام ئەم راستیە بووە داستانێک، پاشان ئەو داستانە لەمێژوودا بووە راستیەکی پیرۆز، رژێمی کۆیلایەتی بەمیراتی بۆی مایەوە نەوە لەدوای نەوە.

یەکێک لەو فەیلەسوفانەی کە ناوی (هەرقلیس) بوو , وتی: دانایی لەوتنی راستیدایە، (دیمۆقریتس) دانایی بەژیانی واقیعی مرۆڤەوە بەستەوە، وتی: سێ توانا لەداناییەوە سەر هەڵدەدەن: توانای راستگۆیی، وتنی، توانای بەجێهێنانی.

لەمێژووی مرۆیی کۆیلایەتیدا ئەو فەیلەسوفانە لەناوچوون کە راستگۆبوونو پاساویان بۆ کۆیلایەتی نەهێنابوەوە تا چینی دەسەڵاتدار لێیان رازی بێت، لەوانەش هەرقلیتسو دیمۆقریتس، هەروەها ئابیتۆر وتویەتی: وشەکانی فەیلەسوف پڕوپوچن ئەگەر نەتوانن چارەسەری دەردەسەریەکانی مرۆڤایەتی بکەن.

دەردەسەریەکانی مرۆڤ تائێستاش دەردەسەریەکانی کۆیلەو ژنانە، کۆیلەو ژن پاش شۆڕشە کۆمەڵایەتیو رامیاریە زۆرەکان رزگاریان بوو لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا، باکورو باشوردا.

هێشتا کۆمەڵگە نوێکانمان هەر بەدەست ئەو بەهاو یاسایانەوە دەناڵێنن کە لەسەردەمی کۆیلایەتیەوە هەبوون، ئەوانەی لەسەر بنەمای رەگەز یان چین یان رەچەڵەک یان رەنگ یان پیشە جیاوازی لەنێو مرۆڤێکو یەکێکی دیکەدا دەکەن.

دۆزینەوە زانستیەکان یارمەتی گۆڕینی بەهاو یاساکانی دا، هەروەها جوڵاندنی کۆیلەو ژنان بۆ شۆڕشکردن دژی ستەم، زانستی بایۆلۆژی کۆیلایەتی کۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆیلایەتی ژن بۆ پیاو

یاسایەکی سروشتی بایۆلۆژی بووە، چونکە وەک ئەرستۆ رایگەیاند ژن بەشداری ناکات لەدروستکردنی کۆرپەلەدا، تەنها پیاوە کە کۆرپەلە دروست دەکات یان ژیانی دەداتێ.

تیۆرە بایۆلۆژیەکەی ئەرستۆ هەڵە بوو لەفەلسەفەو بەها مادیی‌و رۆحی‌و ئەخلاقیەکاندا، هەروەها لەیۆنانی کۆن (تا رۆژانی ئەمرۆش) لەکارە ئەدەبی‌و داهێنەرەکاندا رەنگی داوەتەوە , بۆ نموونە لەتراژیدیاکەی (کلیمینیرا) دا بەڕوونی دەیبینین، دایکێکە کوڕەکەی کوشتویەتی، ئەو کوڕە (ئۆریست) رێزی لەدایکی نەدەگرت‌و وەک تەنها کەمۆڵەیەک یان کارەکەر یان پەرستارێک سەیری دەکرد، وتبووی من قەرزاری هەموو شتێکم بەرامبەر بەباوکم.

ئەمانەن ئەو بەها باوکسالارانەی کە تا رۆژانی ئەمرۆمان لەخۆرهەڵات‌و خۆرئاوادا باڵادەستن، کوڕ چەند شەرمەزار دەبێت گەر یەکێک پێی بڵێت کوڕی دایکتی، چەندیش شانازی دەکات ئەگەر یەکێک پێی وت کوڕی باوکتی.

ئەم بەها باوکسالارانە لەنیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمداو سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکدا پەرەی سەند، لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی بایۆلۆژی نوێدا، هەروەها ئەو دۆزینەوانەی لەم دواییەدا جەختی لەسەر هەڵەی بەڵگەنامە بایۆلۆژیە کۆنەکان کردەوە، لەوانەش هێلکە ئارامگرتوو و ناچالاکە و هیچ رۆڵێکی لەدروستکردنی کۆرپەلەدا نییە. بەڵکو روون بووەوە کە ژن بنچینەیە لەدروستکردنی کۆرپەلەدا، زانستی کۆپیکردنی نوێ گەیشتە دروستکردنی کۆرپەلەیەکی سروشتی جەستە تەواو لەهێلکەی ژنێک لەگەڵ خانەیەکی تر لەجەستەی بەبێ پێویستی بەپیاو.

لەوانەیە هەندێک پیاو لەوڵاتەکەماندا لەزانستی بایۆلۆژی نوێ

تورەببن‌و لەوبارەیەوە بڵێن: زانستێکی رەگەزپەرستی ژنانەیە (فێمینیست) لەخۆرئاواوە هاوردە کراوە، یان ئەو بیرۆکە داگیرکەرە نەگریسانەن کە زیاتر هەرەس بەبەهاو دابونەریتەکان دێنن لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا، لەپێشەوەیان کە پیاو بنچینەیە لەدروستکردنی کۆرپەلەدا، بۆچی؟ چونکە کۆرپەلە ناوی باوک هەڵدەگرێت نەک ناوی دایک.

ئەو پیاوانە بیریان دەچێتەوە کە ئەمە یاسایەکی کۆمەڵایەتیەو یاسایەکی سروشتی نییە، چونکە خەڵکی لەڕۆژی قیامەتدا بەناوی دایکیانەوە بانگ دەکرێن، پێش کۆیلایەتی لەمیسری کۆندا ناوی دایکیان هەڵدەگرت.

**هاوینی ٢٠٠٥**

# مافی دایکی لاواز

بزوتنەوەی هەڵبژاردنی پارلەمان لەمیسر لەماوەی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دا , لاوازی بزوتنەوەی ژنانی لەمیسردا ئاشکرا کرد، نەک لەبەرئەوەی ژن لاوازو باڵ شکاوە وەک دەڵێن، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم بزوتنەوە ژنانەیە تووشی زۆر لێدان بووەوە، دواییینیان لێدانەکەی ماوەی ئابی ١٩٩٩، کاتێک دەسەڵاتدارە ناوخۆییو دەرەکیەکان پشتی یەکیان گرت بۆ لەباربردنی دەستپێشخەری ژنان بۆ پێکهێنانی یەکێتی ژنانی میسر (رۆژی ٢٢ی ئابی١٩٩٩).

زۆرمان دەربارەی شکستهێنانی ئەو ژنانە خوێندەوە کە خۆیان پاڵێوابوو بۆ پارلەمانی میسری تا ژمارەیەکی ماقول لەکورسی، یان هەر ژمارەیەک لەکورسی بەدەست بێنن، ئەو جەنگە گەورەیەی نێو فەرمانگەکانمان بینی لەنێو پاڵێوراوە حکومییەکانو پاڵێوراوانی حیزبی دەسەڵاتدار یان ئەو هێزانەی کە لەلایەنی سیاسیو ئابووریەوە دەسەڵاتدارن، لەوانەش پیاوە بازرگانە دەوڵەمەندەکان، یان پیاوانی ئایینی، ئەوانەی ئایین دەکەن بەئامێرێک لەگۆڕەپانی سیاسەتو ناکۆکیەکان لەپێناوی دەسەڵاتو پارەو هێزدا.

پارەو دەسەڵاتە حوکمڕانییەکان رۆڵێکی دیاریان بینی لەجەنگی هەڵبژاردندا، تا وایلێهات نرخی کورسیەکی پارلەمان هاوتای موچەی کرێکار یان کارمەندێک بوو لەساڵێکی تەواودا، ئەو ژنە پاڵێوراوانەی

لەحکومەت یان ئۆپۆزسیۆندا بوون، ناچاربوون لەیاری هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن، هەمان ئامێر بەکاربێنن گەر دەسەڵات یان پارە یان ئەو پەیمانە پوچەڵانە بن کە جەماوەری پێهەڵدەخەڵەتێنن لەپێناوی دەستەبەرکردنی دەنگەکانیان بەهەرشێوەیەک بێت.

لەپێناوی رازیکردنی بزوتنەوە ئایینیو سیاسیە بەهێزەکانو دەستکەوتنی پاڵپشتییان، ژنە پاڵێوراوەکان وەک پیاوە پاڵێوراوەکان دەستبەرداری هەر پابەندنێک بوون کە پەیوەستە بەکەیسە رزگاریخوازەکانی ژنەوە، ئەو دروشمە کۆنانەیان گرتەخۆ کە دژ بەمافەکانی ژنانن، لەوانەش گێڕانەوەی ژن بۆ لەوەڕگای ماڵەوە لەژێر دەسەڵاتی پیاوانی خێزاندا لەپێناوی خزمەتکردنی منداڵو راپەڕاندنی ئەرکەکانی ناوماڵدا.

ئەو ژنە پاڵێوراوانەش کە سەر بەحیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانن، یان بزوتنەوە عەلمانییەکانن کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەتو یاساکانی دەکەن، وازیان لەبیروباوەڕەکانیان هێنا، (وەک پیاوان وازیان لەبیروباوەڕەکانیان) هێنا، ئەو دروشمانەیان بەکارهێنا کە پاڵپشتی لەسیاسەتی ئایین یان بەئایین کردنی دەوڵەت دەکەنو پارێزگاری لەو بارودۆخە دەکەن کە تیایدان، بیرۆکە کۆنەکانیش وەک (ماڵەوە شوێنی ژنە)، مافی ئەوەی نییە کە بەشداری لەژیانی سیاسی گشتیدا بکات.

پەرچدانەوە توندەکانی نێو دروشمەکانی ژنە پاڵێوراوەکان روون بووەوە , هەروەها چۆن یەکێکیش لەوانە رایگەیاند کە ماڵەوە شوێنی ژنە، لەکاتێکدا ئەو خۆی دەپاڵێوێت لەهەڵبژاردنەکانداو کێبڕکێ دەکات لەگەڵ پیاواندا لەپێناوی کورسیەکانی پارلەماندا؟!

بۆچی ئەو خانمە لەماڵەکەیدا دانانیشێت لەجیاتی ئەو چەرمەسەریە

لەهەڵبژاردنەکاندا؟!

گوێم لێبوو پیاوێکی پاڵێوراو ئەم پرسیارەی رووبەڕووی یەکێک لەو ژنە پاڵێوراوانە کردەوە کە دروشمی گەڕانەوەی ژنانی بۆ ماڵەوە بەرز کردبووەوە.

ئەم پەرچدانەوە زەقە سیمای ئەو ژیانە سیاسیەیە کە پێوەرە دووفاقیەکانی هەیە، کە گەندەڵی‌و فریودان تێیدا باڵادەستن لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات، کاتێک کە بیروباوەڕ لەپێناوی بەرژەوەندیدا دیارنامێنێت، هێزو پارە بەیەکسانی زاڵ دەبێت بەسەر دادپەروەری‌و مافە مرۆییە بنەڕەتیەکانی ژن یان پیاودا.

گۆڤاری (رۆز یوسف) کە لە١٨ی تشرینی دووەی ٢٠٠٥دا دەرچووە , لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی مافە سیاسیەکانی کوڕو کچی ئەو ژنە میسریانە بڵاوکردەوە کە شویان بەپیاوانی غەیری میسری کردوە.

لەم ساڵانەی دواییدا چەندمان لەڕۆژنامەکاندا خوێندەوە کە دایکی میسری مافی خۆیەتی رەگەزنامە میسریەکەی بداتە کوڕو کچەکانی، ژنانی میسر چەند ئاهەنگێکیان گێڕا بەبۆنەی بردنەوەی ئەم کەیسەوە کە چەند ساڵانێکە لەپێناویدا خەباتیان کردوە، وامان وێنا دەکرد کە کوڕانوکچانی ئەو دایکانە هەمان ئەو مافانەیان دەبێت کە گشت هاوڵاتیان بەژن‌و پیاوەوە هەیانە لەمیسردا، بەڵکو ئەو مافەی منداڵانی ئەو دایکە بێگانەیە هەیانە کە شووی بەپیاوێکی میسری کردوە.

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی میسردا گرفتێک دەرکەوت , کە گۆڤاری رۆز یوسف لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٥دا بڵاویکردەوە، روون بوەوە کە لەمیسر یاسای رەگەزنامە جیاوازی دەکات لەنێو مافەکانی دایکو مافەکانی باوکدا، لەئێستادا یاسای رەگەزنامەی میسری هەمان

مافی باوک نادات بەدایک لەمافە سیاسیەکاندا، کە منداڵی دایکی میسری بێبەش دەکات لەخۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردنەکانی پارلەماندا (یان هەر هەڵبژاردنێکی دی) ئەگەر رەگەزنامەی میسریشی هەبێت , چونکە ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێت پێویستە باوکێکی شەرعی میسری هەبێت.

هەروەها روون بووەوە کە ئیسپات بوونی رەچەڵەکی منداڵ لەدایکەوە تەنانەت گەر میسریش بێت , بەدەر نابێت لەئیسپاتکردنی رەچەڵەکی منداڵەکە بۆ باوکەکەی تا رەگەزنامەی میسری وەردەگرێت.

کاتێک پرسیارم لەهەندێک پسپۆڕی یاسا کرد دەربارەی ئەم جیاوازیە زەقە لەنێو دایکی میسریو باوکی میسریدا لەمافە سیاسیو کۆمەڵایەتیە بنچینەییەکاندا، وتیان: چونکە مافی خوێن لەلایەنی دایکەوە مافێکی لاوازە، لەبەرئەوە منداڵی دایکی میسری کە رەگەزنامەشی وەرگرتووە نابێت خۆی بۆ لیژنەکانی پارلەمان بپاڵێوێت؛ کە مەرج ئەوەیە پاڵێوراوەکە میسری بێت لەباوکی میسری.

ئەمە ئەو هەقیقەتە ئازار بەخشەیە کە ئێمەی ژنانی میسر تەنها لەکاتی جەنگی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دا زانیمان، کاتێک دایکانی میسر ئاهەنگیان گێڕا پاش چاککردنی یاسای رەگەزنامە کۆنەکە کە منداڵی ئەو دایکە میسریانەی (شویان بەپیاوێکی غەیری میسری کردوە) لەڕەگەزنامەی میسری بێبەش دەکرد، دامەزراوەکانی ژنان هەلهەلەیان لێداو ئاهەنگیان گێڕا.

بەڵام ئەم خۆشیە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئەم دواییەدا لەباربرا , روون بووەوە کە منداڵانی ئەم دایکە میسریە مافی خۆپاڵاوتنیان نییە بۆ پارلەمانو هیچ ئەنجومەنی وەزیرانێک.

ئەو دایکانە پەنایان بردە بەر هێزە دەسەڵاتدارەکان لەپێناوی دەستکەوتنی مافە خوراوەکانیان , ئەم ڕێگەیە تەنها دەبێتە هۆی شکستهێنانو چاوەڕوانییەکی دورودرێژی بێ کۆتایی.

وەک زانراوە کە هەر چینێکی گەل لەوانەش ژنان دەتوانن مافەکانیان لەو هێزە دەسەڵاتدارە بسەندنەوە کە ئەو مافانەی لێزەوت کردون. سەربەستی لەهیچ دەسەڵاتێکەوە وەرناگیرێت , بەڵکو بەهێزی یەکێتیو هاوپشتیوانیکردن وەردەگیرێت، هەروەها مافەکانیش نادرێت بەژنان , بەڵکو بەهێزی ئەو ژنانە لەیەکێتیو هەمئاهەنگیەوە وەردەگیرێت.

ئێستا پێویستە لەسەر ژنانی میسری کە ریزەکانیان یەک بخەنو هەوڵبدەن هێزێکی سیاسی پێکبێنن کە ئاگای لەمافەکانیان بێت، توانای سەندنیانی هەبێت , بەبێ ئەم یەکێتیەو ئەم هێزە سیاسیە , ژنانی میسر لەدەستاڕێکی هەتا هەتاییدا دەخولێنەوە.

# مافەكانی مرۆڤ و مافەكانی ژنان

ئایا مافەكانی ژنان جیاوازە لەمافەكانی مرۆڤ؟
كەواتە بۆچی هەندێك لەپیاوان كە پێیان دەڵێن (رووناكبیرەكان) داوا دەكەن كە مافەكانی مرۆڤ وەك مافە جیهانییەكان دابنرێت، پەیڕەوی تایبەتمەندێتی رۆشنبیری نەكەن؟
بەڵام مافەكانی ژنان جیهانی نین، بەڵكو رێژەیین بەپێی تایبەتمەندێتی رۆشنبیری هەر وڵاتێك یان بەپێی بەهاكان دەگۆڕێن , یان ئەو بەها رێكخراوانەی لەم وڵاتانەدا باون؟!
لەرۆژنامەی ئەهرامی (٢٠٠٥/١١/١٠) دا وتاری رووناكبیرێكی میسریم خوێندەوە كە تیایدا داوادەكات دروشمی تایبەتمەندێتی رۆشنبیری لەبوارەكانی مافی مرۆڤدا جێبەجێ نەكرێت , بۆچی؟
ئەم رووناكبیرە مەزنە دەڵێت: چونكە دەركردنی ئەم دروشمە لەبواری مافەكانی مرۆڤدا مانای هەڵاتنی حكومەتە عەرەبیەكانە لەجێبەجێكردنی یاسای مافە جیهانییەكانی مرۆڤ.
یاسای مافە جیهانییەكانی مرۆڤ لەدیدی ئەو رووناكبیرە مەزنەدا چییە؟
ئەو دەڵێت: مافە جیهانییەكانی مرۆڤ مانای وایە:
- تاوانبار لەبەردەم دادوەرە ئاساییەكەیدا دادگایی بكرێت.
- زەمانەتە یاساییەكانی بۆ دابین بكرێت بەجۆرێك كە دادگاییەكی

دادپەروەرانە بکرێت.

- پارێزەرێک بۆ خۆی بگرێت.
- ئەشکەنجە نەدرێت.
- پابەندبوون بەڕێسای گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە تاوانیانەی لەگشت وڵاتانی جیهاندا لەسەری ڕێککەوتوون.

پاشان ئەو ڕووناکبیرە مەزنە داوای مافی هاوڵاتیان دەکات لەهەڵبژاردنی سەربەستی ڕاستەوخۆدا، مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی دی، مافە زمانەوانیو ڕەچەڵەکیەکان، لەوانەش مافی کەمینەکان وەک کورد لەسوریاو عێراق , بەربەر لەمەغریبو جەزائیر , موازەنە لەلوبنان، قوبتیەکان لەمیسر , ئەفریقیەکان لەسۆدان , هەروەها ئەو مافانەی تایبەتن بەتەندروستیو فێرکردنو ئاسایش.

ئەو ڕووناکبیرە مەزنە لەیادی چوو چینی ژنان (نیوەی کۆمەڵ) باس بکات لەچوارچێوەی ئەو چینە چەوساوانەدا کە لەوڵاتە عەرەبیەکاندا هەن.

ئایا ئەوە جۆرێکە لە لەیادچوونی هۆشیاریی یان نابینایی لەلای ئەو ڕووناکبیرە گەورەیە یان هەر ڕووناکبیرێکی تر لەپیاوانو ژنان لەوڵاتەکەماندا؟

ئەی مافەکانی مرۆڤ مانای چییە؟

ئایا مافی سیاسیو هەڵبژاردنو ئاسایشو زمانەوانیو ڕەچەڵەکی و ئایینزا دەگرێتەوە؟ مافە کۆمەڵایەتیو خێزانیو ڕۆشنبیریو ئەخلاقیەکان ناگرێتەوە، ئایا دەکرێت دادپەروەری لەگەڵ کەمایەتیەکانی هەر کۆمەڵێکدا بکرێت لەکاتێکدا نیوەی ئەو کۆمەڵە لەژنان بچەوسێنرێنەوە؟

دەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕێسا ئایینییەکان لەجیهانداو لەوڵاتە

عەرەبیەکانماندا، وای زۆر لەبیرمەندە پیاوەکانو هەندێک لەژنان کرد کە چاوپۆشی لەمافەکانی ژنان بکەن، بۆئەوەی ئەو هێزە سیاسیە تووڕە نەکەن کە دەرکەوتووە و بڕوای وایە کە ڕەگەزی ژن لەجۆری مرۆڤ نییە، بەڵکو سەر بەجۆری شیردەرەکان یان ئەو مێیانەن کە ئەقڵیان پوکاوەتەوە.

وا پێویست دەکات کە لۆژیکی ساکار مافەکانی مرۆڤ بەو مافانە دابنێت کە گشت لایەنە گشتیو تایبەتیەکانی ژیان دەگرێتەوە، پەیڕەوی ئەو شتە نەکات کە پێی دەڵێن: تایبەتمەندییە رۆشنبیرییەکان، بەمەبەستی هەڵاتن لەجێبەجێکردنی یاسای مافە جیهانییەکان بەسەر ژندا لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا.

# بەتواناکردنی ژن مانای چییە؟

وشەی بەتواناکردنی ژن لەو زاراوانەیە کە بەسەر گشت زمانێکەوەیە، لەگشت ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا بەشەو و بەڕۆژ دەیبیستمو دەیخوێنمەوە، هەروەها لەگشت ئێستگەو ڕادیۆ حکومیو ناحکومیە عەرەبیو ناعەرەبیەکان، لەوانەش ئەمریکیو ئیسرائیلیو ئەفەریقیو ئاسیایی.. هتد.

وشەی بەتواناکردنی ژن وەک ئەنفلۆزای باڵندە بەهەواو لافاوو زەوییدا بڵاوبوەوە لەباکورەوە بۆ باشور، لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات.

تاوام لێهات پێشبینی ئەوە بکەم کە بەلوعەی ئاوەکە بکەمەوە وشەی بەتواناکردنی ژن لەگەڵ ئاودا بێتە خوارەوە، بەچوار دەورومدا ئاوڕ دەدەمەوە بزانم وشەی بەتواناکردنی ژن چی لەژنان کردوە لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا؟

بەڵگەنامەکان لەگەڵ ئەو واقیعەدا کە زۆربەی ژنانی تێدا دەژی بۆیاندەرخستم کە بەتواناکردنی ژنان مانای بەتواناکردنێتی لەهەژاریو بێکاریو نەخۆشیو نەزانیدا.

بەتواناکردنی ژن مانای ئامادەنەبوونی زیاترو زیاتری ژنانە لەژیانی سیاسیو فەرمانگەکانی بڕیاردان لەلیژنە جێبەجێکاری

یان تەشریعی یان وەزیران یان هەر لیژنەیەکی دیکەدا.

بەتواناکردنی ژنان مانای شاردنەوەی ژنانە لەژێر بالاپۆشیداو بەندکردنێتی بەپێی یاسا بەندکردن، ملکەچکردنی بۆ دەسەلاتی رەهای مێردەکەیو باوکی یان هەر پیاوێکی دیکەی خێزانەکەی.

سەرم نەسوڕما لەشکستهێنانی ژنانی میسر لەهەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئەم دواییەدا، رێژەیان کەمیکرد لەپارلەمانی میسردا بۆ نموونە لە (٢٪ بۆ ١٪) یان کەمتر، رێژەیان کەمی کرد لەهێزی کاردا بەکرێیەک هاوتای کرێی پیاو، رێژەیان لەسوپای بێکارەکاندا زیادی کرد، ئەوانەش کە لەکارگەو پیشەکان دەرکراون، ئەوانەی کە لەخانۆچکەو سندوقی تەنەکەدا دەژین، کە پێیان دەڵێن شوێنە هەڕەمەکیەکان.

بەتواناکردنی ژن بووە هۆی دیاردەی بەمێکردنی هەژاری، واتە زۆربەی هەژاران لەژنانن، ئایا بەتواناکردنی ژنان مانای هەژارکردنی ژنەو فراوانترکردنی بۆشایی نێوان وڵاتە دەوڵەمەندو وڵاتە هەژارەکانە؟

ئاخۆ لەبەر ئەم هۆیە خۆپیشاندانە میللیەکان کران لەوڵاتەکەمانو گشتو وڵاتانی جیهاندا، داوای روخاندنی دروشمە ساختەکانیان دەکرد، کە لەژێر ناوە بریقەدارەکانی وەک (سەربەستی، دیموکراسی، گەشەسەندن، چاکسازی، بەتواناکردنی ژن، ئاشتی، خۆشەویستی... هتد)دا مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان لەژنو پیاوان دەستێنن، ئایا ئەمانە ئەو دروشمانەن نین کە جۆرج بۆشو کۆندالیزا رایس بەرزیان کردۆتەوە، کە لەژێر پەردەکەیدا گەلان دەکوژرێتو داهاتە ئابورییەکان بەتالان دەبرێن، لەوانەش گەلی عێراقو فەلەستینو ئەفغانو مەکسیکو چەند گەلێکی

دیکەی جیهان، کە خوێنی ژنو لاو و منداڵەکانیان لەژێر ئەم ناوە بریقەدارە جوانانەدا دەڕێژرێت، هەروەها هەڕەشە لەگەلانی دیکە دەکرێت لەوانەش گەلی سوری‌و ئێرانی‌و کوبی‌و کۆری... هتد؟! ئاخۆ کاتی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر ئەقڵەکان لابەرین‌و ساختەکاری ئەو وشانە دەربخەین، لەوانەش وشەی بەتواناکردنی ژن.

## ژنانی سەرۆکی ئەمریکی هاوچەرخ

هەر پیاوێک لەژیانیدا پێویستی بەژنێک هەیە، لانیکەم پێویستی بەدایکێتی بەخێوی بکات کە منداڵە، کە گەورە بوو پێویستی بەژنەکەیەتی خزمەتی بکات، پێویستی بەدۆستێکی منداڵە تا لاوێتی بۆ بگێڕێتەوە کاتێک پیرو پەککەوتەیە، ئەمەش سەبارەت بەپیاوێکی ئاسایی کە لەپیشەیەکی ئاساییدا کار بکات، لەکرێکارو جووتیارێکەوە تا دەگاتە ئەندازیارو پزیشکو نووسەرو هونەرمەند .. هتد .

ژمارەی ئەو ژنانە زیاد دەکات کە پیاو پێویستی پێیەتی بەزیادبوونی دەسەڵاتی، ئەگەر بێتو ئەو پیاوە سەرۆکی بەهێزترین وڵات بێت لەجیهانی هاوچەرخدا , ئاخۆ پێویستی بەچەند ژن دەبێت؟

بێگومان ئەمانە کارە نهێنییەکانن لەژیانی پیاوێکی ئاساییدا، ئەی چی سەبارەت بەسەرۆکی ئەمریکی (بیل کلینتۆن یان جۆرج بۆشی باوک) یان کوڕ یان کوڕەزاو کچەزاکانی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانی تایبەتی لەژیانی گشتی جیا نابێتەوە، ئەی چی سەبارەت بەهەڵسوکەتی سەرۆک لەگەڵ ژنەکەیدا کە بەشێکە لەهەڵسوکەتی لەگەڵ خەڵکی لەدەرەوەی ماڵدا، بەڵام ڕێساو دەستورەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو (زۆریش لەوڵاتانی جیهان) ژیانی تایبەتی لەژیانی گشتی جیادەکەنەوە بۆ پیاوانی خاوەن

دەسەڵات، هیچ سزایەک بۆ پیاو نییە کە درۆ لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات، یان خیانەتی رەوشتی یان کۆمەڵایەتی لەژیانی تایبەتیدا ئەنجام بدات، بەڵام سزا دەدرێت ئەگەر لەژیانی گشتیدا درۆ لەگەڵ میللەتەکەیدا بکات.

لەگەڵ ئەو هەراوهوریا رۆژنامەوانییەی کە دەربارەی سەرۆکی ئەمریکی بیل کلینتۆن روویدا بەهۆی پەیوەندیە نهێنییەکەی، بەکچێکەوە کە ناوی مۆنیکا بوو, کارمەند بوو لەلای، کەچی دەستوری ئەمریکی سزای نەدا، چونکە لەدەستوردا برگەیەک نییە کە باس لەوە بکات، هەروەها هیلاری ژنیشی سزای نەدا، چونکە ژن لەمنداڵیەوە وا پەروەردە دەکرێت کە پیاو لەهەڵەکانی بێتاوان بکات، بەتەواوەتی وەک مرۆڤایەتی کە شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر ئادەمی لەیەکەم گوناه بێتاوان کرد.

سزای ژن چەند توند دەبێت ئەگەر بێتو رەفتارێک وەک مێردەکەی ئەنجام بدات، ئەگەر بێتو ئەو ژنە سەرۆکی وڵات بێت چی روودەدات؟

ئەمەیە ئەو دووفاقیەی کە لەلایەنی رەوشتو سیاسەتو ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە فەرمانرەوایی جیهان دەکات، بەردێکی بناغەیە ئەو رژێمە جیهانیو ناوخۆییانەی لەسەر بەندە کە فەرمانرەواییمان دەکەن، کە رێگە بەسەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆشی (بچووک یان کوڕ) دادەت عێراق داگیر بکاتو هەڕەشە لەداگیرکردنی سوریا بکات، بێئەوەی کەس سزای بدات.

تائێستا گوێبیستی هیچ شتێک نەبووین دەربارەی ژنان لەژیانی تایبەتی جۆرج بۆشی (بچووک یان کوڕ)، ئەوانە شتی زۆر نهێنین لەژیانی هەر سەرۆکێکدا، ئەگەر سەرۆکی کارگەیەکی

(بەخێوکردنی جوجەڵەش) بێت، کە تەنها ڕێکەوت ئاشکرای دەکات، یان بەهۆی گەڕانی زۆری دوژمن و نەیارەکانی بەدوای ئەو بابەتەدا لەناوەوە یان لەدەرەوەدا.

ئەو ژنانەمان ناسی کە لەژیانی گشتی جۆرج بۆشدان، جۆری ئەو ژنانەمان زانی کە جۆرج بۆش هەڵیاندەبژێرێتو پلەو پایەی گەورە وەردەگرن لەحکومەتەکەیدا، تاڕادەیەکی زۆر لەجۆری ژنەکەیەتی، واتە ئەو ژنەی گوێڕایەڵی دەکات، خۆی لەپێناویدا بەخت دەکات، کە لەفەرمانەکانیدا چەنو چونی لەگەڵ ناکات، ئەم سیفەتانە بەسەر گشت ئەو ژنانەدا پراکتیزە دەبێت کە پۆستە باڵاکانیان لەحکومەتی جۆرج بۆشدا وەرگرتووە، لەوانەش سێ ژنی بەناوبانگ لەمرۆدا، یەکەمینیان (کۆندالیزا رایس)ە وەزیری دەرەوە کە بەدەنگی جۆرج بۆش قسە دەکاتو پشتی دەگرێت لەدوژمنایەتیە عەسکەریو ئابوریەکەیدا بۆ سەر عێراقو سوریاو فەلەستینو ئێرانو هەر وڵاتێکی تر، دەنگی نەرمونیانە کاتێک باس لەو ڕێکخراوانە دەکات کە پەیڕەوی فەرمانەکانی بەڕێز بۆش دەکەن.

ژنی دووەم (کارین هیوز)ە , کە جۆرج بۆش ناردیە لای بلیۆنێک موسوڵمان تاوەکو بەسیاسەتی سەرۆکەکەی خۆشنودیان بکات گوایە ئەو بڕوای بەمەسیحیو جولەکەو موسوڵمان هەیە و هەوڵدەدات ڕێنمایی جیهان بکات و لەفریودانی شەیتان دووریان بخاتەوە.

شەیتان کێیە؟! ئەوە لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر دەگۆڕێت بەپێی بەرژەوەندیەکانی بەڕێز بۆشو هاوبەشە ڕەگەز جیاوازەکانی.

ژنی سێیەم (هارییت میرز)ە , کە باڵاترین پۆستی لەدادگای

کارگێڕی جۆرج بۆشدا وەرگرت، هاوبەشی باوەڕە توندەکەی جۆرج بۆش دەکات سەبارەت بەئایینی گاور، پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە (عیسا) رزگاریان دەکات و جیهانیش لەو وێرانکاریە رزگار دەکات، کە شەیتان ئەنجامی دەدات.
هەندێک لەو دەروونناسانەی کەسێتی سەرۆکی ئەمریکی هاوچەرخ (جۆرج بۆشی بچووک یان کوڕ) یان شیکردۆتەوە , دەڵێن: جۆری ئەو ژنانەی بۆش بۆ پۆستە باڵاکانی کارگێڕیەکەی هەڵیاندەبژێرێت دژی جۆری کەسێتی دایکێتی، کە زۆر کەم سۆزو خۆشەویستی داوەتێ، دایکی بەتوندوتیژی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، فەرمانی پێ دەکرد کە قاچی لەسەر لێواری ئەو مێزە دانەنێت کە چای لەسەر ئامادە دەکرد، ئەمەش خوونەریتێکی باوە لەرۆشنبیری ئەمریکای هاوچەرخدا، کوڕ قاچی لەسەر مێز بەرز دەکاتەوە لەبەرچاوی دایکی یان باوکیدا، بەشێوەیەک کە بنی پێڵاوەکەی بەرووی باوکی یان دایکیدا بێت.
ئەمەم بینی لەماوەی ئەو ساڵانەدا کە لەهەندێک لەزانکۆکانی ئەمریکادا مامۆستا بووم، خوێندکارەکان ئەمەیان دەکرد لەگەڵ مامۆستا ژنو پیاوەکاندا، بەڵام من وەک دایکی بەڕێز بۆش هەڵسوکەوتم دەکرد، فەرمانم پێدەکردن کە بەڕێزەوە لەپۆلدا دانیشنو کەسیش قاچی لەسەر مێزەکە یان رەحلەکەی بەردەمی بەرز نەکاتەوە، خوێندکارێکی لەخۆبابیم لەپۆلەکەم دەرکرد کە سوور بوو قاچی بەرز بکاتەوە، بۆیە رامگەیاند من بەردەوام نابم لەوانەکەدا تا ئەو نەچێتە دەرەوەی هۆڵەکە یان قاچی نزم نەکاتەوە بۆلای قاچەکەی تری لەسەر زەوی , بەڵام بەڕێز بۆش لەدایکی هەڵدەگەڕایەوەو بەکەسێکی دڵڕەق یان زەبربەدەستی

دادەنا، بەمشێوەیە لەمنداڵیەوە رقی لەوجۆرە ژنانە دەبووەوە، ئەوانەی کە خاوەن هێزو دەسەلاتن بەسەر کوڕ یان مێردەکانیاندا، بۆیە حەزی لەژنە ناسکەکان دەکرد (ئەوانەی زەبربەدەست نین) ئەوانیشی بەژنی سروشتی دادەنا، ئەوانەی خودا بۆ گوێڕایەڵیو خزمەتی پیاو دروستی کردون , ئەگەر مێرد یان سەرۆکی کارەکەی بێت، وەک زۆربەی پیاوانی جیهان کە کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵدا بەتەواوکەری کارەکەی دادەنێن لەناو ماڵدا، گوێڕایەڵی خودا پێویستی بەگوێڕایەڵی مێرد یان سەرۆکە.

لەبەرئەوە ئەو ژنانەی خاوەن پۆستە بالاکانن لەکارگێڕییەکەی بەڕێز بۆشدا، ئەوانەی کە خۆیان هەڵیاندەبژێرێت، گوێڕایەڵێکی نەرمونیانن، یان ناسکی مێینەی سروشتییان هەیە، کە بەرهەڵستی مێرد یان سەرۆکەکەیان ناکەن , ئەگەر لەبیروڕاشدا جیاواز بوون ئەوا ژنەکە قایلی دەکات کە ئەو پیاوە و خاوەنی بیروڕایەکی راستترە، ئاستی ئەقڵی لەئاستی ئەقڵی ئەو بەرزترە، بەڵکو لەئەقڵی پیاوەکانی دی بالاترە، بەمشێوەیە پیاوەکەی یان سەرۆکەکەی هەست بەشانازی دەکات، پەڕەکانی وەک قەل فش دەکاتەوە، ئەگەر بێئەقڵترین پیاویش بێت.

زۆربەی ئەو ژنانەی کە لەژێر دەستی سەرۆکەکانیاندان، ئەم رۆڵە دەروونییە بۆ پیاوان دەبینن، ئەمەش رۆڵێکی گرنگە یارمەتی سەرکەوتنی دەدات لەژیانی هاوسەرێتیدا، هەروەها یارمەتی بەرزبونەوەی پلەو دەستکەوتنی بەرزترین پۆستی دەدات لەدەوڵەتدا و دەستکەوتنی نیشانەو خەلاتەکانیش.

بەمشێوەیە کۆندالیزا رایسو کارین هیوزو سێیەمیان کە هارییت میرزە پلەیان بەرز بووەوە، سێیەمینیان گوێڕایەڵترو نەرمونیانترە ,

ئەو ژنێکە وەک خاتوو لۆرا بۆش (ژنی سەرۆک) لەئامێزی کڵێساو ڕێسا مەسیحیەکاندا پەروەردە بووە، کە جەخت لەسەر گوێڕایەڵی ژن بۆ خوداو بۆ پیاوەکەی دەکاتەوە، خودا پیاوی لەوێنەی خۆیدا دروست کردووە، بەڵام ژنی لەپەراسوی پیاو دروستی کردوە تا ببێتە کارەکەریو بەرژەوەندی خێزانی بۆ بەڕێوەبەرێت، ئەگەر ژن یان دایک بێت , یان بەرژەوەندی دەوڵەتی بۆ بەڕێوەبەرێت کاتێک پیشە یان پۆستێکی دەست دەکەوێت.

بەڵام ژنی ناسروشتی ئەوەیە کە گفتوگۆ دەکاتو بەرهەڵستی دەکات، بۆیە لەدیدی بەڕێز بۆشدا ئەو ژنە بەکەڵک نایەت , وێڕای ئەوەی خۆی خەڵکی هان دەدات وتووێژو بەرهەڵستی بکەن لەژێر ناوی دیموکراسیدا.

ئایا دیموکراسیەت یان (ڕێپێدان بەئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە) لەدەوڵەتدا پراکتیزە دەبێت، ئەگەر دیموکراسیەت لەناو ماڵو خێزاندا پراکتیزە نەبێت؟

ئایا خێزان ناوکی کۆمەڵگەو دەوڵەت نییە، تەنها لەسەر ناوکێکی پتەوی دیموکراسی ڕاستەقینە گەلێکی دیموکراسی ڕاستەقینە بنیات دەنرێت، واتە لەسەر خێزانێک بنیان دەنرێت کە گشت ئەندامەکانی بەژنو پیاوو منداڵو کوڕو کچەوە مافی گفتوگۆکردنو بەرهەڵستی کردنیان هەبێت بێئەوەی کەسیان ڕووبەڕووی سزا ببنەوە؟

ئایا ئەمە یەکێک نییە لەو بەڵگە نەویستانەی کە لەجیهانی هاوچەرخماندا بوونی نییە، لەباکورو باشورەوە , خۆرهەڵاتو خۆرئاوارە، کەواتە بۆچی کارمەندێکی ژن یان پیاو لەدەوڵەتدا سزا دەدرێت ئەگەر بەرهەڵستی سەرۆکەکەی بکات؟!

بۆچی ئەو ژنو پیاوانەی کە چاکەی گوێڕایەڵی و نەرمونیانیان تێدایە نەک خراپەی ژیریو بەرهەڵستی، دەبنە خاوەنی پۆستە بالاکان لەهەر دەوڵەتێکدا؟!

ئەمە بەسەر ئەو ژنانەشدا پراکتیزە دەبێت کە جۆرج بۆشی (بچووک یان کوڕ) هەڵیبژاردون بۆ پۆستە بالاکان لەحکومەتەکەیدا، ئەوانەش ژنی سروشتین (بەپێی باری خۆی بەگوێرەی ئەو ژنانەوە) , بەواتایەک کە سروشتی ژن یان مێی راستەقینە گویڕایەڵ بوونە، پەیڕەوی (حەوا) داپیرە یاخیەکەی نەکات، کە بەروبومی زانستی لێکردوە، یان زانستی هەڵبژارد، کە ویستی ببێتە ژنێکی لێزان (یان دەربارەی کارەکانی خۆی یان کارەکانی ژیان هۆشیار بێت)، لەجیاتی ئەوەی گویڕایەڵ بێت.

ژنان لەجیهاندا , لەوانەش ژنانی جۆرج بۆش تووشی ئەو ناکۆکیە هەتاهەتاییە سەرەتاییە دەبنەوە لەنێو خراپە یان گوناهی زانستو چاکەی گوێڕایەڵیدا.

ناکۆکیەکەی حاڵەتی ژنانی هاوشێوەی خاتوو (هارییت میرز) توندتر دەبێت کە جۆرج بۆش هەڵیبژارد تا بەرزترین پۆست لەدادگای حکومەتی ئەمریکیدا وەربگیرێت , ئەی بۆچی ئەو خاتوونە ئەو پۆستە بالایەی دەستکەوت؟! رۆژنامە ئەمریکیەکان دەڵێن خاتوو (هارییت میرز) ئەو توانستو شارەزاییە کەسێتیە یان پیشەییە بەهێزانەی نییە تا وایلێبکەن شایستەی ئەو پۆستە بێت , زۆر کەسانی تر هەن لەو چوستو چالاکترن، گەر ژن بن یان پیاو لەکەسانی یاساو دادگادا.

بەلام هەڵبژاردنی ئەو خاتوونە لەلایەن بەڕێز بۆشەوە لەبەرچوستیو شارەزاییەکەی نییە، بەڵکو لەبەر گوێڕایەڵەکەیەتی

بۆ ئەو، بیروباوەڕە بەهێزەکەی بەو، ئەو ژنێکی زۆر پارێزەرە، سەر بەڕاست ڕەوی ئەمریکیە، بەڵکو سەر بەبەشی ئایینزای مەسیحیە، کە لەتەکساس یان باشوردا باڵادەستە , ئەو ناوچەیەی پێیدەڵێن (پشتێنەی ئینجیل)، ئەو هێزە سیاسیە مەسیحیانەی تێدا کۆدەبنەوە کە پشتیوانی لەجۆرج بۆش دەکەن لەهەڵبژاردنەکاندا، هەروەها لەجێبەجێکردنی سیاسەتە دوژمنایەتیە دەرەکیو ناوخۆییەکاندا، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئایینو چاکەو بەها پیرۆزەکانی خێزان، لەپێشەوەیان گوێڕایەڵ بوونو ڕێزگرتن لەبەهێزترین کەس، چونکە هێز حوکمڕانی دەکات نەک هەق یان دادوەری یان سەربەستی.

ئەم سیاسەتەو ئەو ژنو پیاوانەی باوەڕیان بەجۆرج بۆش هەیە، ئەوانەن وایان کردوە کە جەنگ بۆ سەر عێراقو فەلەستینو سوریاو هەر وڵاتێکی تر کارێکی ئاسایی بێت، بەڵکو ئەرکێکی ئایینییە بۆ لەناوبردنی شەیتان.

زمانی ئایینی بۆتە باڵادەست لەلایەنی سیاسیو ئابووریو عەسکەرییەوە، ئەوەش زمانێکی ترسناکە چونکە ئەقڵ دەشارێتەوەو دەستەوەسانی دەکات، دەرخستنی چاکەی هەقیقەت، یان جیاوازیکردن لەنێو فەرمانە خوداییەکانو فەرمانەکانی جۆرج بۆشدا، راسپاردەیەکە تا بێت سەختتر دەبێت لەم سەدەی بیستو یەکەدا، بەهۆی دەسەڵاتداریتی تەکنۆلۆژیای راگەیاندن واتە تەکنۆلۆژیای نەفامکردن.

# فاتمەو هودای کچە بچووکی

دوێنێ فاتمە و هودای کچە بچووکیم لەدادگادا بینی، دایکەکە کەلەپچەی ئاسن لەدەستەکانیدا بوو، کە بەکوشتن تاوانبار کرابوو، نوێنەری تاوانبارکار داوای لەسێدارەدانی دەکرد، ئەویش دەیوت بەڵی لەسێدارەم بدەن بەڵام پاش ئەوەی کچە بچووکەکەم بۆ یەکجارو دواجار بنێم بەسنگمەوە، نامرم پێش ئەوەی نەینێم بەسنگە سوتاوەکەمەوە بەهۆی دابڕانییەوە، یەک باوەشی کۆتایی.

چاوەکانیم بینی گلێنە رەشەکەی لەناو سپێنەکەیدا توابوونەوە بەهۆی گریانی زۆرەوە، پێستی زەرد هەڵگەڕابوو , خوێنی تێدا نەمابوو، پەنچە باریکەکانی دەلەرزین وێڕای ئەوەی هەوا گەرم بوو , چۆقەی ددانەکانی دەهات، هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، باسکەکانی بەرەو لای کچەکەی درێژ کرد، بەڵام منداڵەکە لەدایکی دوورکەوتەوە , یان راستروایە بڵێین داپیرەی رایدەکێشاو لەدایکی دوور دەخستەوە.

کیژۆڵەکە چاوەکانی بڕیبووە چاوی دایکی، دڵیشی بەخۆشەویستی دایکی لێیدەدا، بەڵام داپیرەو باپیرەو کەسوکاری خێزانی باوکی‌و دایکی منداڵەکەیان بۆ دوور لەدایکی رادەکێشاو پێیاندەوت: دایکت پیاوکوژە، دایکت کێی کوشت؟ باوکتی کوشت، لێی دوور بکەوەرەوە، چونکە تاوانبارەو سزاکەی مردنە. کیژۆڵەکە بەچاوەکانی لەمنی دەڕوانی، بڕوای بەگشت ئەو قسانە نەدەکرد کە سەبارەت بەدایکی

گوێی لێدەبوو، چونکە دڵە بێگەردەکەی دەیزانی کە دایکی پیاوکوژ نییە، باوکیشی کوژراو نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە باوکی سەدەها جار لەبەردەم چاوەکانیدا دایکی کوشتوەو دایکیشی تەنها یەکجار ئەوی کوشتووە.

کیژۆڵەکە لەدادگادا هاواری کردو وتی: دایکم بێتاوانو بەرەوشتە، باوکم بکوژە، بەڵام کێ گوێ لەقسەی منداڵ دەگرێت؟ کێ ڕێز لەکیژۆڵەیەکی تەمەن هەشت ساڵ دەگرێت؟ لەسەر تەختە بەندە بەرزەکە پیاوە شکۆمەندەکان بەجلوبەرگی دادگای پیرۆزەوە، لەژێر تیشکی میدیاو دەسەڵاتو یاسادا دانیشتن، داپیرەو باپیرەو کەسوکارو پیاوانی پۆلیس نەیانتوانی کیژۆڵەکە لەدایکی جیابکەنەوە، کیژۆڵەکە بەهێزی خۆشەویستی منداڵیی راستگۆ کە لەهیچ شتێک ناترسێت تەنانەت مردنیش، وەک موشەک لەدەستیان دەرچوو، دایکەکەش بەهێزی دایکایەتی کە بەزێنەری یاساکانی مرۆڤ و شکێنەری گشت کۆتو بەربەستێکە بەرەو لای کیژۆڵەکەی رایکرد , کەلەپچەکانی دەستی شکاندو باوەشی بەکیژۆڵەکەیدا کرد.

بەڵام ساتێکی کورت بوو , وەک بروسکەیەک , وەک هیوایەک لەدادگادا , وەک ئەستێرەیەک کە لەئاسمانی تاریکیدا دەدرەوشێتەوە پاشان دەسوتێتو لەهەوادا نامێنێت.

هەموو شتێک وەک خۆی لێهاتەوە، کیژۆڵەکە لەباوەشی نەنکو باپیرەو کەسوکاریدا بەند کرا، دایکەکەش لەناو قەفەزی تاواندا کەلەپچە کرایەوە دەستەکانی.

بڕیاری لەسێدارەدان لەناو دادگادا زرنگایەوە، هەموان بێدەنگ بوون وەک ڕێزێک بۆ شکۆیی دادوەر، بەڵام یەک دەنگ، دەنگی پیاوێک لەوانەی لەهۆڵەکەدا دانیشتبوون، بەرز بووەوەو وتی : من برای

دایکەکەمو دژی ئەو بڕیارە دەوەستمەوە، چونکە بڕیارێکی ستەمە لەتوێژینەوەیەکی قوڵی کەیسەکەوە دەرنەچووە , ئەو پاڵنەرە هەقیقیانە نەزانراون کە بوونەتە هۆی ئەوەی خوشکەکەم مێردەکەی بکوژێت. بێدەنگی هۆڵەکەی داپۆشی، براکە سەیری خوشکەکەی کرد لەناو قەفەزی تاوانداو وتی: پێویستە من لەناو ئەو قەفەزەدا بم، چونکە من پیاو کوژم نەک ئەو، ئەی بەڕێزان ئەمەش چیرۆکەکەیە: فاتمەی خوشکم تەمەنی نۆ ساڵ بوو منیش دە ساڵ، ساڵێک لەو گەورەتر بووم، بەلاّم ئەو وەک کچێکی گەورە دیاربوو، منیش وەک منداڵێک، لەوانەیە بەهۆی ئەوەبووبێت کە خێزانەکە وەک کچێکی گەورەی بەرپرسیار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بەلاّم من وەک منداڵێکی بەناز کە گەورە نابێتو هیچ ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵناگرێت کە لەسەر شانی خوشکە بچووکەکەم بوو، وێڕای ئەوەی خوشکەکەم هەندێجار لێدانی دەخوارد، لەبەیانیاندا لەخەو هەڵدەستاو وەک چۆلەکە گۆرانی دەچڕی، ئایا سەرزەنشتی چۆلەکە دەکرێت کە حەزی لەگۆرانی چڕینە؟ ئەسپیش لەسەر ئاوازی مۆسیقا سەما دەکات، لەتوێژینەوەیەکی زانستی نوێدا روون بۆتەوە کە مەڕ حەزی لەگوێگرتنی مۆسیقایە، هەر مۆسیقایەکیش نا بەڵکو بالآترین ئاوازەکانی ئۆپرای جیهانی بەتایبەتی ئۆپرای ئیتاڵی، بۆیە شوانی مەڕەکان تەویلەی مەڕەکانیان بەدەزگای تۆمارگە دەنگییەکان ئامادە دەکەن تا مەڕەکان گوێ لەمۆسیقا بگرن، زانست دەریخستووە مەڕ یان بزن هەموو بەیانییەک کە گوێ لەمۆسیقا دەگرێت حاڵەتی مەعنەوی بەرز دەبێتەوەو رۆحی گەشبین تر دەبێت بۆ ژیان، بەمەش زۆرترین بەرهەمو باشترین جۆری خوری لەجیهاندا دێنێتە بەرهەم. بەلاّم فاتمەی کیژۆڵە باوکی بێبەشی دەکرد کە گوێ لەمۆسیقا

بگرێت، بەداری حەیزەران لێیدەدا ئەگەر گوێی لێبووایە لەبەیانیاندا گۆرانی دەڵێ , یان لەبەر خۆیەوە ئاوازێک یان گۆرانییەک دەڵێتەوە پێش نوستن، تەنانەت بەدەم خەویشەوە بەدەنگێک گۆرانی دەوت کە کەس گوێی لێنەدەبوو، نە خۆیو نە دایکیو نە باوکیو نە براکەی کە ساڵێک لەخۆی گەورەتر بوو.

براکەی گوێی لەگۆرانی وتنەکەی دەگرت، وەک ئەو حەزی لەمۆسیقا بوو، بەڵام ئەو هەستەی لەناخیدا دەشاردەوە کاتێک باوکی دەبینی لەخوشکەکەی دەدات، بەڵکو کە کەمێک گەورە بوو یارمەتی باوکی دەدا لە لێدانیشیدا، باوکی لەمنداڵیەوە دەرسی داداوە، تۆ برایتو بەرپرسی لەپەروەردەکردنیدا، لەجیاتی من و تا دەیدەین بەشوو ئەوسا مێردەکەی بەرپرس دەبێت لەپەروەردەکردنی.

فاتمەی کیژۆڵەم بینی کە بووەتە کیژێک و لەناو قەفەزی تاوان لەدادگادا وەستاوە، پاش ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی لەهۆڵەکەدا وەک تەقینەوەی گڕکانێک دەنگیدایەوە، پاش ئەوە بێدەنگی وەک مردن لەگەردوندا دەنگیدایەوە، کەس دەنگی لێوەنەهات تەنها کیژۆڵە هەشت ساڵەکەی نەبێت کە هاوارە منداڵانەکەی بەهێزی خۆشەویستی و راستگۆیی سەردەمی منداڵی دەرچوو، بەڵام خێرا دەستە زلەکان دەمی منداڵەکەیان گرت و بێدەنگیان کرد.

بەڵام بێدەنگی هەتاسەر بەردەوام نەبوو، تاریکیش هەتاسەر بەدەوام نابێت، دەبێت شەو بەسەر بچێتو رووناکی خۆر دەربکەوێت، لێوەکانی براکە کرانەوە کە ساڵێک لەخوشکەکەی گەورەتر بوو، و یارمەتی باوکی دەدا لە لێدانیدا، دەنگی لەدادگادا دەدرایەوە، وتی: ئەی بەڕێزان فاتمەی خوشکم مێردەکەی نەکوشت، خوشکەکەم کوژراوە نەک بکوژە، سێ پیاوو ژنێک بەشدارییان لەکوشتنیدا کرد،

باوکیو دایکیو مێردەکەیو براکەی کە منم، لاوەکە ئاماژەی بۆ باوکو دایکی کرد کە لەهۆڵەکەدا دانیشتبوونو بەدەستە زلەکانیان کچەزاکەیان (هودای کیژۆڵە) یان گرتبوو. بینیم پەنجەی تاوان بۆ باوکیو دایکیو بۆ خۆی درێژ دەکات، پەنجەی لەسنگیدا چەقاندو هاواری کرد: من بەرن بۆ پەتی قەنارە لەجیاتی خوشکەکەم، من بەشداریم کرد لەکوشتنیدا لەگەڵ باوکو دایکو مێردەکەیدا.

ئەم دیمەنەم لەدادگادا بینی وەک دیمەنێک لەشانۆدا ببینم، یان رۆمانێکی فەنتازی بخوێنمەوە، بەڵام زۆرجار واقیع لەخەیاڵ سەیرترە، ئەم وێنەیە لەمێشکمدا مایەوە، لەکاتی بێداریو نوستندا خەوی لێ زڕاندبووم، وێنەی ئەو برایە نا کە دان بەهەقیقەتدا دەنێت پاش ئەوەی کات بەسەرچووە، بەڵکو وێنەی فاتمەی گەنجو جوان کە تەمەنی لەبیست ساڵ یان بیستو یەک ساڵ تێپەڕ ناکات بەجلوبەرگی سپی زیندانەوە لەناو قەفەزی تاواندا وەستاوە، پێستی ئەسمەری وەک رەنگی شەپۆلی نیل بەخۆر سوتاوە، رەنگ هەڵبزرکاو کە خەریکە خوێنی تێدا نامێنێت، جەستەی درێژو باریک بەهۆی زۆر رۆیشتنی بەپێو رەنج کێشانو کارکردنی لەکێڵگەدا، هەر لەمنداڵیەوە باوکی لێیدەدا تا لەکێڵگەدا کار بکات، لەخۆرئاوابووندا دەگەڕایەوە تا لەگەڵ دایکی خواردن بۆ باوکیو براکەی ئامادە بکات، براکەی لەکێڵگەدا کاری نەدەکرد، بەڵکو دەچوو بۆ قوتابخانە تافێری خوێندن بێت، وەک دایکی دەڵێت تا ببێتە پیاوێکی رێزداری شارەکە.

هەر لەمنداڵیەوە فاتمە لەکێڵگەو ماڵدا کاری دەکرد، لەپێناو ئەوەی براکەی بچێت بۆ قوتابخانە ، کتێبو پەرتوکو قاتێکی خوری نوێ بکرێتو وەک هاوڕێکانی لەبەری بکات، ئەویش بەهاوینو زستان

ماکسیەکی جەلسە لەبەر دەکات، نانی برژاوو پەنیری ترش‌و سوێرکراو دەخوات، هەندێجار کە دایکی مریشکێک سەردەبڕێت , فاتمە بۆ باوکی‌و براکەی‌و پیاوانی خێزانەکەی لێدەنێت، پاش ئەوەی ئەوان نان دەخۆن‌و تێر دەبن ئینجا فاتمەو دایکی نان دەخۆن، کە لەوانەیە لەکۆتاییدا نیوە باڵێکی مریشکەکەی بەربکەوێت یان ئێسقانی سنگەکەی، بەددانە شیرییەکانی دەیمژێت، سوپاسی خودا دەکات بۆ ئەو نیعمەتە، دایکی مریشک بەخێو دەکات‌و هێلکە بۆ باوکو براکەی هەڵدەگرێت، یان لەبازاڕ دەیفرۆشێت تا کتێبێک یان پێڵاوێکی نوێ بۆ براکەی بکڕێت. کاتێک براکەی دەبینێت بەختیارە رووخساری ئەمیش بەشادیەوە دەگەشێتەوە، لەشەودا گۆرانی بۆخۆی دەڵێت، لەخەوندا خۆی دەبینێت بووە بە "ئوم کەلسوم"و "لەیلا موراد" یان "ئەسمەهان"، لەڕادیۆدا گوێ لەگۆرانییەکانی خۆشەویستی‌و ئەوین دەگرێت، وەک هەموو کچێک دڵی بۆ خۆشەویستی لێدەدات، لاوێک کە هاوڕێی براکەی بوو لەخوێندندا ئەم دەبینێت، کە بە بەژنە باریکەکەی بەرەو کێڵگە دەڕوات، چاوە رەشەکانی بریقەی هیواو لاوێتی تێدایە، دەکەوێتە خۆشەویستیەوە، فاتمەش دەکەوێتە خۆشەویستی ئەمەوە، لاوەکە دەچێتە لای باوکی فاتمە تا داوای بکات‌و پاشان مارەی بکات، بەڵام باوکەکە بیری لەمامەڵەی پارەیەکی گەورەتر دەکردەوە، لەمارەییەکی گەورەتر کە کێشە داراییەکەی پێ چارەسەر بکات، بۆیە کچەکەی لەپیاوێک مارە کرد کە بیست‌و پێنج ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو، کیژەکە بەشەو دەگریا تاوەکو فرمێسکەکانی وشک بوون، هەر لەشەوی بوکێنییەوە لەمێردەکەی پاڕایەوە کە بەرەڵای بکات , تەڵاقی بدات، بەڕاستی دانی بەوەدا نا کە لاوێکی دی خۆشدەوێت لەتەمەنی خۆیدا، بەڵام

باوکی رازی نەبووە شووی پێبکات، هەر لەشەوی بوکێنییەوە مێردەکەی لێیدەدا، وایدەزانی بەزۆر وای لێدەکات خۆشیبوێت، بەڵام خۆشەویستی زۆرەملێ نازانێت، خۆشەویستی وەک ئەو باڵندانە وایە کە بەئاسماندا دەفڕن، کۆتریش خۆشەویستەکەی لەنێو کۆترو چۆلەکەکاندا هەڵدەبژێرێت، دڵ تەنها سەربەستی هەڵبژاردن دەزانێت، دارخورماش حەزی لەنێرەی دار خورمایە لەگەڵ جوڵەی هەوای دەرەوەدا بێئەوەی کەس بەدار لێیبدات.
لاوە نیگەرانەکە لادێکە جێدێڵێتو بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچ دەکات، بۆیە چیدی فاتمە نابینێتو هیچ لەبارەیەوە نابیستێ، براکەی لەخوێندندا بەردەوام بوو تاوەکو زانکۆی تەواوکرد، فاتمە تەمەنی منداڵیو لاوێتی بەکارکردن لەکشتوکاڵدا بەسەر برد، تا براکەی بخوێنێتو ببێتە پیاوێکی رێزدار کە کەس ریسوای نەکاتو سوکایەتی پێنەکات، بەڵام ئەو لەناو قەفەزی تاواندایە , براکەی وەستابوو قسەی دەکرد , دەنگی لەهۆڵی دادگاکەدا دەزرنگایەوە، خەڵکەکەش بەبێدەنگیو رووگرژیەوە دانیشتبوون، هودای کچیشی لەنێو دەستەکانی نەنکو باپیرەیدا بەند کرابوو تاوەکو رانەکات بۆ لای دایکی کە تاوانبارە بەکوشتنی باوکی.
گوێم لێبوو براکەی دەیوت: دەستبەرداری فاتمەی خوشکم بووم , یارمەتیم نەدا کاتێک کە دەهات بۆ لامان دەگریا، بیرم لەخۆم دەکردەوە، باوکم نیوەی ئەو پارەیەی دامێ کە لەگرێبەستی بەشوودانی فاتمە بەپیاوێکی تر دەستی کەوتبوو، ماتۆڕێکم بۆ خۆم کڕی , بۆ کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆ سواری دەبووم، لەپاسو سوکایەتی پێکردنی رۆژانە بەکەرامەتم رزگارم بوو، بەڵام ویژدانم بێدار دەبووەوە کاتێک بەشەو دەنوستم، ئازارو ئەشکەنجەی دەدام،

کاتێکیش هەڵدەستام ویژدانم دەنوست، یان بەتەواوەتی پشووی دەدا کاتێک جەستەم لەسەر ماتۆڕەکە دەحەسایەوە، تەماشای جەستەی ئەو مرۆڤانەم دەکرد کە وەک ماسی "ساردین"ی لەقوتوونراو لەناو پاسەکەدا کەڵەکە بووبوون، سوپاسی خودام دەکرد بۆ ئەو نیعمەتە، فاتمەی خوشکم لەبیر چووەوە کە ماڵی ئێمەی جێهێشتو رۆیشت بۆ ماڵی مێردەکەی , ئیتر نەمدەبینی، کاتم نەبوو سەردانی بکەم، ئەگەر سەردانیشم بکردایە کاتم نەبوو گوێ لەسکاڵاکانی بگرم، ئەگەر گوێشم لێبگرتایە بەپەرۆش نەبووم تا رزگاری بکەم.

وێنەیم لەبەر چاو لاناچێت کە لەناو قەفەزی تاواندا دانیشتووەو هودای کیژۆڵەی بەپێکانی لەقەی لەزەویەکە دەدا، لەدادگادا هاواری دەکرد , دەیویست بەرەو لای دایکی رابکات، بەڵام دەستە زلە زبرەکان گرتبوویان، کیژۆڵەکە ملی نەدەدا، تا زلەیەکی بەهێزی خوارد ئیتر بێدەنگی کرد.

برا لاوەکەی دەرچووی زانکۆ وەستابوو قسەی دەکرد، دەیوت: فاتمەی خوشکم بێتاوانەو شایستەی لەسێدارەدان نییە، پێویستە من لەجێگەی ئەودا دانیشم لەقەفەزی تاواندا، من و باوکیو دایکیو هەموو پیاو و ژنی خێزانەکەی.

کەس لەدەست مێردەکەی رزگاری نەکرد، کاتێک کە دەهاتە لایانو دەگریا , باوکی دەیگەڕاندەوە بۆ لای مێردەکەی، کاتێک دەیوت مێردەکەی لێیدەدا کەس رانەدەپەڕی بۆ یارمەتیدانی، ئەوانو برا خوێندەوارەکەشی پێیان دەوت: مێرد مافی ئەوەی هەیە بەلێدان ژنەکەی پەروەردە بکات، پێویستە هەموو داخوازیەکانی بەجێ بهێنێت بەشەو یان بەڕۆژ، لەوانەش ئارەزووە سێکسیەکانی تەنانەت گەر رقیشی لێبێتو قێزیشی لێبکاتەوە، ئەگەر مێردەکەی

لەلایەنی جەستەیی یان دەروونییەوە نەخۆشیش بێت، ژنەکە ئەرکی سەرشانێتی کە گوێڕایەڵی کوێرانەی بکات بەبێ گلەییو بۆڵە بۆڵ، ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرد ئەوا شایەنی لێدانە تا ئاقڵ دەبێتو گوێڕایەڵی دەکات.

بەڵام دەبێت لێدانەکە نەبێتە هۆی کەم ئەندامیەکی هەمیشەیی یان بریندار‌بوون یان شین بوونەوەی لاچاو، براکەی لاچاوی یان لوتی خوشکەکەی دەبینی شین بووبووەوە.

دەنگی براکەی ئێستاش لەگوێمدایە کە دەیوت بەڵێ بەڕێزان: من دەزانم مێردەکەی لێیدەدا تا خەریک بوو چاوی چەپی کوێر دەبوو، سەرەڕای ئەوەش باوکم بەزۆر یان بەلێدان دەیناردەوە بۆلای مێردەکەی، کەس لاری لەوە نەبوو کە باوکم دەیکرد، نە منو نە دایکمو نە هەر کەسێکی دیکەی ئەندامانی خێزانەکە، لەسەر ئەوە راهاتبووین , هەر لەمنداڵیەوە دەمبینی کە دایکم لێدان دەخوات , پورم لێدان دەخوات، ئامۆژنم لێدان دەخوات، وامدەزانی ئەمە سروشتی شتەکانە، یان ئەو یاسا سروشتیەیە کە حوکمڕانی گەردوون دەکات، لەدوعاو نزاکانمدا هەموو ڕۆژێک سوپاسی خودا دەکەم کە بەژن دروستی نەکردوم.

ئەی بەڕێزان: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویژدانم بەتەواوەتی نەمردبوو، ئەقڵی شاراوەم جەختی لێدەکردەوە ئەوەی کە روویدەدا سروشتی نییە، هیچ دادپەروەری تێدا نییە , پێویستە من شتێک بکەم بۆ رزگارکردنی فاتمەی خوشکم، بەڵام خێرا لەبیرم دەچووەوە، لەدژواری ژیانە سەختەکەمدا نوقم دەبووم، لەگەڕان بەدوای کارێکدا تا کرێیەکی لێوەربگرم، یان ژوورێکم دەست بکەوێت لەگەڵ ژنەکەمدا تێیدا بژیم، بەڵێ ئەی بەڕێزان من ژنەکەم خۆشدەویست، خۆشەویستیەکی

مەزن لەنێوانماندا بوو کاتێک لەزانکۆ بووین، چوومە لای باوکی تا نیشانەی بکەم، باوکی بەنیاز بوو بیدات بەپیاوێکی پیری دەوڵەمەند وەک باوکم وای لەخوشکەکەم کرد، بەڵام هاوڕێ کچەکەی زانکۆم ملکەچی باوکی نەبوو، لەفاتمەی خوشکم گەورە تر بوو , هۆشیارتر بوو سەبارەت بەمافە مرۆییەکانی، نەیدەتوانی لەگەڵ پیاوێکدا بژی کە نایەوێت، هەموو شەوێک جەستەی پێشکەش بکات.

توانیم پاڵپشتی هاوڕێ کچەکەی زانکۆم بکەمو بەزۆر و بەدەر لەخواستی باوکی بیهێنم، ئەوەم لەگەڵ فاتمەی خوشکمدا نەکرد، سەرقاڵبووم بەژیانی تایبەتیمەوە، لەخەمەکانمدا نوقم بووبووم , لەگەڕان بەدوای کارێکدا کە کرێیەکی باشم لێوەی دەستبکەوێت، بێسوود بوو، بێسوود بوو.

ڕێگە لەبەر دەممدا داخرا بوو، دەرگاکانی رزقو کار گشتیان داخرا بوون، هیچ پەرۆشیەکم لەخۆمدا بەدی نەدەکرد بۆ هیچ شتێک، تووشی خەمۆکیو نائومێدی بووم، تەنها خەونم ئەوە بوو کە خۆمو ژنەکەم کۆچ بکەین بۆ وڵاتێکی تر تا کارێکمان بەکرێیەکی گونجاو دەست بکەوێت، دەرگاکانی کۆچکردنیش بۆ دەرەوە بەڕووماندا داخرابوون، فاتمەی خوشکمو خەمەکانیم لەیاد کرد، کە خۆم نوقمی خەمەکانم بووبووم.

٥\١٢\٢٠٠٤

# جەنگی وەفا

کەیسەکەی وەفا قوستەنتین، ژنێکە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە، ئەندازیاری کشتوکاڵییە، لەگەڵ مێردە قەشەکەیدا چەند ساڵێک ژیا، مێردەکەی نەخۆش بوو بۆیە ئەویش ئازاری دەچەشت لەژیان لەگەڵیدا، دەیویست بەتەڵاقدان لێی جیابێتەوە، بێسود بوو، هاوسەرگیری قوبتی مەسیحی بۆ هیچ هۆیەک جیابوونەوەی تێدا نییە، تەنها خیانەتی هاوسەرێتی یان زیناکردن نەبێت، لەبەرئەوە وەفا ناچار بوو لەگەڵ مێردەکەیدا بژی ساڵ لەدوای ساڵ، تا زۆری بۆ هاتو پاشان چارەسەری دۆزیەوە کە ئایینەکەی بگۆڕێت تا تەڵاقی دەستبکەوێت، وەفا بەخواستی خۆی چوو بۆ فەرمانگەی پۆلیسو داوای کرد موسوڵمان بوونی رابگەیەنێت، بەرپرسی بەشەکە پێی وت: رێو شوێنی ئاشکراکردنی موسوڵمان بوون پێویستی بەڕەزامەندی بەرپرسانی کڵێسەی ئەرسەزۆکسیە.

لێرەدا بۆ ساتێک دەوەستم، دەستوری میسری دەقی سەربەستی بیروباوەڕ بۆ گشت هاوڵاتیان لەخۆ دەگرێت، مافی هەموو مرۆڤێکی میسریە بەژنو پیاوەوە کە بەسەربەستیەکی تەواو ئایینەکەی هەڵبژێرێت، زۆر لەو حاڵەتانەم بینیوە کە تیایدا پیاوو ژن لەموسوڵمانەوە بوون بەگاور، یان بەپێچەوانەوە لەگاورەوە بۆ موسوڵمان، بێئەوەی هیچ لەو هەراوهۆریایە روویدابێت کە بەسەر

خاتوو وەفا قوستەنتیندا هات.
بۆچی ئەو کێشە گەورەیە روویدا کە لەپێناویدا خۆپێشاندانەکان کران، پۆلیس خۆی تێهەڵقورتاند، چەند لاوێک دەستگیرکرا بابا شەنودە لەبێدەنگیەکی توورەدا گۆشە گیربوو، پاشان لەکۆتاییدا لەبێدەنگیەکەی دەرچووو پۆلیسی بەخراپکردنی بارودۆخەکە تاوانبار کرد، وتی: مەسەلەی ژنی — قەشەکە (وەفا قوستەنتین)، بێئابڕوویەتیەکە کاریگەری خراپی هەیە.
من پرسیار دەکەم بۆچی مومارەسەکردنی مافی دەستووری دەبێتە بێئابڕوێتی، ئەگەر خاتوو وەفا پیاو بوایە نەک ژن ئایا پێی دەوترا بێئابڕو کە هەواڵی بدایە لەژنە نەخۆشەکەی جیا بێتەوە؟
ئەگەر مرۆڤی میسری (ژن یان پیاو) مافی ئەوەی هەبێت کە بەسەربەستیەکی تەواوو بەپێی دەستوور بیروباوەڕەکەی هەڵبژێرێت، ئەی بۆچی پۆلیسو کڵێساو دەزگاکانی تری دەوڵەت خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن؟
دەزگاکانی دەوڵەت هەقیان چییە بەسەر ژیانی تایبەتی ژنانەوە؟ بۆچی ژن لەمافە دەستوریەکەی خۆی بێبەش دەکرێت، ئەگەر موسوڵمان یان گاور یان هەر ئایینێکی تری هەبێت؟
پاشان لەرۆژنامەکاندا خوێندمانەوە کە خاتوو وەفا قوستەنتین (پاش ئەوەی کارەکەی پێشنیاری کڵێسا کرد)، وازی لەگۆڕینی ئایینەکەی هێناو بڕیاریدا و وتی: ئەو بەگاوری لەدایکبووەو بەگاوری ژیاوەو بەگاوریش دەمرێت!
بەبێ زیرەکیەکی زۆر زانیمان کە فشار خراوەتە سەر خاتوو وەفا ئەو بڕیارە ئاشکرا بکات، کڵێسا رایگەیاند ئەوان داوایان لەخاتوو وەفا کردوە ئەو قسانە بکات، پاشان کڵێسا رایگەیاند کە خاتوو وەفایان

گواستوەتەوە بۆ (کڵێسای دۆڵی نەزرۆن) تا تێیدا نیشتەجێبێت، پاش ئەوەی لەکۆنوسێکی فەرمیدا لەبەردەم نوێنەرایەتی گشتیدا تۆمار کرا کە ئەو پەیوەستە بەئایینە گاورەکەیەوە.

نوێنەری گشتی لێدوانێکی دا , تێیدا جەختی لەوە کردەوە کە خاتوو وەفا قوستەنتین خۆی چووە بۆ فەرمانگەی پۆلیس تا موسوڵمان بوونی ئاشکرا بکات، ئەمەش کارێکی لۆژیکیە، چونکە دەیویست لەمێردەکەی جیابێتەوە، بەئیرادە سەربەستەکەی خۆی مافی دەستوری خۆی پیادە دەکرد، بەڵام بۆچی ئەو خانمە لەبڕیارەکەی پەشیمان بووەوە، بۆچی جیهان هەستا , لەبەرئەوەی ژنێک ویستی مافێکی سروشتی لەمافەکانی مرۆڤ پیادە بکات؟ ئایا ئەوە هەوڵێکە بۆ نانەوەی ئاژاوەی خێڵەکی لەمیسردا وەک لە کڵێسای (زاویەی سوور) چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر روویدا؟

ژنێکی دی کە ناوی (ماری عەبدوڵڵا زەکی)ە خێزانی قەشەی زاویەی سور بوو لەقاهیرە , داوای کرد لەبەردەم شێخی ئەزهەردا موسوڵمان بوونی خۆی ئاشکرا بکات، پاشان دیار نەما، راگەیەنرا کە ئەویش گوێزراوەتەوە بۆ کڵێسای (دۆڵی نەزرۆن).

پێمان دەڵێن: چەند پەنجەیەکی شاراوە هەیە یاری بەیەکێتی نیشتیمانی دەکات لەمیسردا؟ ئەی بۆچی بۆ گەلی میسری ئاشکرا ناکەن؟ بۆچی هەمیشە ژن دەبێتە هەڵواسەرێک کە ئاژاوە خێڵەکیەکانی پێدا هەڵدەواسن؟

پرسیارێکە پێویستی بەشیکردنەوەی زیاترە.

بۆ جارێکیش خاتوو وەفا قوستەنتینم نەبینی، وێنەکەشیم لەهیچ گۆڤارو رۆژنامەیەکدا نەبینی، بەڵام کاتێک لەشیرین خەودام دێتە بەرچاوم، رووخسارێکی خەمباری رەنگ هەڵبڕوزکاو، بۆ ئەوە باشە

ببێتە رووخساری ژنێک لەتراژیدیایەکی گەورەدا، وەک ئەوەی لەسینەما یان لەسەر شانۆ دەیبینین، یان لەڕۆمانێکی دوورودرێژدا دەیخوێنینەوە.

خاتوو وەفا لەخەودا زۆری لێدەکردم کە هەستم رۆمانەکەی بنووسم، رۆمانێکی خەمناک، لەخەمی رۆمانەکەی خاتوو فاتمەی بکوژی مێردەکەی کەمتر نییە، بەڵام کەیسەکەی فاتمە لەناو دادگا، یان لەناو زیندان یان تەنها لەخێزانێکدا قەتیس کرا.

بەڵام کەیسەکەی وەفا قوستەنتین کە (ویستی سەربەستیە کەسێتیەکەی مومارەسە بکات) لەچوارچێوەی نەهامەتی یەک ژنەوە دەرچوو بۆ نەهامەتی کۆمەڵێکی تەواو، بەگشت دامەزراوە سیاسیو ئایینیو ئاسایشیو میدیاییەکانەوە، هەر لەشێخی ئەزهەرەوە تا نوێنەری گشتی، لەموفتیەوە بۆ لێکۆڵەرەوەی ئاسایشی دەوڵەت، لەحیزبە سیاسیەکانەوە بۆ دەسەڵاتی کڵێساو ئیخوان موسلمین، هەروەها کۆمەڵەکانی قوبتیو موسوڵمان، وێڕای کە خاتوو وەفا وەک (خاتوو فاتمە) مێردەکەی نەکوشتبوو، بەڵکو تەنها ویستی لەمێردەکەی جیابێتەوە پاش ساڵانێکی دوورودرێژ لەئەشکەنجەو ئازار، بەخواستی خۆی ویستی ژیانێکی نوێ بەئایینێکی نوێو هیوایەکی نوێوە دەست پێبکات، ئەمەش مافی دەستوری خۆیەتی لەمیسر، دەستوری میسری کەفالەتی تاک (بەژنو پیاوە)وە دەکات کە بەئارەزووی خۆی لەئایینێکەوە بچێتە سەر ئایینێکی تر، بەئیرادە سەربەخۆکەی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، ئایین بەزۆرەملێ نابێت، هاوسەرگیریش بەزۆرەملێ نابێت.

بۆچی کەیسەکەی خاتوو وەفا قوستەنتین لەکەیسی یەک ژنەوە کە مومارەسەی سەربەستیە کەسێتیەکەی دەکات بوو بەگرفتێکی

سیاسی ئایینی , بووه هۆی کاولبوونی دونیاو شێواندنی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیە سیاسیە ئایینییەی کە باڵادەستە؟

ئایا سیستمێکی کۆمەڵایەتی بەهێز دەشێوێت تەنها لەبەر ئەوەی ژنێک ویستی سەربەستیە کەسێتیەکەی پیادە بکات؟

ئایا دەکرێت سیستمێکی کۆمەڵایەتی بەهێز پڕ لەپیاوانی ئاسایش‌و سیاسەتمەدارو پیاوانی کڵێساو پیاوانی ئیسلام فشار بخاتە سەر خاتوو وەفا قوستەنتین تا واز لەبڕیارە زۆر کەسێتیەکەی بێنێت؟!

بەڵکو ئەوان کچەکانیان هێنایە بەردەمی تاوەکو فشاری بخەنەسەر، تا بەتەواوەتی هێزی لەبەر بڕا، توشی دارمانی جەستەیی‌و دەروونی بوو، خاتوو وەفا لەماندوێتی‌و شەکەتیدا شکستی خوارد، لەکۆتاییدا رایگەیاند کە وازی لەبڕیارەکەی هێناوە.

نەهامەتی خاتوو وەفا قوستەنتین نەهامەتی گشت کۆمەڵگە عەرەبیەکانمان بۆ دەردەخات، شێواوی لەسیستمی کۆمەڵایەتیو سیاسی‌و ئەخلاقیدا، لەنەبوونی مافە مرۆییە بنچینەییەکاندا , لەنەبوونی دادپەروەری‌و سەربەستی‌و خۆشەویستی‌و میهرەبانیدا.

ئەو میهرەبانییەی کە گشت ئایینەکان گوزارشتی لێدەکەن، ئەو دادپەروەریەی کە گشت دەستورو یاساکانی لەسەر دانراوە، ئەو خۆشەویستیەی کە هەموو شەو و رۆژێک گوێبیستی گۆرانییەکانی دەبین؟

ئێمە گشتمان بەژن‌و پیاوەوە , بەموسوڵمان‌و گاورو قوبتیەوە قوربانی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتیە سیاسیەین، بەڵام ستەم لەلاوازترین چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، بەتایبەتی ژنان‌و هەژاران‌و ئەو کەمایەتیانەش کە موسوڵمان نین، وێڕای کە ئیسلامی دروست دان بەئایینەکانی دیکەدا دەنێت، دەستوری دروست جیاوازی لەنێو

هاوڵاتیاندا ناکات، لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ یان رەگەز یان چین یان نەریت یان نەتەوە ... هتد.

ئێمە پێویستمان بەدەرخستنی راستییەکانە، بەرەنگاربوونەوەی هەر کەسێک کە دەیەوێت گەلان لەژێر ناوی ئایین یان رەگەز یان سیاسەت یان باوەڕ یان نەریتدا لەتوپەت بکات، هەروەها پێویستە گشت ئەوانە لەناوبەرین کە دەمانکەنە قوربانی جیاوازی ئایین یان رەگەز یان سیاسی , لەوڵاتەکەماندا ژنان وەک پیاوان دەچنە زیندانەوە کاتێک بەرەنگاری دەسەڵاتە سیاسیەکان دەبنەوە، بۆچی لەشتی تردا جیاوازیان لەگەڵ دەکرێت؟

٢٠٠٥/١/٢٩

## توندوتیژی لەگەڵ لاوازەکاندا

بۆچی هەمیشە ئافرەت دەکرێتە قوربانی کاتێک گرفتێکی گەورە لەکۆمەڵدا روودەدات؟ نەک لەمێژووی مرۆییەوە کە ئێستا تێیدا دەژین، بەڵکو لەمێژووی مرۆییەوە لەوەتەی سیستمی کۆیلایەتی دروستبووە؟

وەڵامەکە پێویستی بەزیرەکیەکی زۆر نییە، سیستمی کۆیلایەتی لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی بەندە ئەویش: هێز حکومڕانی دەکات نەک دادپەروەری، هەمیشە پیاوە بەهێزەکان باڵاپارێزی (حەسانەی) سیاسیو ئابووریو یاساییان هەیە، بەمشێوەیە سزایان ناکەوێتە سەر ئەگەر خراپترین تاوانیش ئەنجام بدەن لەکوشتنەوە تاوەکو دەگاتە دەستدرێژی سێکسی.

لەمرۆدا دەبینین تاوانبارانی جەنگ وەکو جۆرج بۆشو ئاریال شارون سزا نادرێن، نەتەوە یەکگرتووەکانیش نایانداتە دادگا وەک لەگەڵ ئەوانەدا کردی کە هێزیان کەمتر بوو.

دەستدرێژیکردنە سەر زەوی یان بەروبوومی نائابوری کەسانی تر جیاواز نییە لەدەستدرێژیکردنە سەر جەستە , هەمیشە لەنێوان دوو کەسدایە، یەکێکیان تاوانبارە کە بەهێزترە لەلایەنی جەستەییەوە یان بەهێزترە بەهۆی ئەو چەکەوە کە هەڵیگرتووە بەسەر لایەنی دووەمدا کە بێهێزترە یان چەکدار نییە.

لەوانەیە مرۆڤ بەجەستەو دەروونێکی بەهێزەوە لەدایک بێت، بەڵام کۆمەڵگە لاوازیو بێدەسەلاتی بەسەردا دەسەپێنێت , لەبەر هۆیە سیاسیو کۆمەلایەتییەکان کە پەیوەندییان بەسروشتی مرۆییەوە نییە.

بۆ نموونە ئەو منداڵەی لەخێزانێکی هەژاردا لەدایک دەبێت , بەهۆی کەم خۆراکی یان پیس بوونی ئاو یان هەواوە جەستەی لاواز دەبێت، کیژۆڵەیەکیش کە لەخێزانێکی دەوڵەمەندا لەدایک دەبێت , بەپێی ئەو بەهایانەی کە باوە لەوەرزشی جەستەیی یان فێرکردن یان کارکردن بێبەش دەکرێت، بۆیە مێیەکی جەستەو ماسولکە لاواز دەردەچێت، لەلایەنی دەروونییەوە ئامادەیە بۆ گوێڕایەڵیو ملکەچکردن لەژێر ناوی مێیەتی یان نیانی یان جوانیدا.

بەڵام کیژۆڵەیەکی هەژار ئەو لاوازیەی دوو ئەوەندە دەبێت، بەپێی ئەو ئامارانەی لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرترین دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر کیژۆڵە هەژارەکان، کە زۆربەیان کارەکەرن لەماڵاندا، یان کرێکارن لەکارگەکاندا، یان کارمەندن بەپلەیەکی نزمتر لەکارمەندە کادێرەکان، یان فرۆشیاری گەڕۆکن، یان کرێکارن لەئوتێلەکاندا بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران، یان کرێکاری کشتوکاڵین بەکرێی رۆژانە، یان خوێندکاری خێزانە هەژارەکانن لەقوتابخانەکاندا، یان کچانی هەتیوخانەو پەناگەکانن.

کاتێک کچێک لاقە دەکرێت، زۆربەی کات ئەو سزا دەدرێت، چونکە ئەوە کە بەرهەمی لاقەکردنەکە لەمنداڵدانیدا هەڵدەگرێت، چونکە هێزی ئەوەی نییە بەرگری لەخۆی بکات، یان خێزانێکی بەهێزی نییە داکۆکی لێبکات، بەڵکو زۆرجار خێزانەکە واز لەکچەکە دێنێت

لەترسی ئابڕوچوون و شورەیی.
بەمشێوەیە کچەکە خۆی بەتەنیا رووبەڕووی کۆمەڵگەیەکی سەختو دووفاقی لەپێوەرو رەوشتدا دەبێتەوە، کۆمەڵگە حکومی خۆی دەدات بەسەر کچەکەدا کە شەرەفی لەدەستداوە، لەکاتێکدا ئەو پیاوەی کە لاقەی کردوە شەرەفی لەدەستداوە.
چەمکی شەرەف لەوڵاتەکەماندا رەوشتی سێکسی پیاو ناگرێتەوە، پیاو بۆی هەیە فرە پەیوەندیو مومارەسەی سێکسی هەبێت، کەچی هەر بەکەسێکی بەڕەوشت دەمێنێتەوە و سزا نادرێت، سزا بەسەر ئەو ساوا بێتاوانەدا دەسەپێنرێت کە بەرهەمی دەستدرێژی کردنەکەیە، ئەو منداڵە نازناوی زۆڵ یان منداڵی ناشەرعی یان منداڵێکی نایاسایی وەردەگرێت، یان منداڵێک کە کەس باوکی ناناسێت، تووشی شورەییەک دەبێت کە بەتەواوەتی دوارۆژی لەناو دەبات.
ئەم توندوتیژییە لەسزادانی کەسی قوربانی بێتاواندا لەسیستمی کۆیلایەتیەوە بۆمان ماوەتەوە، کە هەندێک لەبەهاو دووفاقیەکانی تا رۆژانی ئەمرۆ کاریگەرییان هەیە.
ئایا کاتی ئەوە هاتووە لەو بۆماوە کۆیلایەتییە کۆنە رزگارمان بێت؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە لەو چەمکە نامرۆییانە رزگارمان بێت کە سزای قوربانی دەداتو تاوانبار بەرەڵا دەکات لەبەرئەوەی چەکی بەهێزتری هەیە یان پلەو پایەی گەورەترە؟ یان تەنها لەبەرئەوەی پیاوەو سەر بەڕەگەزی نێرە؟!
لەگەڵ زیادبوونی کەلێنی نێو هەژارو دەوڵەمەندەکان لەوڵاتەکەماندا ، لەماوەی چەند ساڵی دواییدا حاڵەتەکانی لاقەکردنی کیژۆڵە هەژارەکان زیادی کردوە، ژمارەی ئەو منداڵانەش زیادی کردوە کە

بەروبومی ئەو لاقەکردنەنو پێیاندەڵێن منداڵە ناشەرعیەکان , کە ناوێکی ستەمکاری دڵڕەقانەیە، سزای منداڵە بێتاوانەکانی پێدەدرێت. ئاخۆ کاتی ئەوە هاتووە لەفەرهەنگی زماندا وشەی (منداڵە ناشەرعیەکان) لابەرین؟ گشت مندالان بەرەوشتو بێتاوانن، بەمشێوەیە منداڵی شەرعین بەچاوپۆشین لەوەی کە چۆن هاتوونەتە جیهانەوە، بەچاوپۆشین لەرەوشتی باوکان یان دایکان.

٢٠٠٥/٥/١٢

## زاراوە فریودەرەکان

ئاخۆ پیاوکوژو داگیرکەران بەناوی ئێمەی ژنانەوە قسە ناکەن؟ زاراوەی (بەتواناکردنی ژنی عەرەب لەزاراوە فریودەرەکانە)، کە بەسەر زمانی جۆرج بۆشو ئاریال شارونو ئەو هێزە سیاسیانەوەیە کە حکومڕانی وڵاتە عەرەبیەکان دەکەن، هەروەها راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەگەشەسەندنی مرۆیی یان مرۆڤی عەرەبی.

ئەو راپۆرتەساڵی ٢٠٠٤ درۆی ئەم زاراوەیە (بەتواناکردنی ژن)ی دەرخست، هەروەها چەند زاراوەیەکی دیکەش وەک دیموکراسیو سەربەستیو رزگارکردنی ژنان، زۆریش لەو زاراوە بریقەدارانەی کە ملیۆنەها ژنو پیاوی وڵاتەکەمان هەڵدەخەڵەتێنن.

ئایا دەکرێت ژن یان هەر چینێکی دی کۆمەڵگە لەسایەی داگیرکەری عەسکەی یان داگیرکەری بێگانەدا رزگار بکرێت؟ ئایا ژنانی عێراق لەژێر دەسەڵاتی سوپای ئەمریکیدا رزگاریان بوو، ئایا ژنانی فەلەستین لەژێر دەسەڵاتی سوپای ئیسرائیلیدا رزگاریان بوو، کەواتە بۆچی وا وێنا بکەین کە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان یان حکومەتی ئیسرائیل هەوڵی رزگارکردنی ژنان دەدەن لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا، یان لەدەسەڵاتی رەهای ستەمی نێو خێزان یان دەوڵەت رزگاریان دەکات؟

لەڕاپۆرتی یەکەمی گەشەسەندنی مرۆیی عەرەبی ساڵی ۲۰۰۳دا ئەم زاراوەیە هاتووە (زانستو سەربەستیو بەتواناکردنی ژن)، لەڕاپۆرتی دووەمی ساڵی ۲۰۰۳دا ئەم زاراوەیە هاتووە (بەرەو کۆمەڵگەی زانستو فێرکردن)، لەڕاپۆرتی سێهەمدا ئەم زاراوەیە هاتووە (بەرەو سەربەستیو حکومڕانی چاک).

بەڵام راپۆرتی ساڵی ۲۰۰۵ تیشک دەخاتە سەر (بەتواناکردنی ژنی عەرەب)!!!

من لەو کەسانە بووم کە رەخنەیان لەڕاپۆرتی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۳ گرت، لەوتارێکدا (لەڕۆژنامە ئۆپۆزسیۆنەکانی میسردا) قسە درۆکەی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانو (درۆی راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان)م دەرخست، کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەربەخۆ نییە لەوڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵکو هەندێجار وەک ئامێرێک بەکاردێت بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی ئەمریکا لەوڵاتە عەرەبیەکاندا , زۆر بەڵگە هەن لەسەر ئەوانە.

زۆر لەشارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو راپۆرتانە دەنووسن دژی منو ئەو کەسانە وەستانەوە کە هاوبەشی بیروڕای من بوون، بۆیە داکۆکیان لەخۆیانو لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد، وتیان: ئەوان شارەزاو زانان هیچ فشارێک لەهیچ حکومەتێک قبوڵ ناکەن تەنانەت حکومەتی ئەمریکیش.

بەڵام بەڵگەنامەکان جەختیان لەوە کردەوە کە راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان , بەتایبەتی کە گرنگترینیان (راپۆرتی گەشەسەندنە لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا) بۆ رازیکردنی حکومەتی ئەمریکی بووە.

تا ئەمساڵ (۲۰۰٤) هاتو کارەکە بەتەواوەتی ئاشکرا بوو، کە حکومەتی ئەمریکی رێگری لەڕاپۆرتی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکان

کرد سەبارەت بەگەشەسەندنی مرۆیی عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ناونیشانی (سەربەستیو حکومڕانی چاک)دا.

حکومەتی ئەمریکی هەڕەشەی وەستاندنی یارمەتیە داراییەکەی کرد بۆ پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ١٠٠ ملێون دۆلار لەبودجەی ئەو پرۆگرامە دەدات کە بە ٧٠٠ ملێون دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەمەش گەورەترین بەشداریکەرە لەبودجەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

بەمشێوەیە نەتەوە یەکگرتووەکان خێرا پاشەکشێی کردو رەتی کردەوە کە ناوی بخرێتە سەر راپۆرتەکە، بەمشێوەیە ئەو شارەزا عەرەبانەی کە ئەو راپۆرتەیان نوسیبوو کەوتنە کێشەوە، لەکۆتاییدا بڕیاریاندا راپۆرتەکە بەناوی خۆیانەوە دەربکەن نەک نەتەوە یەکگرتووەکان، هەندێکیان تانەیان لەدیکتاتۆریەتی حکومەتی ئەمریکی دەدا، درۆی داخوازیەکەی بۆ چاودێریکردنی سەربەستیو حکومڕانی چاک دەرخست لەوڵاتەکەماندا. بێگومان ئێمە ئەوەمان دەزانی پێش ئەوەی شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان بیزانن، بەڵکو گشت میللەتی عەرەب دەیانزانی بێئەوەی نازناوی شارەزای نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبگرن.

بۆچی شارەزایانی عەرەب یان چینی رۆشنبیر لەوڵاتەکەماندا درەنگ بەڕاستیەکان دەزانن؟ ئایا نەفامن یان خۆیان دەدەن لەگێلی، بەڵام خۆگێل کردن هەتاسەر بەردەوام نابێت. هەردەبێت راستییەکان دەربکەون، بەڕاستی ئەمساڵ ٢٠٠٤ دەرکەوت، حکومەت راپۆرتەکەی روونکردەوە , نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی خۆیان لابرد، کارەکە ئاشکرابوو , درۆی سەربەستی و حکومڕانی چاک دەرکەوت کە حکومەتی ئەمریکیو ئەو حکومەتانەی لەفەلەکی ئەودا دەسوڕێنەوە

ئیدیعای بۆ دەکەن.

لەوانەیە درۆی زاراوەی (بەتواناکردنی ژن) یش ئاشکرا بکەین، چونکە باری ژنانی عەرەب جودا نییە لەباری میللەتی عەرەبی، بەڵکو خراپتر دەبێت لەگەڵ خراپبوونی باری سیاسیو ئابووری لەگەڵ بەردەوامبوونی دەستدرێژیکردنە دەرەکیو ناوخۆییەکان بۆ سەر مافی میللەتان بەژنو پیاوەوە.

**١٩ شوباتی ٢٠٠٥**

# ژنی ئاسنین کێیە؟

ڕاستیەکی زانستی هەیە دەڵێت تا کەسێتی مرۆڤ بەهێزتربێت هەستو نەستی نیانو بەسۆزتر دەبێت، ئەمەش بەسەر ژنو پیاودا پراکتیزە دەبێت، مێژووش جەخت لەم هەقیقەتە دەکاتەوە، تا مرۆڤ لوتبەرزو دڵ ڕەقتر بێت ئەوە بەڵگەی لاوازی کەسێتیو متمانە بەخۆنەبوونییەتی تەنانەت گەر ژنیش بێت.

توندوتیژی یان ستەمکاری هیتلەر لەبەهێزی کەسێتیەوە نەبوو، بەڵکو لەداڕمانی متمانە بەخۆبونییەوە بوو، هەر لەمنداڵیەوە دوچاری لێدانو سوکایەتی پێکردن بووە لەلایەن باوکیەوە، تامتمانەی بەخۆی نەما، هەروەها (تاشتەر) ژنە ئاسنینە توندوتیژەکەی بەریتانیا، ژنێک بوو متمانەی بەخۆی کەم بوو، بەدەست داڕمانی ناوخۆیی یان شکستهێنانی ناوخۆییەوە دەینالاند، بەمەش زیادەڕۆیی دەکرد لەهێزو سەرکەوتنی دەرەکی لەبەردەم خەڵکیدا.

گولدا ماییرو مادلین ئۆڵبرایتو زۆر لەو ژنانەی کە بەتوندوتیژیو ستەمکاریی ناوبانگیان دەرکردبوو، ئەوە کۆندالیزا رایسە لەمڕۆدا پێی دەڵێن (ژنە ئاسنینەکەی جۆرج بۆش) کە ژنێکی ڕەش پێستی ئەمریکیە، کەچی دژی مافەکانی ژنانەو دژی مافەکانی ڕەش پێستە، لەپادشا پادشاترە، واتە لەجۆرج بۆشی سەرۆکە گەورەی بەهێزترو ڕەقترە لەڕەگەزپەرستیو چەوساندنەوەی هەژاراندا (عەرەبو

موسوڵمانیش).
چەند رۆژێک لەمەوبەر لەکالیفۆرنیا بووم , گفتوگۆیەکم بینی کە لەنێوان کۆندالیزا رایسو ژنێک لەئەندامانی لیژنەی نوێنەرانی ئەمریکی بەناوی (باربرا بوکسەر)ەوە روویدا , باربرا بوکسەر بەپرسیارە ژیرەکانی توانی لاوازی کۆندالیزا رایس دەربخات، توێکڵێکی ئاسنینی پتەو لەکەسێتیە لاوازە داڕماوەکەیەوە کەوتە خوارەوە لەبەردەم ئەو پرسیارە ئاسانانەدا کە وەڵامەکانی نەزانی.
کۆندالیزا رایس وەک منداڵێک دەرکەوت کە بەڕاستە لەسەری پەنجەکانی درابێت، لەوەڵامدانەوەدا دوو دڵە، زمانی تەتەڵە دەکات، پاشان بێدەنگ دەبێتو دەڵێت وەڵامم پێ نییە، ئەمەش کاتێک باربرا بوکسەر دەربارەی (بولبولی زیندانی ئەبوغرێب لەعێراق) پرسیاری لێکرد، ئایا ئەوەی پاسەوانە ئەمریکیەکانی زیندانەکە لەگەڵ زیندانییە عێراقیەکاندا کردیان بەئەشکەنجەدان دادەنرێت؟
ئایا نوقمکردنی زیندانی لەژێر ئاودا تا دەخنکێت جۆریکە لەئەشکەنجەدان؟ یان هەرشتێکی دیکە کە بەسەر زیندانییەکاندا هاتووە....
کۆندە (کورتکراوەی کۆندالیزا رایس) دوودڵ بوو , زمانی تەتەڵەی دەکرد , وتی: ئەوە پسپۆڕیی من نییە وەک وەزیرێکی دەرەوە، ئەوە پسپۆڕیی دادوەرانە.
بەمشێوەیە کۆندالیزا رایس لەوەڵام هەڵات، بەڵام وەک هەڵاتنی وشترمل کە سەری لەلمدا دەشارێتەوە، لەکاتێکدا سمتی لەبەرچاواندا رووتە.
گفتوگۆکە زیاتر لەکاتژمێرێکی خایاند، زۆر پرسیاری تریش کە خاتوو باربرا بوکسەر ئاڕاستەی دەکرد، کۆندالیزا رایس پرسیار بەدوای

پرسیاردا لەهێزە رووکەشیەکەی دادەماڵرا، تاوەکو هەقیقەتی بۆ خەڵکی دەرکەوت کە لەمنداڵیەوە هەوڵی شاردنەوەی دەدات.
هێزی حکومەتی ئەمریکیو هاوکارانی لەکۆمپانیا سەرمایەدارە داگیرکەرەکان دژی خاتوو باربرا بوکسەر وەستانەوە، دامودەزگاکانی راگەیاندن کێبرکێیان دەکرد لەهێرش بردنە سەر ئەو خانمە، وتیان: ژنێکی روخسار ناشرینە، جوان پۆش نییە، مێیەتیو نیانی تێدا نییە، بەلام کۆندالیزا رایس ژنێکی زۆر جوان پۆشە (بەتەواوەتی وەک تاشتەر)، زۆر نەرمونیانە، مێیە بەمانای راستەقینە بەپێی پێوەرەکانی مێیەتی لەسەدەی بیستو یەکدا.

٢٠٠٥/٣/٥

# ئایا ئەقڵی ژن لەئەقڵی پیاو کەمترە؟

ئەم پرسیارە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ناکرێت، کاتێک ژنان بەتاوانەکانی سیحرو کێبرکێی پیاوانی کڵێسا لەچاککردنەوەی نەخۆشدا دەسوتێنران‌و دەکوژران، توانای چاککردنەوەی نەخۆشی یان ئەو کردارەی پێیدەڵێن پزیشک کاری یان پزیشکی تایبەت بوو بەقەشەکان، نوێنەرانی خودا لەسەر زەوی، ئەگەر ژنێک بیوێرایە نەخۆشێک چارەسەر بکات‌و شیفای بۆ بێنایە، واتە نازناوی پزیشکی وەربگرتایە، ئەوا دەبووە هاوەڵی شەیتان بۆیە بەسوتاندن یان بەکوشتنی یان بەشێوازێکی دی سزا دەدرا، سەرەڕای ئەوەش ژنیان بەئەقڵ نوقسان تاوانبار دەکرد گەر پزیشکیش بوایە، وێڕای کە مردنی بەهۆی زۆر زیرەکی‌و توانای چاککردنەوەی نەخۆشەوە بووە. ئەمە هەندێکە لەپەرچدانەوەکانی سەدەی ناوەڕاست کە تا سەدەی بیست‌و یەک بەردەوامە، بەتەنها لەوڵاتەکەماندا نا، بەڵکو لەگشت جیهاندا.

ماوەی چەند رۆژێکی کەم، لەکانونی یەکەمی ٢٠٠٥ بەتەواوەتی لەڕۆژی ١٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا , بزوتنەوەی ژنانی ئەمریکی دژی سەرۆکی زانکۆی هارفۆرد (کە گرنگترین زانکۆیە لەئەمریکادا) وەستانەوە، کاتێک ئەو مامۆستایە کە ناوی (دکتۆر ە. سومرز)ە رایگەیاند ئەقڵی ژن ماددە زانستیەکانی وەک فیزیاو کیمیاو بیرکاری‌و

ئەندازیاریو تەکنۆلۆژیا وەرناگرێت، کە ئەقڵی پیاو وەریدەگرێت.
ژنە ئەمریکیەکان دژی ئەم مامۆستا بەڕێزەی زانکۆ وەستانەوەو بەوە تۆمەتباریان کرد ئەو ڕێچکەی باوباپیرانی رابردوو دەگرێتەبەر، لەنموونەی (ئیدوار کلارک) کە ساڵی ١٨٧٣ رایگەیاند ئەقڵی ژن زانستی ئەکادیمی وەرناگرێتو کاتێک ژن ماددەی زانستی دەخوێنێت خوێن لەمنداڵدانییەوە دەچێت بۆ ئەقڵی، ئەمەش تووڕەی دەکاتو توانای منداڵبوونی ناهێڵێت، بەمشێوەیە ئیدوارد کلارک بەرهەڵستی دەکردەوە کە کچان خوێندنی باڵا بخوێنن.
لەوکاتەی مامۆستا دکتۆر (هارفۆردی سومرز) رایگەیاند کە ئەقڵی ژنان کەمیکردوە، گشت ژنان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا وروژان، یەکێکیان وتی: ئەمە (گرکانی توسونامی) بیرۆکەییە، مەترسیەکەی لەگرکانی توسونامی خۆرهەڵاتی ئاسیا کەمتر نییە کە هەزارەها مرۆڤی کوشت، ژنان بە بەڵگە زانستیەکان سەلماندیان کە کچانی خوێندنگا دوا ناوەندیەکان لەزانستی فیزیاو کیمیاو بیرکاریدا بەڕێژەی (١-٣) سەرکەوتن بەدەست دێنن بەسەر کوڕاندا، ژنان زۆر نموونەی تریان هێنایەوە هەڵەی ئەوەیان سەلماند کە دکتۆر سومرز لەزانکۆی هارفۆرد وتبووی:
سومرز نەیتوانی لەپۆزش هێنانەوە بۆ ژنان هەڵێت , پاشگەز بووەوە لەو قسانەی کە کردیو وازی لەبیرۆکەکەی (ئەقڵی ژن لەئەقڵی پیاو کەمترە لەوەرگرتنی زانستدا) هێنا.
ژنان وتیان: گرفت لەئەقڵی ژندا نییە، بەڵکو گرفت لەو ڕێگەیەدایە کە کچانی پێ پەروەردە دەکرێت لەماڵەوەو لەخوێندنگاکاندا، کە لەمنداڵیەوە بەکچ دەوترێت ئەو تەنها بۆ دوو گیانیو منداڵبوونو بەخێوکردنی منداڵ بەکەڵک دێت , یان خودا دروستی کردوە

تاوەکو ببێتە دایکو ژن، بەڵام خودا پیاوی دروست کردوە کە ببێتە جەنگاوەر لەسوپادا، یان ئەندازیار یان پزیشک یان مامۆستا لەزانکۆدا، یان زانایەکی ئەتۆم یان گەردونناسێک.

٢٠٠٥/٣/١٩

# سەرنجڕاکێشییە بکوژەکەی مێینە!

غەریزەی مانەوە بەهێزترین غەریزەیە لەلای گشت بونەوەرە زیندوەکان بەبێ جیاوازی، هەر لەسیسرکی ماڵانەوە تا دەگاتە نێرەی مرۆڤ (کوڕی ئادەم) , چێژی سێکسی داوێکە کە نێرەی تێدەکەوێت لەپێناوی پاراستنی جۆردا، تەنانەت سیسرکیش کە لەبەلوعەو درزەکاندا دەژی، یان پیاوێکی رێزدار بێتو بەرزترین پۆستی هەبێت لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا، یان لەدارستانەکانی ئەفەریقیاو ئاسیاو هەر شوێنێکی تردا بێت، سیسرک ناشرینترین مێرووە لەسروشتدا، زیانبەخشیشە بۆ مرۆڤ کە دەبێتە هۆی زۆر لەنەخۆشی لەوانەش (مەلاریا، دوسونتاریا، گرانەتا، ئیفلیجی منداڵان، نەخۆشیەکانی ریخۆڵەو مشەخۆرەکان، کۆلێرا , ژەهراوی بوونی خۆراکی، نەخۆشی بەرهەنگی (رەبو) لەمناڵانداو چەند نەخۆشیەکی دیکە).

لەوانەیە سیسرک کۆنترین بونەوەری زیندوو بێت کە لەسەر رووی زەوی دۆزراوەتەوە، چەند شوێنەوارێک هەن بەڵگە بەوە دەدەن سیسرک زیاتر لە دووسەد ملیۆن ساڵە هەیە، کە غەریزەیەکی بەهێزی هەیە لەپێناوی مانەوەو پاراستنی جۆردا، سیسرکی نێر هەموو ژیانی دەکاتە قوربانی لەپێناو ئەوەی بەمێیەک بگاتو سێکسی لەگەڵدا بکات، لەوانەیە زۆر لەنێرەی مرۆڤ لەم سیفەتەدا

هاوبەشی ئەو بن، بەڵام نێرەی سیسرک ئارەزووی زیاترەو بەپەرۆشترە بۆ مێیەکە تەنانەت گەر ژیانیشی لەپێناویدا لەدەست بدات.

زانا توێژەرەوەکان ئەم خاڵە لاوازەی نێرەی سیسرکیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەڕێگەیەک بۆ لەناوبردنیان، لەملیۆنەها ساڵەوە ناکۆکی لەنێوان مرۆڤ و سیسرکدا هەیە، گشت ڕێگەکان بۆ لەناوبردنی سیسرک شکستیان هێنا، چونکە ئەوان مێروویەکی تێکۆشەرن لەپێناو مانەوەدا، یەک مێیەی سیسرک سێ سەدو پەنجا هەزار گەرا دادەنێت لەیەک وەرزی زاوزێدا، لەبەر ئەوە گشت ئەو لەناوبەرە مێرووانەی مرۆڤ دروستی کردون نەیانتوانی سیسرک لەناوبەرن، ئەمەش پاڵی بەزاناکانەوە نا کە بەرەنگاربونەوەو کاری بەردەوام بکەن لەپێناوی دۆزینەوەی دەرمانێک یان ماددەیەکی کیمیایی کە توانای لەناوبردنی ئەم مێرووە زیانبەخشو ناشرینانەیان هەبێت.

ناشرینترینیان سیسرکی ئەڵمانییە کە لەگشت وڵاتانی جیهاندا دەژی نەک تەنیا لەئەڵمانیا، ئاودەست باشترین شوێنی نیشتەجێبوونێتیو ترسناکترین نەخۆشی لێوە دەگوێزرێتەوە، بەبڵاوترین مێروو دادەنرێت لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بۆیە بەدوای ڕێگەیەکدا گەڕان بۆ کوشتنی ئەو سیسرکانە، لەکۆتاییو لەساڵی ٢٠٠٥دا ماددەیەکی کیمیاییان دۆزیەوە کە دەتوانێت نێرەی سیسرک بکوژێت لەڕێگەی کێشکردنی سێکسییان بەرەو مێیە، توێژینەوە زانستیەکە زۆر سەخت بوو، ئەو مادە کیمیاییە لەشوێنێکی بچووکی شاراوەی مێیەی سیسرکی ئەڵمانیدا هەیە، بۆیە پێویست بوو زاناکان زۆر بەوردی توێکارییی لەشی مێیەکە بکەن تا ئەو ئەنزیمە بدۆزنەوە، پاشان مادده کیمیایەکە

لەئەنزیمەکە دەربهێنن کە کارێکی زۆر گرانە، وەک بەدوای دەرزیەکی باریکدا بگەڕێیت لەناو تۆپەڵێک پوشدا، لەکۆتاییدا زاناکان توانیان ئەو مادە کیمیاییە لەجەستەی پانزە هەزار پاکیزەی سیسرکە ئەڵمانییەکان دەربێنن، ئەم مادەدەیان لەبۆیەکی پاکژکراودا بۆ کارگەی تایبەتمەند نارد لەنیویۆرک بۆ دەرهێنانی ئەو شلە سێکسیەی کە نێرەی سیسرکەکان رادەکێشێتو ناوی لێنرا (فیرومۆن) , ناوێکی دی لێنرا ئەویش (بلاتلاکیمۆن)ە پاش ئەوەی بەموگناتیسی ئەتۆمی چارەسەر کرا تا ئەفسوناوی ترو سەرنجڕاکێشتر بێت.

نێرەی ئەو سیسرکانە فریودرانو بۆ لەناوبردن راپێچ کران لەرێگەی ئەم ماددە کیمیاییە سێکسیەوە، کە دەخرێتە سەر رێگەیان بەهەر شوێنێکدا بڕۆن، لەماڵەوە یان لەچێشتخانە یان لەژێر حەوزو لەدەوری بەلوعەو لەژێر جێگەو لەناو دۆڵابدا، ئەم سیسرکانە لەهەموو شوێنێک دەژین، هەموو شتێک دەخۆن هەر لەوردە نانەوە بۆ وردە دارو بۆ پاشماوەکانی مرۆڤ، بۆیە سیسرکەکان بەشەهوەتە شێتانەکەیان بەرەو ئەو ماددە سێکسیە کێش بوون، گشت نێرەکان مردن بەڵام مێیەکان پارێزراون لەسروشتدا، چونکە ژەهر لەجەستەیاندا هەڵدەگرن.

**کالیفۆرنیا/ شوباتی ٢٠٠٥**

## سەبارەت بە عەورە بەواتا قوڵەکەی

کامیان زۆر ترسناکترە عەورەی سیاسیو بیرۆکەیی گشتی یان ئەو عەورە سنوردارەی لەجەستەی تاکێکدایە , کامیان زۆر ترسناکترە عەورەی ئەقڵو رەوشت یان عەورەی جەستە؟!
مرۆڤ (ژن یان پیاو) بەئەقڵو رەفتاری کۆمەڵایەتیو سیاسی کە بنەماکەی دادپەروەریو راستگۆییو دڵسۆزییە، لەئاژەڵ جیا دەکرێتەوە.
لەبەرئەوە عەورەی ئەقڵو رەفتاری ستەمکارانە کە بنەماکەی درۆو دووزمانییە زۆر ترسناکترە لەعەورەی جەستەی ژن یان پیاو.
دەسەڵاتدارێکی ستەمکار زۆر گەندەڵترە لەدەسەڵاتدارێکی دادپەروەر بەچاوپۆشین لەشێوەی جلوبەرگ یان کڵاوەکەی، ژنی ستەمکار زۆر گەندەڵترە لەژنێکی دادپەروەر بەچاوپۆشین لەشێوەی کراسەکەی یان سەرپۆشەکەی.
دەموچاوی مرۆڤ (ژن یان پیاو) ئەو روخسارەیە کە پێی دەناسرێتەوە، ناتوانین کەسێتی پیاو یان ژن بزانین بێئەوەی دەموچاویان نەبینین، دەموچاوی مرۆڤ خودی مرۆڤەکەیە , ئەگەر دەموچاوی مرۆڤ دیارنەما ئەوا ناسنامەو کەسێتیەکەی دیارنامێنێتو دەبێتە تەنها جەستە یان لاشەیەکی بێکەسێتی وەک جەستەی ئاژەڵ.

بەڵکو ئاژەڵیش دەموچاوی هەیەو بەهۆیەوە دەناسرێتەوە، سەگ دەموچاوی هەیە، پشیلە دەموچاوی هەیە، ئەگەر سەگو پشیلە دەموچاویان دیارنەما ئەوا ناناسرێنەوە، پشیلە یان سەگەکە دەبێتە تەنها جەستە یان پەیکەرێک کە بێ ناسنامە دەسوڕێتەوە.

ژنێک پرسیاری لەپیاوێکی ئایینی کرد کە بەرهەڵستی دکتۆرە ئامینەی کردبوو لەنیویۆرک: بۆچی رێگری دەکەیت کە ژن وەک پیاو ببێتە (پێش نوێژ)؟ , وەڵامی دایەوەو وتی: چونکە جەستەی ژن عەیبەیە؟

خانمەکە وتی: ئەگەر ژن جەستەی رووت بێت عەیبەیە , ئەی ئەگەر جلەکانی بەتەواوەتی لەبەردا بێت , ئایا جەستەی هەر عەیبەیە؟

وەڵامی دایەوە: بەڵێ جەستەی هەر عەیبەیە، بەتایبەتی لەمزگەوتدا کاتێک پێش نوێژی بکات، کە پیاوان لەدوایەوە بوەستنو سەیری جوڵەکانی جەستەی بکەن کاتێک دادەنەوێتەوە، شەهوەتیان هەڵدەستێتو نوێژیان بیر دەچێتەوە.

خانمەکە وتی: کەواتە گرفت لەپیاواندایە کە نوێژیان بیردەچێتەوەو شەهوەتیان هەڵدەستێت، نەک ژنە پێش نوێژەکە، پێویستە پیاوان بەسەر شەهوەتیاندا زاڵ بن کاتێک لەنێو دەستەکانی خودا دەبن بۆ نوێژکردن.

وتی: پیاوان لاوازن لەبەردەم شەهوەتدا.

ژنەکە وتی: کەواتە بۆچی ئەوان رەگەزی بەهێزترو بەدەسەڵات ترن بەسەر ژناندا، ژن لەدوای پیاوەوە نوێژ دەکاتو جوڵەکانی جەستەی دەبینێت کاتێک دەنوشتێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شەهوەتی هەڵناسێتو نوێژی بیرناچێتەوە، ئاخۆ ژن لەپیاو بەهێزترو ئاقڵ

ترو بەئایین ترو بەڕەوشت تر نییە؟
پیاوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو بێئەوەی وەڵام بداتەوە، ژنەکە وتی: کەواتە گەورەم مافی پێش نوێژیمان هەیە، خاتوو خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر یەکەم مامۆستای موسوڵمانان بووە ، پێغەمبەر ڕێگەی بەژن دەدا لەهەموو شتێکدا بەشداری بکات تەنانەت لەجەنگی عەسکەریشدا.

٢٠٠٥/٤/٣٠

# حەرامکردنی هاوسەرگیری لەژێر ناوی بێگەردیدا

هەفتەیەک تێناپەڕێت کە هەواڵێک لەڕۆژنامەیەکی ئەمریکیدا دەبیستم دەربارەی لاقەکردنی کێژۆڵەیەک لەلایەن پیاوێکی کڵێساوە کە ڕێی پێنەدراوە ژن بێنێت، بەپێی ئەو یاسا بیورتیانەی کە لەفەلسەفەی ئایینی گاوردا باوە، ئەم کارە تاماوەیەکی نزیک زۆر نهێنی بوو، تا ژمارەی ئەو منداڵانە زیادی کرد کە لاقەکراون، نهێنییەکە ئاشکرابوو، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەئاگادارییەوە گوزارشتیان لێکرد، پاشان بەبێ ئاگاداریی پاش ئەوەی کارەساتەکە زیادی کرد.

گرنگترین چیرۆک کە لامدایە لای چیرۆکی (دونتی ستوکس)ە , کە منداڵێکە لەلایەن قەشەیەک بەناوی (موریس بلاکویل)ەوە لاقەکراوە , ئەم منداڵە گەورە بوو , بووە لاو بەڵام یادەوەری لاقەکردنە ئازاربەخشەکەی لەیاد نەچوو، تارمایی ئەو پیاوە گەورەیەی لەمنداڵیدا لاقەی کردبوو وەک شەیتانێک بەدوایەوە بوو، بۆئەوەی دونتی ستوکس لەو یادەوەریە ئازاربەخشە ڕزگاری بێت، بڕیاریدا داوا لەدادگادا دژی قەشە موریس بلاکویل بەرز بکاتەوە، بەڵام قەشەکە وەک پیاوێکی ئایینی خاوەن ڕێزبوو، وەک هاوپیشەکەی باڵا پارێزیو پشتی هەبوو، کڵێسا هەمیشە پارێزگاری لەپیاوانی خۆی کردوە، زۆر کۆششو پارەی خەرج

کردوە بۆ شاردنەوەی ئەوجۆرە بێئابڕۆیەتیانە، بۆ پاراستنی ناوبانگی خودی کڵێسا نەک تەنها پیاوەکانی.
بەڵام ئەو لاوە (دونتی ستوکس) بڕیاریدا کۆشش بکات بۆ دەرخستنی راستی یان سزادانی ئەو پیاوەی لەمنداڵیدا لاقەی کردوە، بەڵام هەوڵەکانی بەتەواوەتی شکستیان هێنا، پاش ئەوەی دادگا بڕیاریدا ئەو لاوە پیشانی پزیشکی دەروونی بدات، پاش ئەوەی قەشە نەیارە لاقەکەرەکەی وتی: ئەو لاوە نەخۆشی دەروونی هەیە، خەیاڵو تارماییەکان دەبینێت لەوانەش تارمایی شەیتان، کە قەشە مۆریس کویل وێنای دەکات.
لەبەرئەوەی پزیشکە دەروونییەکان میراتگری قەشەکانی سەدەی ناوەڕاستنو لەبەرئەوەش کە کرێیەکی زۆر وەردەگرن، حاڵەتی ئەو لاوە (دونتی ستوکس) بەوە دەستنیشان کرا کە نەخۆشی دەروونی یان ئەقڵی هەیە، هەقیقەتو خەیاڵ تێکەڵ دەکات، نازانێت چۆن قەشەیەکی تێکۆشەری ڕێزدارو شەیتانی نەگریس لەیەک جیابکاتەوە کە دێتە خەوی.
بەڕێز موریس لەدادگا بەبێتاوانو داوێنپاکی هاتە دەرەوە، لاوە داماوەکە تووڕەییەکی زۆر دایگرت، کە هیچ جۆرە چەکێکی بەڕووی نەیارەکەیدا نەبوو کە بەئایینو لایەنی پزیشکیو دەسەڵاتو پارە چەکدار بوو.
بەهۆی تووڕەیی زۆرەوەو لەبەرئەوەی بەنەخۆشی دەروونی یان ئەقڵی لەکەدار کرا، ئەو لاوە بڕیاریدا بەدەستی خۆی سزای (موریس بلاکویل) بدات، مادامەکی دادگا نائومێدی کرد، لاوەکە هەوڵیدا تا دەمانچەیەکو چەند فیشەکێکی دەستکەوت، لەڕێگە چاوەڕێی قەشەکەی کردو تەقەی لێکرد.

بەڵام قەشەکە لەمردن رزگاری بوو , لەدادگادا وتی: خودا لەمردن رزگاری کردم چونکە بێتاوانو داوێنپاکم، لاوەکە خرایە زیندانەوە , یانزە مانگی لەزینداندا بردەسەر , پاشان ماوەی سزاکەی تەواو بوو و هاتە دەرەوە , بەڵام بڕیاریدا لەتێکۆشاندا بەردەوام بێت تا هەقیقەت دەربکەوێت، پەنای بۆ هاوڕێیەکی کاتی منداڵی برد کە ناوی رۆبرت مارتنەو وەک ئەو لەلایەن هەمان قەشەوە لاقە کراوە، رۆبرت مارتن لەترسانا بێدەنگ بوو وەک زۆربەی ئەو منداڵانەی لەترسی گەورەکان ئازارەکانیان دەشارنەوە.

زۆر لەکۆتاییدا , پاش دە ساڵ لەتێکۆشان لەدادگاکاندا , پاش ئەوەی رۆبرت مارتن چووە پاڵ دۆنتی ستوکسی هاوڕێی، پاش ئەوەی چەند بێئابڕوێتیەکی دیکە ئاشکرا بوو , قەشەی ناسراو (ببول شانلی)و چەند کەسانێکی دی تێوە گلابوون کە ناویانم لەبیر نەماوە، لەکۆتاییدا هەقیقەت دەرکەوت، ئەمڕۆ دادگا بڕیاریدا قەشە مۆریس بلاکویل بۆ ماوەی چلو پێنج ساڵ زیندانی بکات بەتاوانی لاقەکردنی منداڵان لەئاودەستدا.

**کالیفۆرنیا**

**١٨شوباتی ٢٠٠٥**

## سزادانی منداڵانی بێتاوان، تاوانە!

پەڵەیەکی شورەیی لەمێژووی مرۆییدا هەڵکەندراوە لەو ساتەوەختەی وشەی (زۆڵ) یان منداڵی ناشەرعی دەرکەوتووە، چۆن دەبێت منداڵێکی بێتاوان سزا بدرێت بەهۆی هەڵەی دایکی یان باوکیەوە.
لەوڵاتەکەماندا ئەم سزایە هەر هەیەو بەردەوامە وێڕای ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەوپەڕی باشورەوە بۆ ئەوپەڕی باکور ئەم تاوانەیان دژ بەمنداڵان نەهێشتووە، لەفەرهەنگی زمانیاندا وشەی زۆڵ یان منداڵی ناشەرعییان لابردوە.
تائێستاش ئەو ژنە میسریە ئازایە (هند حەناوی)و خێزانە زۆر ئازاکەیم لەیادە کە چۆن لەڕێگەی دادگاکانەوە خەباتیان دەکرد لەپێناوی پێدانی شەرعیەت بەکیژۆڵە ساوا بێتاوانەکە.
خەباتەکەیان ئەوەبوو باوکەکە (کە لەبەرپرسیارێتی هاوسەرگیری هەڵاتبوو) ناچار بکەن کە دان بەکچە ساواکەیدا بنێتو ناوی خۆی بداتێ، باوکەکە هەوڵیدا نکۆڵی لەڕەچەڵەکی کچەکەی خۆی بکات، بۆیە پێویست بوو پەنا بەرنە بەر ماددە ئەفسوناویەکەی (DNA), کە لەڕێگەیەوە ڕەچەڵەکی کچەکە بۆ باوکی بە بەڵگەیەکی زانستی گومان لێنەکراو دەسەلمێنرێت.
لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ زانستو ماددەی (DNA), بەڕای من چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی پەیوەستن بەڕەچەڵەکی منداڵان

بۆ باوکیان لەڕێگەی بۆری تاقیکردنەوەی کارگەوە نابێت، ئەو چارەسەرە ڕاست نییە لەبەر چەند هۆیەک , لەوانەش: ئەم شیکارییە لەکارگەکاندا (١٠٠٪) ڕاست نییە، ڕێژەیەک هەڵە لەوردترین بەڵگە زانستیەکاندا هەیە کە لانیکەم دەگاتە (١٪). ئەمەش مانای وایە ئێمە لەسەد منداڵدا ستەم لەمنداڵێک دەکەین، مەسەلەکە پەیوەندی بەژمارەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بەبیروباوەڕەوە هەیە، ئەوەی ستەم لەمنداڵێک بکات وەک ئەوەیە ستەم لەهەموو منداڵان بکات، ئەوەی کەسێک بکوژێت وەک ئەوەیە هەموو کەسێکی کوشتبێت، زۆر لەوڵاتان لەو باوەڕەدابوون کە تاقە چارەسەر بۆ ئەو گرفتە ئەوەیە منداڵان ناوی دایکیان هەڵبگرن، ناوی دایک هەمان ئەو ڕێزەی هەبێت کە ناوی باوک هەیەتی، بەجۆرێک کە گشت منداڵان بەڕەوشتو شەرعیین بەچاوپۆشین لەهەڵسوکەوتی باوکو دایک، ئەمە سەبارەت بەو منداڵانەی بەبێ باوک لەدایک دەبن، یان کاتێک باوکەکە لەبەرپرسیارێتیەکەی هەڵدێت، بەڵام لەبارە ئاساییەکاندا کە منداڵ باوکو دایکی هەیە ئەوا ناوی هەردووکیان هەڵدەگرێت نەک تەنها ناوی باوک، ئەمە مافی دایکو مافی منداڵەکەشە.

زانست دوو جۆری لە (DNA) دۆزیوەتەوە، جۆری یەکەم کە ناسراوەو هەمیشە لەدادگاکاندا بەکاردێت، جۆری دووەم نوێیە کە بەم دواییە دۆزرایەوەو بۆیەکەمجار لەدادگایەکی کالیفۆرنیا (لەشوباتی٢٠٠٥) دا بەکارهێنرا , بۆ سەلماندنی تاوانی پیاوێک کە کیژۆڵەیەکی پێنج ساڵانی بەناوی (سامانتا ڕۆنیون)ەوە لاقە کردبوو. ئەو تاقیکردنەوە گەورەیەی کە دادگا فەرمانی پێکرد ماددەی (YSTR DNA) تێدا بەکارهێنرا , مویەکی جەستەی کیژۆڵە قوربانییەکەیان دەرهێنا , ماددەیەکی دی کە ناوی

(mitochondrial DNA) ە لەژێر نینۆکێکی دەستی چەپی کیژۆڵەکە وەرگیرا.

پیاوە تاوانبارەکە ناوی (ئەلیخاندرۆ ئەڤیلا)یە، پارێزەرەکەی رایگەیاند گومانی لەڕاستی بەڵگەی (DNA ) هەیە، کە لەوانەیە بەماددەی دی پیس بووبێت یان دوچاری هەڵەی بەمەبەست یان بێمەبەست بووبێت , یان ئەو کەسانەی ئەو تاقیکردنەوەیەیان ئەنجام داوە پارەو بەرتیلیان وەرگرتبێت , بۆیە پارێزەرەکە بڕیاری دا کە بریگرتەکەی لەتۆمەتی لاقەکردنی کیژۆڵەکە بێتاوانە، بەرگریکردنەکەی بەوە کۆتایی پێهێنا (لەمرۆدا ئەوان لەتاقیکردنەوەکانی (DNA) یەوە پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێت).

دادگا پەنای بردە بەر یانزە زانای شیکارکەری (DNA) تا بگەنە هەقیقەت پێش بڕیاردان بەتاوانبار یان بێتاوانیکردنی، روون بووەوە ئەمجۆرە لە (DNA) تەنها لەکرۆمۆسۆمی (Y)دا هەیە کە تەنها لەنێرەدا هەیە، ژنێکی دادوەر رایگەیاند مەسەلەی (DNA) زۆر ئاڵۆزە , زاناکان بیروڕایان دەربارەی جیاوازە , چۆن بڕیاری لەسێدارەدانی لاوێکی بیست ساڵ بدەین بێئەوەی بەڵگەیەکی ماددی متمانە پێکراوی بێگومڕامان لەلا بێت؟!

تائێستاش گفتوگۆ لەدادگادا بەردەوامە، هەروەها هەوڵە زانستیەکان بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی ماددەیەکی وردتر لەماددەی (DNA) بۆ دۆزینەوەی ئەو هەقیقەتەی کە شاراوەیە.

**کالیفۆرنیا شوباتی ٢٠٠٥**

## وشەی ناموس

ئەو گفتوگۆیەم لەتەلەفزیۆندا نەبینی کە لەنێو حەناوی (باوکی هندی ئەندازیار) و لەنێو هونەرمەند فیشاوی (باوکی مێردەکەی هند)دا روویدا، دەڵێم ئەو مێردی هندە چونکە لەبەردەم ملیۆنەها کەسدا دانی بەوەدا نا پەیوەندیەکی سێکسی لەنێو فیشاوی کوڕو خانمی بەڕێز هند حەناویدا روویداوە، کە کیژۆڵەیەکی ساناى جوانی لێوە هاتە بەرهەم، وێڕای ئەوەی دانی نا بەڕوودانی تەواوی پەیوەندیەکەدا کە کیژۆڵەکەی لێوەهاتە دونیاوە، کەچی دان نانێت بەڕەچەڵەکی کیژۆڵەکە بۆ باوکی، بەهاوسەرگیریشی دانانێت، ئاخۆ ئەمەیە گشت ئەو رەوشتە جوانانەی کە دادپەروەریو لۆژیک لەگشت ئایینو بەڵگەنامە مرۆییەکاندا فەرمانی پێ دەکەن؟
ئایا وشەی ناموس کە مرۆڤ دەیڵێت گرنگتر نییە لەکاغەزێک کە واژۆی بکات؟ ئایا هاوسەرگیری بەڕەوشت لەڕێگەی واژۆکردنی گرێبەستەکانەوە روودەدات یان لەڕێگەی پەیمانو راستگۆیی لەو پەیوەندییەدا کە لەنێو هەردوو لایەنەکەدایە؟
سەیر ئەوەیە کە هونەرمەند فیشاوی هەستی بەهیچ شەرمو شورەییەک نەکرد کاتێک ڕاستگۆیی یان خۆشەویستی لەکاغەزی هاوسەرگیری جیاکردەوە، ئایا ئەوە بەڵگە نییە بۆ گۆڕینی ئەو بەهایانەی کە لەوڵاتەکەماندا باوە تا نرخی راستگۆییو نرخی شەرەف بەرز بنەوە.
دووفاقی رەوشت یارمەتی خراپکردنی رەوشتی پیاو دەدات،

كه مافی ئەوە بەخۆی دەدات پەیوەندیەكی خۆشەویستی تەواو لەنێو خۆیو ژنێكدا دابنێتو سێكسیشی تێدا بێت پاشان نكۆڵی لێبكاتو بەهاوسەرگیری دانەنێت، تەنها لەبەرئەوەی لەدادگادا یان لەنوسینگەی مەلایەكدا مارەی نەكردوە، پاشان لەبەردەم خەڵكیدا ئیدیعای رەوشتو چاكەو ئایین دەكات؟!

ناوەرۆكی رەوشتو چاكە ناوەرۆكی ئایینە، ئایینەكان پێش دۆزینەوەی كاغەزو مەرەكەبو دادگا پەیدا بوون، ئایینەكان لەپێشەوەیاندا ئایینی ئیسلامی لەدەقەكانیدا راستگۆییو درۆنەكردن لەخۆدەگرێت، ئەگەر بێتو پیاوێك درۆ لەگەڵ ئەو ژنەدا بكات كە هاوبەشی جێگەكەیەتی، ئایا لەگەڵ ئەو ژنانەدا راستگۆ دەبێت كە پەیوەندیەكی وەها بەهێزی پێیانەوە نییە؟!

چۆن پیاوێكی رێزدار كە رەوشتی راستەقینەی هەبێت درۆ لەگەڵ ژنێكدا دەكات كە پەیوەندیەكی زۆر بەهێزیان پێكەوە هەبێتو كچێكی ساوای ساناى لێبكەوێتەوە؟! ئایینی ئیسلامی لەسەر چاكەیەكی راستەقینە بنیاتنراوە ئەویش راستگۆییە، پیاوی موسوڵمانی دروست كەس هەڵناخەڵەتێنێت، پەیمانێك نادات كە نەیهێنێتە سەر، پەیوەندیەكی سێكسی لەگەڵ ژنێكدا ئەنجام نادات بێئەوەی بەرپرسیارێتیەكەی لەئەستۆ نەگرێت، چونكە لەرەوشتی جواندا سێكس لەخۆشەویستی جیا نابێتەوە , چونكە جەستە لەرۆحو ئەقڵی مرۆڤی باش جیا نابێتەوە گەر پیاو یان ژن بێت.

لەبەر ئەوە من رێز لەخێزانی هند حەناوی (باوكیو دایكی) و هەروەها هند حەناوی (دایكیش)دەگرم كە بەرپرسیارێتی كارەكانی لەئەستۆ دەگرێت , دەستبەرداری كیژۆڵەكەی نابێت لەبەرئەوەی باوكی دەستبەرداری بەرپرسیارێتیەكەی بووە، پیاوی چاك ئەوەیە كە بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرێت , چەند گەورە یان بچووكیش

بێت، ژنی چاکیش ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرێت گەر رووبەڕووی گرفتەکانیش ببێتەوەو خەڵکیش بەردی تێبگرن.

ئێمە پێویستمان بەڕاگەیاندنی بەهای چاکەی راستەقینەو ناوەرۆکی رەوشت هەیە، ئەمە بوو کە حەناوی باوک کردی، ئەو دەزانێت کە هندی کچی ژنێکی چاکو راستگۆیە، تەنانەت گەر گرێبەستێکی عورفی یان گرێبەستێکی فەرمی یان گرێبەستێکی نافەرمی واژۆ بکات، رەوشتی راستەقینە پەیوەندی بەواژۆی گرێبەستی کاغەزەوە نییە ئەگەر ئەو واژۆیە بەمەرەکەبی شین یان رەش یان سووریش بێت، ناموسی راستەقینە یەک رەنگی هەیە ئەویش راستگۆییە، یەک وشەی هەیە کە مرۆڤ دەیڵێتو دەبێتە پەیمانێک , تەنها کەسێک ئەو پەیمانە دەشکێنێت کە ناپاک بێت بۆ پەیمان، ئەوکەسەی پەیمان دەشکێنێت شایەنی نازناوی مرۆڤی نییە، ئەی چۆن فیشاوی لەبەردەم کامێراو رووناکیدا دادەنیشێتو شانازی دەکات بەڵکو پۆز بەناموسو ئایینەوە لێدەدات؟! ئەوە گاڵتەجاڕیە.

کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگە عەرەبیەکانمان سزای ئەوجۆرە پیاوانە بدەن کە نابەرپرسی کارەکانیانن، دڵسۆز نین، راستگۆ نین بۆ ئەو وشە خۆشەویستیانەی کە دەیڵێن یان هەر وشەیەکی تر.

چاکسازی سیاسی یان پێی دەڵێن دیموکراسی بەبێ چاکسازی ئەخلاقیو چاکسازی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری پراکتیزە نابێت، هەروەها گۆڕینی ئەو بەهایانەی کە باون تا بنچینەکەی ببێتە راستگۆییو دادپەروەریو بەرپرسیارێتی، بەمشێوەیە لەوڵاتەکەماندا بەرەنگاری گەندەڵی دەبینەوە لەماڵەوە بۆ پارلەمان.

٢٠٠٥/٥/٧

## هاتنی ژن بۆ ناو بواری سیاسەت

هەندێک پیاو لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا هاتنی ژن بۆ ناو بواری سیاسەت رەت دەکەنەوە، وەک هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی یان لیژنەکانی پارلەمانو نوێنەران، یان لیژنە میللیو شارەوانییە ناوخۆییەکان.
هۆکانی رەتکردنەوە جیاوازیەکی گەورەیان هەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی، لەچینێکەوە بۆ چینێکی دی، لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دی.
لەهەندێک وڵاتانی عەرەبی وەک (بەحرینو سوریاو میسرو تونسو جەزائیر... هتد) ژن پۆستی وەزیرو دادوەری وەرگرت، چووە ناو پارلەمانو لیژنەکانی دیکەی وەک لیژنەی نوێنەرانی مەرکەزیو ناوخۆییو لقی، چاوەڕێ دەکەین لەئاییندەیەکی نزیکدا ژن ببێتە سەرۆکی دەوڵەتو سەرۆکی حکومەت لەژمارەیەک لەوڵاتە عەرەبیەکاندا , پاش ئەوەی چووە ناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لەمیسر وێڕای ئەو گرفتە گەورانەش کە لەبەردەمیدا بوون.
ناوەرۆکی مەسەلەکە ئەوە نییە کە ژن پۆستێکی باڵای حکومی یان نوێنەرانی هەبێت، هەروەها مەسەلەکە لەبەرئەوە نییە کە ژنە، هەرگیز ئەوە بەس نییە خاوەن بڕیار یان خاوەن دەسەڵات ژن بێت تا ئەو چاکسازیە رووبدات کە دەمانەوێت، گرنگترین شت تواناو شیاوییە بۆ ئەوەی وڵات لەلایەنی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیریو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیەوە بەرەوپێشەوە بەرێت... رزگارکردنی

نیشتمانە لەدەسەڵاتە دەرەکیو ناوخۆییەکانو جوڵاندنی ملیۆنەها لەو کەسانەی تائێستا ناچالاکن، کە لەکورسی بینەراندا دادەنیشن بێ بەشداریکردن لەژیانی گشتیدا.

چەند وڵاتێکی عەرەبی هەیە تا ئەمڕۆش هاتنە ناوەوەی ژن بۆ پارلەمان ڕەتدەکەنەوە , بۆچی؟

ئەو پیاوانە دەڵێن پارلەمان فەرمانڕەوایی گشتییە، نابێت ژن فەرمانڕەوایی گشتی بگرێتە دەست. چەند بیروڕایەکی دیکە لەئیسلامدا هەیە , بۆ نموونە بیروڕای شێخی ئەزهەر لەمیسر کە ڕایگەیاند ئیسلام ڕێگری لەوە ناکات ژن ببێتە سەرۆکی دەوڵەت , ئەمەش مانای وایە لەئیسلامدا بیروڕایەکی هەیە ڕێگری لەوە ناکات ژن فەرمانڕەوایی گشتی بگرێتە دەست، لەسەردەمی نوێماندا ئەم بیروڕایە زاڵە، نزیکترە لەلۆژیکو دادپەروەرییەوە , واتە نزیکترە لەئایینی دروستەوە، مەسەلەکە جۆری ڕەگەز نییە، بەڵکو توانای عەقڵیو شیاوییە بۆ ئەم کارە.

هەندێک لەپیاوان ڕێ لەهاتنی ژن بۆ ناو بواری سیاسەتو هەڵبژاردنەکان دەگرن , بەبیانوی ئەوەی ژن بەسروشتە مێینەکەی ناتوانێت ڕووبەڕووی گرفتەکان ببێتەوە لەکارەکانی دەرەوەی ماڵدا، چونکە لەلایەنی جەستەییو دەروونییەوە لەپیاو لاوازترە، ناتوانێت ئەرکەکان بگرێتە ئەستۆ، هەروەها سەرقاڵبوونی بەکارەکانی لەدەرەوەی ماڵدا لەوزەکەی کەم دەکاتەوە کە پێویستە بۆ ڕۆڵی وەک دایکو هاوسەرێک بەکاریبێنێت، ئەمەش ڕۆڵێکی سروشتیە لەگەڵ مێیەتیو نیانیو لاوازیدا دەگونجێت.

ئەم لۆژیکە نکۆڵی لەو ڕۆڵە دەکات کە ملیۆنەها ژنە جووتیارو کرێکارە هەژارەکان دەیبینن لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا، ئەو ژنەی کرێکارە لەکارگەدا یان جووتیارە لەکێڵگەدا، لەدەرەوەو ناوەوەی

ماڵدا کار دەکات، واتە دوو ئەوەندە کار دەکات , کەچی هیچ پیاوێک ڕێگری لەوە ناکات.

هەندێک پیاو ڕێگری دەکەن لەهاتنی ژن بۆ ناو بواری ژیانی سیاسی یان هەڵبژاردنەکان لەترسی ئەوەی ژنان تێکەڵ بەپیاوان دەبن لەچادرگە یان گۆڕەپانە میللیەکان بەشەو و ڕۆژ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی زیانە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکان.

ئەمەبوو کە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە سەبارەت بەڕێگری هەندێک پیاو لەکوێت سەبارەت بەهاتنە ناوەوەی ژن بۆ پارلەمان. ئەمەش بڕوبیانویەکی لاوازە، چونکە لەواقیعدا پیاوو ژن تێکەڵ بەیەک دەبن لەناو چادرگەکانو لەدەرەوەیاندا، لەبەر زۆر هۆ، زۆرترینیان بۆ ڕابواردنو گەندەڵیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەو زیانە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیانەی کە لەژماردن نایەن، بەڵکو چادرگەی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان لەوانی دی جدی ترو ڕاست ترن.

پاراستنی ڕەوشت لەوڵاتەکەماندا لەڕێگەی پەروەردەی دروستەوە دەبێت لەماڵو قوتابخانەکاندا، کە کچان وەک کوڕان ئامادە دەکرێن بۆ چالاکی لەژیانی گشتیو بەشداری کردن لەگشت بڕیارەکانی دەرەوەو ناوەوەی ماڵدا.

**٢٥ تەموزی ٢٠٠٥**

## ژنێکی بکوژ بەهۆی پیاوێکەوە

ئایا پیاو، هەر پیاوێک لەجیهاندا شایەنی ئەوەیە کە بەپەتی قەنارە لەپێناویدا بمریت؟

لەمانگی نیسانی ٢٠٠٥ لەژوورەکەمدا دانیشتبووم , لەو ئوتێلەدا کە دەڕوانێتە سەر زەریای هندی لەشاری (دیربان) لەباشوری ئەفەریقا، بانگێشت کرابووم بۆ گفتوگۆکردن لەکۆنگرەیەکی ئەدەبیدا سەبارەت بەپەیوەندی (داهێنان بەیاخی بوونەوە)، کاتێک خاتوو ئالیت ئالیوت هاتە پێشەوە بۆ دادگایی کردن بەتاوانی کوشتن، وێڕای ئەوەی ژنێکی بێوەی بووەو کەسی ئازار نەداوە، لەمێردەکەشی دەبورا کە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد , یان داوای لەخودا دەکرد لێی ببورێت، ژنێکی ئەفەریقی بوو، بڕوای بەئایینی گاور یان بەحەزرەتی عیسا هەبوو، لەسەرەتای داگیرکردنی باشوری ئەفەریقیا لەلایەن بەریتانیاوە خێزانەکەی بڕوای بەخواوەندێکی ئەفەریقی هەبووو بەزمانی زۆلۆ قسەی دەکرد، بەڵام داگیرکەر زمانی ئینگلیزیو هەروەها ئایینی گاوری بەسەردا سەپاندن، ئالیت گوێی لەداپیرە گەورەی بوو بەوەچەکانی دەوت (ئینگلیز هات بۆ وڵاتەکەمان کتێبی پیرۆز (ئینجیل)ی داینیو زەویەکەی لێسەندین).

لەگەنجێتیدا ئالیت شوی بەپیاوێک کرد ناوی (ئالیوت) بوو , کە توندتیژی بەبۆماوە لەباپیرە داگیرکەرەکەیەوە وەرگرتبوو، بۆیە توندوتیژ بوو لەگەڵ ژنەکەیدا، جەختی دەکردەوە ئەو کچی حەوایە کە

ئادەمی لەبەهەشتەوە هێنایە دەرەوە بەپێی ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە، خودا فەرمانی سزادانی حەوای دا، مێردەکەشی بەسەردا زاڵ کرد , لەناخۆشیو ئێشو ئازاردا ژیا تاوەکو لەگوناهەکەی پاک ببێتەوە، ئا بەمشێوەیە خاتوو ئالیت ژیا پاش ئەوەی ناوی ئالیوتی مێردی وەرگرت بەپێی دابونەریتەکانی بەریتانیا، کە بووە کارەکەری لەماڵەوەدا , چێشتی بۆ لێدەنا، گۆرەویەکانی بۆ دەشۆری، ئەویش لێیدەداو جنێوی پێدەدا، هەروەها بەو توندوتیژییە سێکسی لەگەڵدا دەکرد کە لەباوکو باپیریەوە بۆی مابووەوە، بەوپێیەی نێر هێزو توندوتیژی جەنگو هێرش بەرە، هەروەها خۆشەویستیو سێکسی لەگەڵ ژنی دیکەدا دەکرد بەوپێیەی ئەوە مافی فرە سێکسی نێرینەیە، بەپێچەوانەی مێینەوە کە خودا تاکلایەنی داوە بەسەریدا، واتە یەک مێرد.

خاتوو ئالیت بیستو پێنج ساڵ لەئازارو ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی لەگەڵ مێردەکەیدا ژیا، لەتەمەنی بیست ساڵیدا کیژێکی گەشاوەی بەختیار بوو پێش ئەوەی چاوی بەمێردەکەی بکەوێت، ئێستا کە تەمەنی بووەتە چلو پێنج ساڵ ژنێکی جەستەو دەروون رووخاوە، بەدەست ئازاری درێژخایەنی جومگەی سمتیەوە دەیناڵاند، هەروەها ئازارێکی دەروونی درێژخایەن کە پێی دەڵێن خەمۆکی، لەگەڵ ترس لەئەشکەنجەی خوداو ئەشکەنجەی مێردەکەی بەهۆی ئەو گوناهانەوە کە نایزانێت لەوساتەوە کە شووی بەمێردەکەی کردوە.

مێردەکەی یارێکی نوێی گرت کە ناوی (جروبلار) بوو لەشاری دیربان دەژیا، مێردەکەی لە (جوهانسبرگ)ەوە سەفەری دەکرد بۆلای یارەکەیو ئالیتی ژنی بەتەنهاو بەنەخۆشیو بێ چاودێری بەجێدەهێشت.

لەکۆتاییدا ئالیت بڕیاریدا سەفەر بکات بۆ دیربان تاوەکو بەدوای کارێکدا بگەڕێت بەکرێیەک , تاوەکو لەلایەنی ئابوریەوە سەربەخۆ بێت لەمێردەکەی، پاشان لێی جیابێتەوە، هەروەها حەزیشی دەکرد یارە گەنجەکەی مێردەکەی ببینێت کە ئەقڵی لێسەند بوو.
لەشاری دیربان هەردوو ژنەکە چاویان بەیەک کەوت، ژنەکەو یارەکە، یارەکە لەبەهاری لاوێتیو تەندروستیدا بوو، ژنەکەش لاوێتیو تەندروستی لێی تەکیبوەوە , رۆژێکیان ژنەکە ژەهری مشکی کردە ناو خواردنی یاری مێردەکەیەوە بەمەبەستی ئەوەی هەست بەهەندێک لەو ئازارە جەستەییە بکات کە ماوەی بیستو پێنج ساڵە ئەم چەشتوویەتی، مەبەستی کوشتنی نەبوو، چونکە کوشتن پێویستی بەکەمێک ئازایەتییە، ژنەکەش ماوەی چارەکە سەدەیەک لەهاوسەرگیریەکەی هێزو ئازایەتیەکەی لەدەستداوە.
خاتوو ئالیت رووبەڕووی دادوەرەکە بووەوە , ئەویش بەتۆمەتی کوشتن بڕیاری بەسەردا دا، کە یاری مێردەکەی بەژەهری مشکەکە مردبوو، گشت پیاوان (پیاوانی یاساو دادگا) دژی خاتوو ئالیت وەستانەوەو بەپیاوکوژێکی تاوانباریان دانا، پزیشکانی دەروونیش وتیان هیچ نەخۆشیەکی دەروونی نییەو پێویستە فەرمانەکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت.
بەڵام خاتوو ئالیت وتی بێتاوانە، خوداش دەزانێت کە ئەو بێتاوانە، چونکە بەرگەی ئازاری بیستو پێنج ساڵی گرت، بەهۆی پیاوێکەوە کە شایەنی ئەوە نییە لەپێناویدا بمرێت.

**٢٨مایسی ٢٠٠٥**

# داهێنانو یاخیبوونو ژن

ئایا پەیوەندی لەنێو یاخی بوونو داهێناندا هەیە؟
وەڵام: بەڵی چونکە مرۆڤ (ژن یان پیاو) بەسروشتی عاشقی سەربەستیو دادپەروەریە، ئەگەر مرۆڤ بینی بەیاساو سیستەمو بەها ستەمکارەکان گەمارۆدراوە ئەوا پێویستە هەڵچێتو یاخی بێت، لێرەدا یاخی بوون لەگەڵ سروشتی مرۆیی یان داهێنانی مرۆییدا دەگونجێت، داهێنان سیفەتێکی سروشتیە، مرۆڤ نێر یان مێ پێی لەدایک دەبێت، بەڵام سیستەمو یاساو بەها ستەمکارەکان کە لەسەر بنەمای ئایین یان رەگەز یان چین جیاوازی لەنێو خەڵکیدا دەکەن، رۆڵیان لەخنکاندنی داهێنانی مرۆییدا بینیوە لەلای ژنو پیاو بەتایبەتی ژنان.
بۆچی بەتایبەتی ژنان؟
چونکە ئەو سیستەمو بەهاو یاسایانەی باڵادەستن وا لەژن دەکەن لەهەموو شتێکدا لەپیاو کەمتر بێت، تەنانەت لەزانستو لەئایینو لەمێژووش، ژن وەها سەیر دەکرێت کە لەلایەنی ئەقڵو ناموسو نرخو خولقانەوە لەپیاو کەمترە.
ئەم بەهاو یاسا ستەمکارانە لەگشت وڵاتانی جیهاندا باڵادەستن ، چونکە لەمرۆدا سیستەمی سەرمایەداری باوکسالاری، یان سیستەمی چینی باوکسالاری حکومڕانی سیستەمەکانی جیهان دەکەن ، ئەمەش سیستەمێکە نرخی پارەو چەک دەخاتە سەرو نرخی مرۆڤەوە، نرخی

پیاو لەسەرو نرخی ژنەوە لەناو خێزانێکی بچووک یان دەوڵەتو کۆمەڵگەدا.

ئەم سیستمە بەدرێژایی چەند سەدەیەک جۆرێک لەو پیاوو ژنانەی هێناوەتە بەرهەم کە بڕوایان بەپارەو چەکە وەک بەهایەکی بەرز، هەروەها بڕوایان بەسەرکەوتنی رەگەزی نێرینەیە بەسەر مێینەدا.

بەمشێوەیە دابەشکردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی بایۆلۆژی بۆ ژنو پیاو خزمەتی پێشکەوتن ناکات، کە پێویستە مرۆڤ بەپێی ئەقڵو چۆنییەتی بیرکردنەوەیان دابەش بکرێن، ئایا لەکردارەکانی ستەمو سەرکوتکردنو جەنگو بەرز راگرتنی نرخی پارەو چەک بەسەر نرخی مرۆڤدا بەشداری دەکەن؟

یان ئەوان دژی ستەمو سەرکوتکردن دەجەنگێنو نرخی مرۆڤ بەسەر نرخی هێزی چەکداریو پارەدا بەرز رادەگرن؟

کەواتە ئێمە پێویستمان بەرێگەیەکی دیکەیە بۆ دابەشکردنی مرۆڤ کە لەسەر بنەمای (رەگەز یان بنەچە یان ئایین یان چینی پیشەیی...هتد) نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای هەڵوێستەکردنی پیاو یان ژن سەبارەت بەدادپەروەریو سەربەستیو دڵسۆزیو راستگۆییو خۆشەویستیو هاوکاری مرۆیی بێت.

لێرەوە ئێمە پێویستمان بەچەمکێکی دیکەیە بۆ هاوپشتیوانیو یەکگرتن کە لەسەر بنەمای (رەگەز یان رەگەزنامە یان ئایین یان چین...هتد) نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای یەک ئامانجی مرۆیی کە بەرهەڵستی جەنگی چەکداری دژ بەمیللەتە ئاشتیخوازەکان دەکات , هەروەها بەکارهێنانو بەتاڵانبردنی بەروبوومەکانیان بەهێز یان بەفریودانی سیاسی.

ئەمەیە لەمڕۆدا روودەدات , بیرۆکەی داهێنانی نوێیە لەو بیرۆکە کۆنە یاخی بووە کە نرخی بایۆلۆژیو پەیوەندیەکانی خوێنو خێڵایەتی

بەسەر ئەو پەیوەندیە مرۆییانەدا بەرز رادەگرت کە بنەماکەی دادپەروەریو سەربەستیو یەکسانی بوو لەنێو خەڵکیدا.

ئەمە بیرۆکەی هاوپشتیوانی ژنی عەرەبە، کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی حەوتەمی لەقاهیرە لە (٢٣-٣١)ی ئایاری ٢٠٠٥ دا بەست، لەژێر ناونیشانی (داهێنانو یاخیبوونو ژن)، بەمەش چەمکی هاوپشتیوانی مرۆیی ترو باڵاتر بوو، ئەو پیاوە ئەقڵ کراوانەی گرتەخۆی کە بیرۆکەی باڵادەستی رەگەزی پیاوان رەت دەکەنەوە تەنها لەبەرئەوەی نێرن، هەروەها ئەو ژنانەش دەگرێتەوە کە عەرەب نینو لەڕەگەزی ترو ئایینی ترن، ئەوانەی ئەقڵیان کراوەیە بیرۆکەی باڵادەستی عەرەب رەت دەکەنەوە تەنها لەبەرئەوەی عەرەبن.

پێویستە لەبیرۆکە کۆنەکان یاخی بین لەوانەش ئەو پەندەی دەڵێت: منو براکەم دژی ئامۆزاکەم، منو ئامۆزاکەم دژی بێگانە، ئەم پەندە نرخی پەیوەندیەکانی خوێنو بایۆلۆژی بەرز دەکاتەوە لەچاو ئەو پەیوەندیانەدا کە بنەماکەی دادپەروەریو سەربەستیو رێزگرتنی مافی میللەتە ئاشتیخوازەکانە.

بۆ نموونە من هیچ پەیوەندیەکم بەکۆندالیزا رایسو هەر ژنێکی عەرەبی دیکەوە نییە کە لایەنگیری لەو دەکات یان لایەنگیری لەجۆرج بۆش یان شارۆن دەکات، من لەمیسر یان لەهەر وڵاتێکی عەرەبیو ناعەرەبی لایەنگری ئەو پیاوانە دەکەم کە بەرەنگاری لۆژیکی کۆندالیزا رایسو بۆشو شارۆن هاوشێوەکانی دەبنەوە.

٢٠٠٥/٥/١٤

## ژنێک سەرۆکی دەوڵەتە یان وەزیری جەنگە؟

کاتێک لەنەرویج لەئۆسلۆ بووم پێمزانی کە پۆستی وەزیری جەنگ ژنێک داگیری دەکات، لەوێ رۆژنامەنوسێک پرسیاری لێکردم: ئایا لەگەڵ ئەوەدایت کە ژن ببێتە وەزیری جەنگ؟
وتم: چی رێگرە، ئەگەر ئەو ژنە شیاو بێت بۆ ئەو کارە , مەسەلەی هەر پۆستێک چوستیو شارەزاییە نەک جۆری رەگەز.
پاشان پرسیارم کرد ئامادەکارییەکانی وەزیری جەنگ یان وەزارەتی بەرگری چین بۆ پیاو یان ژن؟ لەوانەشە وشەی بەرگری باشتربێت لەوشەی جەنگ، چونکە بەرگریکردن لەنیشتیمان کارێکی مرۆیی دادپەروەرانەیەو لەگشت بەڵگەنامەو یاساکاندا پەسەند کراوە، بەڵام شەڕکردن یان داگیرکردنی وڵاتانی دی بەرێگەی عەسکەری کارێکی دڕندانەی داگیرکەرانەیە پێویستی بەسزادانە ئەگەر دادپەروەری یان مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا هەبێت.
پێویستە هەموو وەزیرێکی جەنگ لەهەر وڵاتێکدا بێت بدرێتە دادگا کاتێک شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی تردا دەکات، بۆ نموونە وەزیری جەنگی ئەمریکی دوناڵد رامسفلیڵد دەبوایە بدرایەتە دادگا پاش ئەوەی عێراقی داگیر کرد.
لەوانەیە هەندێک کەس بڵێت وەزیری جەنگ بەرپرس نییە لەجەنگ، سەرۆکی وڵات جۆرج بۆش بەرپرسە لەوە، ئەمە راستە , سەرۆکی وڵات بەرپرسە، بەرپرسی دووەم وەزیری جەنگە، دەیتوانی دەستی

لەکار بکێشایەتەوە، بڕیاری سەرۆکی وڵاتی جێبەجێ نەکردایە، وەک چەندەها وەزیری پێشوو لەزۆر وڵاتان ئەمەیان کرد، کاتێک ویژدانی ئەو وەزیرە ڕێ نەدات کە دەست بداتە کارێک بەنادادپەروەرو نامرۆیی ببینێت، بۆیە گرنگترین ئیرادە بۆ وەزیری جەنگ، یان وەزیری داد یان هەر وەزیرێکی ژن یان پیاو، ئەوەیە کە ویژدانێکی زیندووی مرۆڤی هەبێت، ئەو ئازایەتیەی هەبێت کە ڕێگری لەبڕیاری سەرۆکی وڵات یان حکومەت بکات، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا دەست لەکار بکێشێتەوە.

پێویست ناکات کە وەزیری جەنگ شێوازەکانی جەنگو کوشتار بزانێت، پێویست ناکات کە ماسولکەکانی یان ئێسکەکانی بەهێز بن، بەڵام پێویستە کە ویژدانو ئازایەتی هەبێت تابتوانێت دەست بەرداری پۆستەکەی بێت ئەگەر سەرۆکی وڵاتەکەی فەرمانی پێدا وڵاتێکی دی داگیر بکات.

لەو چوارچێوەیەدا جۆری ڕەگەز گرنگ نییە، پێویست ناکات ویژدانی ژن توندوتیژو دڕندانە تر بێت لەپیاو، نموونەی زۆر هەن گرنگترینیان مارگرێت تاشتەر لەبەریتانیا، کۆندالیزا رایس لەوڵاتە یەکگرتووەکان، ژنە پاسەوانەکانی بەندیخانەی ئەبوغریب لەعێراقو گوانتانامۆ، زۆریش لەبەندیخانەی نوێو پاش نوێی دی.

سەبارەت بەوەزیری جەنگی نەرویجی پرسیارم کرد، هەڵوێستی چییە دەربارەی جەنگ لەعێراقدا، وتیان ئەو خانمە وەزیرە پاڵپشتی لەبەڕێز جۆرج بۆش کردوە، وتم کەواتە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دۆناڵد رامسفیلدا نییە، بێجگە لەوەی ئەم ژنەو ئەو پیاوە.

ڕەگەزپەرستی کوێرانە لەگەڵ ژناندا وەک ڕەگەزپەرستی کوێرانەیە لەگەڵ پیاواندا، ئەوانەی لایەنگری ژن دەکەن تەنها لەبەرئەوەی ژنە وەک ئەوانە وان کە لایەنگری پیاو دەکەن تەنها لەبەرئەوەی پیاوە.

ئەمانە پاشماوەی ئەو رەگەزپەرستیەیە کە لەکاتی کۆیلایەتیەوە پەیدا بووە، کە جیاوازیکردنە لەنێو خەڵکیدا لەسەر بنەمای جۆر یان رەگەز یان رەچەڵەک یان رەگەزنامە یان ئایین یان رەنگ یان زمان یان هەر شتێکی دی.

ئەو کەسانەی داوا لەو ژنە دەکەن کە بۆ کارکردن هاتۆتە دەرەوە بگەڕێتەوە بۆماڵەوە بۆئەوەی رۆڵە ژنانەکەی ببینێت، وەک ئەوانە وان کە داوا لەپیاوێکی رەشپێست دەکەن پێڵاو بسڕێتەوە تەنها لەبەرئەوەی رەشپێستە.

چوستیو شیاویی پیشەی مرۆڤ لەژیاندا دیاری دەکەن نەک رەنگی پێست یان جۆری ڕەگەز, لەبەرئەوە سەرۆکی دەوڵەت خاتوو فیرافایک سەرۆک کۆماری لاتنیا هەر بانگێشتێک رەت دەکاتەوە کە داوای گەڕانەوەی ژنان بۆ ماڵەوە دەکات, ئەو دەڵێت ئەوجۆرە بانگێشتە تەنها بەڵگەی گێلیو بێ رێزییە لەواقیعو لەهەقیقەت.

**٢ئابی ٢٠٠٥**

## ئایا دەتوانین دەستبەرداری پیاوان بین؟

ئاخۆ دەتوانین وێنای کچێک بکەین کە لەژیانیدا دەستبەرداری پیاو بێت، بژیو کار بکاتو منداڵی ببێت بەتەواوەتی بەبێ بەپیاو؟
لەوڵاتەکەماندا خەیاڵی خەڵکی ناتوانێت ئەمە وێنا بکات، بەڵام زانستی نوێ ئەوەی هێنایە دی کە خەیاڵمان لێی دەستەوەستانە.
ئێمە کچان بەرێگەیەک پەروەردە دەکەین جیاوازە لەو رێگەیەی کە کورانی پێ پەروەردە دەکەین. کوڕ لەمنداڵیەوە وا پەروەردە دەکرێت کە ببێتە پیاو، لەبواری سیاسەت یان ئابوریدا کاربکات یان بچێتە ناو حیزبەکانەوە، یان فرۆشگایەکی بازرگانی بکاتەوە، یان بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکات , یان لەژیانی گشتی لەدەرەوەی ماڵدا بەشداری بکات.
ئێمە بەکوڕ ناڵێین لەپێناوی ژنو هاوسەرگیریو منداڵبووندا خوڵقاوە. بەڵام کچ لەدیدی ئێمەدا بۆ پیاو وشووکردنو منداڵبوون خوڵقاوە، لەوانەیە کاری دیکەی پێ رابسپێرین لەدەرەوەی ماڵدا، بەڵام لەدیدی ئێمەدا رۆڵە بنەڕەتیەکەی لەژیاندا پەیوەستە بەپیاوو منداڵبوونەوە.
لەدیدی ئێمەدا مێیەتی ژن تەواو نییە تاوەکو مێردێکی پیاوی نەبێت , لانیکەمیش منداڵێکی لێی هەبێت. بەکورتی ئێمە وا هەست دەکەین کە ژن لەپێناوی پیاو و منداڵدا دروست بووە، بەڵام پیاو لەپێناوی ژنو منداڵدا دروست نەبووە بەڵکو لەبەر چەند شتێکی دیکەی گرنگتر.

هەر لەمنداڵیەوە لەم بیرۆکە نامرۆییە یاخی بووم , ئەو پرسیارەم بەخەیاڵدا دەهات کە بەخەیاڵی هەموو کیژۆڵەو کچێکدا دێت (چۆن لەپێناوی پیاوێکدا بژیم کە ئەو لەپێناومدا ناژی)؟
پرسیارێکی مرۆیی سروشتیە پەیوەستە بەچەمکێکی ئەخلاقی بنچینەییەوە کە دادپەروەریو یەکسانییە لەنێو مرۆڤ و مرۆڤدا، کیژۆڵە هەر لەدایک بوونییەوە دەزانێت کە مرۆڤە وەک براکەی یان هاوڕێ کورەکەی لەقوتابخانە یان لەکاردا.
ئەم درک پێکردنە پێویستی بەزیرەکیەکی زۆر نییە، بەڵکو شتێکی سروشتیە بەسەر هەموو کچێکدا دێت.
لەبەرئەوە زۆربەی کچان لەوڵاتەکەمان و لەوڵاتانی جیهاندا لەم یاسا ناسروشتیە یاخی دەبن , کە لەدیدی کۆمەڵگەدا بووەتە شتێکی سروشتی لەوەتەی سیستمی باوکسالاری پەیدا بووە کە بنەماکەی دەسەڵاتدارێتی پیاوانە لەدەرەوەو ناوەوەی ماڵەوەدا، لەسیاسەتو ئابوریو کۆمەڵناسیو مێژوو و ئایینو ئەخلاقو فێرکردنو زانستو هەموو شتێکدا.
زانست وەک هەر شتێک بەرهەمی کۆمەڵگەیە , بەڵام دۆزینەوە زانستیەکان بەتایبەتی لەبواری زانستی بایۆلۆژیدا بووە هۆی گۆڕینی زۆر لەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی وێنامان دەکردن کە سروشتین، لەوانەش: ژن نابێتە ژنێکی مێینەی تەواو یان ناسنامە تەواو تاوەکو پیاوێکو لانیکەم منداڵێکیشی نەبێت.
ئەوەی تازەیە لەزانستی نوێدا (لەمرۆدا بەناوی زانستی کۆپیکردن ناسراوە) , ژن دەبێتە خاوەن منداڵو دەبێتە دایکێکی تەواو بێئەوەی پێویستی بەپیاو هەبێت. بەکورتی خانەیەکی دی لەجەستەی هەمان ژنەوە یان ژنێکی ترەوە وەردەگیرێت، هەردوو خانەکە دەکرێت بەیەک بەمەش ٤٦ کرۆمۆسۆم پێک دێنن. لەکارگەدا پاش ئەوەی

هێلکۆکەی ژنێک وەردەگیرێت گەشەی پێدەدرێت تا دڕکە خانەکانی لێوە دەربێنن , ئەمانەش ئەو خانە یەکەمینانەن کە دەگۆڕێنو گەشە دەکەنو دەبنە کۆرپەلەیەکی سروشتی.

بەمشێوەیە ژن منداڵەکەی دەست دەکەوێت بێئەوەی پێویستی بەپیاو بێت، ئەم زانستە نوێیە گرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورەی نایەوە بۆ ئەو سیستمە باوکسالاریەی کە لەسەر بنەمای پیاو دروست بووە.

٢٠٠٥/٨/٦

## ئازایەتی ژن لەفەرەنسادا

لەفەرەنسا ژنان لەگەڵ پیاوانو لاواندا لەڕەتکردنەوەی پڕۆژەی دەستوری ئەوروپی یەکگرتوودا بەشدارییان کرد، ئەمە لەڕۆژی ٣٠مایسی ٢٠٠٥ روویدا.

ئەمە ئەو زەبرە میللیە بوو کە ژنو پیاوە فەرەنسیەکان ئاراستەی حکومەتەکەیان کرد، بەڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەستورەکە بەزۆرینەی ٥٥٪.

ئایا پێشبینی روودانی ئەمە بکەین لەهەر وڵاتێکی عەرەبیدا؟ ئایا هەر گەلێکی عەرەبی بەژنو پیاو و لاوەوە دەتوانێت بەحکومەتە ستەمکارەکەی بڵێت (نا) لەدەنگدانەکاندا بەزۆرینەی ٥٥٪، نەڵێت بەڵێ بەزۆرینەی لەسەرو ٨٠٪ یان ٩٠٪؟!

بەڵام مێژووی کاری دیموکراسی لەفەرەنسادا کۆنە لەوەتەی شۆڕشی فەرەنسا هەڵگیرساوە، هەروەها بزوتنەوەی ژنانی فەرەنسی بەشدارییان کرد لەبزوتنەوەی دیموکراسیدا بۆ گوزارشتکردن لەبێزارییان لەدەسەڵاتی سەرمایەداری باوکسالاری کە تێیدا پارەو چەکو میدیای ساختە باڵادەستن، کە بوونە هۆی فراوانبوونی کەلێنی نێو هەژارو دەوڵەمەندەکان، هەروەها زیادبوونی بێکاریو هەژاری بەتایبەتی لەنێو ژناندا، زاراوەی (بەمێکردنی هەژاری) بووەتە شتێکی جیهانی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا، کە تێیدا سیستمی چینایەتی نێرینە باڵادەستە.

ئەو زەبرە میللیەی لەحکومەتی شیراک درا، وایلێکرد خۆپاڵاوتنی بۆ فەرمانڕەوایی سەرۆکایەتی سێیەمی ساڵی ۲۰۰۷ کارێکی مەحاڵ بێت، کەسێتی (دومیک دوفیلبان) وەک پاڵێوراوێک بۆ سەرۆکایەتی لەئاییندەیەکی نزیکدا دەربکەوێت، هەروەها خاتوو (میشاڵ ئالیو ماری) وەک وەزیری بەرگری.

یەکێتی ئەوروپا زللەی (نەخێر)ی فەرەنسی بەرکەوت، بەبیروڕای من شایستەی ئەو زللەیە بوو لەگەلی فەرەنسیەوە، کە گەورەترین گەل بوو رۆلیان لەدامەزراندنی یەکێتی ئەوروپادا بینی.

زۆربەی حکومەتە ئەوروپیەکان ئەم رەتکردنەوە فەرەنسیە میللیەی بۆ پرۆژەی دەستوری ئەوروپی بەنشوستیەک دانا دژ بە بەرژەوەندی حکومەتە ئەوروپیەکان، بەوە کە یەکێتی ئەوروپا یەکێتیە لەنێو حکومەتەکاندا زیاتر لەوەی یەکێتی بێت لەنێو میللەتاندا , لەوەدا لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەچێت، یەکگرتنی حکومەتەکانە لەپێناوی بەرژەوەندیان دژ بە بەرژەوەندی ملیۆنەها لەگەلەکانی، هەروەها وەک کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبیەکان کە یەکگرتنی حکومەتە عەرەبیەکانە دژی میللەتە عەرەبیەکان.

زلهێزە عەسکەری‌و ئابوریيە سەرمایەدارە گەورەکان دەستیان گرتووە بەسەر رێکخراوە نێودەوڵەتی‌و ناوچەییەکاندا , لەوانەش یەکێتی ئەوروپا وەک هەر دامەزراوەیەکی چینی باوکسالاری ملکەچی لۆژیکی باڵادەستی هێزو پارەیە بەسەر هەق‌و دادپەروەریدا.

سەرۆکی فەرەنسی شیراک دانی بەگرفتە ئابوورییە داهاتووەکەی حکومەتە راستڕەوە سەرمایەدارەکەیدا نا، پاش ئەوەی گەلی فەرەنسی دەستورە ئەوروپیە نادادپەروەرەکەی بەزۆرینەی گەل بەپیاو ژن‌و لاوەوە رەتکردەوە، چونکە حکومەتەکان ملکەچی لۆژیکی پارمەتیە دارایەکانن کە یەکێتی ئەوروپا پێشکەشیانی دەکات،

چونکە دەچێتە کیسەی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە نەک چینە میللیە رەنج کێشەکانەوە.

وەک لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا روودەدات، یارمەتیە ئەمریکیو ئەوروپیەکان دەچنە کیسەی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە، گەلان تەنها بەشێکی یەکجار کەم یان هەژاری زیاتر یان بێکارییان دەستدەکەوێت. خاتوو (میشال ئالیوماری) وەزیری بەرگری، کەسایەتیەکە دەسەڵاتێکی حکومی هەبوو تا گەیشتە پۆستی وەزیری بەرگری، کە پۆستێکی نێرینەیە بەپلەی یەکەم، وەک مارگرێت تاشتەر دەستێکی ئاسنینی هەیە، ئەوەندە بەس نییە کە مرۆڤ ژن بێت تا بێتە دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر.

٢٠٠٥/١٠/١

## ژنو پارەو دەسەڵات

ئەم سێ وشە گاڵتەجاڕیە (ژن , پارە , دەسەڵات)، شەهوەتی زۆربەی پیاوان هەڵدەستێنن لەجیهاندا، ڕێگەیەکە بەرەو کەندەڵان، تا پیاوان دەخلیسکێنە ناو گەندەڵیەوە، لەزۆربەی بوارەکاندا , سیاسی یان ئابوری... هتد.

زۆرم دەربارەی ژیانی ئەو پیاوانە خوێندۆتەوە کە هەڵخلیسکاونەتە ناو ئەو پیشەیەوە کە پێیدەڵێن (پیشەی پیس)، بەهۆی ئەم سێ کوچکە ورووژێنەرەوە : ژن، پارە، دەسەڵات.

کتێبێکم لەو کتێبانە خوێندەوە بەناونیشانی (پیاوێکی ئابوریناسی بکوژ)، نووسەرەکەی شارەزایەکە لەبواری ئابووریداو ناوی (جۆن بیرکینز)ە بەڕەگەز ئەمریکیە , لەپێشەکی کتێبەکەیدا دەربارەی خۆی دەڵێت:

هاتمە ناو ئەم پیشە پیسەوە (پیشەی ئابوری بکوژ) بەهۆی ئارەزومەوە بۆ ژنو پارەو دەسەڵات، لاوێک بووم شەهوەتی سەرکەوتنم لەم سێ بوارەدا هەبوو: ژنو پارەو دەسەڵات، وەک زۆر لەلاوانی هاوچەشنی من، پاشان چەندەها نەهامەتیو تاوانم بینی کە خۆم هۆکاریان بووم، ویژدانم پێی بێزار بوون، نەمتوانی بەردەوام بم لەوکارەدا کە بکوژی مرۆڤایەتیەکەمە، بۆیە بڕیارمدا خۆمی لێ رزگار بکەم.

نووسەرە ئەمریکیەکە کتێبەکەی پێشکەشی سەرۆکی ئیکوادۆر

(جیم ڕۆڵدوس)و سەرۆکی پەنەما (عومەر توریچوس) کرد، کە هەردووکیان لەڕێگەی دەزگا ئەمریکیە نهێنییەکانەوە کوژران، لەڕێگەی ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە لەئاسمانەوە بۆ زەوی، نووسەرەکە لەکتێبەکەیدا دەڵێت: ئەو دوو سەرۆکە ملیان کەچ نەکرد بۆ ئارەزووی هاوبەشی کردن (یان هاوڕێیەتی) لەنێوان وڵاتەکەیانو ئێمەدا، ئێمەی حکومەتی ئەمریکی کە دەستی یارمەتیو هاوکاریو مرۆڤایەتیو دیموکراسییان بۆ درێژ دەکەین.

نووسەرەکە باس لەوە دەکات چۆن توانیویەتی خەڵک فریوبدات، ڕاپۆرتە ئابوورییە ساختەکان بنووسێت لەپێناوی ڕاکێشانی بەرپرسەکانی دەوڵەت بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی بەڕواڵەت بەسوود بوون، کە یارمەتی گەشەسەندنی یان چاکسازی ئابووری دەدەن، لەڕاستیدا ئابووری نیشتیمانی تێکدەشکێنێت، دەبێتە هۆی هەژاری زیاتر بۆ زۆربەی گەل، زیادبوونی قەرزی دەرەکیو ناوخۆیی کە دەوڵەت ناتوانێت بیانداتەوە، بەمەش دەبێتە ئامێرێک لەدەستی داگیرکەری نوێدا , ئەویش ئەوەی دەیەوێت پێی دەکات.

نووسەرەکە دەڵێت: زۆرجار لەو پیشە پیسەدا سەرکەوتنمان بەدەستدەهێنا، کە بەهۆی ئارەزوومان بۆ پارەو ژنو دەسەڵات ڕازیبووین کاری تێدا بکەین، بەڵام هەندێجار شکستمان دەخوارد، وەک لەپەنەماو ئیکوادۆردا ڕوویدا، لەناخمدا ئەو دوو سەرۆکەی پەنەماو ئیکوادۆر (جیم ڕۆڵدوسو عومەر توریجوس)م بەدڵ بوو، دڵسۆزییە زۆرەکەیانم بۆ نیشتیمانەکەیان بەدڵ بوو وێڕای ئەو هەموو ئیغرائاتانەی کە پێشکەشیان کرابوو، لەکاتی شکستهێنان لەگەڵ ئەوجۆرە سەرکردانەدا کە دڵسۆزی گەلەکەیانن، ئێمە بەبێدەنگی پاشەکشێ دەکەین، سواری فڕۆکە دەبینو وڵاتەکە بەجێ دێڵین، تادوای ئێمە پیاوەکانی دیکەمان لەدەزگای نهێنیدا دێن،

که کارەکەیان کوشتنی جەستەیە، پاش شکستهێنانمان لەکوشتنی ئابووری وڵاتەکەدا.

ناونیشانی کتێبەکە (دان پیانانەکانی پیاوێکی ئابووری ناسی بکوژ) ە، نووسەرەکە باسی ژنێک دەکات کە ئەم کەوتۆتە داویەوە , کە لەو پیشە پیسەدا کاری دەکردو نازناوی شارەزای ئابووری هەبوو، لەرێگەی ئەو ژنەوە خلیسکاوەتە ناو کەندەڵانێکەوە، خەریک بوو وەک مرۆڤێک بەتەواوەتی تیابچێت، ئەگەر بهاتایە ویژدانی زیندوو نەبوایەتەوەو دەستی لەکارەکەی نەکێشایەتەوە.

وەک نووسەرەکە بیەوێت بڵێت: گوناهکردن بەژن دەستپێدەکات، حەوای گوناهبار, ئەوەش بیرۆکەیەکی راست نییە، پیاوەکە هەوڵدەدات خۆی پێ بێتاوان بکات لەگەندەڵی، تەنها لەبەرئەوەی پیاوە، کوڕی پیاوە , ژن نییە، لەکچە مارەکانی حەوا نییە.

**قاهیره ٢١/١٠/٢٠٠٥**

## ژن.... هەر ژن نییە

بیرۆکەیەکی هەڵەی باو هەیە، دەڵێت: ژن هەر ژنە لەهەموو زەمانو شوێنێکدا، لەپێناوی پیاودا دەژیو دەمرێت، بێ پیاو ناتوانێت بژی، پیاو یەکەمو دوا شتە کە سەرقاڵی دەکات، حەزی لەشووکردنە، پاش ئەوەی شوودەکات بەمێردەکەیەوە سەرقاڵ دەبێت کە چۆن پارێزگاری لێبکات تا ژنێکی تر تەفرەی نەدات، لەوەشدا پشت بەگشت شێوازە مێینەو نامێینەکان دەبەستێت کە لەدایکو نەنکیەوە بۆی ماوەتەوە، لەوانەیە ژن مامۆستای زانکۆ یان وەزیر یان سەرۆکی دامەزراوێکی گەورە بێت، سەرەڕای ئەوەش هەر بڕوای بەفێڵو فاڵو خورافەیە بۆ پارێزگاریکردن لەمێردەکەی.

گفتوگۆیەکی گەرم لەنێوان منو ژنێکی راگری یەکێک لەزانکۆ گەورەکانی شاری نیویۆرکدا روویدا، بۆم دەرکەوت کە بڕوای بەهەندێک خورافە هەیە لەژێر ناوی رۆحانییەکاندا، لەوانەش کە رۆحێکی خراپ چووەتە ناو مێردەکەیەوە بۆیە پاش سی ساڵ لەهاوسەرێتیەکی سەقامگیری بەختیار لێی جیابوەتەوە و سکرتێرە گەنجەکەی هێناوە، چۆن ئەمە روویدا، خاتوونەکە دەڵێت: کچە گەنجە فاڵی لێکردوە، ئەمەی بەزمانی ئینگلیزی وت، بەڵام دەنگی و شێوازی وتنەکەی نەنکە جووتیارەکەمی بیر خستمەوە لە (کەفری تەلحە) لەپارێزگای قەلیوبیە، هەروەها پورە جووتیارەکانمو چەند ژنێکی دیکەی لادێکەش، ئەوانەی پێیانوایە پیاو دەکەوێتە داوی

سیحرەوە کە ژن لێیدەکات، بۆیە وەک سێبەر دوای دەکەوێت.
لەوانەیە ئەو سیحرە کاغەزێکی لولکراو بێت کە پێی دەڵێن (دوعا)، ژنەکە لەسنگیدا هەڵیدەگرێت یان دەیکاتە ملی، یان لەوانەیە ژنەکە هەندێک لەتاڵەقژی یان جەستەی پیاوەکە ببڕێت کاتێک کە نوستووە پاشان لەناو پارچە قوماشێکدا قەدی بکاتو لەشوێنێک یان لەژێر جێگەیەکدا بیشارێتەوە یان بیکات بەبنمیچێکەوە.
ئەو خورافانە چۆن لەمێژوودا پەیدا بوون؟ بۆچی تا ئەمڕۆ لەسەردەمی زانستی نوێو دۆزینەوە مەزنەکاندا بەردەوامن؟ ئایا لەبەرئەوەی ژن هەر ژنە لەهەموو زەمانو شوێنێکدا؟ تەنیا خەیاڵی لای پیاوو پارێزگاریکردنە لێی، یان لەبەرئەوەی یاساکانی کۆیلایەتی هەر لەدروستبوونیانەوە ژن ملکەچی ئەمجۆرە بیرۆکە نالۆژیکیە دەکەن؟
ئەگەر لەمێژوو بکۆڵینەوە دەبینین سروشتی مرۆیی ئەگەر سروشتی (ژن یان پیاو)بێت، بە بەردەوامی لەگەڵ بارودۆخە رۆشنبیریو سیاسیو ئابووریو ئەخلاقیەکاندا دەگۆڕێت، راست نییە کە ژن هەر ژنو پیاویش هەر پیاوە لەهەموو زەمانو شوێنێکدا، لەوانەیە گۆڕانەکە زۆر هێواش بێت بەڵام بە بەردەوامی روودەدات، پێویستە ملکەچی ئەو بیرۆکەیە نەبین کە (سروشتی مرۆیی جێگیرەو هەرگیز ناگۆڕێت)، چونکە ئەم بیرۆکەیە دژی واقیعو دژی لۆژیکی سادەیە، سەیر ئەوەیە ماڵێکی شوێنەواری لەمیسر هەیە کە بەجێنزرگەیەکی گەشتیاری دادەنرێت، ژنێکی میسری بەناوی (وەسیلە)وە خاوەنی بوو، لەسەدەی حەوتەمدا (١٦٦٥) واتە پێش چواردە سەدە لەناوچەی ئەزهەردا دروستی کردبوو، لەم دواییەدا نۆژەن کرایەوە، لەکاتی نۆژەنکردنەوەی بنمیچەکەیدا دەرکەوت کە دوعایەکی تێدایە، خاتوو وەسیلە لەکونێکی ناو دیوارەکەدا شاردبویەوە تا مێردەکەی بەنوساوی پێوەی بمێنێتەوەو نەچێت بۆلای ژنێکی تر، ئەم ژنە

بەناوی (وەسیلە خانی کچی عەبدوڵلا) ناسراوە، هەندێک کەس ئەوەی کرد بەپەندێک کە ژن هەر ژنە لەهەموو زەمانو شوێنێکدا و هەمیشە ناگۆڕێت، ئەمەش بیرۆکەیەکی هەڵەیەو لەگەڵ واقیعدا کۆک نابێت.

زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە سروشتی مرۆیی جێگیر نییە، بەڵکو بە بەردەوامی لەگەڵ ژینگەو بارودۆخی ماددیو نامادیدا دەگۆڕێت کە مرۆڤ ژن یان پیاوی تێدا دەژی، ئەمەش بووە هۆی سڕینەوەی وشەی سروشتی مرۆیی لەفەرهەنگی زانستیداو گۆڕینی بەوشەی (پاڵنەرەکان)، چونکە پاڵنەرەکان لەلای پیاو یان ژن دەتوانن سروشتی پیاو یان ژن بگۆڕن.

بۆ نموونە ئەگەر پاڵنەر لەژیانی ژندا دەستکەوتنی مێرد بێت ئەوا قەوارەی ژنەکە بەجەستەو بەئەقڵو بەدەروونەوە دروست دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، بۆیە پەنا دەباتەبەر گشت شێوازە کۆنو نوێکان تا مێردێکی دەستبکەوێتو بیپارێزێت (تاوەکو نەفڕێت) بەگشت شێوازە خورافیو ناخورافیەکان. لەبەرئەوەی پەروەردەکردن لەماڵەوەو فێرکردن لەقوتابخانەو زانکۆکان نابنە هۆی زانین یان پێشکەوتنی ئەو پاڵنەرانەی کە مرۆڤی ژن یان پیاو دەجوڵێنن بەرەو ئەو ئامانجانەی کە مرۆیی ترو پێشکەوتووترن، ئێمە دیاردە سەیرەکان دەبینین، لەوانەش ژنێکی راگری زانکۆ هەوڵی سیحرو فاڵ دەدات، کە دوعایەکی بۆ مێردەکەی کرد تا دوای سکرتێرە گەنجەکەی نەکەوێت، ئەم ژنە راگرە لایەنگرانی هەیە لەچینی رۆشنبیرانی ژنو پیاوی ناو کۆمەڵگەدا، ئەوانەش کە جەخت دەکەنەوەو دەڵێن ژن هەر ژنە لەهەموو زەمانو شوێنێکدا، لەسروشتدا لەپێناوی پیاودا دروست بووەو دەبێت پیاوی دەستبکەوێت و بەگشت شێوازە لۆژیکیو نالۆژیکیەکان پارێزگاری لێبکات، ئەگینا دەبێتە کچێکی قەیرە یان

ژنێکی تەنیا، بەواتای ژنێکی نەخوازراو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، یان ژنێکی ناسروشتی.

بەڵام بزوتنەوەی ژنە هۆشیارەکان لەوڵاتەکەمانو لەوڵاتانی دیکەدا توانیان لەسەدەی کۆنی رابردوودا ئەو چەمکە کۆیلایەتیە کۆنانە بگۆڕن، لەوانەش کە ژن هەر ژنەو تەنها ئامانجی ئەوەیە لەژیاندا شووبکاتو منداڵی ببێت، ژن بووە خاوەنی ئامانجە جۆراوجۆرو جیاوازەکان لەژیاندا، پێدەچێت شوکردنو منداڵبوونیش بگرێتەوە.

دیاردەی شوو نەکردنی کچان بووەتە شتێکی ناسراو لەوڵاتەکەمانو لەگشت وڵاتانی جیهاندا، ئەو ژنەی بەکرێیەک کاردەکات دەتوانێت خۆی بەخێو بکاتو بەتەنیا بژی بێئەوەی هەست بەکەمی بکات، بەڵکو هەست بەشانازی دەکات، چونکە مامۆستا یان نوسەر یان شاعیر یان ئەندازیار یان پزیشک یان کرێکاری پیشەسازی یان کشتوکاڵییە، یان هونەرمەندە لەسینەما یان شانۆدا، یان گۆرانیبێژە یان سەماکەرە... هتد. پیشە لەژیانی ژندا رێزدارە مادامەکی بەکرێیەک کار دەکات، کەس بەخێوی ناکات، هیچ شتێک مرۆڤ (ژن یان پیاو) ریسوا ناکات وەک ئەوەی لەسەر کەسێکی دی بژی، تەنانەت باوک یان مێردیش.

کەسێتی ژن بەگۆڕانی پاڵنەرو ئامانجەکانی لەژیاندا دەگۆڕێت، لەگەڵیشیدا سروشتی ژن دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکاریە تەنها بەگۆڕانی ئەو بەهایانە روودەدات کە کچ یان کوڕی لەسەر پەروەردە دەکرێن، بەشێوەیەک کە کچ هەر لەمنداڵیەوە بزانێت ئەو مرۆڤێکی جەستەو ئەقڵو دەروون تەواوە، تەنها مێ نییە.

٢٠٠٥/١٠/٢٩

# پیاوێکی ڕەوشت جوانو ڕەگەزێکی بەهێزی لاواز

ژنێک پیاوەکەی ژەهرخوارد کردو مرد، ژنەکە لەبەردەم لێکۆڵەرەوەدا دانی پێداناو وتی: مێردەکەم لەگەڵ چەندەها جۆری جیاواز لەژنو پیشەی جیاوازدا خیانەتی لێکردوم، لەپزیشکەوە بۆ مامۆستای زانکۆ بۆ سەماکار لەیانەی شەواندا، بۆ ژنی گارسۆن لەباڕدا، بۆ ئەو ژنانەی کە پەچەو باڵاپۆشنو خۆیان بەخاوەن ڕەوشتو چاکە دادەنێن، دایکی پیاوەکە دانی باوەدا نا کە ژنی کوڕەکەی وتی , لەلێکۆڵینەوەدا وتی: کوڕەکەم پیاوێکی ڕەوشت جوانو چاک بوو، بەڵام لەبەردەم ڕەگەزەکەی تردا لاواز بوو، کوڕەکەم زیرەکترین زانا بوو لەمیسردا، بەڵام هەر ژنێکی جوان دەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، چوار یان پێنچ یان شەش جار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی تەڵاقدا کە دایکی پێنج منداڵی بوو، کچێکی هێنا کە لەئاهەنگێکدا سەمای دەکرد، پاشان تەڵاقیدا دوای ئەوەی ژنێکی ناسی کە نووسەری شانۆ بوو، بەڵێ ئەوە کوڕەکەمە کە ژنە گەنجەکەی لەدواییدا بەژەهر کوشتی، ئەو ژنە تاوانبارە پیاوکوژە شایستەی لەسێدارەدانە، بەڵام کوڕەکەم لەزانا مەزنەکانی میسر بوو , ڕەوشتی جوان بوو.

کاتێک وشەکانی دایکەکەم لەڕۆژنامەکاندا خوێندەوە ئەو دژ یەکبوونە ئاشکرایەم لەقسەکانیدا بینی , چۆن پیاوێک ڕەوشتی جوان بێت لەگەڵ ئەوەشدا مێردێکی ڕەوشت ناشرین دەبێت، بەدڵی خۆی ژن

دەهێنێتو تەلاقی دەداتو هەر ژنێکی جوان دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

هیچ کام لەپیاوانی لێکۆڵەرەوەکە ئەو دژیەکبوونەی نێوان قسەکانی دایکەکەیان تێبینی نەکرد، بڕوایانوابوو کە مێردە بێتاوانەکە بووەتە قوربانی ژنێکی تاوانباری پیاوکوژ کە شایستەی لەسێدارەدانە.

کاتێک ڕووداوەکەم لەڕۆژنامەکەدا خوێندەوە ئەم پرسیارم بەخەیاڵدا هات، چۆن ئەو ژنە ئیدانە کرا، بەتاوانکارو ڕەوشت خراپ ناوبرا، بەڵام مێردەکەی وەک پیاوێکی ڕەوشت جوان باسکرا.

پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا دەکرێت پیاو ڕەوشتی جوان بێت لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکانی بەژنەوە خراپ بێت؟

پرسیاری دووەم: ئەگەر ئێمە ئەو چیرۆکە پێچەوانە بکەینەوە کە پیاوەکە ژنەکەی کوشتبێت لەبەرئەوەی لەگەڵ پیاواندا خیانەتی لێکردوە، لەجێگەی پیاوێکەوە چۆتە جێگەی پیاوێکی ترەوە (وەک کوژراوەکە لەگەڵ ژناندا دەیکرد) ئایا هیچ کام لەلێکۆڵەرەوەکان لەهەر دادگایەکدا ئەو ژنە کوژراوەیان بەڕەوشت جوان ناو دەبرد، مێردەکەشی بەپیاوێکی تاوانباری بکوژ کە شایستەی لەسێدارەدانە؟ ئایا باوک یان دایکی ئەو ژنە کوژراوە رایدەگەیاند کە کچەکەی ڕەوشت جوان بووە، بەڵام لەبەردەمی ڕەگەزەکەی تردا لاواز بووە، هەر پیاوێکی جوان دەیتوانی کۆنترۆڵی بکات؟ ئایا ئەم لۆژیکە دادگای پێ قایل دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمان لۆژیکە لەحاڵەتی پیاوە کوژراوەکەدا کە پێی قایل بووە، ئەمانەن ئەو بەها دوو فاقیانەی کە حکومڕانی کۆمەڵگەکەمان دەکەن، کە دژی لۆژیکی سادە دەوەستنەوە، چۆن پیاو ڕەوشتی جوان دەبێت لەکاتێکدا ڕەوشتی خراپە لەژیانی هاوسەرێتیەکەیدا؟ چۆن پیاو بە بەهێز

ناوبنێین , بڵێین پیاوەتی هێزو جوامێریو راستگۆییە، پاشان ئەم هێزە بگۆڕێت بۆ لاوازی لەبەردەم هەر ژنێکی جواندا، پاشان ژنو مێیەتی بەلاوازی وەسف بکەین، پاشان ئەم لاوازیە ببێت بەهێز لەبەردەم هەر پیاوێکی جواندا؟ کەواتە ئەی بەڕێزان کێ رەگەزی لاوازەو کێ رەگەزی بەهێزە؟

**قاهیرە ٢٠٠٥**

## ئایا ئەوانە کارە پڕوپوچەکانن؟!

وتارێکی توورەی یەکێک لەو نووسەرە پیاوانەم خوێندەوە کە خاوەنی لاپەڕەی خۆیەتی لەڕۆژنامە گەورەکاندا، دەربارەی ئەو کەسانەی وتار دەنووسن سەبارەت بەیەکسانی ژنو پیاو، یان مەسەلەکاتی تەلاقو خەرجیو هاوسەرگیری عورفیو هاوسەرگیری مسیار، یان کێشەکانی بێنوێژیو زەیستانی لەلای ژنان، یان چەند مەسەلەیەکی دی کە ئەو بەپڕوپوچیان دادەنێت , لەدیدی ئەودا پێویستە نووسەرە جدیەکان خۆیان بۆ کارە گرنگە جدیەکان تەرخان بکەن، وەک رزگارکردنی قودسو فەلەستین لەزایۆنیزم، رزگارکردنی بەغدادو عێراق لەئینگلیزو ئەمریکا، نەهێشتنی سێکوچکەی (هەژاریو نەزانیو نەخۆشی)، چارەسەرکردنی کێشەکانی بێکاریو گرانیو فێرکردنو چارەسەرکردن، بڕینی رەگی گەندەڵی .کە جەستەی میللەت هەڵدەکۆڵێت، رزگاربوون لەتوندوتیژی دەسەڵاتدارانو ستەمکاری سوڵتان.

ئەو وایدادەنێت کە ئەمانە کارە جدیە گرنگەکانن، هەر شتێکی دیکە بێجگە لەمانە خەریککردنی خەڵکە بەشتە هیچوپوچەکانەوە، بەڕای ئەو پێویستە نووسەرە جدیەکان دەربارەی ئەم کارە گرنگانە بنووسن، ئەگەر نەیانتوانی ئەوا بێدەنگی باشترە لەقسەکردن دەربارەی بێنوێژیو زەیستانی یان بڕیاری بەرەچەڵەککردنی منداڵی

زۆڵ، یان مەرجەکانی هاوسەرگیری عورفی یان هاوسەرگیری مسیار, یەکسانی ژنو پیاو لەیاساکانی باری کەسێتیدا، چەند کارێکی پڕوپوچی تریش.
نووسەرەکە بەردەوامە لەسوککردنی نرخی ئەو کەیسانەی پەیوەستن بەژنان, بەبریندارو منداڵە ناشەرعیەکانەوە، کتێبەکە هانی ئەو نووسەرانە دەدات کە خاوەنی لاپەڕەی خۆیانو وتاری رۆژنامەکانن، بنووسن لەبارەی پوختی کارو، راستگۆیی لەقسەداو دڵسۆزیی لەپەیمان دەربارەی سیستم، دەربارەی دەستکورتو دڵنەوایی ستەملێکراو، میهرەبانی لەگەڵ لاوازدا، دەرکردنی ئەو داگیرکەرانەی بەربوومەکانیان دزین، قورئانیان پیس کردین، دەستدرێژیان کردە سەر نیشتمان!
چەندجار ئەم قسانەمان بەقەڵەمی نووسەرە گەورەو بیرمەندەکان لەوڵاتەکەماندا خوێندۆتەوە، ئەوە وتارێکە پڕە لەهەستی نیشتیمانیو دڵسۆزی دژ بەستەمو لاقەکردنی ئابووریو سیاسی، بەڵام ئەو جیاوازی دەکات لەنێو لاقەکردنی زەویو پەترۆل یان دەستکەوتە داراییەکان, لەنێو لاقەکردنی مرۆڤی ژن یان پیاو یان منداڵدا.
ئەو لەبارەی راستگۆیی لەقسەو پەیمان بردنەسەر دەدوێت، ئەمەش شتێکی مەزنە، ئەو جیاوازی دەکات لەنێو راستگۆیی لەژیانی سیاسیو راستگۆیی لەژیانی کەسێتیدا، لەنێو پەیمان بردنەسەر لەژیانی گشتیو پەیمان بردنەسەر لەژیانی تایبەتیدا.
دڵسۆزی بۆ نیشتیمان لەدڵسۆزی بۆ کارکردنو بۆ هاوسەرگیری بۆ پەیوەندییە سۆزداریو کەسێتییەکان جیا نابێتەوە لەنێو تاکەکاندا بەژنو پیاوەوە، سەربەستیو دادپەروەری لەژیانی گشتیدا بەشێکە لەسەربەستیو دادپەروەری لەژیانی خێزانی یان ژیانی تایبەتی جیا

نابێتەوە.

بەواتایەکی دی دیموکراسیەت لەژێر گومەزی پارلەماندا جیا نابێتەوە لەدیموکراسیەت لەماڵەوەدا. ئەو پیاوەی درۆ لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات کە هاوبەشی جێگەکەیەتی هەرگیز راستگۆ نابێت لەپەیوەندیەکانی دیکەی لەدەرەوەی ماڵدا. ئەو پیاوەی پەیمان ناباتەسەر لەگەڵ ئەو ژنەدا کە هاوبەشی جێگەکەی کردوە، پەیمانەکەی ناهێنێتەسەر لەپەیوەندیەکانی دیکەی دەرەوەیدا. ئەو مێردەی لەماڵەکەیدا دیکتاتۆرە , ئەوەی بیروڕای بەسەر ژنو منداڵەکانیدا دەسەپێنێت، ناکرێت ببێتە دەسەلاتدارێکی دیموکراسی. ئەو پیاوەی ستەم لەژنو کچەکەی دەکات پیاوێکی ستەمکارە بۆ هەر کەسێکی دی ئەگەر بێتو ئیدیعای دادپەروەریو دڵنەوایی کەسێکی ستەملێکراو و میهرەبانی لەگەڵ لاوازدا بکات , ئەو پیاوەی نکوڵی لەڕەچەڵەکی منداڵەکەی خۆی دەکات، هەروەها نکوڵی لەپەیوەندی بەدایکی منداڵەکەوە دەکات، ئەوە پیاوێکی بێدەسەلاتەو ناتوانێت یارمەتی لاواز بدات، بەڵکو سزای منداڵێکی بێتاوان دەدات، نازناوی منداڵی زۆڵی دەداتێ، بەڵکو سزای ئەوانەش دەدات کە داکۆکی لەمافەکانی ئەو منداڵە ستەملێکراوانە دەکەنو پێیاندەڵێت ئەوانە هیچپوچنو بایەخ بەشتی پڕوپوچ دەدەن.

**قاهیرە ۲۰۰۵**

## ئایا ژنانی عێراق لەگەڵ پیاواندا یەکسان دەبن لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانەدا؟!

لەنیوەی ئابی ٢٠٠٥دا دەستوری نوێی عێراقی بەئەنجام دەگەیەنرێت، چەند نامەیەکم لەژنانی عێراقەوە پێگەیشت کە لەناو عێراقو لەدەرەوەیدا دەژین، وا وێنا دەکەن ئەو دەستوورە داواکارییەکانی ژنی عێراقی ناهێنێتەدی بەیەکسانییەکی تەواو لەگەڵ پیاوان , لەگشت ئەرکو مافەکان لەناو خێزانو لەدەوڵەتدا، دەسەڵاتی تایەفە ئایینیو خێڵەکیەکان گەیشتۆتە بڕگەکانی ئەو دەستوورە، ئەو تایەفەو خێڵانەی کە عێراقیان لەت لەت کرد و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانەدا لاوازیان کرد لەژێر دروشمی (دوبەرەکی بنێرەوە قازانج دەکەیت).

کاردانەوەی ئەم جیاکاریە تایەفەگەریو ئایینڕایە بەتایبەتی لەسەر ژنان بوو، بەڵکو لەسەر گشت گەلی عێراق بەژنو پیاوەوە لەژێر ناوی (بەرهەڵستی نەکردنی بڕگەکانی دەستووری نوێکە لەگەڵ یاساکانی شەریعەتدا).

زانا ئایینییەکانی ئیسلام، فەقێکانو ئەوانەی زۆر لێزان بوون لەزانستی بنچینەکانی ئاییندا، ئەوانەی زانکۆی ئەزهەریان تەواو کردوەو بەئەقڵ کاریان کردوە نەک بەلاسایی کردنەوە، لەوانەش باوکمو تەها حسێنو عەلی عەبدول رەزاقو ئەوانی دی، ئەو زانا

ئایینیانە دەزانن کە بیروباوەڕی ئیسلامی شەریعەت نییە , چونکە یاساکانی شەریعەت دەگۆڕین (بەپێی باوەڕی ئایینی) لەگەڵ گۆڕانی زەمانو شوێندا، وەک پێغەمبەر وتویەتی (ئێوە لەکاروباری ژیانتان باشتر دەزانن)، لەبەر ئەوە یاساکانی شەریعەت لەولاتە ئیسلامیەکاندا لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێن، لەپاکستانەوە بۆ ئەندەنوسیا بۆ بەنگلادیش بۆ هند بۆ مالیزیا بۆ ئێران بۆ ئەفغانستان... هتد) لەوڵاتە عەرەبیەکاندا یاساکانی شەریعەت لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەگۆڕێت، ساڵی رابردوو لەجەزائیر بووم، یاسای باری کەسێتی نوێی جەزائیرم بینی، کە پیاوانی یاسا لەگەڵ زانا ئایینییەکاندا دایاننابوو، بەمەش پیاوی جەزائیری مافی ئەوەی نییە ژنەکەی تەڵاق بداتو ژنێکی دی بەسەر بێنێت تەنها لەبەردەم دادوەرو لەدادگادا نەبێت، بەمشێوەیش خێزانی جەزائیری لەهەڵوەشاندنو داڕمان بەدوور بوو کە بەهۆی بەرەڵایی هەندێک لەمێردەکانیانەوە رووی دەدا، هەروەها مومارەسەکردنی مافە رەها کۆنەکەیان لەتەڵاقدان یان هێنانی ژنێکی تردا، تەنها لەبەر تێرکردنی ئارەزوویەکی سەرەپێی سێکسی، نەک لەبەر پێویستی زۆر بەپێی ناوەرۆکی ئیسلام.

ئەوەی کە پێویستی زۆر دیاری دەکات دادوەرە لەدادگادا پاش ئەوەی گوێ لەگشت ئەندامانی خێزانەکە دەگرێت نەک تەنها مێردەکە. بەپێی دادپەروەری لۆژیکی نییە کە تاوانبار دادوەر بێت، پێویستە لایەنی سێیەم هەبێت لەنێوان ژنو مێردەکەدا بڕیار بدات کاتێک کە ئاژاوەو ئارەزووی جیابوونەوە هەبێت. بەڵام داگیرکەری بێگانە دادپەروەری یان سەربەستی یان دیموکراسیەت بۆ هەر وڵاتێک دابین ناکات کە داگیری دەکات، ئەو تەنها بەروبومەکانی بەتاڵان دەبات، ئەگەر نەوت یان لۆکە یان ئاڵتون یان هەر شتێکی دی بێت. ئەی

داگیرکەری بێگانە چۆن ئامانجە ئابورییەکانی دەشارێتەوە؟ ئەو کارتی ئایین بەکاردێنێت، بەمشێوەیە دەسەڵاتی تایەفەگەری ئایینی بۆ ناو بڕگەکانی دەستورە نوێکە شۆڕ بووەوە، ئەوەی تایبەتە بەباری کەسێتی یان مافەکانی گەلی عێراقی کە لەڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە.

## سەبارەت بەخەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیو ژنان

١- بۆچی ئەم کێبڕکێیە لەنێو وڵاتو حکومەتو ژنانو پیاواندا هەیە دەربارەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی یان ئەدەب یان هەر شتێکی دی؟

٢- زۆربەی ئەو کەسانە (گەر پیاو یان ژن) بن , کە ژیانیان کردە قوربانی لەپێناوی ئاشتی یان ئەدەبدا، هەرگیز خەڵاتی نۆبڵیان وەرنەگرتووە.

٣- ئایا دەتوانرێت خەڵاتی نوبڵ لە (سوید) لەو هێزە نێودەوڵەتیانە جیابکرێتەوە کە لەلایەنی سیاسیو ئەدەبیەوە حکومڕانی جیهانەکەمان دەکەن.

٤- کێن ئەوانەی بڕیاری خۆ کاندیدکردن یان هەڵبژاردن دەردەکەن؟ پێویستە ناو و مێژوو و بیرۆکەکانیان بزانین، ئایا ئەوان لەو یاسا نێودەوڵەتیە باڵادەستە یاخین کە لەسەر ئەم بنەمایە (هێز حکومڕانی دەکات نەک دادپەروەری) دامەزراوە؟

٥- بۆچی ئەو پیاوو ژنانەی کە ڕۆڵیان لەئاشتی ڕاستەقینە یان ئەدەبی مەزندا نەبووە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی یان ئەدەب وەردەگرن؟

- بۆ نموونە , ئایا (بیچین) داوای ئاشتی دەکرد؟

- زۆر لەو نموونەو ناوانە هەن کە لە ئەدەبو سیاسەتدا نغرۆ بوون، خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە لەبەر چەند هۆیەک کە پەیوەندی بەئاشتی یان بە ئەدەبەوە نییە.

٦- ئەو کەسانەی بەڕاستی تێدەکۆشن لەپێناوی ئاشتی یان لەپێناوی پێشکەشکردنی ئەدەبێکی مرۆیی مەزندا، بەژنو پیاوەوە هەرگیز

هەوڵی دەستکەوتنی خەڵاتەکان نادەن، تەنیا خەڵاتیان ئەو کارەیە کە خۆشیاندەوێتو ژیانو ناوبانگییان لەپێناویدا بەخت دەکەن، لەوانەیە لەلایەن گەلەکانیانەوە خەڵات بکرێن پاش مردنیان بەسەدەیەک یان نیو سەدە.

٧- سەبارەت بەخۆم زانیومە کە ناوم زیاتر لەجارێک بۆ خەڵاتی نۆبڵو چەند خەڵاتێکی نێودەوڵەتیو ناوخۆیی دی کاندید کراوە، بەڵام ئەو هێزانەی دەستیان بەسەر خەڵاتەکاندا گرتبوو ناوی منیان سڕیەوە، سەیری ناوی ئەو ژنە عەرەبانە بکەن کە خۆیان بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ئەمساڵ ٢٠٠٥ کاندید کردوە، لەڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە کە هەزار ژن لەجیهاندا لەلایەن دامەزراوەی سویسری بۆ ئاشتیەوە کاندید کراون، لەوانەش ٥٣ ژن لەوڵاتە عەرەبیەکان، یەکێکیان لەمیسرەو ناوی (نەدا سابتە) لەساڵی ٢٠٠١وە لەخزمەتی ئەو منداڵانەدا کار دەکات کە لەلایەنی ئەقڵیەوە دواکەوتوون.

دامەزراوەیەکی سویسری یەک ژنی لەمیسردا کاندید کرد کە (دامەزراوەیەکی عەرەبی یان میسری نییە) , ئەم ژنە تەنها ماوەی چوار ساڵە لەخزمەتی ئەو منداڵانەدا کار دەکات کە ئەقڵیان دواکەوتووە، لەڕاستیدا ئەوە کارێکی مرۆییە، بەڵام ئەو ژنە میسریانە لەکوێن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیووە لەپێشخستنی گشت ئەقڵی میسری لەماوەی نیو سەدەی رابردوودا، (نەک تەنها ئەقڵی دواکەوتووی هەندێک لەمنداڵان) , ئەو ژنانە لەکوێن کە ژیانیان دووچاری مەترسی کردەوە بۆ ئەوەی ئەقڵو بیرو ئاشتیو سەربەستی بەرەو پێشەوەبەرن , لەوانەش سەربەستیو پێشکەوتنی ژن؟!

یەک ژن لەنێو ٧٠ ملیۆن کەسدا، لەکاتێکدا شەش ژن لەکوێتو سعودیە کاندید کراون، نازانم کێن، بەڵام ناوی ژنێکیانم زانی کە لەئیماراتی عەرەبی کاندید کراوە ئەویش خاتوو (لوبنا قاسمیە) , لەبەحرەینیش

ژنێک کە ناوی خاتوو (لولوە کچی مەحمود خەلیفەیە) لەبواری چاودێریکردنی منداڵاندا کار دەکات.

ئایا ئەمە هەقیقەتی ئەو خەڵاتانە دەرناخات کە بەهۆی هێزە دەسەڵاتدارە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانەوە دەدرێن؟ لەکەسایەتی ئەو ژنە عەرەبیو میسریانە خۆی بەدوور ناگرێت کە رۆڵی گرنگتر دەبینن بەدرێژایی ساڵان؟! بۆچی دامەزراوەیەکی سویسری بڕیاردەرو خاوەن دەسەڵات بێت بۆ کاندیدکردنی ژنە عەرەبیو میسریەکان بۆ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی یان بۆ غەیری ئاشتی؟ ئایا دامەزراوەیەکی میسری دەتوانێت کاندیدکردنی ژنە سویسریەکان بۆ خەڵاتی نۆبڵ لەئەستۆ بگرێت؟

لەرۆژنامەیەکدا (رۆژنامەی نیشتمانەکەم، ٢٠٠٥/٨/٢١) , قسەیەکم لەزاری خانمێکی میسریەوە خوێندەوە کە خۆی بۆ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی کاندید کردبوو، جەخت دەکاتەوە ئەو باوەڕی بەسەراسیماکانی خودایە، خودا نهێنی یان سەراسیمایەکی داوەتێ کاتێک لەئاسمانەوە بانگی کردوە، واتە ئەو خانمە لەخوداوە فەرمان وەردەگرێت تا کارەکانی رایی بکات، ئەو ژنە لەساڵی ٢٠٠١ لەو دامەزراوەدا تەنها شەش منداڵی لەلا بوو، بەڵام لەماوەی چوار ساڵدا ژمارەیان زیادیکرد تاوەکو خۆکاندیدکردنی بۆ خەڵاتەکە لەساڵی ٢٠٠٥دا ژمارەیان بوو بە ٤٥ منداڵ!

ئەمە نموونەی باڵای ژنی میسریە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ، کە لەئاسمانەوە نامەی بۆ دێت، وەک سەرۆکەکانی بزوتنەوەی ئایینی جولەکەو گاورو ئیسلام کە لەخوداوە نامە وەردەگرن تا دەست بەکارو چالاکی بکەن.

**قاهیرە ٢٠٠٥/٨/٣١**

# چەمکی نیشتیمانیو دایکایەتی لەجەژنی دایکدا

جوانترین دیاری ئەوە بوو لەجەژنی دایکدا بەیانی رۆژی ٣١ی مارسی ١٩٩٥ پێمگەیشت، لەتاراوگە دوور لەنیشتیمانو کەسوکار ، لەشارێکی بچووکدا دەژیام کە لەلادێ دەچوو نزیک کەناری ئەتلەنتی، لەولایەتێکی باشوری ئەمریکای باکوردا، لەو رۆژەدا پۆستەکەم کردەوە نامەیەکم بینی کە واژۆی (رەشیدەی دایکی رەجا)ی لەسەربوو، بەیادمدا نەدەهات کە ئەو ناوەم ناسیبێت، بەڵام هەر کە دەستم کرد بەخوێندنەوەی نامەکە هاتەوە یادم ، شەوێکی تاریکی سامناکی زۆر ساردی شەوی ٢١مارسی ١٩٨٥ ماوەی ١٠ ساڵ لەمەوبەر وەک نەریتی خۆم لەجێگەی نووستنەکەمدا دانیشتبووم پێش ئەوەی بنووم ، چەند وشەیەکم لەپەرتوکی یادگاریەکەمدا دەنووسی، زەنگ لێی دا، کچێکی باڵابەرزی ئەسمەری دەموچاو باریک هاتە ژوورەوە کە بلوزێکی خوری شینی لەبەردا بوو، ملپێچێکی رەشی لەملی ئاڵاندبوو، بریقە بەهێزەکەی چاوە رەشە گەورەکانی سەرنجی راکێشام، ئەو بریقە بەهێزە بەرەنگاربوونەوە و متمانە بەخۆبوونی پێوە دیار بوو، کاتێک لەدەرگاکەوە هاتە ناو ژووری میوانەکەوە وام وێنا کرد کە دەتوانێت بەناو ئاگردا بڕواتو لەو سەرەوە بێتە دەرەوە بێئەوەی بسوتێت.

لەلایەکی کورسیەکەدا بەقیتی دانیشت، چیرۆکەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە ، چیرۆکەکەم بیر ناکەوێتەوە، بەڵام روخسارو هەنگاوەکانیم

بیردەکەوێتەوە کە بەسەر زەویەکەدا دەڕۆیشت، زۆر کەم لەکچان وەک ئەو کاریان تێکردووم.

نامەکەم کردەوەو خوێندمەوە.

(لەیادتە ماوەی دە ساڵ لەمەوبەر هاتم بۆ ماڵەکەت لەجیزە، شەوی ٣١مارسی ١٩٨٥، ڕۆژی جەژنی دایک، ئەوکاتە تەمەنم بیستو پێنج ساڵ بوو، ڕاستەوخۆ لەوێستگەی شەمەندەفەرەکەوە هاتم بۆلات، داوام لێکردی ببیتە دایکم، ماڵی باوکم لەسەعید بەجێهێشت، لادێیەکی بچووک نزیک سوهاج، جانتاکەم هەڵگرتو بەدزییەوە لەماڵ هاتمە دەرەوە بۆلای شەمەندەفەرەکە، پێموتیت: ژیانم نییە لەلادێیەکدا کە لەسەدەی نۆزەیەمدا دەژیو باوەڕی بەبوونی جنۆکەو دێو هەیە، منداڵان تێیدا لەبرسا دەمرن، پیاوێکی ستەمکار حکومڕانی دەکات، باوکیشم لەماڵەوە ستەمکارە، بڕوای وایە کە ژن نیوەی پیاوەو ئەرکی سەرشانێتی کە گوێڕایەڵی کوێرانەی باوک پاشان مێرد بکات، برا گەورەکەم کە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە بەسەر ژنەکەیدا سەپاندوە کە خۆی بۆ ماڵو منداڵ تەرخان بکات، دایکیشم کە زانکۆی تەواو کردوە دەڵێت: ئەگەر تۆ شوونەکەیتو منداڵت نەبێت ئەوا وەک درەختێکی نەزۆکی بێ بەرت لێدێت، منیش بڕیارم دابوو شوو نەکەمو منداڵم نەبێت، جیهان پڕە لەو منداڵە هەتیوانەی بێکەسو بێ لانەن، لەو شەوەدا پێموتیت من منداڵێکی هەتیوو دەگرمە خۆم، منداڵێکم بینی کە لەسەر شۆستەی وێستگەیەک وەستابوو، لەسەرمادا هەڵدەلەرزی، منیش پاڵتۆیەکی خوریو بلوزێکم لەژێر پاڵتۆکەدا لەبەردابوو، لێم نزیکبوەوەو دەستی کردەوەو داوای یارمەتی لێکردم (بۆ خودا خێرێکم پێ بکە) پاڵتۆکەم داکەنیو دامێ، منداڵەکە سەیری کردم وەک من کە سەیری دایکم دەکرد کاتێک منداڵ بووم، چاوەکانی پڕبوون

لەخۆشەویستیو سۆز , دەستم گرت ئەویش بەهەر پێنج پەنجەکەی دەستی توند گرتم وەک من کە دەستی دایکم دەگرت کاتێک منداڵ بووم، وتم: لێرەدا چاوەڕێم بکە پاش کاتژمێرێکی دی دەگەڕێمەوە، لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ ماڵەکەم، کە ماڵو کەسوکارم نەبوو , لەسەعید جێم هێشتبوون، بەڵام بڕوانامەی زانکۆم پێیە دەتوانم کار بکەمو ماڵێک دابنێمو لەگەڵ منداڵەکەمدا بژیم، قەرەبووی کەسوکارەکەی بۆ دەکەمەوە، ئەویش قەرەبووی کەسوکارەکەم بۆ دەکاتەوە، پێموتیت: کە دەینێرم بۆ باشترین قوتابخانەو بەزەییو سۆزو سەربەستیو هەموو ئەوانەی بۆ دابین دەکەم کە لێی بێبەش بووە، ئەمە نزیکەی دە ساڵ دەبێت کە لەبەر دەمتدا لەسەر لایەکی کورسیەکە دانیشتم، بەدەستەکانت چات بۆ تێکردم، سینییەکەت هەڵگرت لەبەر دەممدا دانەویتەوەو کوپێک چاو هەندێک پسکیتت پێشکەش کردم، پرسیارت لێکردم ئاخۆ برسیمە، برسیم نەبوو، بەڵام تۆ چوویتە چێشتخانەکەوەو نانی ئێوارەت گەرم کردەوە , لەیادمە شلەی سپێناخ بەگۆشتو برنجەوە، پێکەوە نانمان خوارد , لەپڕێکدا سەیری کاتژمێرەکەت کردو وتت (منداڵەکە لەوێستگەکە چاوەڕێت دەکات) ئەگەر لەقاهیرە ماڵت نییە من ژنێک دەناسم لەنزیک وێستگەکەوە بەتەنیا دەژی لەشوقەیەکدا پاش ئەوەی مێردەکەی تەڵاقی داوە , لەبانقی قاهیرە کار دەکات، ژوورێکی بەتاڵی هەیە هیچ کرێیەک نادەیت تا کارێکت دەست دەکەوێت.

پاشان پرسیارت لێکردم , ناوت چییە؟ وتم ڕەشیدە , پێت وتم: گوێبگرە ڕەشیدە من هیچ کچێک هان نادەم یاخی بێت , ئەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە من لەئەستۆی ناگرم، ئەگەر کچەکە خۆی بەرپرسیارێتیەکەی لەئەستۆ نەگرێت.

ئایا تۆ ئامادەیت بەرپرسیارێتی خۆتو منداڵەکەت لەئەستۆ بگریت؟

تۆ سەیری چاوەکانت دەکردم وەک بتەوێت بچیتە ناخمەوە تا ئاستی هێزەکەم بزانیت، پێم وتیت: من ئامادەم هەرشتێک بکەم بێجگە لەگەڕانەوە بۆ ماڵی باوکم، وەک کارەکەرێک لەماڵاندا کار بکەم تا کارێکی گونجاوم بۆ بڕوانامە زانکۆییەکەم دەست دەکەوێت، زەردەخەنەت گرتو وتت قسەکانم دایکت بیردەخاتەوە , لەوە زیاترت نەگوت، پرسیارت لێکردم ئاخۆ پێویستم بەپارە هەیە , ئەوەندەم پێبوو کە بەشم بکات، بەڵام لەژووری میوان هاتیتە دەرەوەو بەجزدانێکی چەرمی رەشەوە گەڕایتەوە، چەند جونەیهێکت هێنایە دەرەوەو خستە گیرفانمەوە، وتت یاڵڵا بابڕۆین بۆ وێستگەی جیزە پاشان بۆ ژوورەکەت، لەڕێگەدا لەتەنیشتمەوە بەبێدەنگیو هێمنی دەڕۆیشتیت، من شادومان بووم، لەچاوەکانتدا ئەو پەشۆکاویەم بینی کە لەچاوەکانی دایکمدا دەمبینی.

سوێندم بۆ خواردی من رێگەی خۆم لەژیاندا دەدۆزمەوە، کارو ماڵم دەبێت، شانازیشم پێوەدەکەیتو دەڵێیت: ئەوە رەشیدەی کچمە گشت ئەوانەی هێنایەدی کە پەیمانی پێ دابوون، بەڕاستیش کارم لەکۆمپانیایەکی پیشەسازی لەتەنتا دۆزیەوە، قاهیرەم بەجێهێشتو منداڵەکەم لەگەڵدا بوو، بەکارەوە سەرقاڵ بووم ئیتر تۆم نەدەبینی، تۆ لەجیزە بوویت منیش لەتەنتا، جارێکیان تەلەفونم بۆ کردیت، زانیم کە بۆ دەرەوەی وڵات سەفەرت کردوە , منداڵەکەم ناونا (رەجا) بەناوی دایکمەوە، خەڵکی لەتەنتا بەرەشیدەی دایکی رەجا ناویان دەهێنام، وتم ئەوە منداڵی منە لەمێردەکەم کە لەشەڕدا کوژراوە , منداڵەکەم چووەتە قوتابخانە، ئەمڕۆ تەمەنی پانزە ساڵە، خۆی ئامادە دەکات بچێتە کۆلێژی زمان، ئەو لەزماندا سەرکەوتووە، شیعر بەزمانی عەرەبی و فەرەنسی دەنووسێت، منیش بووم بە بەڕێوەری کۆمپانیایەکو موچەیەکی زۆرم هەیە، خانوویەکی جوانم

هەیە بەسەر کێڵگە سەوزەکانو لقێکی نیلدا دەڕوانێت، لەجەژنی دایکی ساڵی رابردوودا نامەیەکم بۆ ناردی تا لەتەنتا سەردانم بکەیت، بەڵام هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوت، زەنگی تەلەفۆنەکەت لەماڵەکەتدا بە بەردەوامی لێی دەدا بەبێ وەڵام، رۆژێکیان بیری دایکم دەکرد لەسەعید بۆیە نامەیەکم بۆ نارد، دایکم هات بۆ لام لەتەنتا، باوەشی پێداکردمو لەخۆشیدا گریا، پرسیاری لێکردم ئاخۆ بەختەوەرم، پێموت: بەختەوەرترین ژن لەدونیادا، پاشان دوای ئەو باوکم هات، وشەیەکی وت کە هەرگیز لێمەوە نەبیستبوو، وتی: کچم من شانازیت پێوە دەکەم، لەخۆشیدا گریام، بەدواتدا گەڕام تا بەشداری شادومانییەکەم بکەیت، سەفەرم کرد بۆ قاهیرە بەدواتدا گەڕام، کوڕەکەم لەتەنیشتمەوە دەڕۆیشت باڵای لەمن بەرزتر بوو، پرسیارم لەدەرگاوانەکە کرد، وتی: سەفەرت کردوە بۆ دەرەوەی وڵات، ناونیشانەکەتم وەرگرت کە لەولایەتی نورس کارۆلینا بووی، لەوێستگەی شەمەندەفەری جیزە دانیشتمو ئەم نامەیەم بۆ نوسیت: لەلایەکی کورسیەکەدا بەجەستەیەکی قیتەوە دانیشت , کەمێک شڵەژابوو، بەسەر دەنگیدا زاڵ بوو تا نەداتە پرمەی گریان، چاوەکانی راستەوخۆ تەماشایان دەکرد، بەنیگایەکی راستەقینەی متمانە بەخۆوەو بەدەنگێکی هێمنی سافەوە وتی: تەمەنم بیستو پێنج ساڵە، ماڵی باوکو دایکم بەجێهێشت لەسەعید، لادێیەکی بچووکە نزیک سوهاج، جانتاکەم هەڵگرتو سواری شەمەندەفەر بووم، لەوێستگەی جیزەوە راستەوخۆ هاتم بۆ لای تۆ، دەمەوێت ببیتە دایکم، کۆلێژی ئادابم تەواو کردوە , کتێبی زۆرم خوێندۆتەوەو ئەقڵم لەسەر بیرۆکە نوێیەکان کراوەتەوە، ژیانم لەلادێیەکدا نەماوە کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەژی، بڕوای بەبوونی جنۆکەو دێو هەیە، باوکم بڕوای وایە کە ژن، نیوەی پیاوەو ئەرکی سەرشانی گوێڕایەڵی

کوێرانەیە، پیشەی لەژیاندا شووکردنو دایکایەتیە، هەتاوەکو برا گەورەکەشم کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە بەسەر ژنەکەیدا سەپاندبوو کە خۆی بۆ ماڵو دایکایەتی تەرخان بکات، دایکیشم هاوسەرگیرم بەسەردا دەسەپێنێتو پێم دەڵێت: ماڵەکەتو منداڵەکانتو هیچ شتێکی دی نا، لەدیدی دایکمدا ئەو کچەی شوو ناکاتو منداڵی نابێت وەک درەختێکی بێبەر وایە، منیش نامەوێت شوو بکەمو نامەوێت منداڵم ببێت! جیهان پڕە لەو منداڵە برسیە هەتیوانەی کە بێکەسن، بینیم لەسەر شۆستەی وێستگەی شەمەندەفەرەکە پاڵ کەوتوون، لەوکاتەدا لە شەمەندەفەرەکە دادەبەزیم یەکێک لەو منداڵانە لێم نزیک بوەوە , لەبەردەم هەوا ساردەکەدا هەڵدەلەرزی، من بلوزێکی خوریو پاڵتۆیەکی خوریم لەبەردا بوو، ئەو پێ خاوس بوو , منیش جووتێک پێڵاوی چەرمی ئەستورو گۆرەوی خوریم لەپێدا بوو، لێم نزیک بوەوەو دەستی درێژ کرد , بەدەنگێکی شکاوەوە وتی: (لەڕێی خودا خێرم پێ بکە)، پاڵتۆکەم داکەنیو پێم وت: لەوێستگەکە چاوەڕێم بکە پاش کاتژمێرێکی تر دەگەڕێمە بۆلاتو لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ ماڵەکەم، لەقاهیرە ماڵم نییە بەڵکو ماڵی ژنێکی خزمی دایکمە پێی دەڵێم پورێ، لەشوقەیەکی بچووکدا لەنزیک وێستگەی جیزەوە بەتەنها دەژی پاش ئەوەی مێردەکەی تەلاقی داوە , لەبانقی قاهیرە کار دەکات، لەگەڵیدا دەژیم تا کارێکم دەست دەکەوێت، منداڵەکە لەگەڵ خۆمدا دەبەم , منداڵی خۆمە، لەوەوپێش لەخەوندا بینیبووم، چاوەکانی پڕبوون لەبریقەو فرمێسکە وشکەکان، هاتمە لات تا هەندێک هێزی دەروونیم دەست بکەوێت، ببیتە دایکی ڕۆحیم، ئەگەر دایکێکی وەک تۆم هەبوایە ماڵی باوکم جێنەدەهێشت، بەڵام دایکم لەباوکم دەترسێتو حسابیش بۆ کوڕەکەی دەکات، بەمنیش دەڵێت کچ چارەنوسی شووکردنە، زاوا هاتە لای باوکمو بەبێ رازی

بوونی من کاتی مارەبڕین دەستنیشان کرا، بڕیارمدا هەڵێم , من کچێکی پێگەیشتووم , تەمەنم بیست و پێج ساڵە و بڕوانامەیەکی بەرزم هەیە، کار دەکەمو ماڵێک پێکەوەدەنێم، لەگەڵ منداڵەکەم تیایدا دەژیمو کەس ناتوانێت ڕێگەم لێبگرێت، بڕیارمدا شوونەکەمو منداڵ نەخەمەوە، تەنها ئەو منداڵە نەبێت کە لەوێستگەکە چاوەڕێم دەکات، ئەو دەبێتە منداڵم , قەرەبووی لەدەستدانی کەسوکارەکەی بۆ دەکەمەوە , دەیخەمە باشترین قوتابخانەوە، ئەو کۆتو بەندانەی بەسەردا ناسەپێنم کە کەسوکارم بەسەر منیاندا سەپاند بوو، وازی لێدێنم با سەربەستو ئازاد بێت، ئەو سەربەستیەی هەبێت کە من لێی بێبەش بووم.

**دیرهام مارتی ١٩٩٥**

# مەسەلەکەی مەعزوزە تاکانە نییە

پیاوەکە هەزاران جار کوشتی ، ژنەکە یەکجار کوشتی

لەرۆژنامەی میسری ئەمرۆ (٢٠٠٦/٤/١٠ )دا برپیارێکی دادگای تاوانەکانی جیزەم خوێندەوە سەبارەت بە (مەعزوزە ئیبراهیم محەمەد) بەتۆمەتبارکردنی کوشتنی مێردەکەی بەژەهری مشک.

پاش ئەوەی چیرۆکەکەیم لەرۆژنامەدا خوێندەوە ، وازم لەئەرکەکانم هێنا ، بۆی دانیشتم تا ئەم وتارە بنووسم، بۆ ئەوەی نەهێڵم ئەم تاوانە رووبدات ئەویش (لەسێدارەدانی مەعزوزەیە)، ئەی بەرێزان ئەو بێتاوانە سەرەڕای ئەوەی کە ژەهری مشکی بۆ مێردەکەی کردبووە ناو خواردنەکەیەوە، مێردەکەشی رۆژ لەدوای رۆژ ژەهری دەخستە نێو ژیانی ئەوەوە ، لەوکاتەوە کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو و هێنابووی، بیست ساڵیش لەو گەورەتر بوو.

چیرۆکی مەعزوزە لەچیرۆکی هەزارەها کیژۆڵە هەتیوە هەژارەکان دەچێت، کاتێک تەمەنی یەک ساڵ بوو، دایکی مرد، پاشان کیژۆڵەیەکی نۆ ساڵە کە باوکی دەمرێت، لەرێگەی نوسینگەکانی خستنە سەرکاری کارەکەرەکانەوە دەچێتە شوقەی ژنێکی چاکی دەوڵەمەندەوە، لەتەلارێکی گەورەدا کە دەرگاوانێک بەناوی (سەعید) ەوە پاسەوانی دەکات، وەک کارەکەرەکانی دی مەعزوزە دەبینێت لەدەرگای تەلارەکەوە دەچێتە ژورەوەو دێتە دەرەوە، بۆیە برپیار

دەدات بیهێنێت، کیژێکە تەمەنی حەڤدە ساڵە، جەستەی پتەوەو بەکەڵکی خزمەتکردنی خۆیو شەش منداڵەکەی دێت کە بێ دایکن، هەروەها لەگەڵیشیدا رادەبوێرێت.

مەعزوزە لەگەڵ مێردو شەش منداڵەکەی لەشوقەیەکی بچووکدا لەناوچەی (کەرداسە) دەژیا , دوو کچی بوو , خزمەتی خێزانێکی گەورەی هەشت سەر خێزانیو باوکیانی دەکرد کە لەکارەکەی خانەنشین بووبوو، بۆیە مێردەکەی لەمەعزوزەی دەدا تا وەک کارەکەرێک لەماڵاندا کار بکات , خەرجی خۆیو خێزانەکەی بکێشێت.

بەمشێوەیە مەعزوزە وەک هەزارەها لەژنە هەژارەکانی میسر خێزانەکەی بەخێو دەکرد لەو کرێیەی کە لەسرینی زەوی ماڵانی خەڵکەوە دەستی دەکەوت، بۆیە لەناو ماڵو لەدەرەوەدا کاری دەکرد، بەرپرسیارێتی خەرجی گرتەئەستۆ، پێش نیوە شەو بەکاتژمێرێک بەهێز لەبەر براوی دەگەڕایەوە تا خواردنی ئێوارە بۆ مێردەکەیو بۆ کوڕو کچەکانی ئامادە بکات.

شەوێکیان مێردەکەی بەدوایدا دەچێتە چێشتخانەکە هەرچی پارەی ناو جانتا دەستیەکەی هەیە دەیبات، لێیدەدات تا پارەکەی ببات‌و دوکەڵی پێ بکێشێت. مەعزوزە بەمێردەکەی دەڵێت، تۆ پیاوی ماڵیت‌و پێویستە تۆ کار بکەیت‌و مەسرەفی منداڵەکانت بکەیت، ئەو کرێیەی لەزەوی سرینەوە دەستی دەکەوت زۆر کەم بوو بەشی دوکەڵی مێردەکەیو خواردنی منداڵەکانی نەدەکرد، بۆیە مێردەکەی پێیدەڵێت لاوان بناسە پارەی زۆرت دەست دەکەوێت!

ئەم وشانە وەک هەورە بروسکە دەیدا لەسەری مەعزوزە، ئەو ژنێکی هەژارە بەڵام بەڕەوشتە، ئەو هەرگیز لەڕێگەی دەرخستنی مەمکەکانییەوە نانی نەخواردوە وەک هەندێک لەژنان دەیکەن، زەوی

سڕینەوە بەباشتر دەزانێت وەک لەبازاڕی لەشفرۆشیدا کار بکات.
بەڵام مێردەکەی بەخەیاڵیدا نەدەهات ژنەکەی ببێتە سۆزانی، لەپێناو ئەوەدا کە دوکەڵ بکێشێتو ئارەزووی تێر بکات، بۆیە مێردەکەی بووە کۆسپێکی گەورە لەژیانی خۆیو کوڕو کچەکانیدا کە پێویستیان بەپارەیە بۆ خواردنو قوتابخانەو دەرمان.
دەرگاکانی تەڵاقو جیابوونەوە گشتی بەڕوویدا داخرابوون، کرێی پارێزەری نەبوو، ڕێگەی دادگای نەدەزانی، دەیویست شەرەفی خۆیو کوڕو کچەکانی بپارێزێت، تا ئاییندەیەکی ڕێزداریان بۆ دابین بکات.
لەکۆتاییدا ژەهری مشک بە (پەنجا قرش) دەکڕێتو بۆ مێردەکەی دەکاتە خواردنەوە.
مەعزوزە بێدەنگ بوو کاتێک لەدادگادا گوێی لەبڕیاری لەسێدارەدانی بوو، بەلایەوە گرنگ نەبوو کە لەسێدارە بدرێت، ئەو لەوکاتەوە کە شووی بەو پیاوە کردوە ڕۆژانە لەسێدارە دراوە، لەوکاتەوە کە تەمەنی هەڤدە ساڵ بووە.
مەعزوزە بیست ساڵ لەگەڵ مێردەکەیدا ژیا، ڕەنجی دەدا تا خزمەتی مێردو منداڵەکانی بکات، ژنێکی دڵسۆزبوو بۆی، هیچ پیاوێکی نەناسیبوو، ڕەتی کردەوە خۆی لەبازاڕی لەشفرۆشیدا بفرۆشێت وەک مێردەکەی دەیویست.
مێردەکەی هەموو ڕۆژێک لێیدەدا، بەدرێژایی بیست ساڵ هەزاران جار کوشتی، ئەم تەنها یەک جار کوشتی بۆ بەرگریکردن لەخۆیو لەشەرەفیو لەئاییندەی کوڕو کچەکانی خێزانەکەی.
ئایا قەزا لەدادگادا چیرۆکی مەعزوزەی نەبیست؟ ئایا نەیانزانی ئەو پیاوکوژ نییە بەڵکو کوژراوە؟! ئایا نازانن ئەوەی یەکێک بکوژێت

لەپێناوی بەرگریکردن لەژیانی , پیاوکوژ نییە بەڵکو بێتاوانە؟! ئەی بەڕێزان کە پاڵنەرەکانی تاوان دیاری دەکەن , ئایا ئەو کارە تاوانە یان تاوان نییە. ئەی بەڕێزان ئەی بۆچی ئەو پاڵنەرانەتان درک پێنەکرد کە بوونە هۆی ئەو کارەی کە (مەعزوزە) کردی؟

باوەڕێک لەدادپەروەریدا هەیە دەڵێت:

ئەو پاڵنەرانەی لەپشت کارێکەوەن، ئەوانەن دیاری دەکەن کە ئایا ئەوکارە تاوانە یان کارێکی رەوایە، ئەمەیە دادپەروەری ئەی بەڕێزان، ئەی چۆن ئەی بەڕێزان دادپەروەر نەبوون لەبڕیارتانا بە لەسێدارەدانی مەعزوزە؟

تێبینییەک: جیاوازیەکی زەق دەلالەت بەدووفاقی ئەو بەهاو یاسایانە دەدات کە لەمرۆدا حکومڕانیمان دەکەن، هەمان ئەو یاسایانەن کە بڕیاری لەسێدارەدانی مەعزوزەیان دەرکرد، دادگا بڕیاری بێتاوانی (مەعزوز)ی دەرکرد کە ژنەکەی کوشتبوو پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوێکی تردا بینیبووی، خۆی پێنەگیرابوو چەقۆی کردبوو بەسەر سنگیدا، مێردەکەی بەدانی بار بۆ بەرەڵا کرا!

من دژی لەسێدارەدانم بۆ هەر کەسێک، پێش ئەوەی لەدادگاو پاڵنەرەکانی تاوانەکە بکۆڵینەوە پێش دەرکردنی بڕیارەکە. هەروەها دژی دووفاقی یاساو پێوەرەکانم، یاسایەک بۆ پیاوانو یاسایەک بۆ ژنان. پێویستە یاساو بەهاکان بەسەر گشت هاولاتیاندا پراکتیزە بێت بەچاوپۆشین لەرەگەز یان چین یان رەنگ یان بیروباوەڕ یان هەرشتێکی دی.

کەیسەکەی مەعزوزە یەکەم جۆر نییە، بەڵکو دووبارەیە، زۆرم لەو بارەیەوە نوسیوە بەدرێژایی نیو سەدەی رابردوو، کەیسێکی تاکانە نییە بەڵکو کەیسی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە یاسا نادادپەروەرەکان

حکومڕانی دەکەن. بۆچی کۆمەڵەکانی ژنانو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕاناپەڕن بۆ داکۆکیکردن لەمەعزوزەو کوژراوەکانی هاوشێوەی ئەو؟!

ئاخۆ کەیسێکی مرۆڤایەتیو کەیسێکی دادپەروەری نییە کە شایستەی بایەخ پێدانە؟! ئاخۆ لەو کۆششانە گرنگتر نییە کە ڕۆژانە دەدرێن بۆ خزمەتکردنی ئەو کەیسە هیچوپوچانەی کە لەژماردن نایەن، وەک کەیسی حەرامکردنی پەیکەرەکان.

**قاهیرە ١٠نیسانی ٢٠٠٦**

## ژنێکی وەزیر لەبەلجیکا

زۆر بەکەمی ژن یان پیاو لەدەسەڵاتدا، وەزیرێکی ژن یان پیاو سەرۆکی حکومەت یان دەوڵەت سەرنجم رادەکێشن، وەک دەسەڵات یان هێزی دەسەڵاتدار هەمیشە توانای خراپکردنی کەسێتی مرۆڤی هەبێت، لەوانەیە تەنها دەربارەی ئەندێرا غاندی نوسیبێتم کە لەسەرەتای هەفتاکاندا چاوم پێی کەوت.

ئەندێرا بەخودیو بەڕوخساری سەرنجی راکێشام، کە کامێرا نەیتوانی لەڕێگەی رۆژنامەو وێنەکانەوە بیگەیەنێتە خەڵکی، هەروەها متمانە بەخۆبوونیو بڕوای بەهندستانو پێشکەوتنی لەسەربەخۆبوونی لەهێزە داگیرکەرە ئەمریکیو ئەورووپیەکان.

لەوڵاتەکەماندا میدیای عەرەبیو پاشکۆکانی چەند رۆڵیان بینی لەشێواندنی وێنەی ئەندێرا غاندی وەک لەگەڵ هەر دەسەڵاتدارێکدا کردیان کە سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی دەویست وەک جەمال عەبدول ناسر، لەمڕۆشدا هەمان کار ئەنجام دەدەن بۆ شێواندنی وێنەی هەندێک لەدەسەڵاتدارانی ئەمریکای لاتینی کە دەیانەوێت لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئەمریکی بێنە دەرەوە , لەوانەش سەرۆکی فەنزوێلا (یوجو شافینز).

بەڵام ئەم ژنە گەنجە وەزیرە بۆ یەکەمجار لەکۆتایی ئەیلولی ٢٠٠٥ دا لەکۆنگرەی ژنانی نێودەوڵەتی لەپاریس چاوم پێی کەوت، ئەو کۆنگرەیە کۆمەڵەیەک لەفەرەنسا رێکیخستبوو بەناوی (نە سۆزانیو

نه ملکەچەکان)، ژنێکی گەنجی جەزائیری سەرۆکایەتی دەکرد , یەکێک بوو لەو ژنو پیاوە عەرەبانەی کە کۆچیان کردبوو بۆ فەرەنسا، لەپێناوی کار یان هەڵاتن لەدەست چەوسانەوەی حکومەتە عەرەبیەکان , کە زۆربەیان چالاکن لەژیانی سیاسیداو لەگەڵ کۆچەرەکانی تردا هەوڵدەدەن دادپەروەریو سەربەستی لەحکومەتی فەرەنسی بسێنن.

لەم کۆنگرەیەدا چاوم بەزۆر لەسەرکردەکانی جیهان کەوت، بەڵام ئەو ژنە گەنجە بەلجیکیە سەرنجی راکێشام , کەسێتیو سادەیی لەرووکەشیداو درک کردنی بەکێشەکانی ژنانو زەردەخەنە گەشاوەکەی سەر روخسارە ئەسمەرەکەیو چاوە رەشەکانی سەرنجیان راکێشام، روخساری کەسە ئازیزەکانی نیشتیمانی بیر خستمەوە.

بەر گوێم کەوت ئەو ژنە وەزیرە لەبەلجیکا، سەرم سوڕما کە نە رووکەشو نە قسەکانی لەوەزیرەکان یان دەسەڵاتدارەکان دەچوو لەهیچ شتێکدا، ئەمەش زیاتر سەرنجی راکێشام بۆلای، دەبوو پاریس بەجێبێڵم پاش ئەوەی وتەکانم لەکۆنگرەکەدا پێشکەش کرد , بۆیە ئەو ژنەم بەباشی نەناسی.

بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بانگێشت کرام بۆ برۆکسل بۆ وەرگرتنی خەڵات لەکۆمەڵەی (ئانانا)ی ژنانی بەلجیکیەوە کە ناوی خواوەندێکی دێرینی دایک بوو، ژنێکی جەزائیری سەرۆکایەتی دەکردو لەئاهەنگێکی گەورەدا خەڵاتی پێشکەش کردم، حەپەسام کە وەزیرە ژنەکەم لەوێ بینی، بەڵکو ئەو وتە سەرەکیەکەی پێشکەش کرد، کاتی زیاتر هەبوو تا زیاتر بیناسم، بۆم دەرکەوت کە یەکەمین تێڕوانینم بۆی راست بووە، زیاتر لەخوێندکارێکی زانکۆ دەچوو وەک لەوەزیرێک بەهۆی سادەییو خۆکاریو مامەڵەکردنی بەیەکسانی

لەگەڵ کەسانی بەردەستیدا، هەروەها توانای گوێگرتنی لەکەسانی دی، پاشان داوەتنامەیەکی دیم لەبروکسلەوە بۆ هات , ئەمجارەیان لەو ژنەوە بوو، بۆ وتنی وتارێک لەڕۆژی ئاهەنگێڕانی جیهانی ژنان لە ٨مارسی ٢٠٠٦دا.

لەکۆبونەوەیەکی تایبەتدا لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێ ژنەکانی لەبروکسل پێکەوە دانیشتین، شتێکم دەربارەی ژیانی گشتیو تایبەتی زانی کە چۆن دژی هەژاری خەباتی کردووە , ئەوەش کە لەسەردەمی منداڵییە نابەختیارەکەیدا بەسەری هاتووە، پێموت:

پێستت ئەسمەرەو روخسارت لەبەلجیکی ناچێت، ئایا تۆ تێکەڵەیەکیت لەخوێنی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا؟

بەشادی لاوێتیەوە پێکەنیو وتی:

باوکم خەڵکی کەنداوی سەقلیەیەو هەر بەمنداڵی کە تەمەنی پانزە ساڵان بووە کۆچی کردوە بۆ بەلجیکا , وەک کرێکارێک لەکانی خەڵوزدا کاری دەکرد کاتێک تەمەنی چواردە ساڵ بوو، بەردەوام بوو لەکارکردن لەکارگەکانی ئاسنو پۆڵادا، پاشان لەناکاودا نیگەران بوو.

بەڵام ئێستا لەجێگەدا کەوتووە بەهۆی نەخۆشیو تەمەنییەوە کە ٦٨ ساڵە، بەڵام دایکم لەتەمەنی بیست ساڵیدا هاتووە بۆ برۆکسل، نازانێت بخوێنێتەوەو بنووسێت بەڵام قایلە بەژیانی لەگەڵ باوکمداو بەختیارە.

دەربارەی پەیوەندی بەدایکیەوە پرسیارم لێکرد , وتی: دایکم لەگرفتەکانم تێنەدەگەیشت، بۆ نموونە نەمتوانی ئەوەی بۆ باس بکەم کە لەتەمەنی شەش ساڵیدا بەسەرم هاتبوو، کاتێک پیاوێکی پیر دەستدرێژی سێکسی کردە سەرم، هەوڵمدا ئەوەی بۆ روون بکەمەوە بەڵام بەتەواوەتی لێم تێنەگەیشت، یان ئاسانتربوو بۆ

ئەو لێم تێنەگات، لەبەرئەوە رووداوەکەم لەقوژبنێکی بچووکی یادەوەریمدا پێچایەوە، تەنیا لەگەڵ پزیشکە ژنە دەروونییەکەمدا باسم کرد.

پێموت: زۆربەی منداڵی کوڕو کچ تووشی ئەوجۆرە رووداوانە دەبنەوە لەگشت چینەکانو لەگشت جیهاندا بەرۆژئاواو رۆژهەڵاتەوە بەهۆی دەسەلاتی رەهای نێرینە لەکۆمەڵگەو دەوڵەتو خێزاندا، هەروەها ئەو بەها چینایەتیە باوکسالاریە دووفاقیەی کە کچی منداڵ یان ژن ئیدانە دەکات نەک پیاوێکی گەورە، لەوانەیە ئەوجۆرە رووداوانە لەمنداڵیدا ئاییندەی کچەکە لەناوبەرێت، لەوانەشە پێچەوانەکەی رووبداتو ئازارەکە ببێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ بەرەنگاربوونەوە.

وتی: ژیانم بەرەو پێشەوە رۆیشت بەهێزو توانای خۆم , بەزاڵبوون بەسەر ئێشو ئازارمداو کردنی بەهێزێکی پاڵنەر بۆ کارکردنو بەرهەمهێنان، ئێستا گرنگترین شت لەلای من کارەکەمە، ملکەچی هیچ هێزێک نابم کە پاڵم پێوەنێت بۆ کارێک کە نەمەوێت، هەروەها من حەزم لەسەفەرەو حەزم لەمانەوە نییە لەیەک شوێندا، حەزم لەتوندوتیژی نییە، هەندێک کەس پێمدەڵێن: تۆ توندوتیژیت لەباوەڕوبیرۆکەکانتدا , چونکە بەرگرییان لێدەکەم، توانام هەیە گوێ لەئێشو ئازاری خەڵکی بگرم، بەڵام بەلامەوە گرانە لەپێناویاندا ئازار بچێژم , بەتایبەتی ئەگەر خزمو کەسوکارم بن، پێموت: ئەی چی سەبارەت بەخێزانەکەت؟

وتی: من کەسێکی بەختیارم لەخێزانەکەمدا، دوو کوڕم هەیە , وێڕای ئەوەی کە دایکم نموونە نەبوو لەژیانمدا، بەڵام هەر خۆشمدەوێت، لەباوکمەوە نزیکتر بوومو بەو کاریگەرتر بووم وەک لەدایکم، سەرەڕای ئەوەی لەنموونەی ئەو پیاوانە نییە کە بڕوایان بەسەربەستی ژن هەیە.

لەمنداڵیدا هیچ خەونێکم نەبوو، وا راهاتبووم کە رۆژ بەڕۆژ بژیمو لەئازارو بەختیاریدا بژیمو بەسەریاندا زاڵ بم , ئەمە رێگەمە لەژیاندا.

پاشان ئەو ژنە سەبارەت بەخەونەکانی منداڵیم پرسیاری لێکردم، پێموت: یەکەم خەونم ئەوە بوو ببمە سەماکار، بەڵام سەماکردن بێزێزی بوو، خەونەکەم گۆڕا پاش ئەوەی حەزم لەمۆسیقا کرد، ویستم ببمە مۆسیقاژەن , پیانۆژەن، بەڵام باوکم ناردمی بۆ کۆلێژی پزیشکیو پێی وتم لەوڵاتەکەماندا ئەدیبەکان لەبرسان یان لەزینداندا دەمرن.

بەڵام بارودۆخی ژیانی ئەو وەزیرە ژنە لەبەلجیکا جیاواز بوو، پێویست بوو خۆی دروست بکاتو خوێندنی باڵا بەدەست بێنێتو خەرجی خوێندنەکەی بکێشێت، وەک زۆر لەکورو کچی لاوی چینە جیاوازەکانی ئەوروپا ئەم کارە دەکەن، لەدواییدا توانی لەخوێندنو کارەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێتو پەیوەست بێت بەباوەڕە سۆشیالیستەکانییەوە , کە ئەوکاتە لەنێو لاوانی ئەوروپادا بڵاو بووبووەوە، ئەویش دادپەروەریو سەربەستیو یەکسانیو جوانیو خۆشەویستییە، سەری شۆڕ نەکرد تا دەستکەوتی سیاسیو ئابووری هەبێت، جەنگی لەپارلەمانی بەلجیکیو ئەوروپیدا بەرپاکرد بۆ داکۆکیکردن لەمافی کۆچەرو کرێکارو ژنە هەژارەکان، هاوپشتیوانی لێکردن بەمەش هێزێکی میللی پەیدا کردو گەیاندیە پۆستی وەزیری کارو راهێنانو سەرۆکی حکومەت بۆ کەرتی فەرەنسی لەبەلجیکا، کە هێشتا تەمەنی سیونۆ ساڵە (لەتشرینی دووەمی ١٩٦٦دا لەدایک بووە).

ئەو خانمە بووە هاورێم وێڕای ئەو جیاوازی تەمەنەی نێوانمان، گرفتەکانی ژیانی بوونە هۆی خێرا پێگەیشتنی، سەرەڕای لەتەمەنێکی لاودا بوو ئەوەی دەزانی کە هاوڕێکانی یان سەرۆکەکانی

نەیاندەزانی، لەگەڵ ئامادەباشی هەمیشەیی بۆ فێربوون لەشارەزایی کەسانی دیو بەرەنگاری بوونەوەی هەمیشەیی لەخۆبایبوونو گەندەڵیەکانی دەسەڵاتو ناوبانگی.

ژنێکی هەستو سۆز گەرمو میهرەبانە وێڕای ئەو قسانەش کە دەیڵێت، هەوڵدادەت هەستو نەستی بشارێتەوە , یان بەرهەڵستی ئازار چەشتن دەکات بۆئەوەی بەردەوام بەو ڕێگایەدا بڕوات کە بۆ خۆی کێشاوە، هەروەها پەیامەکەیشی لەژیاندا.

سەرم سوڕما لەو خۆشەویستیەی ئەو ژنو پیاوانە هەیانە بۆی کە کاری لەگەڵدا دەکەن , ئەوانەش کە لەبەردەستیدا لەوەزارەت کار دەکەن، ژنە گەنجە یاریدەدەرەکەی وتی: ئەو وەک هیچ وەزیرێکی دی نییە، من وا هەست دەکەم ئەو خوشکمە , هەندێجار دەمەوێت لەهەستو سۆزە زۆرەکەی بیپارێزم وەک من دایکی بم ئەویش کچم بێت.

ئەو وەزیرە ژنە وتی: لەوانەیە بەمزووانە سەردانت بکەین لەمیسر , لەبارەی یاریدەدەرەکەیەوە قسەی دەکرد وەک هاوڕێ یان بەتەواوەتی خوشکی بێت. لەوڵاتەکەماندا ئەم دیاردەیە زۆر نابینین لەلای وەزیرو سەرۆکە ژنو پیاوەکان.

**قاهیرە : ١ نیسانی ٢٠٠٥**

## ناموس چییە؟

لەوڵاتە عەرەبیەکانماندا ژنان بەشداری لەخۆپیشاندانە سیاسیەکاندا دەکەن لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، دژی جۆرەها چەوسانەوەو ستەمی ناوخۆیی یان دەرەکی (یان خێزانی).
لەجەزائیرەوە بۆ میسرو عێراقو فەلەستینو چەند وڵاتێکی دی، ژنان لەجەنگو ئاشتیدا بەشدارییان کرد، لەکاری خۆ بەختکردندا، لەبەرگری میللیو هەروەها خۆپیشاندانی ئاشتیانەدا.
بەم دواییە لەمیسر بەتەواوەتی لەڕۆژی ٢٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ دا ، ژنان لەگەڵ پیاواندا چوونە سەر شەقام لەخۆپیشاندانێکی ئاشتیانەدا دژی چاکسازیە لاوازەکانی ماددەی ٧٦ی دەستوور.
خۆپیشاندانە میللیە ئاشتیەکان مافێکی بنەڕەتیە لەمافەکانی تاکی مرۆڤ، پیاوو ژن، مافی هەر گەلێکە لەگەلان، بەپێی دەستوورو رێککەوتننامە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان.
لەخۆپیشاندانە ئاشتیەکاندا پیاوانو ژنان دەمانچەو هیچ جۆرە چەکێک هەڵناگرن، بەڵکو باوەڕو بیرۆکەکانیان هەڵدەگرنو لەڕێگەی ئەو ڕێپێوانە میللیانەوە دەریدەبڕن. کەواتە بۆچی هەندێک لەحکومەتەکان بەدەزگاکانی سەرکوتکردنی پۆلیسیو لێدانی جەستەیی یان دەستدرێژیکردنە سەر رووبەڕوویان دەبنەوە , هەندێجاریش دەگاتە خوێن رژان.
بۆچی بەتوندوتیژی رووبەڕووی ڕێپێوانی ئاشتیانە دەبنەوە؟!

وەک زانراوە توندوتیژی رووەکەی تری لاوازییە، مرۆڤی کەسێتی بەهێز ژن یان پیاو، بڕوبیانوی بەهێزە پەنا ناباتە بەر توندوتیژی، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تردا دەکاتو بەڕێگەیەکی هێمنو قایلکەر بیروڕای خۆی دەردەخات.

هەروەها ئەو سیستمە حکومڕانییە بەهێزەی بنەماکەی دادپەروەریو سەربەستیە، پەنا ناباتە بەر توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی بیروڕا جیاوازەکان , بەڵکو پەنا دەباتە بەر گفتوگۆی هێمنانە لەپێناوی قایلکردندا.

بەڵام ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین لەجەنگەڵ دەچێت لەلایەنی نێودەوڵەتیو ناوخۆییو خێزانییەوە، چونکە ئەوەی بەهێزترە ئەو باڵادەستەو حکومڕانی دەکات، هێزی چەکداری یان ماسولکەیی حکومڕانی دەکەن نەک دادپەروەری , نەک ئەقڵ، نەک لۆژیک.

ئایا لۆژیکە کە وڵاتێک بەسوپاکەی وڵاتێکی دی داگیر بکات کە لەهیچ شتێکدا هەڕەشەی لێنەکردوە وەک لەعێراقو فەلەستیندا روویدا؟!

ئایا لۆژیکە کە وڵاتێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی جیهان بکات تەنها لەبەرئەوەی ماسولکەی عەسکەریو ئەتۆمیو چەکی کۆکوژی هەیە؟ ئایا لۆژیکە وڵاتێکی وەک ئیسرائیل لەجیهانی عەرەبیدا باڵادەست بێت لەبەرئەوەی خاوەنی دوسەد سەری ئەتۆمیو چەند چەکێکی دیکەی وێران کارە؟!

لەسەر ئاستی خێزانییەوە , ئایا لۆژیکە کە پیاو باڵادەست بێت بەسەر ژنەکەیدا تەنها لەبەرئەوەی بەنێرینە لەدایک بووە، یان لەبەرئەوەی ماسولکەکانی بەهێزترە؟

ژنان لەجەزائیر لەخۆپیشاندانە میللیە ئاشتیەکاندا بەشدارییان کرد، چوونە سەرشەقامو دووچاری لێدانی جەستەیی بوونەوە , خوێنیان

لەسەر شەقامەکان رژا، رووبەڕووی سوتاندنو کوشتن بوونەوە لەسەر دەستی ئەو جەردە سیاسیانەی لەپشت ئایینەوە خۆیان حەشارداوە.

ئەمە ئەو باجەیە کە ژنە جەزائیریەکان دایان بۆ دەستکەوتنی هەندێک سەربەستی یان مافە زەوتکراوەکانیان، بۆیە هێزی دەسەڵاتداریان ناچارکرد پانزە برگە لەیاسای هاوسەرگیری بگۆڕێت، لەوانەش: سەرۆکایەتی خێزان بەهەڵبژاردنی باشترین دەبێت نەک تەنها (پیاو) لەبەرئەوەی نێرینەیە.

بەم دواییە لەمیسر (لەرۆژی ٢٥ی مایسی ٢٠٠٥) ژنان لەگەڵ پیاوان لەخۆپیشاندانە ئاشتیەکاندا چوونە سەرشەقام , بەلام دەزگا حکومیەکان رووبەرووی پیاوو ژن بوونەوە , ژنانوپیاوان بەیەکسانی لێدانیان خوارد , ژنی میسری وەک هاورێ پیاوەکەی لێدانی جەستەیی خوارد , ئەی بۆچی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی وەک مێ یان ژنێک سەیری دەکات کە ناموسی براوەو پێویستە پارێزگاری لێبکرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ناموس چییە؟ ئایا ناموسی ژن لەناموسی پیاو جیاوازە تەنانەت لەچالاکە سیاسییە گشتیەکانیشدا؟

# لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی

# یەکێتی ژنانی کوردستان

| | |
|---|---|
| -خەرمانی یەکەمین فیستیڤاڵ | |
| ٢-ژن لەدنیای کاریکاتێردا | |
| ٣-ئەنفالی سێ‌و کاریگەرییە..... | ن/ هێمن باقر — بەرهەم عومەر |
| ٤-روخساری ژن لەجیهاندا — ئوسترالیا | و/ شەیدا سەلاح |
| ٥-ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا | و/ سۆزان جەمال |
| ٦- روخساری ژن لەجیهاندا — تایلەند | و/ شەیدا سەلاح |
| ٧-حەرەم سەرا | و/ لەیلا عەلی |
| ٨- عەشق‌و خۆشەویستی لەنێوان وەهم‌و خەیاڵدا | ن/ سەروەر کەریم |
| ٩- جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمەدەکرێت | و/ شۆڕش محەمەد حسێن |
| ١٠- پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا | ئا/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ١١- گوناهەکانی ژن بوون‌و ستەمەکانی جەستە | ئا/ لەیلا عەلی |
| ١٢- ژن لەبازنەیەکی داخراودا | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ١٣- روخساری ژن لەجیهاندا — ژاپۆن | و/ شەیدا سەلاح |
| ١٤- بێ یاری هیچ گەشەکردنێک نابێت | و/ سەمەد مەلا ئەحمەد |
| ١٥- فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون‌و شیعردا | ن/ شیرین تاهیر |
| ١٦- تابەیانی | ن/ لەیلا سیمایی |
| ١٧- ژنانی شاخ | ئا/ ڕوخۆش عەلی |
| ١٨- کارابوونی ژنان لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ١٩- ئازارەکانی من | ئا/ ئاواز عەبدوڵڵا- سۆران مەهاباد حەمەڕەزا |
| ٢٠- کاریگەریی ژینگەکانی کارکردن | ئا/ کاروان نورەیی — باخچە جەبار |
| ٢١- گوناهە سپییەکانی باران | ن/ ئاورین فەرەیدون |
| ٢٢- ژن‌و سۆسیالیزم | و/ ماردین جەلال |
| ٢٣- قاقڕ | و/ عەلی بیروەندی |
| ٢٤- سوعاد | و/ نوری کەریم |
| ٢٥- گوڵێک لەبیابانی ئەفریقا | و/ نوری کەریم |
| ٢٦- بەبێ کچەکەم هەرگیزنا | و/ نوری کەریم |
| ٢٧- ئایدز | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٢٨- کوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٢٩- پاڵنەرەکانی خۆسووتاندنی ژنان | ئا/ ئاواز عەبدوڵڵا |
| ٣٠- شیرپێدانی سروشتی | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣١- رەوتەکانی فیمینیزم | و/ کارزان محەمەد |
| ٣٢- توندوتیژیی دژی ژنان لەیۆنانی کۆنەوە | سەروەر کەریم — شادیە حەسەن |
| ٣٣- بەشداریکردنی سیاسی ژنان | و/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٣٤- پایزێک بەپاڵتۆی کانوونێکەوە | ن/ ڕۆژ هەڵەبجەیی |
| ٣٥- سنووردانان بۆ منداڵبوون | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣٦- بەڵدا | و/ ئارام سۆفی |

| | |
|---|---|
| ٣٧- ژنو پیاوو ئاکاری سێکسی | و/ دڵشاد خۆشناو |
| ٣٨- بەخەونی گوڵێک ئەم هەورە... | ن/ شیرین تاهیر |
| ٣٩-کاریگەریی توندوتیژیی... | چۆمان ئەحمەد، بژار شەهابەدین، گوڵشەن ئیبراهیم |
| ٤٠- کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٤١- پێمدەڵێن | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٤٢- غرووورەکانی کچێک | ن/ سەبا ئەحمەد |
| ٤٣- ژنو کێشەکانی | ن/ ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤٤- توندوتیژیی بنەماڵەیی | ن/ چنوور فەتحی |
| ٤٥- ساقی | و/شەهلا حەمەرەشید |
| ٤٦- فەرهەنگی زاراوە وەرزشییەکان | د. عاسی فاتح وەیس |
| ٤٧- بەردی سەبووری | و/ ئارام سۆفی |
| ٤٨- مامەڵەی خێزانو هەرزەکاری | ئا/لەیلا عەبدوڵڵا-چۆمان ئەحمەد |
| ٤٩-ژنان لەبزاوتندا | و/ یادگار حەمەغەریب |
| ٥٠- لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی | ڕێبوار سیوەیلی |
| ٥١- کۆلارەباز | و/ ئارام سۆفی |
| ٥٢-هاوسەرایەتیو ئەخلاق | و/ دڵشاد خۆشناو -ئاسۆ ئیسلامپەنا |
| ٥٣-خۆشەویستی لەسەردەمی نەوتدا | و/ جیڤارا کەمال |
| ٥٤-ژنانی شێوەکار لەباشووری کوردستان | ئا/ بەختیار سەعید |
| ٥٥-توندویژی خێزانی | ئا/ حەسیبە عبدالله کریم- نوخشە فتاح نوری |
| ٥٦- سورمێ | مەدیحە سۆفی |
| ٥٧- ونبوون | عەبدولواحید ساڵح |
| ٥٨- ئازادی ژنان | و/ ناسر حەقپەرست |
| ٥٩- ئۆتیزم | و/ ئەحمەد عەلی- میدیا عومەر |
| ٦٠- کافکا لەکەنار دەریا | و/ ئارام رەشید |
| ٦١- داهێنان و یاخیبوون و ژن | و/ دڵنیا عەبدوڵڵا |

لە وتەکانی د. نەوال سەعداوی

* بۆچی تاوانبار بەپەڵادەکەنو قوربانی سەردەبڕن؟

* لەشەریعەتدا پیاو دەتوانێت لەیەککاتدا چوار ژنی هەبێت، بەڵام لەخۆشەویستیدا تەنها یەک ژنی هەبێت.

* زانین گەر سەختیش بێت باشترە لەنەزانی.... بینین بەسەختی باشترە لە نەبینین.

* گەر دڵت بۆ هەمووان کردەوە، کەسی تێدا نابێت.

* پیاو خۆی جگەرە دەکێشێت، بەڵام حەزی لەدوکەڵی کەسانی دیکە نییە.

* پیاو تەنها ئەو ژنەی خۆشدەوێت کە ئازاری دەدات.

* من نەخۆشی دەستی نووسینم، نووسین وەک خۆشەویستی دەتکوژێت.

* پاکیزەیی لەلای کچ لەئەقڵیدایە نەک هیچ شوێنێکی تری جەستەی.